
کوردستان
بەشداریی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی «یادگەی بارزانی»دا
یەک لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات خەبات دژی:
سیاسەتی زەویی سووتاو و ئیکۆتێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانە
هەڵهاتن لە ڕاستییەکان
لە"ڕۆژنامەی کوردستان"
و"کوردستان میدیا"وە
کەس ناتوانێ ئیرادەی خەبات لە کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات دابماڵێ
مەرجی سەرکەوتنی هەر نەخشەڕێگەیەکی سیاسی
پووشپەڕی ٢٧٢٣
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:


١- کەماڵ کەریمی: یەکیەتیی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا و پشتیوانیی خەڵک زراوی ڕێژیمی بەتەواوی تۆقاندووە....
................................................................................ دیمانە: سابیر فەتاحی ..... ٤
٢- ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بانگی ئازادی، ڕیتۆریکی شۆڕشگێرانە................................ برایم لاجانی ..... ٩
٣- دوای سەدەیەک، ئێمە و ئەوان........................................................................ ئەلبورز رووییتەن ..... ١٤
٤- لێکنزیکبوونەوەی سعودی - ئێران لە هێورکردنەوەدا ناسەرکەوتوو بووە.................. و: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٧
٥- ئایا زستانی ئەتۆمی بەڕێوەیە؟........................................................................ د. محەممەد حوسێنزادە ..... ٢١
٦- کۆتا لاپەڕەکانی پۆپۆلیزمی مەزهەبی کۆماری ئیسلامی.............................................. ڕەزا دانشجوو ..... ٢٦
٧- کۆماری ئیسلامی، تێکنۆلۆژیی نیزامی و پێشبڕکێی چەکوچۆڵ.......................................... ئارمان حوسێنی ..... ٣١
٨- مەرگ باشە بۆ ماڵە هاوسێ!........................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ٣٥
٩- دوژمنی ژین و ژیوارمان.............................................................................. عەلی بداغی ..... ٣٨
١٠- سیاسەتی تاسە شەشپاڵووەکان........................................................................ ڕامیار مەهابادی ..... ٤١
١١- غەریب (گێڕانەوەیەکی "غەریب" لە کوردستان)........................................................ یەعقووب ڕەوا ..... ٤٥
١٢- کورد لە ڕێکەوتننامەی سێڤەردا........................................................................ مستەفا مەولوودی ..... ٤٩
١٣- عەقڵی واگنەری........................................................................................ کەریم پەرویزی ..... ٥٨
١٤- دوازدەهەمین کۆبوونەوەی دادگای پێداچوونە (استیناف)ی حەمید نووری.......................... حەسەن حاتەمی ..... ٦٢
١٥- شەڕ لەگەڵ ژینگەی کوردستان.......................................................................... نەبی محەممەدی ..... ٦٦
١٦- نەوت و چای و خورما.................................................................................. کەریم پەرویزی ..... ٦٩
١٧- هەوڵی بێمایە........................................................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ٧٣
١٨- بردنەوە هەر بۆ بەرەی خەڵکە.......................................................................... عەلی بداغی ..... ٧٦
١٩- دوکتور قاسملوو، خۆرێک بێ ئاوابوون.................................................................. شیوا مورادیان ..... ٧٩
٢٠- پێکەوە ژیان هزرینیترە.................................................................................. کەریم پەرویزی ..... ٨٢
٢١- زاگرۆس؛ ناسنامەیەکی دیاری ناوچەیی.................................................................. ئەرسەلان بورنا ..... ٨٦
٢٢- تیرۆری د. قاسملوو گەورەترین تاوانی کۆماری ئیسلامی دژ بە نەتەوەی کورد........................ ئارمان حوسێنی ..... ٩٠



سەرچاوە
Serchawe

٢٣- ئورووپاییەکان بەتەمان درێژە بە گەمارۆکانی پەیوەندیدار بە هاژەکی بالیستیک دژی ئێران بدەن..........
.................................................................... و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ٩٣
٢٤- "کۆساڵان" و "بۆڕیەر"، حەماسەیەک بۆ خوڵقاندنی مێژوو..................................... ئەژین حوسێنی ..... ٩٧
٢٥- ئەشکەنجە و جەزرەبەدان وەک ئامرازی سەرکوتی سیستماتیک.................................. عومەر باڵەکی ..... ١٠١
٢٦- تیرۆر، پێناسەیەکی هەمیشەیی بۆ کۆماری ئیسلامی........................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ١٠٦
٢٧- ئەم شۆڕشە دەبێ بە چی بگا؟............................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ١٠٩
٢٨- کاریگەریی دوکتور قاسملوو لە گەشەسەندنی حیزبی دێموکراتدا................................ ئا: کاوە بەهرامی ..... ١٢٣
٢٩- لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی پەیماننامەی سێڤەر هەتا لۆزان................................ مستەفا مەولوودی ..... ١١٧
٣٠- تیۆریی فێمینیزم لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا........................................ د. محەممەد حوسێنزادە ..... ١٢٥
٣١- ئێران لە دەلاقەی خوێندنەوەی د. قاسملووەوە............................................ ڕەزا دانشجوو ..... ١٣١
٣٢- د. عەبدولڕەحمان قاسملووو، میراتێکی نەناسراو............................................ حەسەن قارەمانی ..... ١٣٧
٣٣- "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"................................................ سمایل شەرەفی ..... ١٤١
٣٤- شۆڕشی ژینا، هەنگاوێک بەرەو پێش و چەند هەنگاو بەرەو دوا.................................. نەهیە خۆشکەلام ..... ١٤٤
٣٥- فستیڤاڵی گێلاسی شنۆ لە پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەوە بۆ پرسێکی ئەمنییەتی..................
.................................................................... شاڕوخ حەسەنزادە ..... ١٥١
٣٦- ڕۆڵی خەڵک لە بزووتنەوەدا لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە.................................. شەماڵ تەرغیبی ..... ١٥٧
٣٧- لەبیرکردنت کارێکی ئەستەمە............................................................. مەولوود سوارە ..... ١٦٠
٣٨- قاسملوو؛ ئەو ناوەی بوو بە ڕەمز........................................................ شەونم هەمزەیی ..... ١٦٣
٣٩- کاک سەلام عەزیزی، فوتابییەکی بەئەمەگی مەکتەبی قاسملوو.................................. ناسر ساڵحی ئەسڵ ..... ١٦٥
٤٠- بەرابەری بناخەی ئازادییە............................................................... کەریم پەرویزی ..... ١٦٨
٤١- بۆچی قاسملوو ناسنامەی خەڵکی کوردستانە؟............................................... محەممەد ئەفەندی ..... ١٧٤
٤٢- ڕەوتناسیی خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن.......................................................... شێخ جەماڵ موکریانی ..... ١٧٧
٤٣- هێندێک زام سارێژبوونەوەیان محاڵە!.................................................... ڕەزا محەممەدئەمینی ..... ١٨٢
٤٤- ڕۆڵی دێموکراسی لە چارەسەری پرسی نەتەوەیی کورددا....................................... حەسەن قارەمانی ..... ١٨٦
٤٥- شەرمی کۆمەڵایەتی، هێزی کۆمەڵگا....................................................... کەریم پەرویزی ..... ١٨٩
٤٦- پرسی یەکیەتیی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی.................... عەلی مێهرپەروەر ..... ١٩٣

# کەماڵ کەریمی: یەکیەتیی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا و پشتیوانیی خەڵک زراوی ڕێژیمی بەتەواوی تۆقاندووە




**دیمانە: سابیر فەتاحی**

## ئاماژەیە:

**بۆ کەس شاراوە نییە کە بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە ئێستادا ڕەمز و تەنانەت داینەمۆی زیندوویەتی و بەردەوامیی شۆڕش و ڕاپەڕینی نوێی نەتەوەکەمانن. ئەو بنەماڵانە هەر لە سەرەتاوە شینگێڕی لەدەستدانی ڕۆڵەکانیان کرد بە سروود بۆ خۆڕاگری و بەردەوامی. لاواندنەوەی جگەرگۆشە بەناحەقکوژراوەکانیان بوون بە ڕوحێکی دی لە جەستەی ڕاپەڕینی خەڵکدا و هاوپێوەندیی ئێستایان ڕەمز و هۆکاری ڕابوونێکی دیکەیە. ئەگەر ڕێژیم کێلی شەهیدەکان تێک دەشکێنێ و مەزارەکانیان دەشێوێنێ و سەردانکەرانیان دەسبەسەر دەکات، بەڵام دیسانەکە ئەوان بنەماڵەی شەهیدانن کە بە یەکگرتوویی خۆیان بەگژ جەللادەکاندا دەچنەوە. "کوردکاناڵ" ئەم بابەتەی لەگەڵ کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات تاوتوێ کردووە و "کوردستان" پوختەیەک لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**سابیر فەتاحی**: ڕۆڵی بنەماڵە و کەسوکاری شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە ماوەی ڕابردوو لە گەرموگوڕ ڕاگرتنی ئەم شۆڕشەدا چۆن بووە و لە بنەڕەتدا ئەوان چۆن توانیویانە تینوگوڕێکی تایبەت بە بەهاکانی ئەو شۆڕشە بدەن و ئەو بایەخانە وەک خۆیان بهێڵنەوە؟

**کەماڵ کەریمی**: لەڕاستیدا لەگەڵ ئەوەی لە دەستدانی هەر ئازیزێک، بۆ هەر یەک لەو بنەماڵانە بۆخۆی ناخۆشییەکی بەدواوەیە، بەڵام ئێمە دەماندی لەدوای شەهیدبوونی ڕۆڵەکانیان، کچەکانیان، کوڕەکانیان لەسەر گۆڕی شەهیدان لە یادکردنەوەیاندا، زۆر گەرموگوڕ بە پیر قبووڵکردنی شەهیدکردنی ڕۆڵەکانیانەوە دەچوون. ئێمە بەو وتارانە کە باوکی شەهیدان لەسەر گۆڕی شەهیدەکان دەیاندا، و لاواندنەوەی شۆڕشگێڕانە و پڕ غروری دایکی شەهیدان؛ هەموو ئەوانە هەڵگری پەیامێکی تایبەت بوو. ئەمە هەر لە سەرەتاوە دەری خست کە خەڵکەکە تێکڕا قبووڵی کردووە ئەوانەی لە مەیداندان هەموویان ڕۆڵەی ئەو خاک و خەڵکەن و هەر ئەوەش وای کرد خەڵک بە بەردەوامی بە دەوری یەک بمێنێتەوە. ئەوەی ئێستاش دەیبینین هەوڵێکی یەکجار زۆر پیرۆزە کە بنەماڵەی شەهیدان دەیدەن، چ بۆ یادکردنەوەی شەهیدان و چ بۆ دروستکردنی ئەو پێوەندییە لەنێو بنەماڵەی شەهیداندا کە ئەوە بۆخۆی دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ زیندووکردنەوەی یادی ئەو شەهیدانە و هەوڵدان بۆ سەرخستنی ئامانجی شەهیدەکان. هەڵبەت ئەوە نەک هەر بەتەنیا ئەرکی بنەماڵەی شەهیدان، بەڵکوو ئەرکی هەموو ئەو خەڵکە تێکۆشەرەیە کە بە دەوریانەوەن و دەبێ بە دەوریشیانەوە بن و هەوڵ بدەن هەم ئەو پێوەندییە بپارێزن و هەم ببنە قەڵغانێک بۆ پاراستنی بنەماڵەی شەهیدان و ئەو بەردەوامییە کە پێویستە ئەوان بیدەن.

**سابیر فەتاحی**: پێتان وایە کۆمەڵگە چەندە توانیویەتی هاودەنگ و هاوهەبەست بێت لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان لە پێناو بەردەوامیی ئەو خەباتەدا؟

**کەماڵ کەریمی**: ئێمە دەبینین ترسی ڕێژیم لە جووڵە و ڕەفتاری بنەماڵەی شەهیدان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبێت، بۆیە ڕۆژ نییە گڵکۆی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران تێک نەدرێ و کێلی قەبرەکانیان نەشکێنن. کاتێک ئەوان دەبینن بنەماڵە شەهیدێک دەچێتە سەر گۆڕی شەهیدەکەی و خەڵکێکی زۆری بەدەورەوەیە، ئەم ترسە لەنێو ڕێژیمدا پتر دەبێ و لێرەدا کە کۆمەڵگە ئەرکێکی گرینگی لەسەر شانە. بەشداریی خەڵک لە ڕێوڕەسمەکانی یادکردنەوەی شەهیداندا و لە هەموو ئەو حەرەکەتە سیمبولیکانەی بنەماڵەی شەهیدان دەیکەن و لە پشتی ئەوانن؛ ئەوە هەم خاڵی بەهێزی جووڵانەوەکەیە و هەم ئەم یارمەتیدان و لەپشتبوونە لەڕاستیدا دەبێت هۆکارێک بۆ پاراستنی ئەوانیش و، کۆمەڵگە دەبێ لەو ئەرک و بەرپرسایەتییەی بەردەوام بێت. لەڕاستیدا ڕۆڵەی هەر بنەماڵەیەک کە لە پێناو گەلەکەی و لە پێناو

نەتەوەکەیدا گیانی بەخت دەکا، ئەو گەل و نەتەوەیە دەبێ خاوندارەتیی لێ بکا و خاوەنداریەتییەکەش بە بوونی لە مەیداندا، بە پشتگیری لە بنەماڵەکەی و، پشتگیری لەو جموجۆڵانەیە کە دەر دەکەوێ و، لە زیندووکردنەوە و یادکردنەوەی شەهیدەکەیدا دەبێ ئەرکی خۆی بەجێ بێنێت.

**سابیر فەتاحی**: ئەوەندەی تا ئێستا کراوە و دەکرێ ئایا وەڵامدەرە؟

**کەماڵ کەریمی**: لە کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گوشارانەی ڕێژیم خستوویەتیە سەر خەڵک، خەڵک ئەوەی لە توانایاندا بووە کردوویانە. بەڵام ئەم شۆڕشە کۆتایی نەهاتووە و بەرەو سەرکەوتن دەڕوات. ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەیکات کارێکی خۆپارێزییە بۆ ئەوەی تووشی ئەو ڕۆژە نەبێ کە لێی دەترسێ. من پێموایە لە زۆر قۆناغدا کۆمەڵگە بە توانایی خۆیەوە هاتە مەیدان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێندێک جار هەست دەکەین هێندێک جار کەمترخەمییش هەیە. ئەمە ڕەنگە لە ڕاگەیاندنی کار و جووڵەیەل، لە ڕێکخستن یان لە هەوڵدان بۆ ئاگادارکردنەوە خەڵکێکی زۆرتر بۆ ئەوەی چ کارێک پێویستە ئەنجام بدرێ، لەمانەدا ڕەنگبێ، کەمتەرخەمی کرابێ. بەڵام دیسانیش من پێموایە کۆمەڵگەی زیندووی کوردستان زۆر باش دەرکی بەو ئەرک و بەرپرسایەتییە کردووە. لە کاتێکدا بنەماڵەی شەهید بە غرووەوە دەیەوێ یادی ڕۆڵەکەی بەرز و زیندوو ڕابگرێ، ئەمە خەباتێکی مەدەنییە و ئەو خەباتە بە پشتیوانیی خەڵک و کۆمەڵگەیە سەر دەکەوێت.

**سابیر فەتاحی**: باسی کۆمەڵگەتان کرد، ئەدی پێتان وایە هێزە سیاسییەکانی کوردستان - بەتایبەت حیزبی دێموکرات - چەندە توانیویانە ڕوح بە بەری ئەم هەست بە بەرپرسایەتییەی کۆمەڵگە نیسبەت بە شۆڕشەکەدا بکەن؟

**کەماڵ کەریمی**: حیزبی دێموکرات زۆر کار هەیە کە دەبێ بیکات و ئەگەر کردبێشتی دەبێ لەسەریان بەردەوام بێت. لە پێوەندی لەگەڵ باسەکەتان هەر ئەوەی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات بە هەموو ئامرازەکانیەوە بۆ زیندووڕاگرتنی شۆڕشەکە و یادی شەهیدانی شۆڕش دەیکات، بۆخۆی هەوڵدانێکە بۆ خاوەندارەتی لە شۆڕش و شەهیدەکانی. ئەوەی ئێمە لە دەرەوە هەوڵمان داوە و ئێستاش لە هەوڵداین، ئەوەی بتوانین بە پاراستنی ناسنامە و شوناسی شەهیدەکانمان تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە بیروڕای گشتیی جیهان و ناوەندەکانی بڕیاردا بەرجەستە بکەین. بەگشتی من پێموایە هێندێک کار کراوە، بەڵام دیسانیش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خۆی بە ڕێبەری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێ، ئەرکی زۆر زیاتری لەسەر شانە و دەبێ پێوەندییەکانی لەگەڵ هەموو بنەماڵەی شەهیدان زیاتریش بن. مەسەلەکە پرسێکی گرینگە بۆ ئێمە، بە تایبەتی کە دەزانین مەسەلەی هاوپێوەندی و جموجۆڵی بنەماڵەی شەهیدان لە ئێستادا بە تایبەتی چۆن کەوتووتە بەر پەلاماری کۆماری ئیسلامی، کە دەکرێ ئەمە وەکوو سەندێک لە

جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی گەورەتر بکرێتەوە.

**سابیر فەتاحی**: کاک کەماڵ ئامانجەکانی ڕێژیم لە شکاندنی کێلی شەهیدان و تێکدانی مەزارەکانیان چییە، لە کاتێکدا لەبنەڕەتدا نە شەرع و ئایین و نە یاساش ڕێگە بەم کارە نادات. مەبەستی ڕێژیم چییە؟

**کەماڵ کەریمی**: لە هەموو ماوەی شۆڕش و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان لە ٤٤ ساڵی ڕابردوو لەدژی کۆماری ئیسلامی، شەهیدەکان هەمیشە نوێنگەی بەرگری و سیمبولی خۆڕاگری بوون. ئەو خوێنەی لە جەستەی شەهید ڕژاوە، نیشانەی ئەوە بووە بەردەوامی و خۆڕاگرییەک هەیە. جا جاران لە جەریانی خەباتی پێشمەرگانەدا، پێشمەرگەیەک لە سەنگەردا شەهید دەبوو، و ئێستا لەسەر شەقام کە ڕۆڵەکانمان شەهید دەبن؛ هەموو خەڵکی کوردستان خاوەنداریێتیی لێ دەکا. کەسێک کە لە سنە شەهید دەبێ، خەڵکی پیرانشار، مەهاباد، بۆکان، بانە، سەقز و... لە شەقامەکاندا ناوی بەرز دەکەنەوە و؛ ئەگەر لە مەهاباد شەهیدێکمان دەبێ، خەڵکی سنە، ئیلام و کرماشان جەرگیان ژان دەکا و پێیان وایە ئەو خوێنە لە جەستەی ئەوان ڕۆیشتووە.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە شکاندنی کێل و بەردی قەبری شەهیدەکان و لە تێکدانی گۆڕەکانیان بەدوویدا دەگەڕێ، لەڕاستیدا هەمووی بۆ ئەوەیە هەم بە جۆرێک زامی سەر دڵی ئەو بنەماڵانە بەردەوام بکۆڵێتەوە و لەلایەکی دیکە بەجۆرێک خەڵکی پێ بترسێنێ کە زیندوو و مردووی کورد هیچ جیاوازییەکی بۆ ئەو نییە و ئەو کوردە ئەگەر تەنانەت بشمرێ ئەو هەر بە مەترسی بۆ سەر خۆی دەزانێت و شەڕی لەگەڵ دەکات. هاوکات هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنی ترسێکی دووبارە لە دڵی خەڵکدا کە ئەوان دەست لە هیچ شتێک ناپارێزن و ترساندنی بنەماڵەی شەهیدەکان و لێدانی ئەو غەروورەیە لەنێو بنەماڵەی شەهیداندا دروست بووە و لە بری ئەوە دەیهەوێ خەڵکەکە هەست بە بێهوایی و ڕەنجبەخەساری بکەن. بەڵام بە بڕوای من هەتا ئێستاش نەتەنیا لە کوردستان، لە شوێنەکانی دیکە ئێرانیش ئەو سیاسەتەی ڕێژیم ئاکامی پێچەوانەی بووە. ئەگەر دەبینی لە شارێکدا دەچن کێل و بەردی قەبری یەکێک لەو شەهیدانەی شۆڕشی ژینا دەشکێنن، خەڵکەکە دەمودەست دەچن دروستی دەکەنەوە و خەڵکێکی زۆر بۆ یادکردنەوە دەچن لەوێ کۆ دەبنەوە. ئەوەی ڕێژیم دەیکات ئاسنی ساردکوتانە.

**سابیر فەتاحی**: دەتانەوێ بڵێن ڕێژیم دەیەوێ خەڵک بترسێنێ و بیانتۆقێنێ، بەڵام ئەمەش هەر لەدژی خۆی شکاوەتەوە؟

**کەماڵ کەریمی**: بەڵێ دەقیقەن وایە. مەسەلەن تۆ دەبینی کیان پیرفەلەک، ئەو منداڵە جوانە کوشتیان پێشتر

بنەماڵەکەی و چەند کەسێک دەچوون سەر مەزارەکەی. بەڵام دوای تێکدانی گۆڕەکەی بە سەدان و هەزاران کەس دەچنە سەر گۆڕەکەی. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان بە نیسبەت هەموو شتێکی کۆماری ئیسلامی حەسساسن. یانی هەر کارێک کۆماری ئیسلامی لەو هەلومەرجەدا کردوویەتی و دەیکات ڕێک پێچەوانەکەی وەردەگرێتەوە و دەبێتە دروستبوونی ڕقێکی زیاتر، وەک ڕەقێکی پیرۆز لەنێو خەڵک لەدژی ڕێژیم و دروستبوونی هاوپێوەندییەکی قایمتر لە بەرەی خەڵکدا. ئەو ترسەش لە بنەماڵەی شەهیدان و لە کێل و مەزاری شەهیدان بێهۆ نییە. کۆماری ئیسلامی ئێستا کە دەبینێ ناڕەزایەتییەکان یەکجار زۆر بووە و، بەردەوام پەرە دەستێن لە بوونی هەر یەکریزییەک و لە دەوری یەکبوونی خەڵک نیگەرانە. دەزانێ ئەگەر بنەماڵەیەک یان چەند بنەماڵە شەهید، هەر کەس لە ماڵی خۆی دانیشێ و شیوەن بگێڕێ، ڕەنگە هیچ گرفتێک بۆ ئەو دروست نەکات. بەڵام کاتێک ئەو چەند بنەماڵەیە بە یەکەوە کۆ دەبنەوە، دەزانێ کە کۆمەڵێک خەڵکی دیکەشیان لە دەور کۆ دەبێتەوە. شک لەوەدا نییە نیگەرانی ئەوەیان هەیە ئەوەی چەند مانگ لەوەپێش لە سەقز لەسەر گۆڕی ژینا کە دەیان هەزار کەس کۆ بوونەوە، ئەوکات لەوانەیە کۆماری ئیسلامی تووشی غافلگیری بو بێ و لەو هەلومەرجەدا نەیتوانیبێ یان نەیویرابێ پەرچەکردارێک پیشان بدا. بەڵام ئێستا هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە ئەو شتانە لە کوردستان دووپات نەبنەوە، بەتایبەت کە چەند مانگێمان ماوە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ژینا و هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئێستا هەموو ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم بیر لەوە دەکەنەوە لەو هەلومەرجەدا دەبێ چی بکەن؟ ڕێژیم ترسی ئەوەی هەیە جارێکی دیکە ئەو خەڵکە وەکوو نۆ مانگ لەوە پێش لە دەوری یەکتر کۆ ببێتەوە، و بەیەکەوە بڕژێنە سەر شەقام و دیسانەکەش دروشمەکانی ڕووخان و دژی کۆماری ئیسلامی و خامنەیی و... بەرز بێتەوە و ڕەنگە ئەوکات بۆیان کۆنترۆڵ نەکرێ. بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەش بۆ ئەو ڕابوونە ئامادەیە و ئەوانیش پێیان وایە ئەوجارە ئەگەر شتێکی ئاوا ڕوو بداتەوە، ئیدی بۆیان کۆنترۆڵ نابێت و کۆماری ئیسلامی چارەنووسی یەکلا دەبێتەوە. ئەوان ئەم کارانەی کە دەکەن، بۆ پێشگیرییە لە دروستبوونی ئەو بەیەکەوەبوونەوە و یەکریزییەی کە لەوانەیە ڕوو بکاتە شەقام. ڕێژیم لە ئێستاوە ئەو کارانە دەکا بۆ ئەوەی خەڵک بترسێنن هەتا جارێکی تر ئاوا لە دەوری یەکتر کۆ نەبنەوە. بەڵام وەک باسمان کرد ئەم پرۆسەیە بەرەو پێش دەچێ و ئەم جموجۆڵانەش یارمەتیدەرن بۆ خەڵک و ئەو حەرەکەتانە کە خەڵک دیکەن - هەر بنەماڵەی شەهیدان بە نموونە بێنینەوە- ئەوانە یارمەیدەرن بۆ ئەوەی جۆرێکی دیکە ئەم یەکگرتووییە لەنێو خەڵکدا و دیسان لە شەقامەکان خۆ دەر بخاتەوە و ئەوە نیگەرانیی کۆماری ئیسلامییە.

**سابیر فەتاحی**: سپاس کاک کەماڵ بۆ بەشداریت لەو دیمانەیەدا

**کەماڵ کەریمی**: تکایە. ئێوە ماندوو نەبن

ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بانگی ئازادی، ڕیتۆریکی شۆڕشگێرانە، ڕیوایەتێکی دیکە لە بارودۆخەکە



برایم لاجانی

٢٧ی جۆزەردانی ئەمساڵ ٤٣ ساڵ بە سەر دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێراندا تێدەپەڕێ. ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە بارودۆخێکدا پێی نایە مەیدانی خەبات کە بزووتنەوەی میللی و دێموکڕاتیکی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە گشتی کەوتبوونە بەر هێرش و پەلاماری سیاسی، تەبلیغاتی و نیزامیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لەژێر سەرکوت و زەبروزەنگێکی تووندا بوون.

ڕێژیمی ئاخوندی کە تازە دەستەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو، پەلامارێکی بەرینی بۆ سەر دەسکەوتەکانی شۆرشی پڕشکۆی گەلانی ئێران دەست پێ کردبوو، ئازادییە سیاسی و دێموکراتییەکان بە توندترین شێوە سەرکوت دەکران، زانکۆ و زانستگاکان و ناوەندە فەرهەنگییە جۆراوجۆرەکان لەژێر پەلاماری کۆنەپەرستیدا بوون، بزووتنەوە خوێندکاری، کریکاری و جەماوەرییەکان لە سەرتاسەری وڵاتدا سەرکوت دەکران، خۆپێشاندانەکانی ژنان بۆ بەرگری لە ئازادی و دەسکەوتەکانیان شەڵاڵی خوێن دەبوون، ڕووناکبیران، هونەرمەندان، ڕۆژنامەنووسان، چالاکانی سیاسی و ئەندامانی زۆربەی حیزب و

ڕێکخراوە سیاسییەکان لەگەڵ گرتن و ڕاونان و زیندان و ئێعدام بەرەوڕوو بوون. هێزە دژیگەلییەکانی کۆنەپەرستی هێرش و پەلامارێکی درندانەیان بۆ هەموو ئەو شار و ناوچە جۆراوجۆرانە دەست پێ کردبوو کە ئاڵای خەبات و بەربەرەکانێیان بەدژی کۆنەپەرستیی بەدەستەڵاتگەیشتوو بەرز کردبۆوە.

ئەو خەبات و بەربەرەکانێیە بەدژی کۆنەپەرستیی بەدەستەڵاتگەیشتوو، بە هۆی وشیاریی سیاسیی خەڵک و ئەزموونی هێزە سیاسییە خەباتگێڕەکان لە کوردستاندا لە ئاستێکی بەرز و بەهێزدا بوو. هەربۆیە ڕێژیمی خومەینی ئەگەر لەلایەک هێرشێکی بەرینی بۆ سەر کوردستان دەست پێ کردبوو، لەلایەکی دیکەشەوە هێرشێکی تەبلیغاتیی گەورەشی بۆ سەر خەڵکی کوردستان و هێزە پێشڕەوەکانی دەست دابوویە. لە هەمان کاتدا ئابڵۆقەیەکی بەرینیشی خستبووە سەر کوردستان بە جۆرێک کە نەیدەهێشت هەواڵی کوشتار و جینایەتەکانی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان بگاتە بیروڕای گشتیی ئێران و دونیای دەرەوە. لەوەزعیکی ئاوادا، ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی، بە پەیامێکی ڕێبەری گەورەی حیزب و گەلەکەمان، شەهید دوکتور قاسملوو، ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی خۆی کرد. بەمجۆرە دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان لەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەدا، نەک هەر وەڵامدانەوەیەکی دروست و بەجێی ئەو قۆناخە مێژووییە بوو کە بزووتنەوەی میللی و نیشتمانی خەڵکی کوردستانی پێدا تێدەپەڕی، بەڵکوو پێویستییەکی مێژووییش بوو کە چوونەسەری ئاستی خەبات و بەربەرەکانێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هێنابوویە پێش. خۆ لە خۆڕا نەبوو ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە ماوەیەکی زۆر زوودا، لە شەوەزەنگی ئیستبداد و سەرەڕۆیی و بێدادیدا، بوو بە بانگی ئازادی و بەرگری و خەبات و بەربەرەکانێ.

دەنگی کوردستانی ئێران ئەگەرچی ئیمکاناتێکی زۆر کەمی تکنیکی و ماددی و ئینسانیی لەبەردەست دابوو، ئەگەرچی لەژێر گوشار و بۆردومان و تۆپبارانی بەردەوامی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا بوو، ئەگەرچی بەردەوام پاڕازێتێکی توندی لەلایەن ڕێژیمەوە دەخرایە سەر، ئەگەرچی بە هۆی هێرش و پەلاماری ڕێژیم زوو زوو دەبوایە جێگای خۆی لە دۆڵێکەوە بۆ دۆڵ و شاخێکی دیکە بگوێزێتەوە، بەڵام بە هۆی ڕاستوێژی، بە هۆی سەرکەوتنی لە بەربەرچدانەوەی چاوەڕاوی ڕێژیم و بڵاوکردنەوەی بەوەختی هەواڵی بەربەرکانێی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەبات و تێکۆشانی چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی کوردستان، بوو بە دەنگی زوڵاڵ و حەقبێژی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان و جێگای بڕوا و متمانەی بیروڕای گشتی لە کوردستان و تەنانەت لە هەموو ئێرانیشدا. لەوەش زیاتر، دەنگی کوردستانی ئێران، لە ڕێگای بەرنامە جۆراوجۆرەکانیەوە، وەک لێکدانەوەی سیاسیی ڕووداوەکانی ئێران و کوردستان، بڵاوکردنەوەی وشیاری نەتەوەیی و زانیاریی سیاسی و ڕووناکبیری، توانی ببێتە سەرچاوەیەکی گەورەی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئازادیخوازانە و پێشکەوتنخوازانە.



سەرچاوە
Serchawe

ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کولتوورییشەوە شوێنەوارێکی پۆزەتیڤی لەسەر خەڵکی کوردستان هەبوو. خەبات و بەربەرەکانێ بەدژی داب و نەریتە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیە کۆن و دواکەوتووەکانی وەک ژنبەژنە، پێوەندییە دواکەوتووە عەشیرەتی و تایفەییەکان، دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی ژنان، مافەکانی منداڵان، کەمئەندامان، کەمایەتییە نەتەوەیی و ئیتنیکی و مەزهەبییەکان و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بە گشتی، بەشێکی گرنگی نێوەرۆکی بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانیان پێک دەهێنا. ئەمەش لە بردنەسەری وشیاری و ئاگایی خەڵکی کوردستاندا نەخشێکی بەرچاوی هەبووە.

بڵاوکردنەوەی بەرنامەی تایبەتی لەسەر زمان و ئەدەبیاتی کورد، ژیان و بەسەرهاتی شاعیرانی کورد، مێژووی کورد، ڕووداوە مێژووییەکانی کوردستان، ناوداران و شۆڕشەکانی کورد، ئاشناکردنی خەڵکی کوردستان دەگەڵ فۆلکلۆر و هونەر و بەیت و باللۆرە و گۆرانی و مۆزیک بە زاراوە جۆراوجۆرەکانی کوردی، ڕەهەندێکی دیکەی کار و تێکۆشانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بوو کە ئەوەش بە نۆرەی خۆی لە بردنەسەری ئاگایی و وشیاریی نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستاندا کاریگەریی بەرچاوی هەبوو.

لەقاودانی جینایەتەکانی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵکی کوردستان، وشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە نەخشە و پیلانە گڵاوەکانی دامودەزگای سیاسی و ئیتلاعاتی و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم ئەرکێکی دیکەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بوو. ئەرکێک کە ڕادیۆ کوردستانی ئێران بە ڕاستی تێیدا سەرکەوتوو بوو. لەو بارەوە ڕادیۆ بەحەق ڕێ‌پێشاندەر و ڕێکخەری خەبات و بەربەرەکانێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو. هۆی سەرەکیی سەرکەوتنی ڕادیۆ لەو ئەرکە گرنگەدا ئەوە بوو کە دەنگی کوردستانی ئێران بڵاوکەرەوەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بوو. حیزبێک کە بە درێژایی مێژووی خۆی پشتی بە قەڵای لەگیراننەهاتووی خەڵکی کوردستان ئەستوور بووە و جێگای بڕاو و متمانەی ئەوان بووە.

هەروەها دەنگی کوردستانی ئێران ببوو بە پردی پێوەندی نێوان بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی سەرتاسەری و بزووتنەوەی چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکەی وڵاتەکەمان. ئەمەش خۆی لەخۆیدا پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیی بۆ ئیزۆلەکردن و دوورەپەرێزخستنەوەی بزووتنەوەی کوردستان دەکردنەوە بڵقی سەر ئاو.

لەپەنا هەموو ئەو ئەرکانەدا، دەنگی کوردستانی ئێران، هاندەر و ئیلهامبەخشی لاوانی خەباتگێڕی کوردستان بوو بۆ پەیوەستبوون بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەڵگرتنی چەکی دیفاع و بەرگری لەبەرانبەر هێرش و پەلاماری کۆنەپەرستی بۆ سەر کوردستان و گەلی کورددا. ئەدەبییات و ڕیتۆریکی حەماسی و شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازنەی ڕادیۆ دەنگی

کوردستانی ئێران، چوونکە ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو نرخ و بەها و پەیام و ئامانج و ئاوات و ئارەزووانە بوو کە بزووتنەوەی میللی دێموکراتی کوردستان و حیزبە پێشڕەوەکەی لەهەناوی خۆیدا هەڵی گرتبوون، بەخێراییش لەسەر دڵی لاوانی کوردستاندا دەنیشتن و دەبوون بە ئیمان و بیروبڕوای شۆڕشگێرانە. لەخۆڕا نەبوو ئەو سروود و شێعر و گۆرانییانەی لە ڕادیۆ بڵاو دەبوونەوە، یا ڕیتۆریکی حەماسی شێربەگی، ببوونە وێردی سەر زمانی لاوان، منداڵان و گەورە و گچکە و ژن و پیاوی خەڵکی کوردستان.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ئەو زمانە سیاسی و ئەدەبییە ڕەوانە بوو کە بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەستەکانی خۆی بەکاری دەهێنا. ڕێبەری حیزب و بەرپرسانی ڕادیۆ هەمیشە داوایان دەکرد نووسەران و وێژەرانی ڕادیۆ، بۆ بەیان و گەیاندنی بابەت و سیاسەتەکانی حیزب بە خەڵک و بیروڕای گشتی لە زمانێکی سیاسی و سادە کەڵک وەرگرن، تێرمینۆلۆژیی زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دونیاپەسندەکان بەکار بێنن و خۆیان لە ئەدەبییاتی چاڵەمەیدانی بپارێزن. بۆیە هەرچەند ڕادیۆ دەنگی کوردستان ئاڵۆزترین مەسەلە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان و تەنانەت جیهانیشی لێک دەدانەوە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بەپەرۆش و عیشق و تاسەوە گوێیان لێ دەگرت و زۆر چاکیش لێی تێدەگەیشتن. ئەمەش پێگە و ڕۆڵی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازایی کوردستاندا هێندەی دیکەش پڕڕەنگ کردبوو.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو کە لە کاتێکدا لە ئێران و کوردستان، شوێنەوارێک لە ئازادییە سیاسی و دێموکراتیەکان نەمابوو و ئیستبداد و سەرەڕۆیی باڵی ڕەشی خۆیان بەسەر گەلانی ئێراندا کێشابوو، لەکاتێکدا کە دەزگای تەبلیغاتیی ڕێژیم بە توانایەکی زۆری ماددی و تیکنیکیەوە، دەیەویست خەڵکی کوردستان بەدژی شۆڕش و هاودەستیی دوژمنانی دەرەکی و، دژی ئیسلام و خوا و قورئان و... بناسێنی، ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ڕوایەتێکی دیکەی لە وەزعەکە پێشانی خەڵک و بیروڕای گشتی دەدا. ڕیوایەتێک کە هەر زوو بوو بە ئاڵترناتیو و ڕەتکەرەوەی داستان و حیکایەتەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە بارودۆخەکە.

لە یادی ٤٣ ساڵەی دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێراندا، سڵاو دەنێرین بۆ هەموو ئەو تێکۆشەرانەی لەو ڕادیۆیەدا ئەرکی خەباتگێڕانەیان بەڕێوە بردوە و بەڕێوە دەبەن و بەزەحمەت و تێکۆشانی خۆیان، دەنگی کوردستانی ئێرانیان بەو پلەیە لە کارایی و پێگەی سیاسی و مەعنەوی گەیاندووە کە بووە سەنگەرێکی گرنگی خەبات و بەربەرەکانی، بۆتە چەکێکی کاریگەر لە بەرگری لە ئازادی و دێموکراسی و مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا و، بۆتە میراتێکی بەنرخ وپڕبەها لە کولتووری ئازادیخوازانەی میللەتەکەماندا.

پووشپەڕی ٢٧٢٣

با تێبکۆشین لەو سەردەمە تازەدا، ریسالەت و پەیامی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، نەریت و سوننەتە خەباتگێڕیەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بەرینە پێش و لە ڕووی فۆڕم و نێوەرۆکەوە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەوڵەمەندتر و کاراتر بکەین. بەو هیوایە.

سڵاو لە ٢٧ی جۆزەردانی ٢٠٢٣، چل و سێهەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران.

١ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# دوای سەدەیەک، ئێمە و ئەوان



نەلبورز ڕوویین‌تەن

٩٣ ساڵ بە سەر تیرۆر کردنی سمکۆی شکاک، ڕێبەری ناوداری کورد تێپەڕ دەبێت، واتە نزیکەی سەدەیەک، سەدەیەک کە سەدان ڕووداوی مێژوویی لە سینگی خۆیدا هەڵگرتووە. سمکۆی شکاک کە بەئاشکرا بۆ بە دەستهێنانی مافی کوردان خەباتی دەکرد و دژایەتیی ڕێژیمێکی داگیرکەری دەکرد. ئەو بەئاشکرا باسی لەوە دەکرد کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی ئازادی دیکەی سەر ئەو گۆی زەویە شایەنی ئازادییە. دوای ٩٣ ساڵ ئەو ئامانجەی ڕێبەری شەهید سمکۆی شکاک هێشتا بەدی نەهاتووە، بەڵام خەبات بۆ ئەو ئامانجە بەگوڕتر بەردەوامە. لە بەرانبەریشدا ڕێژیمی داگیرکەری کوردستان بە هەمان سیاسەت و دڕندەییەوە لەدژی مافی ڕەوای کوردانە و سەرکوتیان دەکات.

لەوانەیە لە مێژووی زۆر گەلی دونیا لە سەد ساڵی ڕابردوودا بە سەدان گۆڕانکاری ڕووی دابێت و هەر یەک لەو گۆڕانکارییانە نەک ژیانی نەتەوەیەک و وڵاتێک، بەڵکوو ژیانی مرۆڤایەتیشیان بە ئاراستەی ئەرێنی گۆڕیوە و بەرەو پێش بردووە. بەڵام کورد لە خاڵی سەرەتایی پێشکەوتنەکان واتە هەبوونی نرخێکی گرینگی مرۆڤایەتی وەک ئازادی، ئێستاش

بەو سەرکەوتنە نەگەیشتووە. لە بەرانبەر ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی لە بیر و هزر و دامەزراوەکانی وڵاتەکانی دیکە دروست بوون، ڕێژیمی سیاسیی لە ئێران لەسەر عەقڵییەتی دواکەوتووی ڕابردووی بەردەوامە و تەنانەت دەبینین بیرکردنەوەی ڕێژیمە دژبەیەکانی ناوەندگەرا لەو سەدەیەدا بەنیسبەت کورد زۆر لێک دەچن کە شایانی ڕامانە.

ئەگەر لە بنەما سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کورد بە تایبەتی لە شۆڕشی سمکۆ کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی هەیە ورد ببینەوە، خەبات بۆ ئازادی نێوەڕۆکی شۆڕشە. ئەو چەمکە ئەمڕۆش بە هەمان شێوە بەردەوامە و لە گوتاری حیزبی دێموکرات و لە زاری ڕێبەرانی ئەم حیزبەوە ڕوو بە نێوخۆ و دەرەوە بەردەوام دەگوترێتەوە. تەنانەت هەر چۆن ئەو کات لە شۆڕشی سمکۆدا بە نرخێکی گران و فیداکاری بۆ ئەو بەها و بایەخانە خەبات دەکرا، لە ئێستاشدا شۆڕشگێڕان بە هەمان شێوە بە پێشکەشکردنی گیانیان نرخی گەیشتن بە ئازادی دەدەن. هەر چۆن لە شۆڕشی سمکۆدا کورد وێڕای سەرکوت بەرەوڕووی پیلانی وڵاتانی ناوچە و تەنانەت زلهێزان دەبۆوە، لە ئێستاشدا بۆ گورزوەشاندن لە پێگەی شۆڕش بە پیلانی جۆراوجۆری ناوچەیی هەیە، ڕێبەرانی کورد بەتایبەت ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لە ناوەندەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایشدا هەوڵ دەدەن سەرنجی ڕێبەرانی دنیا بۆ لای ئەو حەقیقەتە ڕاکێشن کە پشتیوانی و هاوکاری ڕێژێمەکانی ئێران یا عەقلیەتی زاڵی ناوەندخوازی دژایەتی پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتییە.

بە کورتی ئەوەی لە کوردستاندا هەیە خەبات بۆ ئازادییە کە بە هەموو ئەستەمیەکانیەوە بەردەوامە و نرخی بۆ دەدرێ، هەر چۆن کە لە شۆڕشی سمکۆ هەبوو، ئێستاش لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادیشدا بەدی دەکرێت.

لە بەرانبەردا عەقلیەتی ڕەزا شای باپیر کە شەهید سمکۆی بە فێڵ و بە ناوی دانوستاندن تێرۆر کرد، بە هەمان شێوە لە ڕێگەی ڕەزای نەوە بەردەوامەوە خەڵکی لە دەوری کۆ دەبێتەوە. چۆن ڕەزا شای باپیر لە بێهێزیدا هاواری بۆ کورد دەهێنا و دواتر لە بەهێزیدا بە هەموو شێوەیەک دژایەتیی دەکرد، ڕەزای نەوەش سواری شەپۆلەکانی شۆڕش بووە و دەیهەوێ بە دەسەڵات بگات تا لە پێشدا دژایەتیی کورد و کوردستان بکات. وەک چۆن ڕەزاشای باپیر بیرۆکەی فاشیستیی تاکنەتەوەی داهێنا و بۆ چەسپاندنی ئەو بیرۆکەیە سەرەتا بە سڕینەوەی هەموو جۆرەی نەتەوەی کوردی دەستی پێ کرد، ڕەزای نەوەش لە درێژەی ئەو سیاسەتە فاشیستییەدا خوێندن بە زمانی کوردی بۆ کورد لە داهاتوودا بە ڕەوا نابینێ و دژایەتیی ئاشکرای مافە سەرەتاییەکانی ئەو نەتەوەیە دەکات. لێکچوونەکان ئەوەندە زۆرن کە لێرەدا ڕیز ناکرێن و هەر ئەوەی کە ڕەزای نەوە بە هەموو شێوەیەک خۆی بە پەیڕەوەی هزر و کردەوەی باوک و باپیری دەزانێ بەسە بۆ ئەوەی بڵێین عەقڵییەتەکە نەگۆڕاوە و ئەو عەقڵییەتە نەخۆشە ئێستاش فاشیستیانە بیر دەکاتەوە و هەر ئەوەس بووەتە هۆی زەربەلێدان لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی. ئەگەر ئەو شۆڕشە لە نێوخۆ ڕووبەڕووی سەرکوتی دڕندانە و دژەمرۆڤانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆوە،

**پووشپەڕی ٢٧٢٣**

له دەرووەش لەلایەن میراتگرانی فاشیستیییەوە دژایەتی دەکرا، بۆ؟ چونکه دینامیزمی شۆڕشەکه کورد بوون.

بەڵام هەروەک چۆن سمکۆی شکاک بە بەرخودان لە بەرانبەر ڕەزاشای باپیر بوو بە سیمبولی ناسیۆنالیزمی کوردی و نەیهێشت بیرۆکەی فاشیستیی تاکنەتەوەیی فارس نەتەوەی کورد بسڕێتەوە، لە ئەمڕۆشدا بە دژایەتیکردنی بیرۆکە نادیموکراتیکەکانی ڕەزای نەوە لەلایەن ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتەوە (میراتگرانی سمکۆوە) بیرۆکەی دەست بەسەرداگرتنی شۆڕشی پیشکەوتووی ژن ژیان ئازادی پوچەڵ کراوە و، جارێکی دیکە دەرکەوت کوردستان هەر مەکۆی خەباتی ئازادیخوازی بەو شێوەی کە ئامانجی سمکۆ بوو ماوەتەوە و، ڕەزاکانیش نەک لە ناودا بەڵکوو لە نێوەرۆکیشدا هەڵگری هەمان پاشخانی فکریی پاشکەوتووانەن. کورد گوتەنی: گیان لەسەر پنجی خۆی دەڕوێت. ...

**١ی پووشپەڕی ٢٧٢٣**

---

# لێکنزیکبوونەوەی سعودی - ئێران لە هێورکردنەوەدا ناسەرکەوتوو بووە



فارین پاڵیسی - ستیڤن ئـ. کووک

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

کاتێک ڕێککەوتننامەی نێوان عەرەبستانی سعودی و ئێران لەمەڕ دەستپێکردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان لە ١٠ی مانگی مارسدا ڕاگەیەندرا، ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شرۆڤەکاران پێشوازییان لێ کرد. هەر چەندە ڕێککەوتنەکە بە نێوبژیوانیی چین، نسکۆیەکی ئاشکرا بۆ پێگەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بوو، پسپۆڕان گریمانەی ئەوەیان دەکرد کە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سعودییەکانی ڕیاز و ئێرانییەکانی تاران ببێتە هۆی هێور بوونەوەی ناوچەیی.

ناوەندی خاوەن پرەستیژی یەکەی هەواڵگریی ئابووری ئەو ڕوانگەیەی بەو شێوەیە کورت کردەوە: "وتووێژ و هاوکاریی زیاتری نێوان عەرەبستانی سعودی و ئێران لەجیاتی دوژمنایەتیی یەکتر کردن و پشتگیریکردنی چالاکانە لە لایەنە

دژبەرەکان، دەبێتە هۆی نەهێشتنی فاکتەرێکی گرینگی دینامیزمی ناسەقامگیری لە شوێنە خاوەن کێشەکانی ناوچە".
ئەگەرچی نووسەرە ئەدرکاوەکان دانیان بەوەدا نابوو کە ئەگەری توندوتیژییش بوونی هەیە. بەشێکی دیکە گوتیان کە ڕێککەوتنەکە دەتوانێ تاقمێک سوود لەوبەری شوێنەکانی کێشە دەستەبەر بکات، لە نێویاندا کۆتایی‌هێنان بە دەستێوەردانەکانی ئێران لە بەحرەین، دەستپێکردنەوەی وەبەرهێنانەکانی عەرەبستانی سعودی لە ئێران و، تەنانەت باشترکردنی ئەگەری تەشەنەپێنەکردنی ناوکی.

بێگومان، گفتوگۆی زیاتر لە نێوان سعودییەکان و ئێرانییەکاندا شتێکی ئەرێنییە. لەگەڵ ئەوەشدا پلانی گۆڕینەوەی باڵوێزان و بانگهێشتکردنی سەرکۆمار ئیبراهیم ڕەئیسی لە لایەن پاشای سعودی، مەلیک سەلمان، هێشتا جێبەجێ نەکراون. گەڕانێک بە ناوچەکەدا، لە سووریەوە بۆ سنوورەکانی ئیسرائیل، تا گەرووی هورموز، پێچەوانەکەیمان بۆ دەر دەخا. هەڵبەت، هێشتا زوویە. ئەو ڕێککەوتنەی بە نێوبژیوانیی چین هاتە ئاراوە تەنیا سێ مانگ تەمەنیەتی. بەڵام تا ئێرە، وێدەچی ئێرانییەکان کەڵک لە ئاسایی‌بوونەوە بۆ بەرەو پێشبردنی دەستکەوتە ناوچەییەکانیان کەڵکی لێ وەرگرن تا هێور کردنەوەی ناکۆکییەکان.

مەزنترین بەڵێنییەکانی ئاسایی‌بوونەوەی پەیوەندییەکانی ئێران-عەرەبستانی سعودی، ئاشتی لە یەمەنە. سعودییەکان دەیانەوێ کۆتایی بە دەستێوەردانی سەربازی لەوێ بێنن و هیوایان بە یارمەتیی تارانە، کە بۆتە سەرۆکی دژبەرانی ڕیاز، واتە حوسییەکان. بەڵام تا ئێرە، ئەو ئاسایی‌بوونەوە کاریگەرییەکی فرە بەرچاوی لەسەر دۆخەکە نەبووە.
ئاگربڕێک لە ئارادایە، پاپۆڕەکان دەتوانن یارمەتییەکان و کەلوپەل لەو بەندەرانە بخەن کە پێشدا گەمارۆ درابوون و، فرۆکەخانەی پێتەختی یەمەن، سەنعا، ئاوالایە. ئەوانە هەمووی هەواڵە خۆشەکانن، بەڵام ئەو ڕووداوانە پێش ڕێککەوتنەکەی سعودی-ئێران-چین جێبەجێ کرابوون. وتووێژی ئاشتی لە ئارادان، بەڵام کۆتایی‌هێنان بە قەیرانی یەمەن تا ڕادەیەکی زۆر لەبەر لاساریی حوسییەکان بێ‌ئاکام ماوەتەوە. ڕەنگبێ ئەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و ڕەنگبێ ئاکامەکەی وتووێژی نوێ لە نێوان دەوڵەتەکانی سعودی و ئێران بێ، بەڵام تا ئێستا بە دژواری دەتوانین بڵێین ئاراستەی کێشەی یەمەن لە ئاکامی ڕێککەوتنەکەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

لە شوێنی دیکەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستیش شتەکان باشتر نین. تەنیا سێ حەوتوو پاش ڕێککەوتنی سعودییەکان و ئێرانییەکان، بەکرێگیراوانی ئێران هێرشیان کردە سەر هێزەکانی ئەمریکایی لە سووریە، بەڵێندەرێکی ئەمریکاییان کوشت و چەند سەربازی دیکەی ئەمریکاییان بریندار کردن. هێزەکانی سەر بە ئێران بەردەوام هێزی ٩٠٠ کەسی (و ژمارەیەکی نەزانراو بەڵێندەری) وڵاتە یەکگرتووەکان لە سووریە دەکەنە ئامانج، بەڵام دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکانی عەرەبستان

و ئێران قەرار بوو کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هێور کردنەوەی گشت کێشەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەبێ.

مرۆڤ دەتوانێ بڵێ وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ لە سووریەیە؟ بەڵام ئەگەر تاران خوازیاری هێورکردنەوەی دۆخی ناوچەکە بوایە، هاوپەیمانەکانی دەبوو خۆ لە شەڕ ببوێرن. لە جیاتان، ئێران لەسەر وەدەرنانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سوورە و؛ ئاشکرایە ئامادەیە بۆ ئەو مەبەستە ئەمریکاییەکان بێنێتە ژێر ڕەهێڵەی ئاگر.
ماوەیەکی کورت پاش بەرپەرچدانەوەی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لەلایەن سەربازانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، ئیسماعیل قائانی، فەرماندەی سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسداران، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ڕێبەرانی حەماس، حیزبوڵڵا و جیهادی ئیسلامیی فەلەستینی لە بەیروت کرد. ئاکامەکەی هێرشی هاوکاتی هاژەکی بۆ سەر ئیسرائیل لە لوبنان، سووریە و کەرتی غەززەوە بوو. نزیکەی مانگێک دواتر، لە پێتەختی سووریە، دیمەشق، ڕەئیسی چاوی بە ڕێبەرانی میلیشیاکانی فەلەستینی کەوت کە بەگوێرەی ڕاپۆرت سوپاسی پشتگیرییەکانی تارانیان کرد.

وێدەچێ ئامانجی ئێران خۆش کردنی ئاگری شەڕی ناڕاستەوخۆی لەگەڵ ئیسرائیل بێ. تا ئێرە، ئیسرائیلییەکان لەپێشترن، ئەوان بەردەوام ئێرانییەکان و تاقمە هاوپەیمانەکانی ئێران لە سووریە و عێراق دەکەنە ئامانج. تا ئێستا، ئێران لە بەرپەرچدانەوەی کاریگەر لە گۆڕەپانی جەنگدا بێتوانا بووە؛ بەڵام وا دیارە قائانی لای وایە ئەگەر بەکرێگیراوەکانی ئێران یەک بخات، بتوانێ بەختی ئێران وەرسووڕێنێ. بەڵام، وێناچی سوپای قودس ئەو ئاواتەی بێتە دی. ئیسرائیلییەکان چەند فەرماندەی جیهادی ئیسلامیی فەلەستینیان لە شەڕەکانی سەرەتای مانگی مای، کاتێک حەماس لە پەناوە تەماشاوان بوو، کوشتن. بەڵام هیچ نیشانەیەک دیار نییە کە بیسەلمێنێ ئەو شکستە بۆتە هۆی پێداچوونەی قائانی بە بیرۆکەی قووڵترکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ ئیسرائیل.

ئاوەکانی کەنداوی فارسیشمان هەیە. لە مانگی مای، پێنتاگۆن ڕایگەیاند "هێمای بەرگریکارانەی" خۆی لە ناوچەدا بەهێزتر دەکات. بۆ؟ چونکە ئێرانییەکان، جارێکی دیکە، هەڕەشەیان لە هێڵە دەریاییەکان دەکرد. پاش کۆبوونەوەکەی قائانی لە بەیروت، وڵاتە یەکگرتووەکان زانیاریی کۆ کردبۆوە کە تاران پیلانی هێرش بۆ سەر پاپۆڕە بازرگانییەکان لە ئاوەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست داڕشتووە. لە ماوەی تەنیا حەوتوویەکدا لە کۆتاییەکانی ئاپریل و سەرەتای مای، هێزە ئێرانییەکان دەستیان بە سەر دوو پاپۆڕی نەوت هەڵگر داگرت؛ بەگوێرەی کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئێران لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا دەستی لە جارز کردن، هێرش و دەستێوەردانی ١٥ پاپۆڕی بازرگانیی خاوەن ئاڵای وڵاتانی جۆراجۆردا هەبووە. وێدەچی ئەوە وەڵامی ئێران بۆ سەپاندنی ئابلۆقەکان لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بێ و گریمانە دەکات کە کەشتیوانیی، هەر کەشتیوانییەک لە کەنداو دابێ، ئامانجێکی ڕەوایە. یەکێک لەو پاپۆڕە نەوتهەڵگرانەی دەستی بەسەردا

گرت، لە نێوان بەندەرەکانی ئیمارات لە نێوان دوبەی و فوجەیرات لە هاتووچۆ دابوو، تەنانەت لە کاتێکدا کە ئیمارات پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران ئاسایی کردوونەوە. ئەوە وێناچی هێورکردنەوەی گژرییەکان بێ، وایە؟


باسی سەرەکی ڕێککەوتنی ئێران-سعودی-چین گەشە پێدانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستێکی سەقامگیرتر، ئاشتیخوازانەترە کە لەویدا یاریکەرانی ناوچەیی کاروبارەکان بە دەستەوە دەگرن تا داهاتوویەکی باشتر بۆخۆیان مسۆگەر بکەن. ئەوە لە ڕاستیدا شتێکی ڕاشکاوانەترە: عەرەبستانییەکان دۆڕاندیان و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکان لەگەڵ ئێران تەنیا بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو شکستەیە.
بە چەند شێوەی جۆراجۆر، وێدەچێ سعودییەکان پەرە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن: نزیکەی تەواوی پی جی ئەی تور دەکڕێ؛ سیاسەتی سەربەخۆ لە سەرۆکی خۆی، وڵاتە یەکگرتووەکان، دەگرێتە بەر و لە هەموو شوێنێک لە بەیژینگ تا ڕۆخی سانفراسیسکۆ وەبەرهێنان دەکات. بەڵام لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بە تایبەتی یەمەن، لوبنان، سووریە و عێراق، سعودییەکان نەیانتوانیوە ئێرانییەکان وەدەر نێن، کە لەو ساڵانەی دواییدا لە هەر چوار وڵات، ئێران یان دەستڕۆیشتوویی خۆی پتەو کردووە یان پەرەی پێ داوە. ڕەنگبێ بەرچاوترین نیشانەکانی ئەوە، ڕەزامەندیی عەرەبستانی سعودی بۆ هاتنەوەی سەرکۆماری سووریە، بەشار ئەسەد، کە مانەوەی لە سەر دەسەڵات بەشێکی قەرزداری ئێرانە، بۆ ناو کۆمکاری عەرەبی بێ.

ڕەنگبێ سعودییەکان ئاغای کایەی نێونەتەوەیی گوڵف بن، ئێرانییەکان لەو شوێنە بردوویانەتەوە کە دێتە ئەژمار. ئێستا، کە عەرەبستان لە گۆڕەپانەکەدا نەماوە، تاران خەریکی بنکوڵکردنی پاشماوەی هاوپەیمانیی ناوچەیی دژی ئێرانە، سیاسەتێک کە هێرش بۆ سەر ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان دەگرێتەوە.

بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، گریمانەی خراپ داڕێژەری بناخەی سیاسەتی ئەمریکا لەمەڕ خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بووە، لە نێویاندا ئەو بیرۆکەیە کە ڕێبەرانی ئێران دەیانهەوێ پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دراوسێیەکانیان ئاسایی بکەنەوە. لە ڕاستیدا، ئێران نایهەوێ ناوچەکە لەگەڵ کەس بەش بکات و ئێستا خاوەن دەسەڵاتی هەموو ناوچەکەش نییە. ئامانجی ڕێژیم ئەوەیە ناوچەکە بەشێوەیەک داڕێژێتەوە کە لە بەرژەوەندیی تاراندا بێ و، ئێستا کە سعودییەکان بەڵێنی ناردنی باڵوێز و وەبەرهێنان دەدەن، ئێرانییەکان لەو بڕوایەدان کە بۆ بەرەو پێشبردنی بەرنامەکەیان دەستیان ئاواڵاترە. بە واتایەکی دیکە، هیچ هێور کردنەوەیەک لە ئارادا نابێ.

ای پووشپەڕی ٢٧٢٣

# ئایا زستانی ئەتۆمی بەڕێوەیە؟




د. محەممەد حوسێنزادە

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٤٥ تا ١٩٤٩ تاکە وڵاتی خاوەن چەکی ئەتۆمی لەسەر گۆی زەوی بوو. یەکیەتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٩دا یەکەم بۆمبی ئەتۆمیی تاقی کردەوە و باڵادەستیی ئەمریکا لەو بوارەدا کۆتایی هات و هاوسەنگییەکی ڕێژەیی هاتە ئاراوە و هەردوو وڵات ناچار بوون دان بەو ڕاستییەدا بنێن کە لەئەگەری دەستپێشخەری لە بەکارهێنانی چەکە ئەتۆمییەکاندا، لایەنی بەرانبەر ئەوەندە چەکی ئەتۆمی و توانای دەمێنێتەوە کە بتوانێت تۆڵەیەکی کوشندە و مەرگهێنەر بکاتەوە. هەر ئەم ستراتیژییە بوو کە بە ستراتیژیی لەنێوبردنی حەتمی و بێچەندوچوونیی یەکتر (Mutual Assured destruction) ناوبانگی دەرکرد.

هەبوونی چەکی ئەتۆمی و ترس لە دەرئەنجام و لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئەو چەکانە وای کرد ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤیەت بە پێکەوەژیان لەژێر سێبەری چەکە ئەتۆمییەکاندا ڕازی بن. لایەنگرانی ئەو ستراتیژییە دەیانگوت ئەو دیمەنە ئەوەندەش کە سەرەتا وێنا دەکرا ترسناک و تۆقێنەر نییە. ئەوان دەیانگوت چەکە ئەتۆمییەکان ئەوەندە کاولکەر و

ئاسەواریرن کە بوونەتە هۆی ئەوەی نە ئەمریکا و نە یەکیەتیی سۆڤیەت تەنانەت بیر لە هێرشبردن بۆ سەر ئەوی تر نەکەنەوە. بێرنارد برۆدی ستراتیژیستی بەناوبانگی هێزی دەریایی لە ساڵی ١٩٦٤دا ڕایگەیاند: "تا ئێستا ئامانجی ئێمە لە پێکهێنانی هێزی سەربازی سەرکەوتن لە شەڕەکاندا بووە، بەڵام لەمەبەدوا ئامانجی سەرەکی ئێمە دەبێ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی شەڕەکان بێت". بە کردەوەش لە دەیەی ١٩٦٠دا چەکە ئەتۆمییەکان بەهۆی توانای لەنێوبردنی هەردوو لایەن، ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕا لە ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی شەڕ لەنێوان دوو مەزنەهێزی ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤیەتدا و لەبەر ئەوەی کە هەر کامیان دەیانتوانی دۆزەخێکی هەمەلایەنە بۆ ئەوی تر درووست بکەن، جۆرە هاوسەنگییەک لە نیوانیاندا جێگیر بوو. لەڕاستیشدا ئەگەر شەڕی ئەتۆمی بە واتای تەفروتوونابوون و کاولبوونی هەردوو وڵات بێت، کێ ئەوەندە بێ عەقڵە شەڕێکی لەو جۆرە دەست پێ بکات؟ باشترین کار هەر ئەوە بوو ئەو بژاردەیە تاقی نەکرێتەوە.

بۆیە بەلەبەرچاوگرتنی تێچووی شەڕێکی ئەتۆمی تا دەهات هەر دوو لایەن کەمتر بیریان لە شەڕێک دەکردەوە کە ئەگەری بەرزبوونەوەی تا ئاستی ئەتۆمی هەبێت. بەپێچەوانەوە هەم ئەمریکا و هەم یەکیەتیی سۆڤیەت لەبری دەستپێشخەری بۆ هێرشبردن زیاتر هەوڵیان دەدا توانای بەرپەرچدانەوەی خۆیان زیاتر و بەرزتر بکەنەوە و لە توانای تۆڵەسەندنەوەی خۆیان لە ئەگەری هێرشی دەستپێشخەرانەی لایەنی بەرامبەر دڵنیا ببنەوە. واتە واشنگتۆن لەبری ئەوەی بیر لە هێرشبردن بکاتەوە، بیری لە پووچەڵکردنەوەی هەڕەشەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت و پاراستنی خاک و توانای ئەتۆمی خۆی و هەروەها پاراستنی هاوپەیمانانی دەکردەوە. لەبەرانبەردا، بۆ یەکیەتیی سۆڤیەتیش تێچووی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لەڕادەبەدەر بوو، هەر بۆیە ئەویش قەناعەتی هێنابوو کە نابێ لە دەستپێکردنی شەڕدا دەستپێشخەری بکات.

بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە "ستراتیژی لەنێوبردنی بێچەندوچوونیی یەکتر" جۆرێک هاوسەنگیی ستراتیژیکی درووست کردبوو، هەردوو لایەن هەمیشە نیگەرانی ئەوە بوون کە ئەو هاوسەنگییە لە قازانجی لایەنی بەرامبەر بگۆڕدرێت. هۆکاری ئەو ترس و نیگەرانییە ئەوە بوو کە هەر یەک لە ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤیەت هاوکات کە هەوڵی پەرەپێدان بە چەکە ئەتۆمییەکان دەدا، بیریشیان لە دانانی سیستەمی بەرگری دژەمووشەکی بە مەبەستی پووچەڵکردنەوەی توانای تۆڵەسەندنەوەی لایەنی بەرامبەر دەکردەوە. ئەمەش ببووە هۆی پەرەسەندنی کێبڕکێی چەکوچۆڵ لەو سەردەمەدا. سەیر ئەوەیە هەم واشنگتۆن و هەم کرێملین لەوە تێگەیشتبوون کە هاوسەنگیی ستراتیژیک توانیبووی ئاسایشیان دابین بکات و هیچ لایەنێک بیری لەوە نەدەکردەوە دەستپێشخەری شەڕێکی ئەتۆمی بکات. بۆیە لەکۆتاییدا هەوڵیان دا دەست لە دروستکردنی سیستەمی دژەمووشەکی هەڵبگرن بۆ ئەوەی توانای تۆڵەسەندنەوەی هیچ کامیان پووچەڵ نەبێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە پەیمانی دژە مووشەکی بالیستیکیان واژۆ کرد.



سەرچاوە
Serchawe

بەڕوونی مەبەست لە پەیمانی دژەمووشەکیی بالستیک کە بە پەیمانی A.B.M (The Anti-Ballistic Missile (ABM) Treaty) ناسراوە، جێگیرکردن و بەردەوامیدان و ڕەواییدان بە ستراتیژیی بەرپەرچدانەوە (Deterrence) لەسەر بنەمای لەنێوبردنی بێچەندوچوونیی یەکتر بوو. وەک پێشتر ئاماژەم کرد، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سیستەمی بەرگری دژە مووشەکی بالستیک ببووە هۆی پەرەسەندنی کێبڕکێی چەکوچۆڵ و نیگەرانیی هەر یەک لە واشنگتۆن و مۆسکۆ لەوەی کە لایەنی بەرامبەر بتوانێت توانای تۆڵەسەندنەوەی ئەوی تر پووچەڵ بکاتەوە، ئەمەش تەحەدایەک بوو بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری جیهان. بۆیە ئەو دوو مەزنەهێزە لە ڕۆژی ٢٦ی مانگی مەی ساڵی ١٩٧٢ لە مۆسکۆ ئەو پەیمانەیان واژۆ کرد. دەقی ئەو پەیمانە لە ٣ی ئاگۆستی ١٩٧٢ لەلایەن ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکاوە پەسەند کرا و لە ٣٠ سێپتەمبەردا سەرۆک کۆماری ئەمریکا واژۆی کرد و لە ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٢دا کەوتە بواری جێبەجێکردن. بەپێی پەیمانی A.B.M هەر یەک لە ئەمریکا و ڕووسیە تەنیا ڕێگایان پێ دەدرا دوو سیستەمی بەرگریی دژە مووشەکی لەنێو خاکی خۆیاندا دامەزرێنێن، ئەویش بۆ ئەوەی بەرگری لەو مووشەکانە بکەن کە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە ئەگەری هێرشی لایەنی بەرامبەر لەسەر سەکۆکان ئامادەیان کردبوون. دواتر پێداچوونەوە بەو پەیمانەدا کرا و لە ڕۆژی ٣ی جولای ١٩٧٤ بڕیار درا هەر لایەنێک تەنها یەک سیستەمی بەرگریی دژە مووشەکی بە مەبەستی پاراستنی یەک سەکۆی مووشەکی کە بۆ تۆڵەسەندنەوە دانرابوو، دابمەزرێنێ. بەم چەشنە، دانانی سیستەمێک کە بتوانێت بەرگری لە سەرانسەری وڵات بکات و توانای تۆڵەسەندنەوەی لایەنی بەرامبەر پووچەڵ بکاتەوە قەدەغە کرا. هەر لەو کاتەوە هەتاکوو ئێستا پەیمانیA.B.M وەک بەردی بناغەی هاوسەنگی ستراتیژیکی نێوان ئەمریکا و ڕووسیە سەیر دەکرێت.

هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە هیچ هەوڵێک بۆ تێپەڕین لەو ستراتیژییە نەدراوە. بەپێچەوانەوە داڕێژەرانی ستراتیژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک وڵاتێک کە دوای داڕمانی دیواری بێرلین و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد وەک وڵاتێکی هێژمون و باڵادەست لە شانۆی سیاسەتی جیهاندا دەرکەوت، لە چەندین قۆناغدا مەیلی خۆیان بۆ تێپەڕین لەو ستراتیژییە و گەیشتن بە باڵادەستیی ئەتۆمی نیشان داوە. بەتایبەت دوای دەسەڵاتگرتنی جۆرج بۆشی کوڕ و ڕووداوە تێرۆریستییەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ئەم مەیلە لە ئەمریکا فراوانتر بوو. بەڵام بەکردەوە هێشتا سەرکەوتوو نەبووە. سەرەڕای ئەوەی واشنتۆن هەندێ سیستەمی بەرگری دژە مووشەکیی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دامەزراندووە و سەرەڕای ئەوەش کە سەرۆکی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕایگەیاند کە چیتر پابەندی پەیمانی A.B.M نابن چوونکە ڕێگرە لەوەی بەرانبەر مووشەکەکانی وڵاتانی شەڕئەنگێز و یاخی وەک ئێران کورەی باکوور سیستەمی بەرگری دامەزرێنن، بەڵام تا ئێستا بڕیاردەرانی ئەو وڵاتە نەک هەر سیستەمێکیان دانەمەزراندووە کە مووشەکەکانی ڕووسیە پووچەڵ بکاتەوە، بەڵکوو بەردەوام ڕایدەگەیەنن کە پابەندن بە پەیمانی A.B.M و ستراتیژیی بەرپەرچدانەوە لەسەر بنەمای لەنێوبردنی بێچەندوچوونیی یەکتر کە تا ئێستا بووەتە هۆی سەقامگیری پەیوەندییەکانی نێوان مۆسکۆ و واشنگتۆن. بەکردەش هەر وا بووە؛ بە چاوپۆشین لەوەی کە

سەرکردەکانی ئەمریکا و ڕووسیە تا ئێستا چەندە لەو ستراتیژییە ڕازی یان ناڕازین، کاری پێ دەکرێت و بەردەوامە.

بەڵام دوابەدوای هێرشی ڕووسیە بۆ سەر ئوکراین لە سەرەتاکانی کۆتا مانگی ساڵی ١٤٠٠ تا ئێستا بەردەوام باس لەوە دەکرێت کە جیهان ڕووبەڕووی مەترسیی شەڕی ئەتۆمیی زلهێزەکان بووەتەوە. ڕەنگە دوای قەیرانی مووشەکیی کۆبا لە ساڵی ١٩٦٢ هەتاکوو شەڕی ڕووسیە- ئوکراین ئەوەندە باسی مەترسیی شەڕی ئەتۆمی نەکرابێت. لەڕاستیشدا بڕیاردەران و ستراتیژیستەکانی ئەو وڵاتانە لە هیچ قۆناغێکدا ئەوەندەی ڕۆژانی دوای دەستپێکردنی شەڕی ئوکراین ئاماژەیان بە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی یان هوشداریدان سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەو چەکانە نەکردووە. هەر ئەمەش وای کردووە زۆرێک لە شارەزایان پێیان وابێت کە جیهان بەرەو زستانی ئەتۆمی دەچێت و تەنانەت هەندێک لە زانایان و بیرمەندانی سیاسەتی نێونەتەوەییش نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بە سەرهەڵدانی شەڕێکی ئەتۆمی دەربڕیوە.

کێسینجێر کە بۆ ئاماژەدان بە گرنگی بیروبۆچوونەکانی هێندێک جار (هەرچەند زێدەڕۆیانە) دەگوترێت لە ئێستا هیچ مرۆڤێکی زیندوو لەسەر گۆی زەوی نییە کە هێندەی ئەو ئەزموونی سیاسیی هەبێت و شارەزای کاروباری نیونەتەوەیی بێت، یەکێک لەو بیرمەندانەیە کە لەم دواییانەدا سەبارەت بە مەترسیی سەرهەڵدانی شەڕی ئەتۆمی و پێویستی داڕشتنی میکانیزمیک بۆ ڕێگریکردن لە ئاڵۆزتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان زلهیزەکان و سەقامگیرکردنی جیهان باسی کردووە. سەرەڕای ئەوەش، هەندێک پێیان وایە ستراتیژیی بەرپەرچدانەوەی نێوان ئەمریکا و ڕووسیە کە لەسەر بنەمای لەنێوبردنی بێچەندوچوونیی یەکتر دانراوە، جۆرە عەقڵانییەتێکی (عەقڵانییەت بە مانای هەڵسەنگاندنی تێچوو و قازانجەکانی دەستپێشخەری لە شەڕێکی ڕاستەوخۆ) تێدایە کە ڕێگرە لەوەی ئەو دوو وڵاتە بەم زووانە و لەسەر ناکۆکییەکانیان لەسەر پرسی ئوکراین پەنا بۆ شەڕی ئەتۆمی ببەن. بەتایبەت کە ئەو دوو وڵاتە ئەزموونی زیاتر لە حەفتا ساڵ پێکەوەژیانیان لەژێر سێبەری چەکە ئەتۆمییەکاندا هەیە و تا ئێستاش بەردەوام هەوڵیان داوە لە ڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆ کێشەکانیان چارەسەر بکەن یا خود بە یارمەتیدانی ئەو وڵاتانەی دوژمنایەتیی لایەنی بەرانبەر دەکەن بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لەدژی یەکتر شەڕ بکەن. ئەمەش بە هۆی ترس لە شەڕێکی ڕاستەوخۆ بووە کە بتوانێت تا ئاستی ئەتۆمی بەرز ببێتەوە. ئەمە یەکێک لەو هۆکارانە بووە کە بەتایبەت بیرمەندانی ڕیالیزمی سیاسیی سەردەمی دوای شەڕی دووەمی جیهانی تا ئێستایان ناو ناوە قۆناغی ئاشتیی درێژخایەن!

ئەمن پێم وایە سەرەڕای یارمەتیی بەربڵاو و چاوەڕواننەکراوی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا بە ئوکراین بۆ شەڕ لەدژی ڕووسیە و بەئەندامبوونی فینلاند و سوئێد لە گەورەترین ڕێکخراوی سەربازیی جیهان کە بە دوژمنی ڕووسیە دادەنرێت و هەروەها سەرەڕای هەڕەشەکانی ڤلادیمیر پۆتین و هوشداریدانی باقی بەرپرسانی باڵای ڕووسیە سەبارەت بە پەرەسەندنی



سەرچاوە
Serchawe

**پووشپەڕی ٢٧٢٣**

شەڕەکە و بەرزبوونەوەی تا ئاستی شەڕی ئەتۆمی و گەیشتنی جیهان بە قۆناغی زستانی ئەتۆمی (بە مانای نەمانی ژیانی مرۆڤایەتی و هەموو گیانلەبەران لە جیهاندا دوای بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی کە مەزندە دەکرێت هەر سەرەتا ٢ ملیارد کەس تێدا بچن)، بەڵام لەبەر ئاستی کاولکاریی چەکە ئەتۆمییەکان و ڕازیبوونی ڕێژەیی ئەمریکا و ڕووسیا لە ستراتیژی بەرپەرچدانەوە، جیهان لانیکەم لەبەر شەڕی ئێستای ئوکراین بەرەو شەڕی ئەتۆمی و قۆناغی زستانی ئەتۆمی ناچێت. بەتایبەت کە سەرکردەکانی ڕووسیە و ئەمریکا دەزانن کە سەرباری دوژمنایەتی و ناکۆکی و جیاوازی بیروبۆچوونەکانیان سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی سیستەمی جیهانی و هەروەها سەرباری لێکدژی بەرژەوەندییەکانیان، بەڵام تێچووی بەکارهێنانی چەکە ئەتۆمییەکان ئێجگار قورسە و ڕەنگە بگاتە ئاستی لەنێوچوونی یەکجارەیی خۆیان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. هەڵبەت ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شەڕی ئەتۆمی نێوان زلهێزەکان لە داهاتوودا (بۆ نموونە لەسەر پرسی تایوان) مەحاڵە یان تەنانەت لەم شەڕەدا ڕووسیە لە چەکی بچووکی ئەتۆمی لە دژی ئوکراین کەڵک وەرناگرێت، بەڵکوو زیاتر بەو مانایە دێت کە پێناچێت ئوکراین بۆ ئەمریکا ئەوەندە گرینگ بێت کە لانیکەم تا کاتێک توانای تۆڵەسەندنەوەی ڕووسیەی بەتەواوەتی پووچەڵ نەکردبێتەوە ئامادەی تاقیکردنەوەی شەڕێکی لەو جۆرە بێت. پووچەڵکردنەوەی ئەو توانایەش پێویستی بە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی سیستەمی بەرگری دژە مووشەکییە کە بتوانێت هەموو جۆرە مووشەکێکی ڕووسیە پووچەڵ بکاتەوە کە لە ئێستادا لەبەردەست نییە و ئەوەش کە ئایا چەندە ئەگەری سەرکەوتنی هەیە باسی بابەتێکی ترە. بەکورتی، شەڕی ئەتۆمی لە ئێستادا زەحمەتە، بەڵام پێشبڕکێ و کێبڕکێی ئەمنیی نێوان زلهێزەکان لە ئاستی جیهانیدا هەرگیز کۆتایی نایەت و درێژەی هەیە.

**٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٣**

---



سەرچاوە Serchawe

# کۆتا لاپەڕەکانی پۆپۆلیزمی مەزهەبی کۆماری ئیسلامی



ڕەزا دانشجوو

پۆپۆلیزم لە وشەی لاتینی "populus" ەوە هاتووە کە بە واتای مرۆڤ، خەڵک، جەماوەر، گشت و چەمکە هاوشێوەکان دێت و پاشخانەکەی وەک زۆربەی چەمکە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆن.

پۆپۆلیزم بە فەرانسە (Populisme) ڕێگایەکە لە سیاسەتدا بۆ نیشاندانی پشتیوانی لە جەماوەر. لە باسی تیۆریدا پۆپۆلیزم بە دوو مانای جیاواز بەکارهاتووە؛ ڕوانگەی یەکەم باوەڕی قووڵی بە خەڵک هەیە و هەوڵ دەدات بە پێدانی ئازادی و دەسەڵاتی دێموکراسی لە قەوارەی سیاسیدا بەشداریان بدات، ئەم بۆچوونە پێچەوانەی ئەریستۆکراسیی بە فەرانسە (Aristocratie) دەسەڵاتی نوخبەکان یان نوخبەسالارییە. هەرچەندە ئەم بۆچوونە بەهۆی پێدانی ڕۆڵێکی یەکسان لە بڕیاردانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە خەڵکی ئاسایی و نوخبەکان ڕووبەڕووی ڕەخنە بووتەوە و نەیارانی زۆری هەیە، بەڵام هەرگیز وەک دیاردەیەکی سیاسیی کۆمەڵایەتیی ناحەز و سەرزەنشتکراو سەیر ناکرێت. لە ڕوانگەی دووهەمەوە پۆپۆلیزم واتە بڵاوکردنەوەی بیر و لێکدانەوەی ڕووکەشی لە کۆمەڵگەدا، و لە ڕاستیدا هیوا بەخشینی درۆیین و بێبنەما و

نیشاندانی تراویلکە بە خەڵک بۆ فریودان و هەڵخەڵەتاندنییان بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بێگومان پۆپۆلیزم بەم پێناسەیە یەکێکە لە دووریانە گەورە کۆمەلایەتی و سیاسیی و ئامرازێکە لە دەستی حکوومەتە پاوانخواز و خۆسەپێنەکاندا کە بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا کەڵکی لێ وەردەگیرت.

مێژووی سەرهەڵدانی دیاردەی پۆپۆلیزم لە شێواز و چوارچێوەی ئەمڕۆدا کە لەسەر بنەمای تیۆریی پۆپۆلیزمی فەلسەفی هێربێرت شیلی (Herbert Schiller) و ئەو گریمانەیەی کە خەڵکی گشتی بە کەسانی نەزان و پاسیڤ و لاواز دادەنێت، دامەزراوە بۆ سەردەمی ڕووسیەی زەمانی تێزارەکان دەگەڕێتەوە. ئەوکاتەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە ناوی نارۆدنیک (خەڵک باوەڕ) لە نێو ڕۆشنبیرە ڕادیکاڵەکانی ڕووسیەدا سەری هەڵدا. لە ساڵانی هەفتاکاندا خوێندکارانی نارۆدنیک (Narodnik)بۆ پێکهێنانی کۆمۆن هاتووچۆی گوندەکانیان دەکرد. لە ڕاستیدا ئەم بزووتنەوەیە تێکۆشانێک بوو بۆ گواستنەوە لە سیستەمی سەرمایەداریی پشتبەستوو بە چینی نوخبەی کۆمەڵگە بۆ سیستەمی کۆمۆنیستی کە لەسەر بنەمای جەماوەری خەڵک دامەزراوە. هەرچەند لە سەرەتادا پۆپۆلیزم بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دژی ئیمپریالیزم و ناسیۆنالیزم پێناسە دەکرا، بەڵام دواتر بیرۆکە توندڕەوەکانی وەک فاشیزم و نازیزم بەنهێنی و ئاشکرا لەگەڵ پۆپۆلیزمدا تێکەڵاو بوون. لە ڕاستیدا پۆپۆلیزم بە هۆی شێوازی بیرکردنەوە و بیری توندڕەو توانایی فریودان و هەڵخەڵەتاندن جەماوەری خەڵک لێکچوونی زۆری لەگەڵ ئەم بیرۆکانە هەیە. بیرکردنەوەی پۆپۆلیزم بە دزەکردنە نێو ڕیزەکانی سەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی گروپە فیکرییەکاندا وردە وردە دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرێت و هێزی خەڵک بە تاقمێک دروشمە ورووژێنەر هەڵبەت بۆ ماوەیەکی کورت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکاردەهێنێت.

هەروەک باس کرا، پۆپۆلیزم دەتوانێت بە هەموو فۆرمەکانی سیاسیی هەنووکەیی سەرهەڵبدات، لە سۆسیالیزمی ستالین کە بەڵێنی کۆمەڵگەیەکی بێ چینایەتی و گەشەی ئابووری بۆ هەمووان دەدات تا ناسیۆنال سۆسیالیزمی (نازیسم) هیتلێر کە باس لە نەزمێکی نوێی دژی نەزمی جیهانیی کە بە باوەڕی هیتلێر بە ناڕەوا لەلایەن بەریتانیا و فەرانسە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بە سەر جیهاندا سەپێنرا، ئەو نەزمە نوێیەی کە جیهانی بەرەو لەنێوچوون برد!

جۆرێکی تری پۆپۆلیزم لە چوارچێوەی پۆپۆلیزمی ئایینی و لەژێر ناونیشانی "زایۆنیزمی مەسیحیی جولەکە"ی "تیۆدۆر هێرتزل"دا دەبینرێت، کە باوەڕی قووڵی بەوە هەبووە هەموو جیهان لە جوولەکەکان جیایە و جولەکەکان تەنیا دەتوانن لەنێو خۆیاندا سەلامەت بن!

لە ڕاستیدا زۆر هۆکار دەبنە هۆی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم لە کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆدا. بە بڕوای "پۆڵ تاگارد "(Paul Thagard) پۆپۆلیزم کاردانەوەیەکە بەرامبەر بە بیرۆکە و میتۆدی سیستەمی سیاسی کە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی دامەزراون و بەرامبەر بە هەستکردن بە قەیرانێک، بەنهێنی یان بەئاشکرا شوێنی ئارمانیی خۆی شکۆمەند دەکات؛ بەڵام بەهۆی نەبوونی بەها بنەڕەتییەکان، زیاتر لەژێر کاریگەریی خەڵکی ئاساییدا دەبێت و لە هەر شوێنێکدا تایبەتمەندییەکانی دەوروبەری خۆی قەبووڵ دەکات و بەکردەوە دیاردەیەکی کاتییە.

خەڵک هەڵخەڵەتاندن، پیرۆزدانان، سەرکردەی پیرۆز و ڕۆشنگەر، خۆپەرستی، پشتبەستن بە جەماوەری بێبەش، نەبوونی ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو، دژە ئیمپریالیزم و ناسیۆنالیزم، گەشەپێدان و هتد نیشانەکانی پۆپۆلیزمن.

میشێل فۆکۆ کۆمەڵناس و فەیلەسووفی بەناوبانگیی فەڕانسەویی شۆڕشی گەلانی ئێرانی لە ساڵی ٥٧ بە یەکەمین "شۆڕشی مەعنەویی" و "پۆستمۆدێرن" بۆ گەیشتن بە ناسنامەی "مرۆڤی ونبوو"ی ئێرانی پێناسە دەکات! لە ڕوانگەی میشێل فۆکۆ، شۆڕشی ئێران بەپێچەوانەی شۆڕشەکانی تر، دەرئەنجامی پێویستییە ئابوورییەکان نییە، بەڵکوو دەنگدانەوەی چەوساندنەوەی خەڵکی زەلیلکراوی جیهانی سێهەمی ئێرانە، کە بەتایبەتی لە دوای کودەتای ساڵی ٣٢ و پەرەسەندنی مۆدێرنیزاسیۆنی دەستووری و پاوانخوازانەی چلەکان و پەنجاکان، بەدوای ناسنامە و سەربەخۆیی خۆیاندا بوون و بە هێنانی ڕۆحانییەت بۆ نێو جیهانی سیاسەت و خوێندنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی ئایینی، دژی هەژموونیی ڕۆژئاوا و هێما ڕەسەنەکانی ڕاپەڕین. ئەم شێوە لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێران لە لایەن فۆکۆوە نیشان دەدات کە کەشوهەوای پۆپۆلیستیی ئەم سەردەمە تا چ رادە لە هاتنەسەرکار و سەقامگیربوونی کۆماری ئیسلامیدا دەوری هەبووە.

بێگومان کۆماری ئیسلامی نموونەیەکی تەواو و بێ کەموکوڕی حکوومەتێکی پۆپۆلیستی ئایینییە کە بەپێی بارودۆخ هەندێک جار جەخت لەسەر تاقمێک هێمای ناسیۆنالیستی دەکاتەوە. هەرچەند بە هۆی سروشتی ئایینیی ڕێژیم، ناسیۆنالیزم وەک چەمکێکی ئایینی دەردەکەوێت و لە ڕاستییدا دەستەواژەی "نەتەوەی شیعە" بۆ کۆماری ئیسلامی جوانترە، بەڵام کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە لە کاتی پێویستدا و بەپێی ئەم مەترسییانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە دەتوانێت بۆ دەربازبوون لە کێشەکان کارتی ناسیۆنالیزمیش بەکار بهێنێت. ڕێژیمی وەلایەتی فەقیه لە پراکتیکدا نە باوەڕی بە ئیسلام و شیعە هەیە نە باوەڕی بە ناسیۆنالیزم و ئێران. حکومەتێک کە بە یارمەتی وەرگرتن لە کەشێکی پۆپۆلیستی بە هۆی سیاسەتی دابەشکردنی ناهاوسەنگی سەروەت و سامان لەلایەن پەهلەوییەکان و دابەشبوونی چینایەتی و هەڵبەت هاوکاری و هاودەنگیی ئۆپۆزسیۆنی چەپ بە دوو دروشمی سەرەکیی پۆپۆلیستی "سەربەخۆیی، ئازادی، کۆماری ئیسلامی" و "نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا، کۆماری ئیسلامی" سواری ئەسپی مراد ورده ورده تەواوی نەیارانی سەرکوت کرد، زۆر زوو بە جووڵاندنی هەستی ناسیۆنالیستی چووە نێو شەڕێکی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراق. ئەو شەڕەی کە بوو بە گەورەترین بیانوو



سەرچاوە
Serchawe

بۆ شاردنەوەی بارودۆخی نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی. لە ڕوانگەی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا، دوژمن هەمیشە دەرفەت و نیعمەتێکی زۆر بەنرخ بووە و هەیە. ئەو بیانوویەی کە تا ئێستا حکوومەتی مەلاکان، جگە لە پاساوهێنانەوە بۆ دۆخی نالەباری ئابووری و مالّیی، لە کاتە جیاوازەکاندا بۆ کۆکردنەوەی جەماوەری خەڵک لە ڕێگەی پرۆژەی "بەکوشتدان"ەوە بەکاریان هێناوە.

هەر لە شەڕی عێراقەوە تا شەڕی داعش، لە چل و چەند ساڵ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمریکا ئیسرائیل و ڕۆژئاوا تا شەڕە گاڵتەجاڕییەی ئەم ڕۆژانە لەگەڵ تالیبان! پۆپۆلیزمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو شتێک زیاتر پێویستی بەوەیە کە بە بڵاوکردنەوەی ئەم پروپاگەندایە کە یەکپارچەیی وڵات لە مەترسیدایە، لانیکەم بۆ ماوەیەکی کورت کۆمەڵانی خەڵک کە ڕەنگە زۆرینەیان دژی نیزام بن لەگەڵ خۆی هاوڕێ بکات.

ڕێژیم کە لە سەرەتای سەقامگیربوونی توانی بەباشی بە کەڵکوەرگرتن لە کەشی پۆپۆلیستی و دیاردەی "پیروزدانان" و پێداگری لەسەر بیری "شیعە"ی سیاسی و دژایەتیی ئیمپریالیزم بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگە لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، ئێستا بە ئاشکرابوونی سرووشتی ڕاستەقینەی بۆ خەڵک زۆرینەی ئەم بەها درۆ و پۆپۆلیستییانەی لە مەترسیی لەنێوچوون دەبینێت. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی دەمێکە بە هۆی نەبوونی ئەلتەرناتیڤێکی نوێ دیسان یاری بەو کارتانەوە دەکات کە لەمێژە بۆ کۆمەڵانی خەڵک ئاشکرا بوون.

پەرەسەندنی ڕادەی زانیاری و وشیاریی گشتی فاکتەرێکی گرنگە کە ئێستا زیاتر لە جاران ڕووبەڕووی پۆپۆلیزمی ئایینی کۆماری ئیسلامی دەبێتەوە. خاڵێکی تری گرنگ شکاندنی قۆرخکاری میدیاییە کە یەکێکە لە ئامرازە هەرە گرنگەکانی دەستی بزووتنەوەی پۆپۆلیستی بۆ داگیرکردنی مێشک و زەینی کۆمەڵگە بە گێڕانەوەیەکی تەواو دیکتەکراوی ئامانجدار بۆ جەماوەر. دەگوترێت لە سەردەمی دەسەڵاتی "ئەنوەر خۆجێ" دیکتاتۆری پێشووی ئالبانی، ڕادیۆ تیرانا بە چەند زمانی جیاواز بەردەوام خەریکی نیشاندانی وێنەیەکی یۆتۆپیایی لە ئالبانی بۆ هاونیشتمانانی و جەماوەری وڵاتانی ئورووپا بوو. پاش مردنی "ئەنوەر خوجێ" و کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان کاتێک گەشتیارانی ئورووپایی دەرفەتی گەشتکردنیان بۆ ئەلبانی ڕەخسا، ڕووبەڕووی جیاوازییەکی یەکجار زۆر لەگەڵ گێڕانەوەی پۆپۆلیستیی کۆمۆنیستەکانی ئالبانی بوونەوە، وڵاتێکی هەژار و وێران کە جگە لە هەزاران سەنگەری بێتۆنی کە هیچ کات کەڵکیان لێ وەرنەگیرا، هیچ شتێکی بۆ پێشاندان نەبوو. بەڵام ئێستا بە یارمەتیی سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەکرێت داتا و وێنەکان بە گێڕانەوەی جیاوازەوە دووبارە بڵاو بکرێنەوە و لە ڕاستیدا بینەر دەتوانێت لە فەزای یەک جەمسەری دوور بکەوێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

پووشپەڕی ٢٧٢٣

دەمێکە پۆپۆلیزمی مەزهەبی کۆماری ئیسلامی لە لێواری هەڵدێر دا خەریکی پەلەقاژەیە و بەڕە بە بەرە خەریکە لایەنگران و پەیڕەوانی خۆی لەدەست دەدات. ئێستا گێڕانەوەی دەستگای پڕوپاگەندەی ڕێژیم تەنانەت لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتیش ڕازی ناکات. "پیروزدانان" فۆرمێکی تەواو پێچەوانەی بە خۆیەوە گرتووە و بە جێی ڕێزگرتن بۆ دژایەتی ڕەوتی ئایینی سیاسی گۆڕاوە.

پۆپۆلیزمی مەزهەبی کۆماری ئیسلامی، وەک بەڵێنەکانی دنیای بێ چین و توێژی ستالین و نەزمی نوێی هیتلێر، بەم زووانە دەچێتە نێو زبڵدانی مێژووەوە، بەڵام ئەو ڕاستییە تاڵە کە کۆمەڵگەی بێئاگا لە ماف و ئەرکەکانی، هەمیشە و هەموو کات ئامادەی قبووڵکردنی بەڵێنێکی درۆیینی تازەیە، وەک خۆی دەمێنێتەوە. پۆپۆلیزم زیاتر لە هەموو شتێک پێویستی بە چاوێکی ڕووکەش بین و هەستێکی کوێر و توندڕەو هەیە.

٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

---

# کۆماری ئیسلامی، تێکنۆلۆژیی نیزامی و پێشبڕکێی چەکوچۆڵ




ئارمان حوسێنی

"باری بۆزان"، بیرمەند و زانای بەناوبانگی بیاڤی ئەمنییەتی نێونەتەوەیی و یەکێک لە تیۆریسیەنە دیارەکانی "قوتابخانەی کۆپێنهاگ" دەڵێت کە ئانارشی نێونەتەوەیی و تێکنۆلۆژیی سەردەم دوو توخمی سەرەکین کە حکوومەتەکان یان دەوڵەتان بۆ داڕشتن و دەستنیشانکردنی ستراتیژیی ئەمنییەتی خۆیان گرنگییان پێ دەدەن.

چەمکی ئانارشی نێونەتەوەیی ئاماژەیە بۆ دۆخێک لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان کە دەوڵەتێک لە سەرەوەی دەوڵەتان بوونی نییە (بەپێچەوانەی ئاستی نێوخۆیی) کە ئەمنییەتی ئەکتەرەکان دەستەبەر و گەرەنتی بکات. هەر بۆیە دەوڵەتان خۆیان بەرپرسی پاراستن و دابینکردنی ئەمنییەتی خۆیانن. هەڵبەت ئەمە بە واتای بێنەزمی و پاشاگەردانی نییە، بەڵکوو خۆی جۆرێکە لە نەزم. بەتایبەتی بیرمەندانی ڕیالیست پێیان وایە ئانارشی، تایبەتمەندییەکی هەمیشەیی پێکهاتەی نێونەتەوەییە و جیهانگیرە و دەوڵەتان لە وەها قەوارەیەکدا سیاسەت دەکەن. بە بۆچوونی "بۆزان" تێکنۆلۆژی وەکوو ئانارشی پێکهاتەیەکی گرینگ و گشتگیر و هاوکات سەربەخۆیە لە ئانارشی. پێکهاتەی تێکنۆلۆژی بەستێن یان

زەمینەیەکی سیاسییە نییە، بەڵکوو بەستێنێکی تێکنۆلۆژیک دروست دەکات کە هەم سیاسەتی نێوخۆیی و هەمیش سیاسەتی نێونەتەوەیی لەو چوارچێوەیەدا کار دەکەن. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە جیاوازیی سیاسەتی نێوخۆیی و سیاسەتی نیونەتەوەیی بکەین، کە هەروەک گوتمان لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەوڵەتێک لە سەرەوەی دەوڵەتانەوە نییە، بۆیە دەڵێین شانۆی سیاسەتی نێونەتەوەیی ئانارشییە. بەم واتایە کە ئەکتەرەکان لانیکەم لە ڕووی یاساییەوە پێکەوە بەرابەر و هاوسەنگن و پێکهاتەی سیاسەتی نێونەتەوەیی پێکهاتەیەکی پلەوپایەیی (سلسلەمراتبی) نییە، بەڵام لە ئاستی نێوخۆییدا دەوڵەتێک لە سەرەوەی هەموو ئەکتەرەکانەوە هەیە کە پێوەندییەکانیان ڕێک دەخات و دیارە دەبێ ئەمنییەتیشیان دابین بکات. بۆیە پێکهاتەی نێوخۆیی پێکهاتەیەکی پلەوپایەییە (سلسلەمراتبی.(

بۆزان هەروەها پێی وایە پێکهاتەی ئەم بەستێنە جەبرییەی تێکنۆلۆژییە (پرۆسەی گشتیی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی) کە کاریگەری لەسەر ئاستی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، نێوەرۆکی هەڕەشە سەربازییەکان و لێکەوتەکانی بەکارهێنانی هێز دادەنێت، حکومەت و دەوڵەتان ناچار بە چەشنێک لە هەڵسوکەوت دەکات کە ڕوو بکەنە پێشبڕکێی چەکوچۆڵ. ئەم پرۆسەیە بەم چەشنەیە کە ئەگەر هات و دەوڵەتێک لە گۆڕەپانی ئانارشی نێونەتەوەییدا بە کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژی دەست بە دروستکردنی چەکوچۆڵ بکات، تەنانەت گەر ئیدیعای ئەوەش بکات کە بۆ بەرگری لە خۆی کەڵکیان لێ وەردەگرێت، هێشتا باقی دەوڵەتان هەست بە مەترسی دەکەن و ڕوو دەکەنە دروستکردنی چەکوچۆڵی لەو چەشنە و بەم شێوەیە پێشبڕکێی چەکوچۆڵ دەست پێ دەکات و لە ئەگەری بەردەوامی ئەم پرۆسەیەدا ئەو پێشبڕکێیە توندتر و چڕتریش دەبێتەوە.

یەکێک لەو حکوومەتانەی نموونەی بەرچاوی ئەم ئارگیومێنتەی بۆزانە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە بە دەسبەسەرداگرتن و تالانکردنی سامانی هەموو نەتەوەکانی ئێران، بە کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژیی نوێی سەربازی دەستی کردووە بە دروستکردنی هەموو جۆرە مووشەک و ژمارەیەکی زۆر فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (درۆن) و ئەمەش لە شانۆی ئانارشی نێونەتەوەییدا بووەتە هۆی سەرهەڵدانی پێشبڕکێی چەکوچۆڵ. لەبەر ئەوەی بە پێی کردەوەکانی پێشووی کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ وڵاتێک و تەنانەت وڵاتانی دراوسێی ئێران نەک هەر ئەو ئیدیعایەی کۆماری ئیسلامییان قەبووڵ نەکردووە کە گوایە بە مەبەستی بەرگری لەم چەکوچۆڵانە کەڵک وەردەگرێ، بەڵکوو بە هەڕەشەیەکی جددی بۆسەر ئەمنییەتی نەتەوەیی خۆشیانی دەزانن. هەڵبەت ئەمەش سەرسووڕهێنەر نییە، هەر تاک نموونە هەناردەکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ ڕووسیە ئیدیعاکانی کۆماری ئیسلامی کە گوایە بە شێوەی بەرگریکارانە کەڵک لەو چەکوچۆڵە وەردەگرێت، پووچەڵ دەکاتەوە! هەربۆیە باقی ئەکتەرەکانیش بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی هەوڵی پڕچەککردنی خۆیان، چ لە ڕێگەی دروستکردنی چەک یان کڕینیان لە وڵاتانی دیکەوە دەدەن، کە ئەمە بۆخۆی پێشبڕکێیەکی چەکوچۆڵی لە ناوچەکە لێ کەوتووەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

تاکوو ئێرە قسە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی بوو و دیارە چەمکەکانی ئانارشی و تێکنۆلۆژی و پێشبڕکێی چەکوچۆڵ زۆرتر لەو ئاستەدا بەکار دەهێنرێن؛ بەڵام ئەمن پێم وایە ئەم فۆرمۆڵە دەکرێ لە ئاستێکی بچووکتر و بۆ حیزبە دژبەرەکانی ئێرانیش -حیزبە کوردەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بۆ نموونە- بەکار بهێنرێت.

هەروەک دەزانین یەکێک لە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران، نەتەوەی کوردە کە هەر لەو ڕۆژەوە پرۆژەی دەوڵەت-نەتەوە لەو وڵاتەدا دەستی پێ کردووە تاکوو ئێستا بێوچان بەرگرییان لە خۆیان و نیشتمانەکەیان کردووە. لەم بەربەرەکانێیەدا کوردەکان و کوردستان تێچوویەکی قورسیان تاکوو ئێستا لە پێناوی ڕزگاریی خۆیان داوە. هەمووماں لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا بینیمان کە چلۆن کۆماری ئیسلامی نەتەوەی کوردی لە نێوخۆدا سەرکوت و هەروەها دامەزراوە سیاسییەکان و بنەماڵەکانی سەر بە حیزبە کوردییەکانی دژبەری لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ژمارەیەکی زۆر فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و جۆرەها مووشەک کردە ئامانج و لە ئاکامدا خەسارێکی گرانی گیانی و ماددیی بەسەریاندا سەپاند. کۆماری ئیسلامی دوای ئەم هێرشانە لە نامەیەکدا بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند هێرشەکانی بە مەبەستی پێشگیری و ئامانجیشیان تەنیا پووچەڵکردنەوەی هەڕەشەکان بووە و لەوەبەدواش بەردەوام پێداگری لەسەر چەککردنی حیزبە کوردییەکان وەکوو مەرجی کۆتاییهێنان بە هێرشەکانی کردووە. لە چەند مانگی ڕابردووشدا هەواڵێک بڵاو بۆوە و دواتر لایەنی ئێرانی و عێراقی پشتڕاستیان کردەوە کە هەر دوو وڵات لەسەر کۆمەڵێک خاڵ ڕێک کەوتوون کە یەکێکیان ڕێگریکردن لە چالاکیی حیزبە کوردە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامییە لەنێو خاکی عێراقدا. لەو ڕێککەوتنەدا کە لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای ئەمنییەتی نەتەوەیی هەردوو وڵاتەوە واژۆ کراوە، هاتووە کە حیزبە کوردە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران هەڕەشەی جددین بۆسەر ئەمنییەتی ڕێژیم. بەڵام لە لایەکی ترەوە کوردەکان کە ساڵانێکە بوونەتە ئامانجی سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران، نەک هەر ئەو داواکارییە نالۆژیکییەیان قبووڵ نەکردووە و نەچوونەتە ژێرباری ئەو فراوانخوازییە، بەڵکوو لەو بڕوایەدان کە کۆماری ئیسلامی بە هێنانەئارای پرسی چەککردنی حیزبەکان ئامانجیەتی بۆ هەمیشە لەنێویان بەرێت. هەڵبەت فەرماندەکانی سپای تێرۆریستی پاسدارانیش ئەوەیان نەشاردووەتەوە. بۆیە تەنانەت لە ئەگەری سنووردارکردنی چالاکییەکانی حیزبەکان لەم قۆناغەدا، سروشتییە حیزبە کوردییەکان لە داهاتوودا پتر بایەخ بە گرینگیی چەک و تێکنۆلۆژیی نیزامی بدەن. ئەمەش دژکردەوەیەک دەبێت بە نیسبەت کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی و کەڵکوەرگرتنی لە تێکنۆلۆژی بۆ هێرشکردنە سەر کوردەکان و هەوڵی کوردەکان بۆ گەرەنتیکردنی مانەوەیان بە کەڵکوەرگرتن لە هەر کەرەسە و ئامرازێک کە یارمەتیی مانەوەیان بدات.

**پوختەی مەبەست:**

بە کورتی خەرجکردنی میلیاردها دۆلار پارەی خەڵکی ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە مەبەستی دروستکردنی چەکوچۆڵ بە کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژیی سەردەم نەک هەر نەبووەتە هۆی دابینبوونی ئەمنییەتی ئێران، بەڵکوو بووەتە

پووشپەڕی ٢٧٢٣

هۆی پێشبڕکێی چەکوچۆڵ لە ناوچەکە و هەتا ئەوکاتەش کۆماری ئیسلامی ستراتیژیی ئەمنییەتیی خۆی لەسەر بنەمای دروستکردن و بەکارهێنانی چەکوچۆڵ دژ بە نەیارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی پێناسە بکات، نەیارەکانیشی تەحەدای جددی لە ئاسایشی ئەو وڵاتە دەکەن. واتە، هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دروستکردنی چەکوچۆڵ بە کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژی لە شانۆی ئانارشییدا تەنیا پێشبڕکێی چەکوچۆڵی لێ کەوتووەتەوە و لە کۆتاییدا دۆڕاوی گۆڕەپانەکەش هەر بۆخۆی دەبێت.

٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# مەرگ باشە بۆ ماڵە هاوسێ!



ئاسۆ مینبەری

هەموومان ئاگاداری چاوپێکەوتنە سەیروسەمەرەکەی جەمیلە عەلەمهودا، هاوسەری ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی ویێنێزۆئێلا بووین. چاوپێکەوتنێک کە وای کرد سەرەنجەکان بۆ لای ژنێک ڕابکێشرێ کە قسەکانی ڕێک پێشاندەری بیری دواکەوتووی ئەو دەسەڵاتەیە کە هاوسەرەکەی بەرپرسایەتیی زۆر گرینگیشی تێدا هەیە.

قسەکانی جەمیلە عەلەمولهودا لەم چاوپێکەوتنەدا لە چەند ڕووەوە سەرنجڕاکێش بوون، یەکەم شت کە پێویستە سەرنجی بدرێت ئەوە بوو ئەم ژنە کاتێ باسی لە کوژرانی ژینا ئەمینی کرد، نەیتوانی یان نەیزانی، بەڵام مەرگی ژینای وەکوو باقی کاربەدەستانی ڕێژیم بە مەرگ ناو نەبرد و وشەی "کوشتن"ی بەکار هێنا کە ئەمە لە ڤیدیۆ بڵاوکراوەکاندا بە ڕوونی کەوتە بەر چاوی خەڵکەوە. لە ڕاستیدا خودی ئەم بەکارهێنانی وشەی کوشتنە، جۆرێک دانپێدانان بوو، ڕاستییەک لە قسەکانی ئەم ژنەدا دەرفەتی خۆدەرخستنی پەیدا کرد و مۆرێکی تەئید بوو بەسەر کوژرانی کچە کوردێک بەدەستی هێزەکانی ڕێژیم گیانی لێ ئەستێندرا. لەلایەکی دیکەوە ئەم خانمە کە مامۆستای زانکۆشە، بەبێ ئەوەی پرسەکە پێوەندیداریش بێ، گوتی تەمەنی دارەکانی ئەو زانکۆیەی ئەمن تێیدا وانە دەڵێمەوە، لە تەمەنی ئامریکا زیاترە و لە هەمووی سەیروسەمەرەتر

ئەوەی کە گوتی ئێمە ئەمانەوێ ژن، ژن بێت، نامانەوێ وەکوو پیاو بێ، بۆچی ئێمە دەبێ وەکوو پیاوان کار بکەین، وەکوو پیاوان بخوێنین و قسە بکەین و بەردەوام ئاکارمان توندوتیژانە بێ؟

جیا لەو دوو بابەتەی سەرەوەتر کە لەسەر کوشتنی ژینا قسەی کرد و هەوڵی شێلگیرانەی مێردەکەی بۆ سەرکوتی بەردەوامی خەڵک کە بەمەبەستی شاردنەوەی ڕاستیی قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینیی بردە ژێر پرسیارەوە و لە خۆوە تەمەنی دارەکانی زانکۆی تارانی لەگەڵ تەمەنی ئامریکا بەراورد کرد، بابەتی تر کە سەرنجڕاکێشە و لەم نووسینەدا تیشکی دەخرێتە سەر، قسەکانی لەبارەی ژن و توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان بوو!

گوایە جەمیلە عەلەمولهودا، بڕوانامەی دوکتورای فەلسەفەی پەروەدە و بارهێنانی لە زانکۆی تەربیەیت مودەڕس هەیە و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا، دانشیار و ئەندامی لیژنەی زانستیی زانکۆی زانستی تەربییەتی و دەروونناسیی بێهێشتیی تارانە و بە سەدان خوێندکار لەژێر ڕێنوێنی و زانستی ئەم خانمەدا، بۆ بنیاتنانی داهاتوو، ڕەوانەی کۆمەڵگە دەکرێن! کەچی لە تەلەوڤیزیۆنی وڵاتێکی وەکوو وێنێزوێلادا دێت و باس لەوە دەکات درێژەدان بە خوێندن، بۆ ژنان و پێگەیشتن و سەرکەوتنیان وەکوو پیاوان، توندوتیژییە! بەڕاستی ئایا هەر بیری لە قسەکانی خۆی نەکردووەتەوە یان بە هۆی هەبوونی کامێرا و خەڵکی پشت کامێرا تووشی سەرلێشێوان بووە؟ ئەگینا چۆن ئەکرێ ژنێک خۆی تا ئاستی دوکتورا درێژەی بە خوێندن دابێت، مامۆستای زانکۆ بێت و لە لیژنەی زانستیی زانکۆیەکدا کار بکات و ئەرکی پەروەردەی نەوەی خوێندەوار بۆ داهاتوی لەسەر شان بێ، کەچی خوێندن و گەیشتن بە قۆناغەکانی سەرەوەی زانست و تێگەیشتن بۆ ژنانی وڵاتەکەی بە توندوتیژی بزانێ! لێرەدایە مەتەڵێکی کۆنمان دێتەوە بیر کە دەڵێ، مەرگ باشە، بۆ ماڵە هاوسێ! وا دیارە جەمیلە خانمیش نەخوێندەواربوون و نەکەوتنە بەر توندوتیژی بە ئاپشێنی نەخوێندەواری، بۆ خەڵک بەباش ئەزانێ و بە پێچەوانەی هاوسەرە دڵڕەق و دڕندەکەی نایەوێ ژنانی وڵاتەکەی تووشی توندوتیژی بن!

توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە و لە جۆری جیاوازیشدا خۆی دەنوێنێ، بەڵام لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و لەوەتەی باس لە مافەکانی ژنان و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ جۆرەکانی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەکرێ، هیچکات درێژەدان بە خوێندن و هاتنە مەیدانی ژنان وەکوو پیاوان جا لە هەر بوارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ... بێت، وەکوو توندوتیژی پێناسەی بۆ نەکراوە. لە ڕاستیدا خودی خوێندەواربوونی ژنان یەکێک لە فاکتەرە گرینگەکان لە کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنانە کە لە چوارچێوەی ئەم نووسینە بەدەرە، جا بۆچی جەمیلە خانمی عەلەمولهودا ئەمە بە توندوتیژی دەزانێ، پرسیارێکە کە وڵامەکەی تەنیا لە لۆژیکی کۆماری ئیسلامیدا دەگونجێ!



سەرچاوە
Serchawe

## پووشپەڕی ٢٧٢٣

چاوخشاندنێک بەسەر ئامارەکانی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان لە ئێران، بەتایبەت لە ماوەی شۆڕشی ژینادا باشترین ئارگۆمێنت بۆ بردنەژێر پرسیاری جەمیلە و جەمیلەکانی سەر بە ڕێژیمە. هەر لەو کاتەدا کە جەمیلە عەلەمولهودا لە تەلەڤیزیۆنی ڤێنێزۆئێلا باسی لە توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان کردووە، بە دەیان کچ، بە فەرمانی هاوسەرە جەلادەکەی لە گرتنگە و زیندانەکانی ڕێژیمدا توندوتیژیی جەستەیی، دەروونی و زارەکی (کەلامی)یان بەرانبەر کراوە! زۆربەی ئەو ژنانەی کە لە شۆڕشی ژینادا هاتنە سەر شەقامەکان، هەر بە فەرمانی کاربەدەستانی ڕێژیم و هاوسەرەکەی خۆی ئەم جەمیلە خانمە، کرانە ئامانجی ساچمە و شەق و لێدانی هێزەکانی ڕێژیم تاکوو بەرژەوەندییەکانی نیزام نەکەوێتە مەترسییەوە، جا ئەم خانمەش وەکوو کەوێک کە سەری لەژێر بەفرەوەیە، بە چەشنێک لەسەر ژنان و توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان لە مێدیای وڵاتێکی تردا دەدوێ کە دەڵێی ژینا هەر نەکوژراوە، هیچ ژنێک دەسبەسەر نەکراوە و هیچ کچێک ئازاری ساچمەی نەچاشتووە و ئەویش لە هیچ ئاگادار نییە!

وردبوونەوە لە قسەکانی ئەم بەناو مامۆستایەی زانکۆ کە دیاریش نییە لە ڕاستیدا تا پۆلی چەندەمی خوێندبێت، دەری دەخات کە چ کەسانێکی نەخوێندەوار و هیچنەزان، دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە و چۆن قومار بە داهاتووی خەڵکانێک دەکەن کە مافی ژیان و ئازادییان هەیە. پێویست بوو هەر لەو چاوپێکەوتنەدا بە جەمیلە عەلەمولهودا بگوترێت شک لەوەدا نییە کە بە نەمانی دەسەڵاتەکی ئێوەیە توندوتیژییەکانیش کۆتاییان پێ دێت.

**٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٣**

# دوژمنی ژین و ژیوارمان



**عەلی بداغی**

سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵ تێپەڕی. ئەگەر شۆڕشی ژینا سەلماندی کە کوردستان دوای چوار دەیە سیاسەتی سەرکوت و تواندنەوە کۆڵی نەداوە و بەچۆکدا نەهاتووە؛ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش جێی هیچ شک و گومانێکی نەهێشتۆتەوە کە بۆ دوژمنایەتیی کورد شمشێری لە ڕوو بەستووە. بۆیە لەم سێ مانگەشدا هەم لە سەنگەری شەڕی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا، هەم لە بەرەی شەڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییدا و، هەم لە شەڕی نەرمی خۆی دژی شوناس و هەوێتیی نەتەوایەتیی کورددا لە گورزوەشاندن و جینایەتخوڵقێنییەکانی بەردەوام بوو.

لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا ٣٥ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم، یان لە ئاکامی ڕاوەدوونانیاندا کوژراون و بریندار بوون. لەو ماوەیەدا و لە نێوشار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانیشدا ١٧ کەسیان داوەتە بەر دەستڕێژ کە ٦ کەسیان کوژراون و ١١ کەسیش بریندار بوون. هەر لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا لانیکەم ٢٠٠ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی



سەرچاوە
Serchawe

و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. لە زیندانەکانیشدا هەرنەبێ 21 بەندکراوی کورد لە چوار پارێزگای کرماشان، سنە، ئیلام و ورمێ بە مەبەستی چاوترسێنکردنی خەڵک و زاڵکردنی کەشی ترس و تۆقاندنی خەڵک ئێعدام کراون کە یەک لەو بەندکراوانە زیندانییەکی سیاسی بوو.

لە دەرەوەی سیاسەتی گرتن و سزادانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، جیا لە هەڵاواردنی سیستماتیکی کوردستان لە گەشەی ئابووری و مرۆیی، و سەرەڕای بەردەوامیی تاڵانی سەرچاوە سروشتی و ژێرزەوینییەکانی کوردستان؛ سروشت و سامانە سروشتییەکانی کوردستانیش کەمی لە سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی نەچێشتووە کە تاڵان و بردنی ئەو سامانە تەنیا بەشێکی پلانەکانی ڕێژیمە. هەر بۆ نموونە ساڵانە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەپێی ئامارە نافەرمییەکان زیاتر لە ١٠ تۆن زێڕی نایاب تەنیا لە کانزای زێڕی ناوچەی تیکاب دەپاڵێوێت و بەتاڵانی دەبات. بەتاڵانبردنی زێڕی کانزای ناوچەی تیکاب تەنیا وەکوو نموونەیەکی بچووکە و لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان بە شێوەی سیستماتیک زۆر لەوە زیاتر لە بەتاڵانبردنی سامانە سروشتییەکانی کوردستان بەردەوامن.

ئاگردانی دارستان و پووشوپەڵاشی لەوەڕگەکان و بەتایبەت تۆپبارانی ناوچەکانی شاهۆ و کۆساڵان کە زیان و زەرەڕێکی زۆری بە ژینگەی کوردستان گەیاندووە، بەشێکی دیکە لە جینایەتەکانی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵکی کوردستان بوو. ئەوەندەی بۆ پرسی ئاگرکەوتنەوەکان و سووتانی دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە، قسە لە کەمیی ئیمکانات بۆ کۆنترۆڵی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکان و تەرخانکردنی کەمترین ئیمکانات لەو کەمە ئیمکاناتەش بۆ کوردستان نییە، قسە ئەوەیە کە، ئەوەی دەسووتێ و دەبێتە خەڵووز و دووکەڵ گرانترین و بەبایەخترینی سامانە سروشتییەکانی ئەو نیشتمانەیە کە ڕێک بەپێی سیاسەتی پلانبۆداندراو دەچێتە پێشێ. بۆ نموونە لە وەرزی ئیشکی و گەرمای ساڵدا کە سووتمانەکان لە دارستانەکان زۆر دەبن، ئەگەر هێزە چەکدارەکان لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا بەشێک لە بەرەی بەگژداچوونەوە و کوژاندنەوەی سوتمانەکانن، لە کوردستان هێزە چەکدارەکان بۆ خۆیان هۆکاری ئاگرکەوتنەوە و سووتاندنی بەشی هەرەزۆری دارستان و لێرەوارەکانن. ئەوەش تۆمەت یان قسەیەکی بێ بەڵگە نییە، تۆپبارانکردنی ناوچە شاخاوییەکان بە بیانووی بەربەرەکانی لەگەڵ حیزبە کوردییەکان، بەڕێوەبردنی دەیان مانۆڕی نیزامی لە وەرزی گەرما و هاوین، نابەرپرسیاریی دامودەزگا حکومییەکان لە هەمبەر ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکان و زۆرجار ڕێگری لە کەسانی خۆبەخش بە بیانووی ئەمنیەتی هەموو بەڵگەن بۆ ئەوەی بەشی هەرە زۆری سووتمان لە دارستانەکانی کوردستان دەستی ناوەندە ئەمنییەتییەکان و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی لە پشتە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک دوژمنی ژین و ژیواری کورد هەر لە سەرەتاوە و هەر کە کوردستان "نا"ی بۆ ڕێژیم گوت و ملی

**پووشپەڕی ٢٧٢٣**

**بۆ نەوی نەکرد، شەڕێکی تەواوعەیاری لە هەموو بەرەکاندا بەسەر کورددا سەپاند. لە شەڕی فیزیکیدا لەشکەرکێشی و داگیرکاری، کوشتوبڕی هێزە سیاسی و بەرهەڵستکارەکان، تێرۆر و ئێعدامی نەیارانی سیاسی بۆ ئەوە بوو سەنگەری خۆڕاگریی کوردستان تێک بشکێنن. لە شەڕی نەرمیشدا هەوڵدانی بەردەوام بۆ گۆڕینی دێموگرافیی کوردستان، هەوڵی سیستماتیک و بەپلان بۆ تواندنەوەی زمان و هەوییەتیی کوردی، شێوادنن و چەواشەی مێژوو، و دەیان بەرنامەو پلانی دیکە بۆ ئەوە بوو فاکتەرە نەتەوەییەکان و بەدەوڵەتبوونی کورد لە زەینی تاکی کورددا بزر بکەن و کورد لەنێو نەتەوەی سەردەستدا بتوێننەوە. لە بەرەکانی دیکەی ئەو شەڕەشدا برسیکردنی خەڵک و ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی ئابووریی کوردستان، پەرەدان بە قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەڵتەکاندنی کۆمەڵگەی کوردستان سیاسەتی نەگۆڕ و هەمیشەیی ڕێژیم بوو. لە تەنیشت ئەوەشدا دەستبەسەرداگرتن و تالانی شوێنەوارە مێژووییەکان، مۆنۆپۆلکردنی کانگاکانی بەرد و سەرچاوە سروشتییەکانی وەک ئاو و نەوتی کوردستان و؛ پاشان کەوتنە گیانی سروشت و کوێستان و دارستانەکانی کوردستان هەموو بۆ ئەوە بووە سیاسەتیی "زەویی سووتاو"ی خۆیان لە کوردستان جێبەجی بکەن. بەڵام بەوەش نەوەستان و هەوڵیان دا بە ژێنۆسایدی بیۆلۆژیک لە بەرەیەکی دیکەشدا شەڕی نەتەوەی کورد بکەن. وەک چۆن لە پاییزی ساڵی ڕابردووەوە هەزاران کچەکوردیان لە قوتابخانەکاندا دەرمانداو کرد.**

**ئەوەی لە کوردستان دەبیندرێ دۆخی شەڕە. شەڕێک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ٤٤ ساڵە لە هەموو بەرە و ڕەهەندەکانەوە بەسەر نەتەوەی کورددا سەپاندوویەتی و هەرا ئێستاش لە فۆرم و شێوازی جۆراوجۆردا درێژەی هەیە. ئەوەی کوردییش تا ئێستا کردوویەتی بەرگرییەکی ڕەوایە. بەرگری لە خاک و نیشتمان، کەرامەت و ژیان و شوناس و پێناسەکەی وەک نەتەوەیەکی بندەستە بەڵام مافخواز و خەباتکار.**

**٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٣**

# سیاسەتی تاسە شەشپاڵووەکان




**ڕامیار مەهابادی**

**سیاسەتی "تاسە شەشپاڵووەکان" ئاماژەیە بۆ ئەو ستراتیژە سیاسییەی کە ڕێژیمە پاوانخوازەکان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان و چەواشەکردنی ڕای گشتی سەبارەت بە ڕاستییەکان بە کاری دەهێنن.**

**لەم ستراتیژەدا ١٢ خاڵی سەرەکی (ژمارەی ڕوخساری تاسەکان) هەیە:**

**١- سانسۆر و کۆنترۆڵکردنی زانیاری: حکومەتە پاوانخوازەکان بە زۆری کۆنترۆڵی سەرجەم سەرچاوەکانی زانیاری دەکەن بۆ ئەوەی ڕێ لە بڵاوبووونەوەی زانیاریی ڕەخنەگرانە یان دژ بە خۆیان بکەن.**

**٢- ترس و تۆقاندن: دەسەڵاتداران ترس و تۆقاندن وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵ و سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان بە کار دەهێنن. ئەمەش دەکرێ لە ڕێگەی هەڕەشە، گرتن، ئەشکەنجەدان یان تەنانەت کوشتنیشەوە ئەنجام بدرێت.**



سەرچاوە
Serchawe

٣- دابەشکردن و حوکمڕانی: ئەم ستراتیژە لەسەر بنەمای دابەشکردنی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز، ئایین، چین یان گرووپی سیاسی دامەزراوە. ئەمەش ڕێگە بە ڕێژیم دەدات کە حوکمڕانی بە سەر گرووپێکی دیاریکراودا بکات و لە هەمان کاتدا باقی دانیشتووانەکەی بنێتە لاوە و ڕێگری بکات لە هاوپەیمانی دژبە حکوومەت.

٤- پڕوپاگەندە: دەسەڵاتداران پڕوپاگەندە وەک ئامرازێکی کاریگەر بە کار دەهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەخنە و جێخستنی بۆچوون و بایەخەکانی خۆیان. ئەم چەند ستراتیژییەی سەرەوە پێکەوە ڕێگە بە حکوومەتە پاوانخوازەکان دەدەن خەڵک بەلاڕێدا ببەن و ڕاستییەکانیان لێ چەواشە بکەن و، لە هەمان کاتدا خۆیان لە دەسەڵاتدا بپارێزن.

٥- هەواڵسازیی کۆنترۆڵکراو: زۆرجار حکوومەتە پاوانخوازەکان کەرەستەی هەواڵسازی وەک ڕێگەیەکی سەرەکی بۆ گۆڕینی تێڕوانینی خەڵک بۆ واقیع و کاریگەری لەسەر ئەو چیرۆکانە بە کار دەهێنن کە دەنگدانەوەیان لەگەڵ جەماوەردا هەیە. ئەمەش لە ڕێگەی سانسۆرەوە، گۆڕین و شێواندنی هەواڵ، یان تەنانەت دروستکردنی هەواڵی ساختە دەکرێت. ئەم ستراتیژە ڕێگە بە حکوومەتەکان دەدات وێنەیەکی ئەرێنی لە خۆیان پڕۆژە بکەن و لە هەمان کاتدا ڕەخنە و لاوازییەکان بشارنەوە. ئەم توخمە پێنجەمە لە توانای حکومەتدا گرینگە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو چیرۆکانەی لە کۆمەڵگەدا لەسەری دەگێڕدرێنەوە. ئەم کۆنترۆڵە ڕێگە بە حکومەت دەدات وێنەیەکی خوازراو لە واقیع جێبەجێ بکات و لە ئەنجامدا دەتوانێت کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر هەڵوێست و بیروباوەڕ و ڕەفتارەکانی خەڵک هەبێت.

٦- دروستکردنی ئۆپۆزسیۆن بۆ ڕەزامەندیی نێودەوڵەتی: دیکتاتۆرییەکان هەندێکجار هەوڵ دەدەن ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی "میانڕەو"یان هەبێت. ئەم بەناو ئۆپۆزسیۆنە "میانەڕەوانە" زۆرجار لەلایەن حکوومەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێن و دوورن لەوەی بتوانن مەترسی لەسەر دەسەڵات دروست بکەن. بەڵام بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی لەو شێوەیە ڕێگە بە حکوومەت دەدات خۆی وەک سیستەمێکی "هاوسەنگ" و "دیموکراتیک" پێشان بدات. ئەمەش ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و دوورکەوتنەوە لە سزا یان گوشاری سیاسی. هەرچەندە ئەم ڕێبازە دەتوانێت ببێتە هۆی سەرلێشێواوی نێوخۆیی و دەرەکی، بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا دەکرێت یارمەتیدەر بێت بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ڕێژیم.

٧- بەکارهێنانی چەمکەکانی وەک جوداییخوازی و یەکپارچەیی خاکی بۆ سەرکوتکردنی نەیارانی سیاسی: دیکتاتۆرەکان بەزۆری تۆمەتەکانی وەک "جیاییخوازی" یان "خیانەت لە یەکپارچەیی خاکی وڵات"! وەک ڕێگەیەک بۆ سەرکوتکردن و لاوازکردنی نەیارانی سیاسی بە کار دەهێنن. ئەم تۆمەتانە، تەنانەت ئەگەر بخرێنە سەر ئەو گرووپانەی تەنیا لە پێناو گەورەترین مافەکانی خۆیاندا خەبات دەکەن، دەتوانێت ڕێگە بەم حکوومەتانە بدات وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی


سەرچاوە
Serchawe

نەتەوەیی بەگژی ئەو کەس یان گرووپانەدا بچێتەوە و بەو بیانووە سەرکەتیان بکات. ئەم مێتۆدە دەتوانێ ترس بخاتە نێودڵی ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگەش و ڕێگری بکات لە دژایەتیی حکوومەت.

٨- دوژمنایەتی و شەڕخوازی بۆ مانەوە لە هەلومەرجی داڕماندا: لە هەلومەرجی گرژی و قەیراندا، هەندێک لە حکوومەتە پاوانخوازەکان پەنا دەبەنە بەر داتاشینی "دوژمنی دەرەکی" بۆ بەلارێدابردنی سەرنجی خەڵک لە کێشە نێوخۆییەکان و ناکارایی حکوومەت. ئەم "دوژمن"ە دەتوانێ وڵاتێکی بێگانە، گرووپێکی سیاسی، یان تەنانەت کولتوورێک یان ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراویش بێت. ئەم ڕێبازە زۆرجار لەگەڵ دروستکردنی باری نائاسایی یان هەڕەشەی شەڕدا دەبێت، کە ڕێگە بە حکوومەت دەدات یاسا و ڕێسای ناوازە بسەپێنێ و مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکا و دەست بەسەر دەسەڵاتی زیاتردا بگرێت. ئەم تاکتیکە دەتوانێت هاودەنگی و یەکڕیزیی نیشتمانییش لەدژی "دوژمن"! پەروەردە بکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە توانیویەتی حکوومەت لە دەسەڵاتدا بهێڵێتەوە.

**هەندێک شێوازی تر کە حکومەتە تاکڕەوەکان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان بەکاری دەهێنن بریتین لە:**

٩- سانسۆر و کۆنترۆڵکردنی میدیا: حکوومەتە پاوانخوازەکان بەردەوام کۆنترۆڵی سیستەمی ڕاگەیاندن دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن پەیامەکانی خۆیان بەئاسانی و بەبێ سنووردارکردن بگەیەنن و هاوکات دەنگی نەیارانی سیاسیی خۆیان دەخنکێنن و سانسۆڕیان دەکەن. ئەم کۆنترۆڵە دەتوانێت لە ڕێگەی یاسای سنووردارکردن، هەڕەشە و تۆقاندن، پەروەندەسازی و لە زیندانکردن؛ یان لە ڕێگەی خاوەندارێتیی ڕاستەوخۆی میدیاوە بکرێت.

١٠- هەڵاواردن و چەوساندنەوەی کەمینەکان: حکوومەتە پاوانخوازەکان هەمیشە هەندێک گرووپ وەک هەڕەشە بۆ سەر نەزم و سەقامگیری کۆمەڵگە دەناسێنن. لەوانەیە ئەم گرووپانە نەتەوەیی، ئایینی و کولتووری بن و بە هەموو شێوەیەک بیانچەوسێننەوە.
حکوومەت بە پاساودانی ئەم جیاکاریانە وەک ڕێوشوێنی ئاسایشی نەتەوەیی دەسەڵاتی خۆی دەپارێزێ و هەرچەشنە خۆڕاگری و سەرهەڵدانێک سەرکوت دەکات.

١١- تێرۆر و توندوتیژی: حکوومەتە پاوانخوازەکان تێرۆر و توندوتیژی بۆ ترساندنی خەڵک و ڕێگریکردن لە خۆڕاگری دەکەنە پیشە و سیاسەتی هەمیشەییان. ئەم سیاسەتە بەکارهێنانی هێزە ئەمنییەتییەکان بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان، گرتن و ئەشکەنجەدانی چالاکانی سیاسی، کوشتن و تێرۆری خەڵکی بەرهەڵستکار و تەنانەت بێتاوانیش

**پووشپەڕی ٢٧٢٣**

دەگرێتەوە. هەرکام لەم شێوازانە دەکرێ بە تەنیا یان بە تێکەڵاو لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەکاربهێنرێت و هەمیشە لە چوارچێوەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیە دیاریکراودا ڕوو دەدات. هەروەها گرنگە بزانین ئەم شێوازانە هەمیشە نیشانەی ستەمکاری و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتن و پێویستە مەحکووم بکرێن.

١٢- سیاسەتی دوورکەوتنەوە لە نوخبە و پەراوێزخستنی: ئەمە ستراتیژییەکە زۆر لە حکوومەتە پاوانخوازەکان بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەیان بەکاری دەهێنن. ئەم سیاسەتە بە گشتی ئەو ڕێوشوێنانە دەگرێتەوە کە ئیلیت و بژاردەکانی کۆمەڵگە لێک دادەبڕێنن بۆوەی نەهێڵن لە بەستێنی یەکگری و هاوکاریی نوخبەکاندا بەرگژەیەک بۆ حکوومەت و دەسەڵات دروست ببێت.
ئەم ستراتیژییە جاری وایە لە هاندان و دروستکردنی ڕکەبەرییە نێوخۆییەکان و سیاسەتی گشتیی "ئاژاوە بنێوە و حوکمەت بکە"دا خۆی دەبینێتەوە هەتا دەگاتە کڕین و ترساندنی نوخبەکان و تەنانەت تیرۆر یان سەرکوتکردنیان. ئامانجی سەرەکیی ئەم سیاسەتانەش دروستکردنی نائەمنی و ناسەقامگیرییە لە نێوان نوخبەکاندا بە مەبەستی پێشگرتن لە هەڕەشەبۆ سەر دەسەڵاتە. ئەم ستراتیژییە لەوانەیە لە کورتماوەدا کاریگەر بێت، چونکە توانای نوخبەکان بۆ کۆبوونەوە و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لەدژی حکومەتی پاوانخواز کەم دەکاتەوە. بەڵام لە درێژخایەندا ئەم جۆرە سیاسەتانە دەبێتە هۆی نائارامیی سیاسی و ناسەقامگیری؛ چونکە لەو سۆنگەیەوە توانای حکوومەت بۆ چارەسەری کاریگەری کێشەکانی وڵات کەم دەکاتەوە.

ئەگەر تێبینیتان کردبێت، حکوومەتە خۆسەپێنەکانی وەک کۆماری ئیسلامی بە فرێدانی ئەم دایسانە و تێکەڵکردنی سیاسەتەکان لە قۆناغە جیاجیاکاندا بەردەوام بوون لە مانەوەیان لەسەر تەختی خونکاریی دەسەڵاتدا.

**٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٣**



سەرچاوە Serchawe

# غەریب (گێڕانەوەیەکی "غەریب" لە کوردستان)



یەعقووب ڕەوا

هونەر و ئەدەب وەک ئامرازێکی ئیدیۆلۆژیک بە دەستی حکوومەتەکانی تۆتالیتێر و دیکتاتۆر بۆ پەرەپێدانی ئیدیۆلۆژی و ڕێبازی فکریی خۆیان بە کار هاتووە.

ژیدانۆف وەکو بەڕێوەبەری سیاسەتی کولتووریی یەکیەتیی سۆڤیەت لە سەردەمی ستالین، یەکێک لە بە ناوبانگترینی ئەو کەسانە بوو کە سیاسەتی کولتووری سۆسیالیستیی هێنایە نێو ئەدەبیات و هەموو لقەکانی هونەرەوە. لە دۆکتۆرینی ژیدانۆفدا مەیدانی هونەر و ئەدەب نەک مەیدانێکی کراوە بۆ پەرەپێدانی فکر و بیری نوێ، بەڵکوو مەیدانی زاڵبوونی هێژموونیی ئایدیای کۆمۆنیزم و دەزگای ستالینیستی بوو. بەپێی سیاسەتی ئەو فرەیەک لە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان بەربەستیان بۆ چێ کرا و تەنیا ئەو کەسانە مەجالی کارکردنیان پێ درا کە لە خزمەت ئایدیالۆژیی حکوومیدا بوون.

دەزگای کولتووری ژیدانۆف دەزگایەکی داخراو و وشک بوو. لەو دەزگایەدا نووسەر و شاعیر و هونەرمەند ئەرکیان تەنیا بەرهەمهێنانی بەرهەمگەلێک بوو کە ستایشی سیستەمی کۆمۆنیستی و ڕەشکردنی نەیارانیدا بکات. ئەدەب و هونەری فەرمیی ئەو سەردەمە تێکەڵەیەکە لە زەقکردنەوەی ئیدەی جیهانگیری کۆمۆنیزم بە هەموو شێوەیەک، لە گۆڕینی ڕاستییەکانەوە بگرە هەتا کاراکتێرسازیی قارەمانانە و شەیتانسازی لە جیهانی لیبرالیزم. لەو نێوەدا هونەرە بینراوەکان وەکوو نیگارکێشی و گرافیک و هونەرە نمایشییەکان وەکو شانۆ و سینەما گرینگییەکی تایبەتیان هەبوو. ئەو هونەرانە زۆر بەئاسانی پەیوەندییان دەگەڵ بەردەنگ چێ دەکەن و گێڕانەوەیان لە بابەت ڕاستەوخۆیە. زۆرینەی کۆمەڵگە دەیتوانی لە هۆڵەکانی سینەما و شانۆ و لەسەر دار و دیواری شار لەژێر کاریگەریی ئەو بەرهەمانە بن. تایبەتمەندی دیکەی ئەو هونەرانە ئەو بوو کە بەردەنگ پێویستی بە خوێندەواری تەنانەت سەرەتاییش نەبوو بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمەکە.

ئەو سیاسەتە پاشتر لە شۆڕشی چین و ئێرانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لەژێر ناوی "شۆڕشی فەرهەنگی"دا درێژە پێ دران. لێرەدا بە دیاریکراوی باس لەو دیاردەیە لە گۆڕەپانی کولتووریی کۆماری ئیسلامیدا و بە تایبەت لە پیشەسازیی سینەمادا دەکەین. دیارە پاڵنەری نووسینی ئەم وتارە پێشاندانی فیلمی "غریب"ە کە ماوەیەکە لە سینەماکانی ئێراندا نمایش دەکرێ و ئەو فیلمەش وەکوو ماتریالی نموونەی باس بەکار دەهێندرێ.

لە دوای ڕاگەیاندنی سیاسەتی "شۆڕشی فەرهەنگی" لە ئێرانی دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئەم سیاسەتە ڕاگەیەندرا و بە پێی ئەم سیاسەتە هەرچی کەسی دژ یان تەنانەت بێلایەنیش لە هەموو دەزگاکانی حکوومی لە پەروەردە و خوێندنەوە بگرە هەتا ئیدارەی فەرهەنگ و تەواوەتی بازنەکانی دیکە لە کار و خوێندن لا دران. کەسانی تازەبەدەسەڵاتگەیشتوو تەواوەتیی جومگەکانی فەرهەنگی و هونەری و تەنانەت ئیدارییشیان گرتە دەست. خاڵێ تێکهەڵپێچی ئەم سیاسەتە دەگەڵ کوردستان هەتا ئەمرۆش یەک شتە. ئەویش پیشاندان و گێڕانەوەی کورد و کوردستان بە گێڕانەوەی حکوومی. ئەو گێڕانەوەیە لەسەر سیاسەتی فەرمیی حکوومەت، واتا سەرکوتی بزاڤی بەرحەقی کوردستان و پێچەوانەکردنی ڕاستییەکان دامەزراوە. گێڕانەوەیەکی تاکلایەنە و پڕ لە چەواشە. هەرچی وێنەی شێوێندراو بەرچەسپ و خەوشەدارکردنی ڕاستییەکانە، بە پێی ئیدۆلۆژیی ئیسلامیی کۆماری ئیسلامی بە ڕەوا زانراوە.

سیمای کورد بە گشتی لە سینەمای ئیدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامیدا بە دوو شێوەیە: سیمایەکی توندوتیژ، بێلۆژیک، بێبەزەیی، خوێنڕێژ و نەفامە کە ئەوە هەمان کوردی "خراپ"ە. لەوبەر تریش سیمای کوردە وەفادارەکان بە ئێران و کۆماری ئیسلامی کە بە قسەی کاراکتێری "سەید" لە فیلمی "غەریب"دا خۆیان بە موسلمان و ئێرانی پێناسە دەکەن و سیمای کوردی "چاک"ن.

لەو گێڕانەوەیەدا لە بەرکەوتەی نێوان ئەو دوو سیمایەدا، فریادڕەسێک لە تارانەوە دێت و یارمەتی کوردە چاکەکە دەدا بۆ بەرگریکردن لە خەلکی ئاسایی و کوردانی "باش"ی دیکە کە لەلایەن کوردانی "خراپ"ەوە بێبەزەییانە خەریکی لەنێوچوونن.



سەرچاوە Serchawe

لە هیچکام لەو فیلمانەی لەبارەی کوردستانەوە لە سینەمای ئێراندا دروست کراون، ڕێژیم هیچکات ڕاستەوخۆ لایەنی شەڕ نەبووە، بەڵکوو هەمیشە وەکوو فریادڕەس بە داخوازیی کوردەکان خۆیان، خۆی تێکەڵی کێشەکان کردووە و کوردی لەژێر هەڕەشەی کوردانی "خراپ"دا کە بە شێوەی فۆرمیک، کەسانی بێدین، خوانەناس، چەپ و کۆمۆنیست، عەییاش، ئینسانکوژ، بێبەزەیی و سمێڵزڵی ڕیشتاشراون، ڕزگار کردووە. پێچەوانە بەرەی بەرانبەر کەسانی مرۆڤدۆست، دڵڕەحم، خواترس، بەئیمان و ڕیشداری نوورانین.
یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هونەری ئیدۆلۆژیک بریتییە لە دۆر و ساختە و پێچەوانەکردنی ڕاستییەکان. ئەمە هەتا ڕادەیەک دەچێتە پێش کە ئیتر گرینگ نییە لەوانەیە بەردەنگ هەندێک فاکت بزانێ کە گێڕانەوەکە خەوشدا بکا و پرسیاری بۆ دروست بکات. گرینگ ئەوەیە گێڕانەوەی شەیتان و ڕەحمانسازی بچێتە پێش. هەموو ئەو تایبەتمەندیانە لە فیلمی "غەریب"دا بەڕوونی دیارن. فیلمی غەریب بەرهەمی سازمانی سینەمایی "اوج" یەکێک لە ناوەندە میدیاییەکانی سەر بە سپای پاسدارانە. فیلمەکە کاری پێش پرۆداکشێنی ساڵی ١٤٠٠ هەتاوی کراوە و هاوینی ١٤٠١ کاری وێنەهەڵگرییەکەی دەست پێ کراوە. چیرۆکی ئەو فیلمە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی دووهەمین بەهاری دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران. کوردستان لەو سەردەمە بە ڕۆژانێکی ئەستەمدا تێدەپەڕی.

بزاڤی بەرحەقی کوردستان و داخوازەکانی ڕەوای میللەتی کورد وڵامەکەی تەنیا و تەنیا توندوتیژیی ڕێژیمی تازەبەدەسەڵاتگەیشتوو لە ناوەند بووە. سیناریۆسازیی ئەوکاتی ڕژێم بۆ بەلاڕێدابردنی ویستەکانی کورد بۆ وەدەستخستنی بیانوو بۆ سەرکوتی خەلک و بزاڤەکەیان لە ئەوپەری خۆیدا بوو. بەهۆی فەزای ئاوەڵای کوردستان زۆر ئایدیا، ئەندێشە و ڕێکخراو لە کوردستان هەبوون کە تێکۆشانی سیاسیی خۆیان دەکرد. ئەو فەزایە بە شێوەیەکی هەرچەند خەوشدار لە فیلمەکەدا خۆی دەنوێنێ، بەڵام وەکوو خاڵێکی نەرینی وێنا دەکرێ. بەرەی کوردانی "چاک" و کوردانی "خراپ"ی فیلمی غەریب چەواشەکارییەکی مێژوویی تێدا بەدی دەکرێ. چەسپاندنی هێزی چەکدارانی لۆکاڵی سپا واتا هەمان جاشەکان بە ڕەوتی ئیسلامیی مەکتەبی قورئان (کە بە وردی هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەمە نییە) وەکو کوردانی "چاک" و هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە وەکوو کوردانی "خراپ" دوورە لە ڕاستی. نووسەری فیلم تێکهەڵچوونی ئیدیۆلۆژیکی نێوان ئەو دوو هێزەی کردۆتە مایە هەموو ڕووداوەکانی دوایی فیلم. هەرچەند وەرسووڕانی مێژوویی مەکتەبی قورئان بەرەو کۆماری ئیسلامی لەوکات و قۆناغەدا هیچکات حاشای لێ ناکرێ، بەڵام هەبوونی پەیوەندی ڕێکخراوەیی نێوان هێزی جاشی سازماندراو لەلایەن محەممەد بروجێردی ناسراو بە "پێشمەرگەی کوردی موسلمان" گومانی جیددیی تێدایە.
فیلم گێڕانەوەیەکە لە بەسەرهاتی محەممەد بروجێردی کە بە "مەسیحی کردستان" ناوزەد کراوە. گێڕانەوەی ئەوەی لە کوردستان و بە تایبەتی لێرە لە بەهاری ساڵی ١٣٥٩ی سنە کردوویەتی. فیلم ئاوا پیشان دەدا کە شڵەژاوی و هەرجومەرجێکی تەواو لەنێو شاری سنە هەیە و هێزە کوردییەکان خەریکی کوشت و بڕینی خەڵکن. تەنانەت بۆ پێشاندانی

پووشپەڕی ٢٧٢٣

دۆخی شڵەژاو یەکێک لە سێکانسە سەرەکییەکان کوشتنی کاراکتێری "سەید" بە دەستی کاک شوان، فەرماندەی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ڕۆژی زەماوەندیەتی. کوشتاری ڕۆژانە و قەڵتوبڕی خەڵک لەلایەن کوردانی "خراپ"ەوە و پاراستنیان لەلایەن هێزەکانی ئەرتش و سپاوە وێنەی زاڵی فیلمە. هێرش بۆ سەر هێزەکانی پاراستنی خەڵک! واتا ئەرتەش و سپا و کوردە باشەکان (جاش) بەردەوامە. کاک شوان و هێزەکەی کە تەیارن بە چەک و چۆڵی قورس لەوانە تانک و تۆپ و بۆمب و... هۆکاری سەرەکیی ئاژاوە و هەرجەمەرەج و هەڕەشەی سەر خەڵک پیشان دەدرێن. لەو دۆخەدا محەممەد بڕۆجێردی بە خۆ و بنەماڵەکەی، دەستبەتاڵ و بێچەک و بێکەس دێتە نێو ڕەوتی ڕووداوەکانەوە. سیمای کەسێکی مەسیح ئاسای ڕزگاریبەخش کە تەنانەت پێشی توندڕەویی هێزە ژێردەستەکانی خۆیشی دەگرێ و ڕوحسووک و دەمبەخەندە هەتا ئەو شوێنەی پێی دەکرێ نایەڵێ شەڕ ڕوو بدات!

بەڵام بروجێردیی قارەمان، ئەو کەسەی لە فیلمدا لەسەر مەیتی فەرماندەیەکی ئەرتەش دەگری و ڕێزی زێدە لە ئەندازەی بۆ ئەرتەش هەیە، لە ڕاستیدا ڕێکخەری گرووپی تەوحیدی سەف (توحیدی صف)ە کە لە ماوەی چالاکییەکانیان بەر لە شۆڕشی ١٣٥٧ لە سووتاندنی کارخانە و بۆمبڕێژکردنی هێڵی گواستنەوەی بەرق و گرتنی پادگانی ئەرتەشەوە ڕا بگرە هەتا تەقاندنەوەی بۆمب لە ڕێستۆراننی خانسالاری تارانی لەکارنامەی ڕەشیدا هەیە.
ڕاستیی ڕووداوەکانی بەهاری سنە نەک هەر قەڵتوبڕی خەڵک بەدەست هێزە کوردییەکانەوە نییە، بگرە ڕێک بەپێچەوانەوە بەرگریی ئەوان لە خەڵک دژی تۆپباران و گوللەبارانی شار و خەڵک بەهۆی هێزی دژەگەلی ئەرتەش و سپاوە بووە. بەڵگەکان و حیکایەتی ئەو ڕۆژانە ئێستاش زۆر زیندوون و پێشاندەری ئەو ڕاستییەن کە لە حاڵێکدا هەر خۆی بڕۆجێردی لە شارەکانی دیکە دەستیان بە سەر پادگان و شارەبانییەکانیان و دامودەزگای پاشایەتی دادەگرت، لە کوردستان پێچەوانە ئەو هێزانەیان دژی خەڵک هان دەدا. شەیتانسازی و ڕەشکردنی کورد لەو فیلمەدا لەوپەڕی خۆیدایە. کوشتنی تازە زاوا، ژنی دووگیان، سەربازی بێگوناح و تەنانەت خۆشەویستی خۆی دژە قارەمان( کاک شوان) لەلایەن خۆیەوە ڕوویەکی سووررێئاڵ پێشانی بەردەنگ دەدا. ئەو ڕێژەیە لە بێڕوحمی و بێبەزەییبوون بە خەیاڵی هیچ کەسدا نایەت.

لە سینەمای کۆماری ئیسلامیدا هەموو هێزە دژبەرەکان ڕەش پیشان دەدەرێن، بەڵام هێزە چەپەکان بە تایبەتی ڕەشتر و دڕەندتر. وەک چۆن کاک شوان، ئەو کەسەی خەڵکی سنە بە قارەمانی دەزانێت، لەو فیلمەدا وەک شەیتانێکی ڕەش و بێبەزەیی وێنا کراوە. دەزگای کولتووریی ژێدانۆفۆکانی کۆماری ئیسلامی کارەکەی ئەوەیە. ...

٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# کورد لە ڕێکەوتننامەی سیڤەردا




## کاریگەریی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی کورد

## (کورد لە ڕێکەوتننامەی سیڤەردا)

**مستەفا مەولوودی**

## نێوەڕۆکی پەیماننامەی سیڤەر

**لە ١٠ی ئووتی ١٩٢٠ی زایینی کاکڵ و نێوەرۆکی پەیماننامەی سیڤەر بەو شیوەیە بوو کە ئیمپراتۆریی عوسمانیی پێ هەڵوەشاوەتەوە و دەوڵەتانی تازەی لێ دروست بوون:**

**١- هەموو خاکی عەرەبیی عوسمانی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی جیا دەکرێنەوە.**

**٢- سەربەخۆیی پاشایەتیی حیجاز بەڕەسمی دەناسرێ.**



سەرچاوە
Serchawe

٣- باشووری ڕۆژئاوای ئاسیای بچووک و دورگەکانی "دوکانس و ڕۆدووس و دەریای ئێژە" دەدرێن بە ئیتالیا و باقی دورگەکانی دیکەی "ئێژە" بۆ "یونان" دەبن.

٣- تورکیەی ڕۆژهەلات و دەوروبەری "ئەزمیر" دەدرێن بە "یونان."

٤- گەرووەکانی "بۆسفۆر" و" داردانێل" بەنێونەتەوەیی دەکرێن.

٥- کۆمارێکی سەربەخۆی ئەرمەنی لە ناوچەی ئانادۆڵیی ڕۆژهەلات پێکدەهێندرێ.

٦- ناوچە کوردییەکانی باکووری "مووسڵ" بە مەرجی پێدانی خودموختاری (ئۆتۆنۆمی) لەژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا دەمێنێتەوە، بەلام ئەو مافەیان پێ دەدرێ کە لە ماوەی یەک ساڵدا بۆ بە ڕەسمی ناسینیان داوای ڕێفراندۆم لە کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الامم) بکەن.

لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێ زلهێزەکان بەشی هەموو گەلان دیاری دەکەن، بەلام کورد لەژێر دەسەلاتی عوسمانیدا دەهێڵنەوە. گەلانی ئەرمەنی و عەرەب جیا دەکرێنەوە و بڕیار دەدرێ کە دەوڵەتیان بۆ دروست بکرێ، بەلام کورد لەو هاوکێشەیە وەلا دەنرێ.

پەیماننامەی سێڤەر لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ و بڕیاری کۆنگرەی سانڕێمۆ کە لە ئاوریلی ١٩٢٠ دارێژاوە، هاتۆتە ئاراوە. لە ١٠ی ئابی ساڵی ١٩٢٠ لە شاری سێڤەری فەڕانسە، بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەوڵەتانی بریتانیا، فەڕانسە، ئیتالیا، بێلژیک، یۆنان، پورتەقاڵ، ڕۆمانی، سێربستان، کرۆواسی، سلۆڤۆنی، چێکۆسلۆڤاکی، تورکیەی عوسمانی، ولاتە یەکگرتوویەکانی ئەمریکا وەک چاودێر، نوێنەری عەرەبەکانی حیجاز، کوردەکان و ژاپۆن مۆر کرا و، کۆبوونەوەیەک گیرا و گەلاڵەیەک لەو کۆبوونەوەیە ئامادە کرا کە بوو بە بەستێنی پەیماننامەی سێڤەر. پەیماننامەی سێڤەر لە ڕووی قەبارەوە پەیماننامەیەکی گەورە بوو و لە ١٣ بەش و ٤٣٢ مادە پێک هاتووە.

## کورد لە ڕێکەوتننامەی سیڤەردا

بە بۆچوونی هێندێک توێژەر، پەیماننامەی سێڤەر یەکەم بەڵێننامەی نێودەوڵەتی و یاسایی بووە کە دانی بە مافەکانی گەلی کوردستان وەک پێکهاتەیەکی سەربەخۆی سیاسی داناوە. لەو پەیماننامەیەدا بەشێکی تایبەت لە ٣ مادەدا بۆ "کوردستان" دانراوە کە ماددەکانی (٦٢،٦٣،٦٤) لەخۆ دەگرێت و پێوەندییان بە کوردستانەوە هەبووە.

لە مادەی ٦٢ دا هاتووە: لێژنەیەک لە سێ ئەندام لە بریتانیای مەزن، فەڕانسە و ئیتالیا پێک دێت. ئەو لێژنەیە لە

ئەستەنبوڵ دەبێ و، لە ماوەی شەش مانگدا لەسەر ئۆتۆنۆمیی نێوخۆ بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی ڕەگەزی کوردی تێدایە و دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ڕووباری فوڕات هەتا باشووری ئەرمێنیای باشوور گەڵاڵەیەک ئامادە دەکات. هەر لەو مادەیەدا باس کراوە ئەوەش هاتووە ئەگەر لیژنەکە لەسەر بابەتێک ڕێکنەکەوتن ئەوە حکوومەتە پەیوەندیدارەکان کێشەکە چارەسەر دەکەن. هەر لەو مادەیەدا هاتووە و دەڵێ: دەبێت کلدانی و ئاشوورییەکان و کەمە نەتەوەکانی تریش لە ئایینزاکان لەو شوێنانەی کە باس کران پارێزگاریی تەواویان لێ بکرێ و بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکی تایبەت پێکهاتووە کە نوێنەری کورد و بریتانیا و فەڕانسە و ئیتالیا و فارسیشی تێدابوو. ئەو لیژنەیە مافی ئەوەشی هەبووە چاوەدێریی سنوورەکانی عوسمانی و فارس (ئێران و تورکیە) بکەن و ئەگەر پێویست بێ گۆڕانکاری لەو سنوورەشدا بکەن.

**مادەی ٦٣ دەڵێ:** دەوڵەتی عوسمانی بەڵێن دەدات لە دوای دەرچوونی بڕیارەکان لە ماوەی سێ مانگدا سەرجەم بڕیارەکانی هەردوو لیژنەکە جێبەجێ دەکات.

**مادەی ٦٤ دەڵێ:** ئەگەر دانیشتووانی کوردی ئەو ناوچەیە کە لە مادەی ٦٢دا ئاماژەی پێ دراوە، دوای تێپەڕبوونی ساڵێک ڕوویان کردە کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم) و داوایان کرد کە زۆرینەی دانیشتووانی خواستی جیابوونەوەیان لە تورکیە هەیە، ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانیش بڕیار بدات کە کوردەکان توانای سەربەخۆییان هەیە، ئەوە پێویستە لەسەر تورکیەی عوسمانی لە سەرجەم مافەکانی خۆی لەو ناوچانە دەست هەڵبگرێت. هەروەها دەڵێ: ئەگەر کوردەکانی ویلایەتی موسڵیش خواستی ئەوەیان هەبوو بچنە پاڵ ئەو وڵاتە کوردییە، ئەوە هاوپەیمانە سەرەکییەکان دژایەتیی ئەو بڕیارە ناکەن.

لە مێژوودا وا ناسراوە کە پەیماننامەی سێڤەر مافی کوردی دەستنیشان کردوە و لە ماددەی ٦٤،٦٣،٦٢ دا ئاماژەی پێ کراوە، ئەوە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ڕێککەوتن و پەیمانەکانی دیکە، دەکرێ ئەو خوێندنەوە بۆ پەیماننامەی سێڤەر بکەین. بەڵام ئەگەر لێی ورد ببینەوە بۆمان دەردەکەوێ پەیماننامەی سێڤەر خۆی لە خۆیدا کێشەکەی یەکلا نەکردۆتەوە. لە کۆتاییدا هەر خودی بابەتەکانی نێو پەیماننامەی سێڤەر لە پەیمانی لۆزاندا بە زیانی کورد شکاونەتەوە و تورکیە (مستەفا کەماڵ) باشترین سوودی لێ وەرگرتووە:

**یەکەم**، جارێ با ئەوە بیر بخەینەوە، ئەوەی لە پەیماننامەی سێڤەردا وەک شتی باش و ماف بۆ کوردان باسی لێوە کراوە، ئاکامی بوونی خەبات و تێکۆشانی بێوچانی خەڵکی کورد خۆی بووە. لەبەر ئەوەی کورد گەلێکی ڕەسەن و مێژووییە لەو ناوچەیەدا و لە سەدەی چواری پێش زایینەوە ڕەگەزی کورد لەو ناوچەیەدا بوونی هەبوو و پاش فارس، توورک و عەرەب چوارەمین ڕەگەز و نەتەوەیە لەو هەرێم و ناوچەیەدا، و لە سەدەی دوازدەیەمەوە ناوی "کوردستان" بۆ هەرێمە

کوردنشینەکانی ئەو مەڵبەندە لە سەردەمی سەلجوقییەکاندا بەڕوونی هاتووە. لە هەموو ئەو ماوە دوور و درێژەدا کورد بە شێوەی جوارجۆر بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی خۆی خەباتی کردووە. یانی ئەو دەسکەوتە ئاکامی خێر و سەدەقەی ئەو دەوڵەت و لایەنانە نییە کە پەیماننامەی سێڤەریان هێناوەتە ئاراوە؛ بەڵکوو ئاکامی خەبات و تێکۆشانی کورد خۆیەتی؛ لەبەر ئەوەی کورد سەرەڕای هەموو پیلان و شەڕ و هێرشێکی دوژمنان؛ هەردەم لەسەر خاکی خۆی بووە و بوونی خۆی سەلماندووە.

پەیماننامەی سێڤەر بە جوغرافیاش سنوورێک کە بۆ کوردستانی دیاری کردوە زۆر سەقەت و ناتەواوە. ڕووبەری خاکی کوردستان بە گشتی لە پێنج سەد هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە زیاترە، بەڵام لە پەیماننامەی سێڤەردا ئەوەی بۆ دەسەڵات و فەرمانڕەوایی کورد لەبەرچاو گیراوە، چ بە خودموختاری کورد خۆی بەڕێوەی بەرێ و چ دەوڵەتی کوردی لێ دابمەزرێندرێ نیزیک ٣٠ لە سەدی ڕووبەری هەمووی خاکی کوردستانە و تەنیا بەشی کوردستان لە تورکیە لەخۆ دەگرێت کە ڕووبەرەکەی نیزیک بە ٢٢٠ هەزار کیلۆمیتری چوار گۆشە دەبێ و لە باشترین حاڵەتدا بە گشتی نیوەی خاکی کوردستان دەبێ. تەنانەت ئەگەر بە وردی سەیری بکەین ئەو پەیماننامەیە تەنانەت هەموو کوردستان لە تورکیەش ناگرێتەوە. لەڕاستیدا ئەو ناوچەیە یان ئەو هەرێمەی بۆ کوردستان لە پەیماننامەی سێڤەردا لەبەرچاو گیرا بوو کوردستان لە ئێران و کوردستان لە سووریە و ئەیالەتی مووسڵی نەدەگرتەوە کە زیاتر لە نیوەی کوردستان پێکدێنن. کەواتە پەیماننامەی سێڤەر باسی چارەسەری کێشەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران)، باشووری کوردستان (عێراق) و خۆرئاوای کوردستان (سووریە)ی تێدا نەکراوە.

**دووهەم**: لە پەیماننامەی سێڤەردا لە مادەی ٦٢ لێژنەیەکی سێ ئەندامی پێکهاتبوو (بریتانیا، فەڕانسە و ئیتالیا) ئەو لێژنەیە لە ئەستەنبوڵ دامەزراوە و دەبوو لە ماوەی شەش مانگدا گەڵاڵەیەکیان ئامادە کردبا یان ڕەشنووسی پرۆژەی قەرارێکیان دەرکردبا لە بارەی ئۆتۆنۆمیی نێوخۆیی بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی ڕەگەزی کوردی تێدایە و دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ڕووباری فورات تا وەکوو باشووری سنووری ئەرمێنیای باشوور. لەو مادەیەدا هاتووە "کاتێک لێژنەکە لەسەر بابەتێک ساغ نەبۆوە، ئەوە حکوومەتە پێوەندیدارەکان کێشەکان چارەسەر دەکەن" یانی بریتانیا، فەڕانسە، ئیتالیا. با لە پێشدا بڵێین ئەو بەندە لە مادەکەدا بۆخۆی ناتەواوە و لەوێدا غەدر لە کورد کراوە. بۆ؟ یەکەم: ئەو لێژنەیە کە کار لەسەر چارەنووسی کورد دەکات نوێنەری کوردی تێدا نییە. دووهەم: مەبەست لە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتووریی عوسمانی و جەوهەر و نێوەرۆکی پەیماننامەی سێڤەر بۆ دروستکردنی دەوڵەتان بووە، بەڵام کاری ئەو لێژنەیە بۆ کورد لەبارەی فۆڕم، شکڵی خودموختاری (ئۆتۆنۆمی) و خۆبەڕێوەبەری نێوخۆیی بووە لەنێو دەوڵەتی تورکیەدا. سروشتییە مادام بیرکردنەوەکە بۆ خۆئیدارەکردنی نێوخۆی کورد و کەمایەتییەکانی دیکە بووە وەک کلدانی و ئاشووری، ڕێگە بۆ تورکیە خۆش کراوە لەسەر ئەو ناوچەیە کار بکات و پرۆسەکە بەو ئاراستەیەدا بەرێ کە لە بەرژەوەندیی خۆیدایە و ڕێگە نەدات بەشێکی دیکە لە وڵاتەکەی لێ دابڕێندرێ و هەر واشی کردوە.



سەرچاوە
Serchawe

**سێهەم**: لەو مادەیەدا دەڵێ: "ئەگەر ئەو لێژنەیە پرۆژەکە بە ئەنجام نەگەیەنێ، ئەوە دەوڵەتە پێوەندیدارەکان کێشەکە چارەسەر دەکەن". سروشتییە لە حاڵەتی وادا ئەو دەوڵەتانە بە دوای بەرژەوەندیی خۆیاندا دەگەڕێن، نەوەک مافی گەلاندا. بەتایبەت دوو لەو دەوڵەتە پێوەندیدارانە یانی (بریتانیا و فەڕانسە) لە ڕێککەوتنی سایکس- پیکۆ لە ساڵی ١٩١٦دا ڕاست بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی خۆیان ئیمپراتۆریی عوسمانیان دابەش و لەت و پەت کرد.

جیا لە دەوڵەتی تورکیە، هاوپەیمانان نەخشە و بیرۆکەی لانیکەم دەوڵەتی ئەرمەنستان و دوو دەوڵەتیان بۆ گەلی عەرەب داڕشتەوە، وەک عێراق و سووریە و لە دواییشدا لوبنان و فەلەستین لە هەناوی ئەو پەیماننامەیەدا هاتنە دەرێ. ئەوان بەشێکی بەرچاوی کوردستان و خاکی کوردانیان دابوو بە عێراق و سووریە کە لە کۆتاییدا بۆ کوردان بووە کارەساتێک کە هەمووی لەو دابەشکارییە زاڵمانەیەوە سەرچاوەی گرتووە.

**چوارەم**: هەر لەو پرۆژە گەلاڵەیەدا زۆر بەڕوونی و بە پێداگرییەوە داوا دەکرێ کە دەبێ کەمە نەتەوەکانی وەک کلدانی و ئاشووری و کەم نەتەوەکانی تریش لە ئایینزاکان لەو شوێنانەی باس کراون پارێزگاریی تەواویان لێ بکرێ و ئاماژە بە زۆر مافی تریش دەکات کە ئەوە زۆر کارێکی باشە و ئەوانیش مافی خۆیانە؛ بەڵام کە دێتە سەر کورد لەگەڵ ئەوەی گەلێکی ڕەسەنی ئەو ناوچەیەیە و خاکی زۆر و پڕ بەرەکەتی هەیە و بە ڕێژەی دانیشتووانی لەو سەردەمدا ڕێژەیەکی بە بەراورد لەگەڵ پێکهاتەکانی تر زۆر بووە و نەدەکرا حاشای لێ بکرێ. بەڵام خودی مادەکە بە ئەگەر و ئەمما دەرفەتی زۆر کێشە و تەفسیر و لێکدانەوەی دروست کردوە. هەر ئەوەش لە کۆتاییدا تورک بەباشی سوود لێ وەرگرت و دەوڵەتانی ئەندامی لێژنەکەش بەئاسانی چاویان لە مافی کوردان و کوردستان پۆشی.

**پێنجەم**: بۆ جێبەجێکردن و پاراستنی مافی کەمە نەتەوەکان لێژنەیەکی تایبەت پێکهاتوە کە ئەندامانی لە نوێنەری کورد، بریتانیا، فەڕانسە و ئیتالیا و فارسیشی تێدا بووە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە، بۆ کە باس لە چارەنووسی کورد دەکرێ لێژنەکە لە نوێنەری وڵاتانی بریتانیا، فەڕانسە و ئیتالیا لە ئیستانبووڵ پێک بهێندرێ و نوێنەری کورد بەشداری پێناکرێ، بەڵام کە باس لە جێبەجێ کردن و پاراستنی مافی کەمە نەتەوەکان دەکرێ بۆ مەسئوولییەت و بەرپرسایەتی دەبێ کورد بوونی هەبێ؟

**مادەی ٦٣ی** ئەو پەیماننامەیە بڕیار دەدات لە ماوەی سێ مانگدا تورکیەی عوسمانی سەرجەم بڕیارەکانی مادەی ٦٢ لە بەرنامەی کاری لێژنەکان جێبەجێ بکات. دوای دەرچوونی بڕیارەکانی ئەو لێژنەی تایبەت بە مادەی ٦٢، ئەووەندەی من



سەرچاوە
Serchawe

بەدواداچوونم بۆ کردوە و بە دوای سەرچاواندا گەڕاوم، لەو سێ مانگەدا هیچ ئیقدامێکی بەرچاو بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە نەکراوە.

**لە مادەی ٦٤ دا هاتووە:** ئەو ناوچانەی لە مادەی ٦٢ دا وەک ناوچەی کوردی ئاماژەیان پێ کراوە، دوای تێپەڕبوونی سالێک کوردەکان ڕاپۆرت بۆ کۆمەلەی نەتەوەکان (عصبە الامم ) بەرز بکەنەوە و ئاماژە بۆ ئەوە بکەن کە زۆرینەی دانیشتووان خواستی جیابوونەوەیان لە تورکیە هەیە. ئەگەر ئەنجوومەنی کۆمەلەی نەتەوەکانیش بڕیار بدات کە ئەو کوردانە توانای سەربەخۆییان هەیە، ئەوە پێویستە لەسەر تورکیە لە سەرجەم مافەکانی خۆی لەو ناوچەیە دەست هەلبگرێت. لێرەدا جێگەی خۆیەتی چەند پرسیارێک بکرێن:

**یەکەم**، بۆچی ئەو مەرجە بۆ خەلکی دانیشتووی عێراق، سووریە و ئەرمەن دانەندراوە کە دوای یەک سال ئەگەر داوایان لە کۆمەلەی گەلان کرد جیا ببنەوە، ئەو ئەنجوومەنە بڕیار دەدات کە توانایان هەیە سەربەخۆ بن ئینجا مافی سەربەخۆییان پێ بدرێ؟ لێرەدا فەرق و جیاوازیی زۆر گەورە لەگەل کورد دەکرێ. مافی کورد بە شەرت و مەرج و ئەگەر و ئەمما و ڕەزایەتی دەولەت و شوێنی دیکەوە گرێ دەدرێ، بەلام بۆ نەتەوەی عەرەب بیرۆکەی چەند دەولەت دادەڕێژرێ و بە جیددیش کار دەکرێ بۆ دەولەتی ئەرمەن و نەخشەی بۆ ئامادە دەکرێ بەبێ ڕەزایەتی تورکیە و ئەملاوئەولا و دەکەوێتە ژێرچاودێریی ئەمریکا، بریتانیا و فەڕانسە؛ ئەوە لە حالێکدایە کە هەموویان پێش شەڕی یەکەمی جیهانی لەژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بوون. گەلی کوردیش وەک نەتەوەی عەرەب و ئەرمەن یەکێک لە نەتەوە ڕەسەن و دێرینەکانی ئەو ناوچەیەیە کە مێژوویەکەی بۆ سەدەی چوارەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، بەلام بۆ دەبێ چارەنووسی کورد تووشی ئەم هەموو کارەسات و نەهامەتییە بێ. سروشتییە لەو کاتدا بە خوێندنەوەی حاکمانی ناوچە و دەولەتەکانی خاوەن بەرژەوەندی، دروستکردنی دەولەتی کوردی لە سوودی ئەواندا نەبووە کە کورد خاوەنی دەسەلاتی سیاسیی خۆی بێ. تەنانەت بۆ خودموختاریی نێوخۆییش پشتگیریی کورد نەکراوە.

**دووهەم**، دەلێن "ئەگەر ئەنجوومەنی کۆمەلەی گەلان (عصبە الامم ) بڕیاری دا کورد توانای سەربەخۆیی هەیە...". پێویستە بلێین لە مێژوودا کورد بە ئیمارەتی گەورە گەورە خۆی بەڕێوە بردووە. گەورە پیاوی بەئەزموونیشی لێ هەلکەوتووە. ئەو پرسیارە هەر دروست نییە بیکەین و بلێین کورد توانای خۆبەڕێوەبەریی هەبێ، ئەوە پێویستە لەسەر تورکیە کە لە سەرجەم مافەکانی خۆی خۆش بێ و دەست لەو ناوچەیە هەلبگرێ. ئەرێ بەڕاستی ئەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی ئیمپراتۆریی عوسمانییش ئەو مەرجە داندرا کە تورک لە مافەکانی خۆی خۆش بێ وەک عێراق، سووریە، فەلەستین، لوبنان و ئەرمەنستان؟ ئەگەر تورک مافی لەسەر کوردستان هەبووبێ لەسەر ئەو هەرێم و ناوچانەش هەر هەیبووە. بۆچی بۆ



سەرچاوە
Serchawe

دەوڵەتی کوردی دەبێ تورکیە واز لە مافی خۆی بێنێ، بەڵام بۆ عەرەب و ئەرمەن پێویست بە ڕازی بوونی دەوڵەتی تورک ناکات؟

سروشتییە مادام تورکیە یان ئیمپراتووریی عوسمانی بۆ ماوەیەکی زۆر دەسەڵاتی بەسەر ئەو ناوچەیەدا هەبووە، بە هی خۆی دەزانێ و ئەوەی ئێستاش دوای سەد ساڵ باس لەوە دەکرێ کە تورکیە تەماحی لە ویلایەتی مووسڵە (باشووری کوردستان)، ڕوونە بە تورکیە بێت، بستێک خاک نە بە کورد، نە بە عەرەب، نە بە ئەرمەن و نە بە پێکهاتەکانی دیکە نادات. سەیر ئەوەیە هەر لە مادەی ٦٤ دا دەڵێ: دەبێ تورکیە واز لە هەموو مافەکانی خۆی بێنێ. یەکەم؛ ئەگەر مافی تورکیەیە، بۆ وازی لێ بێنێ؟ دووهەم؛ سروشتییە ئەوانە ئەو مادەیەیان پەسند کردوە، دەزانن تورک ئەگەر دەسەڵاتی پێ بدرێ و دەرفەتی هەبێ پێش بەو دەستکەوتەی کوردان دەگرێ، پەکی دەخات و جێبەجێی ناکات. وەک دیتمان هەر واشی کردوە و، وەزعی خۆی باشتر کردوە. لە هێندێک شەڕ بە تایبەت لەگەڵ یۆنانیەکان سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، ئیمتیازی داوە بە زلهێزەکان و بەرژەوەندیخوازان و دەستوەردانیشی کردوە لەنێو کورد و پێکهاتەکانی دیکەدا و بەتەواوی ڕێڕەوی پەیماننامەی سێڤەری گۆڕیوە. بەپێی بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژوویەکان، لە پەیماننامەی سێڤەردا بەڕوونی هەست بەوە دەکرێ کە غەدرێکی شاراوەی گەورە لە کورد کراوە. کورد چوارەم نەتەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەڵام لە سەر خاکی خۆی لە بەشێکی کوردستان داوای خودموختاریی بۆ دەکرێ و بە چەند ئەمما و ئەگەرێک پێشبینی ئەوەی بۆ دەکرێ کە دەوڵەتی کوردی پێک بێنێ.

ڕاستی ئەگەر لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، کورد بۆ جاری دووهەم ئاوا پارچە پارچە نەکرابا، گەرەنتی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی نەدەکرا لەسەر خاکێکی زیاتر لە ٥٠٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە؟ تەنانەت ئەگەر کوردستانی ئێرانیش لەگەڵ نەبایە لەسەر خاکێکی زیاتر لە ٣٧٥ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە و بە نیسبەت و ڕێژەی ئەوکاتی حەشیمەتی کورد کە نیزیک بە ١٠ میلیۆن کەس بوو. ئەگەر کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەژمار نەکرێن نیزیک بە هەشت میلیۆن کورد لە ژێر فەرمانڕەوایی ئیمپراتووریی عوسمانیدا بوون کە بە ئانقەست دابەش دابەش و پەرش و بڵاویان کردوون بە سەر سێ وڵاتی عێراق، سووریە و تورکیەدا.

شتێکی زۆر نامۆ کە لە پەیمانی سێڤەرد هەستی پێ دەکرێ، ئەویش قسەکردن لەسەر چارەنووسی ویلایەتی مووسڵە، کە هاوپەیمانان دەزانن ئەو ویلایەتە کوردستانە و زۆربەی زۆری دانیشتوانی کوردن. بە درێژایی مێژوو کورد بۆ وەدەستخستنی دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتی خۆی تێکۆشاوە. بەڵام چارەنووسی لە پەیماننامەی سێڤەر بە شتی دیکە دەبەستنەوە. بۆ نموونە دەڵێن ئەگەر دانیشتووانەکەی خواستی ئەوەیان هەبوو بچنە پاڵ وڵاتی کوردان، هاوپەیمانە سەرەکییەکان یانی

بریتانیا و فەڕانسە دژایەتیی ئەو بڕیارە ناکەن.

بـەپێی بنـەما چەسـپاوە یاسـاییەکان ئەگەر لە شـوێنێک مـاف بە دانیشـتووانی نـاوچەیەک درا کە داوای مـافی سیاسـی، کۆمەڵایەتی، کولتووری لە چوارچێوەی دەوڵەتی خۆیان یان خۆبەڕێوەبەرییدا بکەن، دەبـێ خۆیـان بەشدار بـن؛ بەڵام لە دوو لێـژنەدا لە مـادەی ٦٢ی پەیماننـامەی سێڤەر دەسەڵات دەدا بە نـوێنەری دەوڵەتـانی بریتانیـا و فەڕانسـە و ئیتالیـا کە بـێ بەشـداریی کـورد قەرار لەسـەر چارەنووسـی ئەو نـاوچەیە بـدەن. لێـژنەیەک لە پەیماننـامەی سێڤەردا پێـک دەهێنـدرێ کە بریتـانیا، فەڕانسە، ئیتالیا، کەسێکی فارس و کوردێک لەگەڵ دەبـن تـا ئەگەر پێویست بـوو گۆڕانکـاری لە سنووری ئێران و عوسمانیدا پێـک بێنـێ لە تواناییـدا هەبـێ گۆڕانکـاری لەو سـنوورەدا بکـات بە مەرجێـک لەگەڵ بەنـدەکانی پەیماننـامەکە و سـنووری عوسـمانی و ئێرانـدا بگـونجێ. لەو بابەتـانەی کە بـاسـی کێشـەکانی سـنووری کـردوە، لەسـەر دەسـتکاریی سـنووری ئێراندا، کە دەڵێ "ئەگەر ئەم بابەتە لەگەڵ سنووری ئێراندا دا بگونجێ".

**من پێم وایە ئەو بابەتە زۆر زیادییە بەو هۆیانە:**

**یەکەم**: پەیماننـامەی سێڤەر مەبەسـتی هەڵوەشـانەوەی ئیمپراتـووریی عوسمانی بـووە، هیچ مەبەسـتی نەبـووە دەسـتکاری لە سنووری ئێراندا بکات و دەستوەردان لەو وڵاتەدا بکات.

**دووهەم**: هەمووومان ئاگادارین کە سنووری نێوان ئێران و عوسمانی لە سـاڵی ١٦٣٩ی زایینـی لە بەڵێننـامەی زەهـاودا دیـاری کراوە و تـا ڕێککەوتنی ئەرزەڕوومی دووهەم لە ساڵی ١٨٤٧ دا چەند جارێک پێداگریی لەسەر کراوەتەوە. هەر بۆیە لێـژنەکە مافی نەبـووە ئەو سنوورە دەسکاری بکـات و بە چ مەبەستێک ئەو بەنـدە ئـاوا داڕێـژراوە و چ مەبەستێکی سیاسیی لە پشت بووە، ئەوە ڕوون نییە.

هەر چۆنێک بـێ پەیماننـامەی سێڤەر دەستی بە بـاڵی گەلانی ئەرمەن و تـورک و عەرەبەوە گرت بەڵام کوردی لە پەراوێز خست. بـۆیە "لوییـد جۆرج"، نـوێنەری بریتـانیـا دەڵـێ: کـورد خـۆی دەبـوو پەیماننـامەی سێڤەری بە قـازانجی خـۆی گۆڕیبـا، نەوەک چاوەڕوانی سۆز و بەزەیی ئێمە هاوپەیمانان بکەن کە ئاواتیان وەدی نەهـات، ئومێدیان مـرد و کەس یـادی نەکـردن. پەیماننامەکە دەرفەت بە تـورکیە دەدا تـا بە زەبـری زۆر دەسەڵاتی خـۆی بەسـەر نـاوچەکەدا بسەپێنێ. بەڵام لە لایەکیتـر داوای لێ دەکرێ ئەگەر پێویست بێت واز لە مافی خۆی بێنێ. ئەی ئەگەر وازی نەهێنا یانی کورد سەری بێکڵاو دەمێنێتەوە؟ هەر واشی لێ هات، لە ویلایەتی مووسڵدا جارێ بە دیاریکردنی سنوور بـۆ عێراق، تـورکیە و سووریە، کـورد جـارێکی دیکە دابەش دەکرێتەوە، یـانی بە شێوەیەک لە شێوەکان سنووری نێـوان ئەو وڵاتـانە دیـاری دەکەن، بەڵام لە دواییـدا بـاس لە

پووشپەڕی ٢٧٢٣

دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە کوردستان لە دەسەڵاتی تورکیە دەکەن و دەڵێن ئەگەر ئەو دەوڵەتە دروست بوو، ئەوە هاوپەیمانان دژیان ناوەستن کە مووسڵ بچێتە پاڵ دەوڵەتی کوردی. ڕاستی لە پێشدا هاوپەیمانان وایان کردوە کە کورد پەرتەوازە و لەت و پەت بێ و تازە کار دەکەن بۆ کەوتنەوە سەریەک. ئایا ئەوە چەند لە ڕاستییەوە نیزیکە؟

بەشی چوارەمی پەیماننامەی سێڤەر تایبەت کراوە بە پارێزگاری کردن لە مافی کەمینە نەتەوەییەکانی سەر خاکی تورکیە کە بەشێکی یانی سی لە سەدی خاکی کوردستان بووە. لە مادەی ٤٨ی ئەم بەشە لە پەیماننامەکەدا هاتووە تورکیەی عوسمانی پەیمان دەدا بە بەدیهێنانی چاوەدێری و پارێزگاری تەواو بۆ سەرجەم دانیشتووانی تورکیە و ئازادیی تەواو بە دوور لە جیاوازی دانان لە ڕەگەز و پێکهاتە و زمان و ئایین. هەروەها ماددەی ٤٧ کە مافە یەکسانەکانی کەمە نەتەوایەتیەکان لە خۆ دەگرێت وەک هەموو هاوولاتیانی تورکیە کە لە مادەکەدا هاتووە ئەو هاوولاتیە عوسمانیانە کە دەچنە سەر کەمایەتییە ڕەگەزییەکان لە ڕووی ئایین و زمان، هەمان ماف و ئازادییان دەبێت کە هاوولاتیە عوسمانیەکانی تر هەیانە. دیارە کورد کەمە نەتەوە نەبوو و نییە لە تورکیە، لەبەر ئەوە لەو سەردەمدا زیاتر لە پێنج ملیۆن کورد لەسەر زیاتر لە سی لە سەدی خاکی تورکیە یان ڕاستترە بڵێین سی لە سەدی خاکی کوردستان - کە دابەش کرابوو - لە تورکیە دەژیان و مادەکانی٦٢،٦٣،٦٤ ئەو مافانەی ڕوون کردوونەتەوە. بەڵام هەموو ئەو بەڵێنانەی کە پێی درابوو زۆری نەخایاند. ئەوە بوو لە ئازاری ساڵی ١٩٢٢ی زایینیدا ولاتە گەورەکان ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە دەستکاریی بنەڕەتی پەیماننامەی سێڤەر بکەن سەبارەت بە کوردستان بەو مەرجە تورکیە ئامادەیی خۆی پیشان بدات کە هەڵوێستێکی نەرم بنوێنێت بەرامبەر کارگێڕییەکی خۆجێیەتی نێوخۆیی بۆ کورد. وەک دیارە ولاتە گەورەکان بەرژەوەندیی کوردیان بە هێند وەرنەگرتوە لەو بارودۆخە نوێیەدا. بۆیە ڕەزامەندییان نیشان دا لەسەر داخوازیی کەمالیستەکان لە ئازاری ١٩٢٢و ولاتە هاوپەیمانە گەورەکان پێداگرییان نەکرد لەو پێشنیارانەی کە کردبوویانن بۆ چارەسەری پرسی کورد لە پەیماننامەی سێڤەردا. لەو سەردەمدا کەمالیستەکان ڕایانگەیاند کە کورد لە ناحیەی کۆمەڵایەتیدا مافی یەکسانی لەگەڵ تورکەکاندا هەیە لە تورکیەدا و کورد لە هەموو مافێک بەهرەمەندە. دەرئەنجامی ئەو هۆکارانەی کە لەپێشدا ئاماژەیان پێ کراوە بوو بەهۆی ئەوەی بڕیار لەسەر چارەنووسی پەیماننامەی سێڤەر درا.


بە هەر جۆرێک کە لە پەیماننامەی سێڤەر ورد دەبینەوە، ئەو پەیماننامەیە بە تایبەت لە ماددەکان و بەندی ٦٢،٦٣،٦٤ وا داڕێژراوە کە ئەنجامەکەی ئەوە بێ کە پاش کەمتر لە سێ ساڵ لە لۆزان هاتە ئاراوە و مافی کورد بەئاشکرا پێشێل کرا، کە ئەو بابەتە لە پەیمانی لۆزاندا زۆرتر شی دەکەینەوە.

٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe

# عەقڵی واگنەری




**کەریم پەرویزی**

لە بەستێنی پڕپیتدا بە دەیان جۆر ڕووەک شین دەبن و سەر دەردێنن و هەر لەو بەستێنەدا ڕەنگە ڕووەکێکی تایبەت باشتر لەگەڵ خاک و ئاو و گەرما و هەتاو و سەرما و وەرزەکەی بێتەوە و هەر ئەوە دەبێتە هۆکارێک کە وەها ڕووەکێک لەو بەستێنە تایبەتەدا، دەر و دەشت بگرێتە خۆ و دیمەنەکە سەرتاپا وەها ڕووەکێک بیرازێنێتەوە.

هەر بۆیە دەڵێن کە بەستێن، خولقێنەری دیمەنە و ئەوەی لە شوێنێک سەوز دەبێ و گەشە دەکا، بە هۆی ئامادەیی شوێنەکە بۆ وەها بوونەوەرێکە.

کە بەستێنەکە دەبێتە بەستێنی کۆمەڵایەتی، ئیدی ئەو بیرکردنەوە وەڕاست دەگەڕێ کە بەرهەمی سیاسی و دەرکەوتەی سیستمی هەر دەسەڵاتێک هەڵقوڵاوی کۆمەڵگایە یان بە واتایەکی دیکە خەڵکی وڵات و شوێنێک کەشەکەیان لەبار کردووە کە دەسەڵاتێکی تایبەت تێیدا جێگیر بێ.

**پووشپەڕی ٢٧٢٣**

لەم ڕۆژانەدا لەناکاو هەواڵێک بڵاو بوویەوە کە گرووپی واگنەر کە هێزێکی بەکرێگیراوی تایبەتن کە بە پارە و کۆنتراکت کار بۆ دەسەڵاتی مۆسکۆ دەکەن و لە شەڕی ئۆکرایندا دەورێکی بەرچاویان هەیە، لە دەسەڵاتی ئەرتەش و پۆتین هەڵگەڕاونەتەوە و ئۆکراین بەجێ دێڵن و بەرەو مۆسکۆ دەچن تاکوو دەسەڵات بگرنە دەست!

لە ڕووسیەدا، دەسەڵات ساڵانێکە کەوتۆتە دەست پۆتین و بە تاقی تەنیا هەموو شتێکی ڕووسیە دیاری دەکا و هەر کەس دژی بێ دەیسڕێتەوە، بەڵام پۆتینیش وەکوو زۆربەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان سواری هێژموونییەکی تایبەت بووە کە لە کۆمەڵگادا جێی دەبێتەوە کە بریتیە لە وەهمی مەزنیخوازیی کۆمەڵگایەک کە سەردەمانێک دەوری تایبەتی هەبووە و ئێستە وەدوا کەوتووە و ئەم وەهمە وایان لێ دەکا کە خوازیاری دەسەڵاتێکی تاکڕەوانە بن کە بەشکوو بیانباتەوە دەورانی خەیاڵیی پێشوو و ئەوان بگەڕێنەوە بۆ نێو بەهەشتە لەدەست چووەکە!

وەها دۆخێک لە وڵاتانی دیکەش ڕوو دەدەن و هەر ئەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کەسانی تایبەت کە بە ناوی ئیدارەکردنی وڵات بەرەو مەزنیی پێشوو، هەر جۆرە سیاسەت و بیرکردنەوەیەکی جیاواز دەسڕنەوە چونکە وای نیشان دەدەن کە ئەو جۆرە ڕەخنە جیاوازانە وڵات لە پێشکەوتن دوور دەخەنەوە و بەلاڕێیدا دەبەن!

هەر لەو پێناوەشدا دوژمنێکی دەرەکی دادەتاشن و هێز و وزەی کۆمەڵگا بۆ دژایەتیی ئەو دوژمنە تەرخان دەکەن و ئۆلیگارشییەکی تایبەتی دەوروبەریشیان لە سامانە بەرفراوانەکە تێر دەبن و لەڕاستیدا کۆمەڵگا دەبێ بە سێ بەشەوە:

**بەشی یەکەم:** ئۆلیگارشییەک کە زیاتر لە ٩٠٪ ی سامانی وڵات هەڵدەلووشن

**بەشی دووهەم:** کۆمەڵگایەکی هەژار و کەم داهات

**بەشی سێهەم:** هێزی نیزامیی بەناو دژی دوژمنی بیانی، بەڵام لەڕاستیدا بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک

لە ڕووسیەی سەردەمی پۆتینیش کە پێویستی بوو دوژمنایەتیی کۆنی لەگەڵ ڕۆژاوا نوێ بکاتەوە، هاوکات گەورەیی پێشووش بۆ ڕووسیە بگێڕێتەوە، هێرشی کردە سەر ئۆکراین.

ئەم هێرشە، سەرەتا ناسیۆنالیزمی وەهمیی لە ڕووسیە تێر دەکرد و ڕەنگە ئێستەش پێیدا هەڵ بلێن، بەڵام ژیانی لە ڕووسیە و لە ئورووپاش وێران کرد. بەڵام ئۆلیگارشیی ڕووسی لێی تێر گەندەڵی بوون و بەناوی دەوردانەوەی گەمارۆکانی ڕۆژاوا و هەروەها بەناوی شەڕ دژی هروژمی بیانییەکان و ڕۆژاوا و بەکرێگیراوانی ئامریکاوە، هەم زێهنی خەڵک بە شەڕەوە

سەرقاڵ دەکەن و هەم خانوو و ویلا و سەرمایەی زۆر بۆخۆیان کۆ دەکەنەوە!

یەکێک لەوکەسانە کە لەم شەڕ و دۆخە تایبەتانەی سەردەمی پۆتیندا سەری هەڵدا پریگۆژینی سەرۆکی گرووپی واگنەرە. پریگۆژین لە دەورانی لاوەتیدا بە هۆی دزیی چەکدارانە ٩ ساڵ زیندانی کرا و دواتر ڕیستۆرانی دانا. بەڵام لە ڕێگەی کاری ڕێستۆرانەوە نزیکی دەسەڵاتداران کەوتەوە و سەری لە نێو کلووپی ئۆلیگارشیی ڕووسیە دەرهێنا و دواتر هێزی تایبەتی بەکرێگیراوی دروست کرد و لە وێنزووئێلا و ماداگاسکار و سووری و تازەییش لە ئۆکراینیا شەڕی بۆ پۆتین دەکرد و سامان و پارەی لێ دەستاند.

هێزی بەکرێگیراوی واگنەر، لە شەڕەکاندا ئەوپەڕی دڕندەیی و بێبەزەیی دەنواند و هەر ئەمە بوتە هۆی ناوبانگی گرووپی واگنەر و لە هەندێ شەڕیشدا بەتایبەت لە باخمووت سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێنا.

ناوبانگ دەرکردن و سەرکەوتن لە شەڕێکدا و پارەی زۆر دەست خستن، پێکەوە ئەو هۆکارانەن کە هەر گرووپێکی بەکرێگیراو تووشی ئەو وەهمە دەکەن کە ئەوان خاوەن ئەو مافەن کە چیيان پێ خۆشە بیکەن و خەڵکی دیکە و تەنانەت بەرپرسانی ئەرتەش بە ترسنۆک و نەزان ناو ببەن.

### واگنەر و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی خاڵی هاوبەش و کردەوەی هاوشێوەی زۆریان هەیە!

واگنەر و سەرۆکەکەی واتە پریگووژین تووشی ئەو وەهمە بوون کە ئەوان هێزی زۆر تایبەتن و خەڵکی دیکە و فەرمانەدەکانی ئەرتەش هیچ نین و تەماحی زۆرتر هەڵی گرت! هەر بۆیە ڕووی هێزەکانی بەرەو مۆسکۆ هەڵگەڕاندەوە و ویستی لەسەر تەختی پاشایەتی دابنیشێ!

### دۆخی ڕووسیە ئەو دۆخە تایبەتە و ئەو بەستێنەیە کە پۆتین و واگنەر بەرهەم دێنێ:

لەلایەکەوە کۆمەڵگای ڕووسیە لە ئابووری و تێکنۆلۆژی و هێژموونیی جیهانیدا تووشی شکست بووە ودواکەوتووە و خولیای دەورانی تێزاری و هەروەها دەورانی کۆمۆنیستی هەڵی گرتوون کە نیوەی جیهانیان ئیدارە دەکرد! ئەمە وای لێ دەکا کە کەسێکی پاوانخوازی وەکوو پۆتین سەر هەڵ بدا!

پووشپەڕی ٢٧٢٣

تەماحەکانی پۆتین و لاوازیی ئیمکاناتەکەی وای لێ دەکا کە ئۆلیگارشییەکی گەندەڵ دەوری بگرن و پەنا بباتە بەر هێزی بەکرێگیراوی دەرەوەی یاساى وەکوو واگنەر!

لەولاشەوە، پێویستیی دەسەڵات بە پریگۆژینەکان و واگنەرەکان، وایان لێ دەکا کە پێیان وایە ئەوان لە دەسەڵات و سیستمیش بەهێزترن و تەماح هەڵیان دەگرێ!


وەهمەکانی خامنەیی و پۆتین وەکوو یەک وان و تەماحەکانی ئۆلیگارشیی گەندەڵ و هێزە بەکرێگیراو و دەرەوی یاساکانی وەکوو واگنەر و سوپای پاسداران و پریگۆژین و قاسم سولەیمانی هەر یەک تەماح و دڕندەیین! عەقڵی واگنەری کوشتاری بێبەزەییانە لە شەڕەکان و لە کۆتاییشدا فڕێدرانیان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە لێ دەکەوێتەوە!

بۆیە قاسم سولەیمانی لە داو دەکەوێ و پریگۆژینیش دوور دەخرێتەوە بۆ ڕووسیەی سپی و ڕەنگە لەناکاو تووشی ڕووداوێکی نەخوازراو ببێ و گیانی لێ بستێندرێ!

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# دوازدەهەمین کۆبوونەوەی دادگای پێداچوونە (استیناف)ی حەمید نووری



حەسەن حاتەمی

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩ی ژوئەنی ٢٠٢٣ بەرانبەر بە ٢٩ی جۆزەردانی ١٤٠٢، دوازدەیەمین کۆبوونەوەی دادگای پێداچوونەوەی حەمید نووری (عەباسی) لە ساڵۆنی ژمارە ٢٧ ی دادگای سۆلێنتوونا لە شاری ستۆکهۆڵمی پێتەختی سوئێد بەڕێوە چوو. کۆبوونەوەی دادگای پێداچوونەوەی نووری لە ڕۆژی ١١ی ژانوییەی ٢٠٢٣ (٢١ ی بەفرانباری ١٤٠١)وە دەستی پێکرد و، بەپێی بەرنامە، هەتا دێسامبری ئەمساڵ درێژەی دەبێ. بەشێک لە کۆبوونەوەکانی دادگا ئاشکرا و بەشێکیشی بە نهێنییە کە لەلایەن سێ قازی پسپۆڕ و دوو دادڕەس (هیئت منصفه) بەڕێوە دەچێ.

دوو پارێزەرەی ژن و پیاو بەرگری لە نووری دەکەن. خانمی هانا لارسۆن ڕامپ، کەم ئەزموون و ئاغای تۆماس بۆدستڕووم، ٣٢ ساڵ ئەزموونی پارێزەری هەیە کە وەزیری پێشووی دادی سوئێد لە ساڵەکانی ٢٠٠٠ هەتا ٢٠٠٦ و، باییشی پێشتر وەزیری دەرەوەی سوئێد بووە. تووماس لە دوو کەیسی "اصل صلاحیت قضایی جهانی"، بەشدار بووە. ئەو پارێزەرانە هەوڵ دەدەن لە مادده و تێبینییەکانی مافی مرۆڤ کە باس لە مافی بەرگریی لە زیندانی دەکا کار دەکەن. سەرەڕای ئەوەی زیندانییەکە کێیە؟ ڕێگا چارەیەک بۆ ڕزگاریی یا کەمکردنەوەی ماوەی زیندان حەمید نووری (عەباسی) بدۆزنەوە. تووماس و

لارسۆن دەیانەوێ بۆ حوکمی هەتاهەتایی (ابد)ی حەمید نووری کە لە ١٤ ی ژوییەی ٢٠٢٢ (٢٣ ی پووشپەڕی ١٤٠١) دراوە، لە سێ پلە دا، داخوازی لە دادگای پێداچوونەوە بکەن. پلەی یەکەم، هەڵوەشاندنەوەی حوکمەکە و لابردنی هەموو تاوانەکانی. لە پلەی دوویەمدا، ئازادکردنی نووری و لابردنی تاوانەکانی و لاچوونی دانی زیان و خەسارەت بە سکالاچییەکان، ئەوانەی هاوژین، خوشک یا برایان لە زیندان ئێعدام کراوە، پارێزەرەکانیان دوای حەقدەستی پارێزەریان کردووە. لە پلەی سێیەم دا، کەمکردنەوەی ڕادەی سزاکەی و کەمکردنەوەی ڕادەی زیانکە و دوایی لابردنی دەستووری دەرکردنی حەمید نووری لە وڵاتی سوید، کە حوکمی لەسەر دراوە. بنچینەی سەلاحییەتی قەزایی دادگای ستۆکهۆڵم و نە سەلماندنی تاوانەکان سەرەڕای شکڵی ماقوڵ و بەهۆی هەڵسەنگاندی ڕاستی و ناڕاستی شاهید و بەڵگەکان و ئاکامگیری یاسایی، داخوازیی پارێزەرەکانی نووری قبوڵ نەکرا.

دادئەستێن مارتینا وینلسوو، خوازیاری چەند شتی نوێ بۆ زیادکردنی تاوانەکانی حەمید نووری (عەباسی) بوو کە بریتییە لە: جینایەتی زۆر توندی شەڕ(جنایت جنگی فاحش)، سەبارەت بە زیندانییانی سیاسی سەر بە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک، هاوبەشی لەبردنی زیندانییەکان بۆ بەشی ئێعدام. دانی زانیاریی زارەکی و نووسراوە بە "کۆمیتەی مەرگ"، و گیانلێئەستاندنی "زەفەر جەعفەری ئەفشار"، کە پێویستە لەمەڕ ئەنجامدانی ئەو تاوانانەش سزا بدرێ.

پارێزەرەکانی حەمید نووری هەوڵیان دا، لە جیاوازییەکانی وتەی شاهیدەکانی ئەو بەندکراوانەی کە لە ژووری "هەیئەتی مەرگ"، لە ساڵۆنە باریک و درێژەکانی بەرەو جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامی زیندانی سیاسی سەر بەر ڕێکخراوی موجاهیدین و چەپ کە سوور بوون لەسەر ڕێبازی سیاسی و ڕێکخراوەییان (سرموضع)، دوای ٣٤ ساڵ تێپەڕین بەسەر ئەو کارەساتە سامناک و کۆمەڵکوژییەدا، لە "حوسینییەی بە قەولی زیندانوانان : "جێی نوێژ و تاعەت بۆ خودا"، بە ئاڵقەی لە میچ جۆش دراوەکان و پەتی دەستەکانی جینایەتکاران" لە زیندانی مەترسیداری پڕ خوێنڕێژی گەوهەردەشت" ناوی گۆڕاو بوو بە "ڕەجایی شاری" کەرج.

ئەو پارێزەرانە ١٥ کەسیان وەکوو شاهید و لە زیندانییانی سیاسی پێشووی سەر بە ڕێکخراوی موجاهیدن، چەپ و فورقان، هەڵبژارد کە قسەکانیان سەبارەت بە قەلافەتی ئەوکاتی حەمید نووری، چەند گەزبوو؟ چ جلێکی لەبەر دابوو؟ جەلەکانی ئۆنیفۆرم یا قەرەیەخە بوون؟ جۆری کەوشەکانی پێی چۆن بوو؟ ڕەفتاری لەگەڵ زیندانییەکان، چۆن بوو؟ و هتد.
دیارە ئەو پرسیارانەی پارێزەرکانی حەمید نووری لە دادگای یەکەم (بدوی) ش، لە هەموو شاهیدەکان دەپرسران، هەتا جیاوازییەک ببینەوە و گەورەی کەنەوە و هەموو جینایەتەکان بەدرۆ بخەنەوە. یەک لە شاهیدەکان لە شوێنی لێپرسینی پۆلیس لە بنکەیەکی ستۆکهۆڵم کە وێنەی حەمیدی نوورییان پیشان دابوو، حاڵی تێکچووبوو، یا کەسێک هەبوو کە

ئەیناسیبێوە و لە زیندان کەمتر دیبووی. بەڵام سەبارەت بە توندوتیژی نووری لەگەڵ زیندانییەکان و تونێلی لێدان، وەک زۆربەی شاهیدەکان، قسەی کردبوو. جۆرێک هاوهەڵوێستی شاهیدەکانشیان بە پێوەندییەکانی دوای گیرانی نووری لێک دەداوە. ئەوە لە حالێکدا بوو کە ئەو شاهیدانە دوای تێپەڕینی نیزیک لە ٣٤ ساڵ، لەو کارەساتە خوڵقێندرابوو و ئەو هەموو ناڕەحەتیی جەستەیی و دەروونییەی کە لەسەریان ئەنجام درابوو، باسیان لە کەسێک دەکرد، کە بەپێی بۆچوونی پسپۆڕێکی دەروونناسی، کە بۆ دادگای یەکەم (بدوی) نووری، بانگ کرابوو گوتی: زۆربەی ئەو زیندانیيانەی توندوتیژیان بەرامبەرکراوە، ئەوەی پتر لەبیریان دەمێنێ کردەوەی ئەو کەسەیە کە چۆنی لەگەڵ ڕەفتار کردوون. نە ئەوەی چ لیباسێکی لەبەر دابوو، یا چ جۆرە کەوشێکی لەپێ دابووە. چەند جاری دیوە؟ چۆنی دیوە؟ یا بەتەنیا بووە یا کێی لەگەڵ بووە یا ئەوەی لەگەڵی بوو چ جۆرە جلوبەرگێکی لەبەر دابوە، چ چاویلکەیەکی لە چاودا بووە؟

پارێزەرەکانی نووری لەو بەشەدا، جۆرێکیان قسە دەکرد کە هەستت دەکرد، جینایەت و کوشتارە بە کۆمەڵەکان لەلایان زۆر ئاسایی بوو. ئەوەش جێی سەرنجە کە ئەوان حاڵ و وەزعی زیندانییەکان لەگەڵ جەلادێکیان لەبەرچاو نەبوو کە پتر لە دوو ساڵ بە وتەی خۆی: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ساڵەکانی ١٣٥٩- ١٣٦١ مرۆڤکوژ و کوردکوژ بووە. ٤٥ مین کۆبوونەوەی دادگای حەمید نووری لە کاتی بەرگری لە خۆی و خۆناساندنی دا، باسی بەشداری لە شەڕی کوردستان کرد کە وەک بەشێک لە شەڕی هاوشێوەی عێراق پێناسەی کردبوو. هەروەها باسی ڕوانینی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێرانی بە هێرشکردن بۆ سەر کوردستان، وەک داگیرکەر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵک دەکرد. باسی شەهیدکردنی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە کردبوو کە لە کارنامەی پڕ لە جینایەت و مرۆڤکوژانەی بە شانازی دەزانی.

## بەڵگەی نوێ لە ماوەی دادگای پێداچوونەوەی حەمید نووریدا

لە ماوەی پێداچوونەوەی دادگای حەمید نووری (عەباسی) لە ژانوییەی ٢٠٢٣ دا، لێدوانەکانی بەرپرسانی زیندان لەکاتی کارەساتە دڵتەزێنە گەورەکەی هاوین و پاییزی ١٣٦٧ (١٩٨٨) دا، کە هاوجینایەتەکانی حەمیدی نووری (عەباسی) بوون، بەتایبەتی "موقیسە ناسراو بە ناسریان، سەیدحوسێن زەنجانی و بۆ پاکانەکردن و کەمکردنەوەی ڕۆڵی زۆر گرینگی ناوبراو، بەشێک لە بەرپرسایەتییەکەی کە ئەو حاشای لێ دەکرد، بە پێی ئەو هەموو بەڵگە و قسەکانی ناوبراوان ڕوونتر بۆتەوە؛ و کۆمەڵکووژییەکەی نووری کە نکۆڵی لێ دەکرد بەهۆی "سەید مورتەزا حوسێنی زەنجانی" تا ڕادەیەکی زۆر قبووڵ کراوە. ئیبراهیم ڕەییسی، سەرکۆمار کە تا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندەواری هەیە، لە تەمەنی٢٠ ساڵیەوە مرۆڤکوژ و حاکم لەسەر گیراوەکان، لە کەرەج، ئەهواز و تاران بووە.



سەرچاوە
Serchawe

ڕەیسیی لەگەڵ پوورمحەممەدی کە لە کابینەی یەکەمی حەسەن ڕووحانی وەزیری دادگوستەری بووە و لە کابینەی یەکەمی سەرکۆماری ئەحمەدنژاد بۆ ماوەی سێ ساڵ وەزیری نێوخۆ بوو پاشان سەرۆکی ڕێکخراوی بازرەسی، بە "شانازی" باس لەو کوشتارانە دەکەن. نەییریش کە بەرپرسی "هەییەتی مەرگ" بووە، گوتوویەتی: بە حەمید نووریم گوتووە، ئەو سەفەرە نەکا و مەترسی دارە!؟ بەپێی قسەی شاهیدەکان لە کاتی کۆبوونەوەی دادگا، نەییری، ڕەئیسی، پوورمحەممەدی و ئیشراقی، هەییەتی چوار کەسی ئێعدامی زیندانییانی سیاسی بوون و ١١ هاوکاریشیان لەنێو زیندانی "گەوهەردەشت"دا هەبووە.

جگە لەوەش بەپێی لێپرسینەوەی پۆلیس و دادگاییکردنی حەمید نووری (عەباسی) ئەو جینایاتانە چۆتە ڕیزی "مافی قەزایی جیهانی" کە ناوبراو لەسەری گیراوە و وەک جیناتەکانی وڵاتی ڕوواندا، بۆتە بەڵگەیەکی زۆر گرینگ و حاشا هەڵنەگر لە کوشتاری بەکۆمەڵ ئەویش لە گیراوە "حوکم"پێدراوەکانی نێو زیندان و پێشێلکاری مافەکانی هەر زیندانییەک بەپێی کۆنڤوانسیۆنەکانی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ. تەنانەت ئەو کەسانەی لە شەڕیش بە دیل دەگیرێن، مافی زنیدانییەکی ئاساییان هەیە، نەتەنیا ڕەچاو نەکراوە، بەڵکوو بەتوندی پێشێل کراون.
دادئەستێن، مارتینا وینسلوو، لە وڵام بە پرسیارەکانی پارێزەرانی نووری سەبارەت بە نەبوونی سەلاحییەتی هێزەکانی پۆلیس کە لە وتوویژی تەلەڤیزیۆنی دا، بەشدارییان کردووە، گوتی: قەرارە "ئومید فەرهمەند"، ئەفسەرێکی پۆلیسی زیندان لە ستۆکهۆڵم و بە ڕەچەڵەک ئێرانی و فارس زەمان، بۆ دادگا سەبارەت بە قسەکانی کە لە نوڤامبری ساڵی ٢٠١٩ لەکاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید نووری لەلایەن باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێیگوترابوو بدوێ.

کۆبوونەوەی داهاتووی دادگای پێداچوونەوە یا ئیستینافی حەمید نووری لە ١ ی سێپتامبر بەپێی بەرنامەی دارێژراو دەست پێ دەکاتەوە و هەتا نیزیک کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣، درێژی دەبێ. پێویستە ئاماژە بکرێ هەتا ئەو خولەی دادگای پیداچوونەوە تەواو نەبێ و حوکمی کۆتایی ڕانەگەیەندرێ، ناوبراو زیندانی بەشی قەزاییە و نادرێ بە دەوڵەت کە بەشی ئیجراییە.
کەوابوو ئیمکانی سیناریۆی ئێران ٠ بێلژیک سەربارەت بە دیپلۆمات- تێرۆریست "اسدالله اسدی"، لەگەڵ کەیس و وەزعییەتی حەمید نووری دا، زۆر لاوازە. چونکە بەپێی یاسای وڵاتی سوئێد نە گۆڕینەوە و نە بڕیاری سیاسی بوونی هەیە.

**سەرچاوەکان:**

گووگڵ، بی بی سیی فارسی، ڕادیۆ زەمانە، یوتیووب

٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# شەڕ لەگەڵ ژینگەی کوردستان




**نەبی محەممەدی**

شەڕی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە کورد و کوردستان لە شێوە و شێوازی خۆیدا هەروا درێژەی هەیە؛ لەسەر شەقامەکان شەڕ لەگەڵ بزووتنەوەیەکی مافخوازانەی مەدەنی دەکات و ڕاستەوخۆ تێکۆشەرانی سەر شەقامەکان دەدرێنە بەر دەسرێژ و گیانیان لێ دەستیندرێ، بەرانبەر بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی سیاسیی خەڵکی کوردستان هێرش دەکرێتە سەر حیزبە سیاسییەکان و بە درۆن و مووشەکی دوورهاوێژ بنکە و بارەگاکانیان بورمان دەکرێ و تێکۆشەرانیان بە پیلانی جۆراوجۆر تێرۆر دەکرێن. بەندکراوان و زیندانیانی سیاسیی کورد قورسترین حوکمەکانیان بەسەردا دەسەپێندرێ و لەنێو زیندانیانی لەسێدارەدراوی سیاسیدا، زیندانیانی سیاسیی کورد پشکی شێریان بەر دەکەوێ. ڕێژیمی دژبە کوردی کۆماری ئیسلامی ئێران بەهەموو ئەم دوژمنکاریانەوە بەرانبەر نەتەوەی مافخوازی کورد تینوێتیی ناشکێ و بە پیلانی جۆراوجۆر کەوتۆتە شەڕ لەگەڵ ژینگە و شوینی ژیواری خەڵکی کوردستان.

کۆماری ئیسلامی ئێران کە بە هۆکاری سیاسەتی پڕ لەهەڵەی لە مەسەلەی "ئاو"دا  زۆربەی ناوچەکانی ئێرانی بەرەو

ویشکبوون و وێرانی و بەبیابانکردن بردوە و پیشەسازییەکانی گشت و کاڵ و ئاژەڵداریی لەم وڵاتەدا تووشی قەیران کردوە، لە کوردستان و بە پیلانگەلی دوژمنکارانەی وەک سیاسەتی سووتمانی لێرەوارەکان و بڕەودان بە قاچاخی دار، بە ئاشکرا قۆڵی لە لەنێوبردنی دارستانەکانی کوردستان هەڵماڵیوە.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکانی کوردستان کە زیاتر لە دوو دەیەیە بە شێوەی بەردەوام و بە دەستی بەتاڵ، ئەرکی پاراستنی ژینگەی کوردستانیان گرتۆتە ئەستۆ، ساڵانە بە هەزاران هێکتار لە دارستان و لێرەوارەکانی ئیلام، کرماشان، شاهۆ، هەورامان، مەریوان، بانە، سەقز، سەردەشت و... بە دەستی ئەنقەست ئاوریان تێبەردەدرێ. چالاکانی ژینگەپارێز لە کوردستان وێڕای باسکردن لە لێکەوتە زیانبارە پڕ لە مەترسییەکانی ئاورکەوتنەوە لە دارستانەکانی کوردستان، پێیان وایە دیاردەی ئاورکەوتنەوە لەم دارستانانە نەتەنیا سروشتی نیە، بەڵکوو دەستی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی لە پشتە و ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی بەناو "محیط زیست"ی ڕێژیمیش جیالەوەیکە خۆیان لە ئاگرتێبەرانی دارستانەکانی کوردستان گێل کردوە، لەدانی ئیمکاناتی ئاورکوژانەوە بە چالاکانی ژینگەپارێزیش خۆ دەبوێرن و هیچ جۆرە هاوکارییەکیان ناکەن.

هاوکات لەگەڵ ئاورتێبەردانی دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە تەواوەتی ژیان و بژیوی مەردارانی وڵاتەکەمانی خستۆتە مەترسییەوە، دیاردەی قاچاخی دار و داربڕین لە ناوچەکانی مەریوان، بانە و سەردەشت پەرەی گرتووە و هەر ئێستا بە چەندین باندی داربڕی بێمۆڵەت بە قاچاخ کەوتوونەتە گیانی دارستانەکانی کوردستان و لۆری لۆری دار قاچاخ دەکەن. "لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان بە بڵاوکردنەوەی چەندین وێنە، باسی لە جینایەتێکی تر و کاولکاریی ژینگەی کوردستان لەلایەن هەلپەرستان و دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم لە گوندی "شاسوار"ی سەر بە ناوچەی ''سەرشیو''ی مەریوان کرد. ئەنجومەنی سەوزی چیا ڕایگەیاندووە کە ژینگە و دارستانەکانی کوردستان بە گشتی و مەریوان بە تایبەتی، لەلایەن کەسانی هەلپەرەست و مافیاکانی قاچاخی دارەوە کاول دەکرێن و دارەکانی بەتاڵان دەبڕێن و لەبەرانبەردا ناوەندە پێوەندیدارەکانی ڕێژیم بۆ پێشگرتن بەو کاولکارییە، هیچ هەوڵێک نادەن."

چالاکانی ژینگەپارێز لە کوردستان باس لەوە دەکەن کە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم باندە داربڕ و قاچاخچییانە چەندین جار سکاڵایان بردۆتە لای ئۆرگان و ناوەندە پێوەندییەدارەکان و زۆر ڕاشکاوانە وڵامیان داونەتەوە کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵیان نیە. بۆیە هیچ گومانێکیان بۆ نەماوەتەوە کە ئەم باندانە سەر بە ناوەندە ئەمنییەتییەکان و بەتایبەت باندی سپای پاسدارانی ڕێژیمن.



سەرچاوە
Serchawe

**پووشپەڕی ٢٧٢٣**

سپای تیرۆریستی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ تەکمیلکردنی سیاسەتی شەڕەنگێزانەی ڕیژیم دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و چوونە شەڕ لەگەڵ ژینگەی کوردستان، لەم ساڵانەی دواییدا دەستی داوەتە سناریۆ و پیلانی هەمەچەشن. بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دارستانەکانی کوردستان، ئەو بیانووە پروپوچە بووە کە ڕێژیم بەردەوام بۆ ئاورتێبەردانی لێرەوارەکانی کردۆتە بیانوو. سپا بەم بیانوویە و "لە درێژەی هێرش و هەڕەشەی بەردەوامیان بۆ سەر بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە دوو حەوتووی ڕابردوودا بە بەردەوامی کوێستانەکانی "کۆساڵان" و "شاهۆ" لە بنای زاگرۆسیان داوەتە بەر ڕەهێڵەی تۆپ و کاتیوشا. لە ئاکامی ئەو تۆپبارانە بەردەوامەدا دەیان هێکتار پووش و پەڵاش و لەوەڕەگەکانی ئەو دوو ناوچە شاخاوییە سووتاون و، هەروەها لە سۆنگەی ئەم کەشە نیزامی و ئەمنییەتییەی بەئەنقەست بەسەر ناوچەکەدا زاڵ کراوە، هاتوچۆی خەڵکی ناوچەکەش تووشی سەختی و ئاستەمی بۆتەوە."

"بیانووی ئەم هێرشە نوێیەی سپای پاسداران بۆ سەر ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان، مانۆڕی نیزامی و هەروەها ئیدیعای بوونی هێزەکانی پێشمەرگە و دژبەری ڕێژیم لەو مەڵبەندەیە، لە حاڵێکدا هەمووان دەزانن ئامانجی سەرەکیی سپای پاسداران دوژمنایەتیی خەڵک و خاک و زیانگەیاندن بە سروشت و ژینگەی کوردستانە؛ ئەویش لە کاتێکدا کە ئەو ناوچەیە زیاتر لە دوو دەیەیە بە ناوچەی پارێزراو ناسراوە و هەر بە پێی یاساکانی شوڕای بەرزی ژینگەی ئێران بەڕێوەبردنی هەرچەشنە مانۆڕ و عەمەلیاتێکی نیزامی لەو ناوچەیە قەدەغە و نایاساییە.
کاربەدەستانی سپای پاسداران لە ڕاگەیاندنی هەواڵی ئەم مانۆڕە نیزامییەدا مەبەستی سەرەکیی خۆیان گەڕاندنەوەی ئەمنییەت و ئاسایش بۆ خەڵک و ناوچەکە باس کردووە، بەڵام کێ هەیە نەزانێ کە تێکدانی سروشتی کوردستان ئامانج و مەبەستی نیزامی و ئەمنییەتیی لە پشتە و هەروەها؛ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی خۆیان هۆکاری سەرەکیی هەموو قەیران و نائارامییەک نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشن."
بەرانبەر بە شەڕی ڕێژیم لەگەڵ ژینگەی کوردستاندا، ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی لە شارەکانی کوردستان و چالاکانی ژینگەپارێزی چ بە لەقاودانی سیاسەتەکانی ڕێژیم و چ هەوڵدانی بەکردەوە بۆ پێشگیری لە سیاسەتی سووتمانی لێرەوار، لەوەڕگە و دارستانەکانی نیشتمان، دەروەستانە ئەرکی نیشتمانیی خۆیان بەجێگەیاندوە کە جێی دەستخۆشی لێکردن و ئافەرین پێوتنن. بەڵام ئەوان بەتەنیا و دەستبەتاڵ ناتوانن بەگژ ئەم پیلانگێڕییانەی ڕێژیمدا بچنەوە. بۆیە ئەرکی تەکبەتەکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە کە بە کردەوە یارمەتیدەر و پاڵپشتی ڕێکخراوەکان و چالاکانی ژینگەپارێز بن و ئەرکی نیشتمانی و نیشتمانپارێزیی خۆیان بەڕێوە بەرن و بەرانبەر بە شەڕی هەڵپەرەستان، باندەکانی قاچاخی دار و بە گشتی بەرانبەر بە شەڕی ڕێژیم لەگەڵ ژینگەی کوردستاندا یەکگرتووانە ڕاوەستن و پارێزگاری لە ژینگەی خۆیان بکەن.

**٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# نەوت و چای و خورما



**کەریم پەرویزی**

کاتێک لە سیستمی دەوڵەت شاری یۆنانی کۆندا باسیان لە دێموکراسی دەکرد، بەو شێوە لە دەسەڵاتیان دەڕوانی کە بۆ ئیدارەکردنی شەڕ و دادگا وماڵیاتی ساڵانە، پێویستە کە دەسەڵاتەکە پارێزەری بەرژەوەندیی گشتی بێ و بۆ ئەوەی بەرژەوەندیی گشتی لەبەر چاو بگرێ پێویستە کە خەڵک لە دیاریکردنی بڕیارەکاندا ڕۆڵیان هەبێ.

لەو سەردەمەوە تاکوو ئێستا بیری زۆر لە دێموکراسی کراوەتەوە و ڕێوشوێنی بۆ دیاری کراوە و مۆدێلی جیاوازی لێ باس کراوە، بۆ وێنە دەڵێن کە دێموکراسی بریتییە لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و گەر لە شوێنێک ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نەبوو ئیدی دێموکراسیش باروبنەی خۆی تێکەوە دەپێچێ و بار دەکا یان لە وڵاتێک کە گرووپی جیاوازی ئێتنیکی هەیە دێموکراسیی زۆرینەیی وەڵامدەر نییە و دەبێتە هۆی دیکتاتۆریی زۆرینە و سڕینەوەی هەمیشەیی کەمینە نەتەوەییەکان لە سیاسەت.

بەڵام یەکێک لە بیرکردنەوە گرینگەکان سەبارەت بە دێموکراسی بریتییە لە هەڵسەنگاندنی پێوەندیی ئابووری وڵات و

دەسەڵات و خەڵک. بەو واتایە کە لە باری ئابوورییەوە چ پێوەندییەک لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا هەیە. گەر لە بواری ئابوورییەوە دەسەڵات بەستراوەتەوە بە خەڵک، ئەوە دەرەتانی سەرهەڵدانی دێموکراسی هەیە و گەر پێچەوانەکەیەتی و نەک دەسەڵات پێویستیی ئابووریی بە خەڵک نییە بەڵکوو خەڵک دەبێ لارەملی دەسەڵات بن تا ژیانیان دابین بکا، لەو دۆخەدا ئیدی ناکرێ چاوەڕوانی هاتنەئارای دێموکراسی بێ!

بۆ وێنە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە دوای دۆزینەوەی نەوت لەم ناوچەیەدا ئیدی درگای دۆزەخ بە ڕووی خەڵکدا کرایەوە!

لە هەر شوێنێک نەوتی زۆرترە لەم ناوچەیە، ڕێک خەڵکی ئەو شوێنە بێبەریترن لە ژیان و دۆخی ئابووری و گەشەکردن لەو ناوچەیە لەژێر خراپیشەوەیە. نموونەی هەربەرچاو، کەرکووک لە عێراق و خووزستان لە ئێرانە!

لەوەتەی کۆمپانیا بریتیانیاییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نەوتیان لەو ناوچانە دۆزیەوە، ئیدی خەڵکەکەی کەرکووک و خووزستان تووشی نەهامەتی بوون و دەسەڵات بەردەوام ستەمی لێ کردوون و خەڵکی ڕاگواستوون و شەڕ و هەژاری ڕووی لەو ناوچانە کردووە!

لە ئاستی گشتیی وڵاتیشدا، نەوت بۆتە هۆی ئەوە کە دەسەڵات لە بواری ئابوورییەوە ئیدی پێویستی بە خەڵک نەبێ و پارەی دەست کەوتووە کە هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی پێ بەخێو بکا و چەرخی ئابووری لەو وڵاتانە بە نەوت دەگەڕێ و نەوتیش لە کۆنترۆڵی دەسەڵاتدایە! لەوێوە ئیدی خەڵک بۆ نانی شەویشیان چاو لەدەستی دەسەڵاتی نەوتاوین!

نەوت بەم شێوە هەم ژیانی لە خەڵک لە وڵات تێک داوە و هەم دەسەڵاتەکانی ملهوڕ و سەرەڕۆ کردووە و تەماحی وەبەر ناون کە پەلاماری ئەم و ئەو بدەن!

لە وڵاتانی دیکەی وەکوو عێراق و لیبی دەسەڵاتەکان وێڕای ملهوڕییان، هەوڵی تێکدەری لە ناوچەکەشیان داوە و لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی چ ئاخوندی و چ پالەویشدا، وێڕای دیکتاتۆری، تەماحی زلهێزیی ناوچەش گرتوویانی و هێزیان ڕەوانەی دەورو بەر کردووە و پرۆژەی دەستوێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکیشیان داناوە.

نەوتێک کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو بۆتە هۆی خێراکردنی چەرخی پێشکەوتن و گەشەی ئابووری و شۆڕشی تێکنۆلۆژی، لە



سەرچاوە Serchawe

وڵاتانی نەوتخێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆتە هۆی ماڵوێرانی و کاولکاری.

دەسەڵاتە سەرەڕۆکانی ناوچە بە پارەی نەوتەوە پەلاماری یەکدی و پەلاماری خەڵکی دیکە دەدەن و تەماحی تێکدانی ئاسایشی جیهانیش دەیانگرێ و لەگەڵ گەمارۆ و دژکردەوەی جیهانی بەرەوڕوو دەبنەوە.

لە سەردەمی بەعسدا، عێراق هێرشی کردە سەر کوەیت و دژکردەوەی جیهانیی لێ کەوتووە و دوای شکستە نیزامییەکەی، پرۆژەی نەوت بەرامبەر خۆراکیان بەسەریدا سەپاند تا چیدیکە پارەی نەوت نەچێتە خەزێنەی دەسەڵات و بکرێتە خۆراک و دەرمان و بگاتە دەستی خەڵک!

لەژێردەسەڵاتی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهیشدا، هەم هەوڵی دەستوێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی دەدرێ و هەم سوپای پاسدارانەکەی ئاسایشی ناوچە تێک دەدا و مەترسین بۆ سەر ژیان و گەشەی جیهان و هەر بۆیە گەمارۆی ئابووری دژ بە ڕێژیم پەسند دەکرێ و نەوتەکەی ناتوانێ بفرۆشی و پارەکانی بلۆک دەکرێ!

لەم ڕۆژانەدا، دەوڵەتی سریلانکا ڕایگەیاندووە کە ئەو چەند سەد میلیۆن دۆلارەی کە قەرزداری ڕێژیمی ئێرانە، دەسەڵاتی ئێران دەتوانێ مانگانە دوو میلیۆن دۆلار چای لە سریلانکا وەر بگرێ و بەو شێوە بە ماوەی چەند ساڵێک قەرزەکەی وەر بگرێتەوە!

بەم شێوە هەم ئابووریی سریلانکا دەگەشێتەوە و داهاتی چاییەکەی مسۆگەر دەکا و هەم پارەی نەختیش دەستی ڕێژیمی تاران ناکەوێ!

لە دوو نموونەی هاوشێوەدا، پارەی حەوت میلیارد دۆلاریی نەوتی ئێران لە بانکەکانی کۆرەی باشوور بلۆک کراوە و قەرارە دوای ڕێککەوتن بدرێتە بانکی قەتەری و لەوێوە ڕێژیمی ئێران بۆ کڕینی شتومەکی مرۆیی وەکوو خۆراک و دەرمان و ... ساتوسەودای پێ بکا!

پارەی کارەبا و گازەکەش کە چەند ساڵێکە بە دەوڵەتی عێراقی دەفرۆشێ، لە ڕێگەی بانکیەوە بە ئێران نادرێتەوە و دەوڵەتی عیراق ڕایگەیاندووە کە ڕێژیمی ئێران دەتوانێ شتومەک و خۆراک و خورما لە عێراق بکڕێ و حیسابەکەی پاک بکاتەوە!

**پووشپەڕی ٢٧٢٣**

**دەسەڵاتی ملهوڕ و سەرەڕۆی ئیسلامی لە تاران، ساڵانە پارەی یەكجار زۆری نەوتی دەست دەكەوت و خەرجی سوپای پاسداران و دەزگا ئیتلاعاتییەكانی دەكرد و بوودجەی یەكجار زۆری بۆ حەوزەی قوم و ئاخوندەكان و بونگا تەبلیغاتییەكانی دادەنا و لە ناوچەیشدا پارەی زۆری بۆ گرووپەكانی سەر بە ڕێژیمی ئێران دەنارد و لەو ڕێگەوە ئاژاوەی لە ناوچەدا بڵاو دەكردەوە.**


**بە دوای گەمارۆ ئابوورییەكانی سەر ڕێژیمی ئێرانەوە ئەو پارانە لە كەمییان داوە و وەكوو پێشوو ناتوانێ هەزینە مادییەكانی تێرۆریزم دابین بكا و بۆ بەردەوامیی دەسەڵاتەكەی بە ڕێگای جۆربەجۆر پارە لە خەڵك وەر دەگرێ شتومەكی بێكەڵكی وەكوو ماشین و شتی دیكە بە نرخی یەكجار گران بە خەڵك دەفرۆشی و گریفانیان بەتاڵ دەكا!**

**پرۆژەی نەوتی ئێران بەرامبەر بە چای و خورما، دەستی ڕێژیمی ئاخوندی كورت دەكاتەوەو پارەی بۆ لەبەردەست نابێ تاكوو وەسایلی تێكنۆلۆژیكی بیانی بكڕێ بۆ درۆن و مووشەكەكانی و خەرجی تیرۆریزمی ناوچەی بكا.**

**وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین**

**٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٣**

# هەوڵی بێمایە



**شەماڵ تەرغیبی**

هەڵگیرسانی شۆڕشی ژینا دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە خەبات دژ بە سەرەڕۆیی و فاشیزمی دینی و کەوناراگەرایی وەهمی بوو لە ئێراندا؛ ئەوەیکە ڕوونە لە پاش یەکخستنی جوغرافیای ئێران و گۆڕینی ناوەکەی لە "ممالک محروسە" بۆ "ئێران" هەموو هەوڵەکان ئەوە بووە کە بە لەبەرکردنی بەرگێکی مێژوویی و هاوکات ئایینی، پیرۆزییەکی تایبەت ببەخشن بەم جوغرافیا و وەها بنوێنن کە خواوەندی مەزن ئەم جوغرافیای بە شێوەی تایبەت خوڵقاندووە و ئەو کەسانەش کە لە ناوەندی ئەو جوغرافیادا دەژین بەربژێری هەتاهەتایی مەزنەخوڵقێنەری جیهانن و دەس بردن بۆیان بڤەیە و بە واتای لادان لە بڕیارە ئاسمانییەکانە. ئەمەش لە شێعر، نووسراوە و ئۆستوورەسازییەکانیاندا دیار و بەرچاوە و لە سەردەمی ڕەزاشا بەملاوە خۆی لە هەموو بیاڤەکانی ژیانی خەڵک خزاندووە و کەم کەس هەیە کە نەزانێ کتێبە دەرسییەکان، چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ دواتر لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، لێوانلێون لەم مەزنیخوازییە سیستماتیکەی کە حکوومەتە ناوەندییەکان بەئەنقەست و لە ڕووی هەستی خۆبەزلزانی و هەوڵ بۆ خۆسەپاندن بەسەر نەتەوەکانی ئێران کردوویانە و دەیکەن.



سەرچاوە
Serchawe

زێدەبێژی نییە گەر بڵێین سەرەتای شکاندنی ئەم تابۆیە دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشە ئازادیخوازانەکانی کورد لە سەدەی پێشوو؛ هەر لە شۆڕشی سمکۆی شکاک و مەحموودخانی کانیسانانەوە بگرە تا دەگاتە کۆماری کوردستان و دواتریش ئاشکرابوونەوەی خەباتی حیزبی دێموکرات لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی د.قاسملووی هەتوان؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک ئاماژەی پێکرا شۆڕشی ژینا لە ساڵی ڕابردوو بووە دەسپێکێکی نوێ لە نەهێشتنی سەرەڕۆیی و فاشیزمی دینی و کەوناراگەرایی لە ئێراندا. ئەم پرسە لای حکوومەتی ناوەندیی خۆسەپێنی تاران جێگەی قبووڵکردن نەبووە و نییە بۆیە دەبینین کە بێ سڵەمینەوە جینایەت دەخوڵقێنێ و بە ئاشکرا ئازادیخوازان دەداتە بەر گوللە و پەتی سێدارەیان بۆ هەڵ دەخا.

بەم پێشەکییەوە دێینە سەر ئەو خاڵە جەوهەرییەی کە کۆماری ئیسلامی هاوتەریب لەگەڵ سەرکوتی سیستماتیکی شەقام و هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی شۆڕش لە کوردستان لە ڕێگەی مووشەکی دوورهاوێژ و درۆن، لە هەوڵێشدایە کە بەشێوەی زەینی ڕای گشتی هەم لە نێوخۆی ئێران و هەم لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران چەواشە بکات و وەها بنوێنێ کە ژیان لە ئێراندا لە ڕاستەڕێی خۆیدایە و دۆخەکە زۆر ئاساییە و نە بای هاتووە و نە بۆران! لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە بەشێک لە شارەکانی کوردستان هەندێک هەوڵی نەزۆک دراوە کە لە ڕۆژانی مانگی پووشپەڕدا کۆمەڵێک کۆنسێرت بۆ هەندێ گۆرانیبێژی فارس بەڕێوە دەچێ کە ڕێکخەری ئەم کارانە کەسانێکن کە کوردن بەڵام لە خزمەت دوژمنانی کورددا خەریکی خۆشخزمەتین. پێشتریش لە مانگی جۆزەرداندا ئیدارەی بەناو فەرهەنگ و ئیرشادی شاری سەقز لە هەوڵێکی هاوچەشندا بڕیاری دابوو کە فێستیڤاڵی شانۆی سەر شەقام بەڕێوە ببات؛ فێستیڤاڵێک کە بە هیممەتی هونەرمەندانی شانۆی ئەو شارە پێک هاتووە و خاوەن پێگەیەکی جەماوەریی بەهێزە.

ڕێکخستنی کۆنسێرت و فێستیڤاڵی شانۆ لەم ساتەوەختەدا دەتوانێ لانیکەم سێ ئامانجی قێزەونی لە پشت بێت؛ یەکەم وەک ئاماژەی پێکرا هەوڵێکە بۆ ئاساییناساندنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شارەکانی کوردستان، دووهەم هەڵخەڵەتاندن و فریودانی ڕای گشتی بەتایبەت خەڵکانی ساویلکە بۆ دوورکەوتنەوە لە کەتوار و ڕاستییە تاڵە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، سێهەم شێواندنی کەشی کۆمەڵگا لەم مانگەدا کە مانگی گەورەجینایەتی کۆماری ئیسلامی، واتە تیرۆرکردنی شەهید قاسملوو و هاوڕێیانییەتی.

ئەوەی کە گومانی لەسەر نییە هونەرمەندان لە هەموو قۆناغەکانی شۆڕش و خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی جیهان و یەک لەوان گەلی کورد ڕۆڵ و نەخشی دیار و بەرچاویان گێڕاوە و توانیویانە هەم ببنە هۆی بەردەوامیی شۆڕشەکە و هەم قورسایی بە شۆڕشەکە ببەخشن؛ لە ڕەوتی شۆڕشی ژیناشدا ئێمە شاهێدی دەرکەوتنی دیار و کاریگەری هونەرمەندانی کورد



سەرچاوە
Serchawe

**پووشپەڕی ٢٧٢٣**

**لە هەموو ئاستەکانی موسیقا، شانۆ، نیگارکێشی، پەیکەرتاشی، گرافیک، سینما، شێعر و هتد بووین و دیتمان کە چلۆن بە هەستی پاکی خۆیان ڕۆحیان وەبەر شۆڕشەکە نا و وەک پەپوولە بە دەوری گڕی شۆڕشەکەوە بوون تا خوێنی لاوانی نیشتمان بەفیڕۆ نەچێ. لە ئێستەشدا کە گلۆڵەی تەمەنی ڕێژیم کەوتووەتە لێژی و هەر ساتێک کە تێدەپەڕێ لە تەمەنی ڕێژیم کەم دەبێتەوە، دەبینین کە دەیهەوێ بە کەڵکاوەژوو وەرگرتن لە هونەر و بەئامرازکردنی، درز و کەلێن بخاتە نێو ڕیزی شۆڕشگێڕان لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە وەها بنوێنێ کە ئێران شامی شەریفە و ئاراستە فکری و زەینییەکان بەلاڕێدا ببات کە ئەم هەوڵەی ڕێژیم لەلای هونەرمەندانی دەروەست جێگەی پەسن و قبووڵکردن نەبووە و "نا"یان وتووەتەوە بە بکوژانی ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەیان.**

**لەسەر ئەم بنەماشە کە دەبێ بزانین ئەرکی هەموو تاکێکی نیشتمانپەروەر و دەروەستە کە دژ بەم فریوکارییانە ڕابوەستێ و جیا لەوەیکە نابێ بەشداری ئەم چەشنە شانۆکارییانە ببێ بەڵکوو دەبێ لە هەموو دەرفەتێکی لواو بۆ لەقاودانی سیاسەتەکانی ڕێژیم کەڵک وەربگرێ؛ لە بیرمان نەچێ کەم نەبوون ئەو هونەرمەند و وەرزشکار و کەسایەتییە پێگەدارە ئاکادێمیسیەنانەی کە بەهۆی جەوری سیستمی زاڵ ناچار بوون خاک و نیشتمانی خۆیان بەجێ بهێڵن و ژیانی هەندەرانیان هەڵبژاردووە بۆیە دەبێ تاک بە تاکی کۆمەڵگاکەمان بە کردار بیسەلمێنن کە ئەم چەشنە هەوڵ و تەقەلایانەی ڕێژیم بێمایە و جێ نەکەوتووە.**

**٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٣**

# بردنەوە هەر بۆ بەرەی خەڵکە



عەلی بداغی

پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی پێی وایە بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک دژی کۆماری ئیسلامی لە کزیی داوە و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی توانیویانە بە کەلکوەرگرتن لە دەزگای سەرکوت و داپڵۆسین، پاشەکشە بە خەڵک و جەماوەری گۆڕانخواز لە ئاستی ئێراندا بکەن؛ هەم کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و هەم ناوەندە پلاندارێژەکانی دەسەڵات خۆیان بۆ وەرزی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەکانیان ئامادە دەکەن.

شۆڕشی نوێی خەڵکی ئێران کە کۆتایی خەرمانانی ساڵی ڕابردوو، و دوای کوژرانی ژینا ئەمینی دەستی پێ کرد، خاڵوەرچەرخانێک لە مێژووی ڕووبەڕووبوونەوەکانی خەڵک و دەسەڵات لە ئێرانە. نوختەگۆڕانێک کە هەمووان دەزانن هیچ کام لە لایەنە دژەکانی ئەم ململانێیە بۆ دواوە ناگەڕێنەوە. ڕاستە ناوەندەکانی سەرکوت بە کوشتوبڕی سەدان کەس لە خەڵکی نارازیی سەر شەقام، بریندار کردنی هەزاران کەس و پاشان بە قۆڵبەستکردنی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی ڕاپەڕیو و؛ پاشان بەهۆی دەیان پیلانی ئەمنییەتیی دیکەی وەک ژارخواردووکردنی قوتابییان لە خوێندنگەکان توانی



سەرچاوە
Serchawe

کۆنترۆڵی شەقامەکان بگرێتەوە دەست؛ بەڵام بۆخۆیان باشتر لە هەمووان دەزانن کە ئەمە کاتییە و قینی پەنگخواردووی خەڵکی ئێران ئاگری بن خۆڵەمێشە؛ بەتایبەت کە سووڕەتی مەسەلەکە هیچ نەگۆڕاوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کێشە و قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات نەک هەر لە جێی خۆیانن و، بگرە لەسۆنگەی کەڵەکەبوونیان لەسەر یەکتری و هەروەها درێژەی سیاسەتە دژیگەلییەکانی ڕێژیم لە یەکساڵی ڕابردووشدا پتر بارگرانییان لەسەر شان و ژیانی خەڵک دروست کردووە و ئەوانی بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسیان لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی شێلگیر کردووە. مەسەلە ڕوونە و پێوەندیی بەو کەلێنە گەورە هەیە کە لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا هەیە. خەڵک هەم کێشەی ئابووری و بژێوی ژیانی هەیە و هەم ماف و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی دەوێ و پاش هەموو ئەزموونەکان و دەرفەتدان بە ڕێژیم بۆ چاکسازی و بەخۆداهاتنەوە ئیدی لە پێکهاتنی هەرچەشنە گۆڕانکارییەک لەو ڕێژیمەدا بێهیوا و تەمابڕاو بوون و چاریان تەنیا لە تێپەڕین لە تەواوەتیی ئەم نیزامە سیاسییەدا دۆزیوەتەوە.

پلاندارێژانی سیاسیی کۆماری ئیسلامی دوای تەنینەوەی شۆڕشی ژینا لە ئاستی وڵاتدا و کاتێک "نا"ی هەرە گەورەی خەڵکی ئێران بە ڕێژیمەکەیان بیست، لەبری ئەوەی لە بەرانبەر ئیرادەی خەڵکی ڕاپەڕیودا پاشەکشە بکەن و لێگەڕێن بەبێ خوێنڕشتنی پتر پرۆسەی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتدا بەئاکام بگات، کەوتنە خۆ تا بە هەر جۆرێک بێت سەرەتا بە کەمکردنەوەی گوشارە دەرەکییەکان دەستئاوەڵایی زیاتر بۆ سەرکوت لە نێوخۆی وڵاتدا بخوڵقێنن. ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی، پێملی بۆ ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتومی، نەویکێشان بۆ ڕۆژئاوا و پەلەقاژە بۆ دەستپێکردنەوەی وتووێژی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا، هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانیان لەگەڵ ئازەربایجان بەشێک لەو دیپلۆماسییەن کە کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ ئاسوودەکردنی خەیاڵی خۆی لە بەرەی دژبەرانی ئەوبەرسنووری خۆی کردوونی. بەڵام لە نێوخۆی وڵاتدا:

پێش هەموو شتێک هەوڵدان بۆ یەکگری و هاوپێوەندیی هێزەکانی سەرکوت. خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم کە هەستی بە ناکۆکی و ڕکەبەریی ناوەندە ئەمنییەتی و هێزە نیزامییە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیمەکەی کردبوو، لە ماوەی ڕابردوودا هەوڵی داوە پێوەندیی نێوان ئەو هێز و لایەنانە بە مەبەستی بردنەسەرێی تواناکانیان لە سەرکوتی ڕاپەڕینەکانی خەڵکدا بەهێزتر بکات. تازەترینی ئەو هەوڵانە کۆبوونەوەی هاوبەشی دوو حەوتوو لەوەپێشی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لەگەڵ وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە شاری مەشهەد بوو کە لەسەر داوای خامنەیی پێکهاتبوو. ئیسماعیلی خەتیب، وەزیری ئیتلاعاتی ڕێژیم نەیشاردەوە ئاکامی کۆبوونەوەکە بۆ هاوکاری و هاریکاری، هاوپلانی و یەکیەتیی عەمەلیاتی بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ نەیارانی کۆماری ئیسلامی بووە. ناوبراو لەوەش پتر پێی ڕاکێشا و گوتی لەسەر ئەمری خامنەیی بە یەکڕیزیی

پووشپەڕی ٢٧٢٣

هێزەکانیانەوە بەرەورووی هەموو ئەو لایەنانە دەبنەوە کە کێشەیان لەگەڵ "ئینقلاب" و "ویلایەت" هەیە و قسە لە گۆڕانکاری، چاکسازی و شۆڕش دەکەن!

پەرەدان بە ئێعدام بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵک و بەردەوامیی گوشارەکان بۆ سەر خەڵک بە بیانووی جۆراوجۆر و یەک لەوان "بەدحیجابی" بەشێکی دیکەی ئەو پلان و پیلانەیە. هەروەها لە کاتێکدا هەژاری و بێئەنوایی خەڵک ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبێت و مز و مووچەی مانگانەی کرێکارێک بەشی دە ڕۆژی ناکات و، لەو سۆنگەیەوە پتر لە نیوەی ڕەهای خەڵکی وڵات لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین؛ لە بودجەی گشتیی وڵاتدا سێ میلیارد دۆلاری بە داهاتی ١٧ میلیارد دۆلاری سپای پاسداران زیاد کرد. ئەو زیادکردنەی بودجە هێزە نیزامییەکانی دیکەی وەک ئەڕتەش، هێزە ئینتیزامییەکان، وەزارەتی ئیتلاعات و ڕێکخراوی زیندانەکانیشی گرتووتەوە. بۆ نموونە لە بودجەی گشتیی ئەمساڵدا میلیاردێک و دووسەدوبیست میلیۆن دۆلار بە بودجەی ئەڕتەش، پێنجسەد میلیۆن دۆلار بە بودجەی وەزارەتی ئیتلاعات و دووسەدوسی میلیۆن دۆلار بە بودجەی ڕێکخراوی زیندانەکانی وڵات زیاد کراوە.

بەڵگەنامە هەککراوەکان لەلایەن گرووپی سایبێریی "شۆڕش هەتا ڕووخاندن"یش سەلماندوویانە کە سەربافی ئەوە فەرماندەکانی سپای پاسداران و هێزە ئینتیزامییەکان بۆ سەرکوتی نارەزایەتییەکانی داهاتوو داوای دەیان هەزار میلیاردتمەنی دیکەیان لە دەوڵەت کردووە. دوو هێندە زیادکردنی بودجەی دەزگای قەزایی ڕێژیمیش پێمان دەڵێ ناوەندەکانی سەرکوت بۆ گرتن و بەندکردنی چالاکانی سیاسی و دژبەرانی ڕێژیم شمشێریان لە ڕوو بەستووە و ئامادەکاریی بۆ دەکەن.

لە بەرەی خەڵکیشدا سەرەڕای کێشە جددییەکانی وەک ناکۆکییە نێوخۆییەکان، پەرشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن، و دواکەوتنی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی؛ بەڵام خەبات و بەرهەڵستکارییەکانی خەڵک لە شێوازی جۆراوجۆری وەک مانگرتن و نارەزایەتییە پیشەییەکاندا و ڕێکخستن و ئامادەکارییەکان بەتایبەت لە سۆسیالمێدیادا دەردەکەون.

بێگومان ئەوەی لەو نێوەدا و بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵک یەکلاکەرەوەیە، لەلایەک ئەزموونوەرگرتن لە ڕاپەڕینەکانی ساڵی پێشوو، بەتایبەت پرسی یەکگرتوویی بەکردەوەی نێوان خەڵک لە هەموو شار و ناوچەکانی وڵات و هاوبەشیی هاوکاتیان لە شۆڕشدایە و؛ لەلایەکی دیکە زاڵبوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی ڕێژیمە لە دەرەوەی وڵات بەسەر ناکۆکییەکانیان و پێکهێنانی بەرەیەکە بۆ هاوخەباتی و چێبوونی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی. ئەرکێک و ڕەسالەتێک کە لەسەر شانی هەمووان قورسایی دەکات.

١٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# دوکتور قاسملوو، خۆرێک بێ ئاوابوون



شیوا مورادیان

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری فەرزانە و لێوەشاوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی – دێموکراتیکی کورد و سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوڕێ لەگەڵ عەبدوڵڵا قادریئازەر، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی حیزب لە دەرەوەی وڵات و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ، کەسایەتیی ناسراوی کوردی باشوور، لەلایەن دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەسەر مێزی وتووێژ، لە ڤییەنی پێتەختی ئۆتریش شەهید کران.

بێگومان ئامانجی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆرکردنی ئەو ڕێبەرە خیبرە و فەرزانەیە لەلایەک لاوازکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک یەکێک لە گەورەترین بەربەستەکان لەسەر ڕێگەی ئەو ڕێژیمە بۆ داسەپاندنی سیستمێکی دیکتاتۆر و تۆتالیتری دڵخوازی خۆی و هەروەها پەکخستنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەگشتی و لەلایەکی ترەوە سڕینەوەی بیر و هزر و ئەندێشە و ڕێبازی دکتور قاسملوو لە زەینی لاوان و بەگشتی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و

بەتایبەت ڕۆژهەڵات بوو.

بەڵام ئەو ئامانجەی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی دوای ٣٤ ساڵ لە تیرۆرکرانی دکتور قاسملوو نەک هەر نەهاتووەتە دی، بەڵکوو ئێستا زیاتر لە هەموو کات بووەتە چقڵی چاوی داگیرکەران. بەو واتایە کە ئێستا ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی لاوان درێژەدەری ڕێبازەکەین. بەڵگەی سەلمێنەری ئەم ئیدیعایە شۆڕشی ژینایە کە بینیمان چۆن جیلی نوێ و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی لە هەموو شارەکانی کوردستان و لەسەر شەقامەکان بەئاشکرا دروشمی "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"یان دەوتەوە و بۆ ڕێژیمی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامییان ڕوون کردەوە کە بنەما هزرییەکانی دوکتور قاسملوو لە نیشتمان ڕەگی داکوتاوە و خەڵکی ڕۆژهەڵات هێشتا پێداگری لەسەر ئەو بیر و هزر و ڕێبازە دەکەن. ئەمەش زیاتر لە هەموو کات کۆماری ئیسلامیی بێهیوا و تووڕە کرد و هەر بۆیە دەستی دایە دڕندانەترین شێوازەکانی سەرکوت و بەکارهێنانی توندوتیژی کە تاکوو ئێستاش درێژەی هەیە.

دوژمنانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بۆیان ڕوون بووەوە کە خواست و داواکارییەکانی نەتەوەی کورد و لەوانە پێداگری لەسەر ئازادی، ڕزگاری، دادپەروەری، نیشتمانپەروەری و پێویستیی جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و زۆر پرسی گرنگی دیکە کە لە ئێستادا وەکوو بەها پڕبایەخەکان سەیر دەکرێن هەمان ئەو چەمکانەن کە دکتور قاسملوو لە ڕەوتی خەباتی عەمەلی و لە نووسراوەکانی خۆیدا جەختی لەسەر دەکردنەوە و گیانی خۆی لە پێناویاندا بەخت کرد. زۆربەی ئەم چەمکانە لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا چەسپاون و دوکتور قاسملووی زانا نزیک چوار دەیە پێش ئێستا کە ڕێژیم لە هەوڵی چەسپاندنی بیرۆکەی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهدا بوو و بەداخەوە زۆربەی خەڵکی ئێران لە دەرەوەی کوردستان فریوی دروشمەکانی بەرپرسانی ئەو ڕێژیمەیان خواردبوو، هێنانیە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردستان و ئێران و هەوڵی دابین بوونیانی دەدا. شۆڕشی ژینا سەلماندی کە خوێندکارانی ئەو مامۆستایە مەزنە زۆر بەباشی پەیامەکەیان وەرگرتووە و پێشمەرگەئاسا وانەکانیان لەبەر کردووە.

ئەمە بە هەڵکەوت نییە؛ دکتور قاسملوو گەرچی خۆی بە جەستە لەنێو نەتەوەکەی نەماوە، بەڵام گوتار و نووسینەکانی وا لە مرۆڤ دەکات کە بیر بکاتەوە. هەر لەم بارەوە مادام میتران، خانمی یەکەمی پێشووی وڵاتی فەرانسە لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە یادکردنەوەی دوکتور قاسملووی شەهید و هاوڕێیانی وتبووی: " دوکتور قاسملوو وای لە مرۆڤ دەکرد کە بیر بکاتەوە!". ڕێبەرێکی فەرزانە کە خانمی یەکەمی وڵاتێکی ئورووپایی و ئازاد ئەو بۆچوونەی لەسەر بێت، چلۆن دەکرێ لاوان و خەڵکی نیشتمانەکەی پەیامە پێشکەوتووخوازانەکەی وەرنەگرن؟

پووشپەڕی ٢٧٢٣

دکتور قاسملوو بە کردەوەش و وەک پێشمەرگەیەک نیشانی دا کە هەموو تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی هەمیشە زیندوو و هەرمانی هەیە. هەڵسوکەوتی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەلات، سادە و ساکاری لە ئاخاوتن و تێکەڵبوونی لەگەڵ پێشمەرگەکانی کوردستان و گوێگرتن لە دەغدەغە و بیروبۆچوونەکانیان و گرنگیدان پێیان بەپێی بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەکانی ئەوکات و زۆر فاکتی دیکە بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە دوکتور قاسملوو بە تەواوەتی خۆی بە پێشمەرگەیەک زانیوە و بەردەوام تێکەڵ بە کۆمەڵگەکەی بووە و هەر ئەوەش وای کردووە کە ببێتە کەسایەتییەکی کارێزما کە هەتاکوو ئێستاش ناو و یادی زیندووە.

لە مێژوودا ئاوەها ڕێبەرانێکی مەزن و زانا کەمن کە چەندین دەیە دوای کۆچیشیان مرۆڤ ناچار بە بیرکردنەوە بکەنەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێڕەوانی ڕێبازەکەی ڕوو لە زیادبوون بکەن. هۆکارێکی سەرەکی ئەوەیە کە خودی کاک دکتور قاسملوو نەک هەر بڕوای قووڵی بە ئارمانەکانی هەبوو و بە هەموو هێزییەوە هەوڵی سەرخستنیانی دەدا، بەڵکوو وەکوو ئاماژەم پێ دا، گیانی خۆی لە پێناویاندا بەخت کرد. ئاساییە کە دوای شەهیدبوونیشی، بیر و هزری بە جەستەی کۆمەڵگای کوردستان و ئێراندا ڕۆبچێت و گوتارەکەی نەک هەر کوردستان بەڵکوو هەموو ئێران بتەنێت و ببێتە گوتاری ڕۆژی هەموو ئازادیخوازان. بۆیە وەسفی "خۆرێک بێ ئاوابوون" شایەنی ئەو ڕێبەرە مەزنەیە.

١٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# پێکەوە ژیان هزرینیترە



کەریم پەرویزی

لە سەدەی نۆزدەیەمدا ململانێی نێوان لایەنگرانی کۆیلەداری و دژبەرانی لە ئامریکا گەیشتبووە لووتکەی خۆی و تەنانەت شەڕێکی نێوخۆییشی لێ کەوتەوە و ئەیالەتە باکوورییەکان کە لایەنگری هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەداری بوون، لەگەڵ ئەیالەتە باشوورییەکانی ئامریکا کە خوازیاری مانەوەی کۆیلەداری بوون، کەوتنە شەڕێکی سێڤیلەوە و بە هەزاران کوژراوی لێ کەوتەوە.

لەو سەردەمەدا و لە ساڵانی پێش شەڕەکەدا، کۆیلەیەک بە ناوی هاریێت تابمەن، کە ژنێکی ڕەشپێست بوو، لە کۆیلەتی هەڵهات و ڕۆیشتە ئەیالەتەکانی باکوور و نەک خۆی دەرباز کرد بەڵکوو گەڕایەوە و بنەماڵەکەشی دەرباز کرد و دواتر کە ڕێگەکەی تاقی کردەوە، دەستی کرد بە دەربازکردنی کۆیلەکانی دیکە لە ئەیالەتەکانی باشوورەوە بەرەو باکووری دوور لە کۆیلەداری.

هاریێت لەو ماوەیەدا سەدان کۆیلەی دەرباز کرد و ڕێکخراوێکی دروست کرد بە ناوی ڕێگای ئاسنی نهێنی، کە ئەم ڕێکخراوە کاری دەربازکردن و پەڕاندنەوەی کۆیلەکانی دەکرد لە باشووری ئامریکاوە بەرەو باکوور.

لە سەردەمی شەڕی نێوخۆییشدا هاریێت لە شەڕەکەدا بەشدار بوو و لە پرۆژەیەکی گەورەدا نزیک بە ٧٠٠ کۆیلەی ڕزگار کرد! لەو ساڵانەدا کە هاریێت ئەو کارەی دەکرد، لەگەڵ گرفت و دژواریی زۆر بەرەوڕوو بوو و گیانی زۆرجار دەکەوتە مەترسییەوە، بەڵام ڕستەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێ: "من هەزاران کۆیلەم دەرباز کرد و دەمتوانی هەزارانی دیکەش دەرباز بکەم گەر کۆیلەکان بیانزانیبا چارەنووسی حەتمییان کۆیلەبوون نییە"!

لە مێژووی پڕ لە نەهامەتی و لاپەڕەی ڕەشی جیهاندا، کۆیلەداری و بەتایبەتی کۆیلەداریی سەردەمی کۆلۆنیالیزم تاوانی گەورە ئەنجام دران و وڵاتانی ڕۆژاوایی هێرشیان دەبردە سەر ئافریقا و بە هەزاران کەسیان لەو خەڵکە کوشت و بە سەدان هەزار کەسیان لێ بە دیل گرتن و سواری کەشتییان کردن و بردیانن بۆ وڵاتانی ڕۆژاوایی بۆ کۆیلەداری و کاری دژواری سەر ئەرز و بن ئەرز و کانگاگان و خزمەتکاریی نێو ماڵەکانیان.

لەو سەردەمەدا زۆربەی وڵاتانی ڕۆژاوایی کەوتبوونە کێبەرکێی داگیرکردنی ئافریقا و بەکۆیلەکردنی خەڵکی ئەو ناوچەیە، زۆر بە منەتیشەوە ئەو کارەیان دەکرد و وێڕای تاڵانکردنی سامانی وڵاتەکان و بەکۆیلەگرتنی خەڵکەکان، ئیدیعایان دەکرد کە شارستانییەت و تازەگەری دەبەنە ئەو وڵاتە دواکەوتووانە و بەناوی فێرکردنی ئاداب و شارستانییەتەوە تاوانەکانیان ڕەنگی زێڕینیان پێدا دەڕژاند!

لەم ڕۆژانەدا پاشای وڵاتی هۆلەند، ڕایگەیاند کە شەرمەزارە بەرامبەر بەو کۆیلەدارییەی ئەو سەردەمە و لە خەڵکی ئەو وڵاتانە بەبۆنەی ڕۆڵی هۆلەندەوە، لە سەردەمی کۆیلەداریدا داوای لێبوردنی کرد.

هۆلەندیش لەو سەردەمەدا دەریاوانییەکی بەهێزی هەبوو و نەک لە ئافریقا بەڵکوو لە ئاسیا و جەزیرەکانی ئویانووسی ئارامدا خەریکی گەڕان و تاڵانکردن و بەکۆیلەکردنی خەڵکی خۆجێی ئەو شوێنانە بوو.

کۆلۆنیالیزم لەو سەردەمەدا نەک تەنیا ئافریقا، بەڵکوو ئاسیا و ئامریکا و ئۆسترالیا و هەموو شوێنەکانی دیکەی دونیای گرتبووەوە و بە مافێکی سروشتیی خۆیانیان دەزانی کە بەهێزەوە بڕۆنە نێو وڵاتەکان و خاکەکەیان داگیر بکەن و سامانەکەی تاڵان بکەن و خەڵکەکەی ببەن بۆ کۆیلەتی، چونکە خۆیان بە مرۆڤی باشتر و نەژادی سەرووتر دەزانی و

تەنانەت هەندێ جار عەبای دینییشیان بەسەر تاوانەکانیادا دەدا.

کۆلۆنیالیزم هەر ئەوەی وڵاتانی ڕۆژاوایی نەبوو و هەر هێرشی وڵاتانی دیکە بۆ سەر وڵاتی دوورەدەست نەبووە، بەڵکوو کۆلۆنیالیزم هەر لەنێو یەک جوغرافیای سیاسیشدا سەری هەڵداوە و ڕەگی داکوتاوە و بەشێک یان نەتەوەیەک لە وڵاتێکدا ئەو مافەی بە خۆی داوە کە خۆی بە نەتەوەی سەرتر بزانێ و نەتەوەی دیکەی نێو وڵاتەکە تاڵان بکا و کۆیلەتی بە شێوەی دیکە بەسەر نەتەوە ستەملێکراوەکەدا بسەپێنێ.

هەروەک هارییێت وتی، دژوارترین کار تێگەیاندنی کۆیلەیەک بووە کە چارەنووسی ئەو کۆیلەتی نییە، ڕەنگە لەوە دژوارتر ئەوە بێ کە نەتەوەیەکی خۆبەلزان بەو تێگەیشتنە بگەیەنی کە چارەنووسی حەتمیی بریتی نییە لە مەزنی و گەورەیی ئەو بەسەر نەتەوەکانی تردا!

پێش لە پاشای هۆلەند، دەسەڵاتدارانی دیکەش هەبوون کە بەنیسبەت تاوانی مێژوویی وڵاتەکەیانەوە داوای لێبوردنیان کردووە، بۆ وێنە دەسەڵاتی ئاڵمان بەرامبەر بەو هەموو تاوانەی لە سەردەمی نازیسمدا دژ بە جوولەکەکان بەڕێوە چووە، داوای لێبوردنی کردووە و بە یاسا پەسندیان کردووە کە کەس مافی ئەوەی نییە نەک ستەم بە دژی جوولەکە بکا، تەنانەت ئینکارکردنی هۆلۆکاستیش تاوانە!

ئەم جۆرە لە تێگەیشتن کە وڵاتێک یان دەسەڵاتێک بەو قەناعەتە بگا کە لە مێژوودا ستەمی کردووە و ئەو بیرکردنەوە مەزنیخوازییە کە بەرەو فاشیزم و شۆڤێنیمی بردووە، ڕەد بکاتەوە و بگاتە ئەو ڕادەیە لە مرۆڤبوون کە داوای لێبوردن بکا، جۆرێکی دیکە لە تێگەیشتن و بڕوا و ڕوانگە دروست دەکا کە ژینگەی تەندروستی کۆمەلایەتی بۆ پێکەوەژیان بەرهەم دێنێ. داوای لێبوردن کردن لەلایەن پاشای هۆلەند یان دەسەڵاتدارانی دیکەی وڵاتانەوە بەنیسبەت تاوانەکانی مێژوو، ڕەنگە هیچ زامێک لەو سەدان هەزار و ملیۆنان مرۆڤە کە ستەمیان دژ ئەنجام دراوە کەم ناکاتەوە و ئەوان ژیانی پڕ لە نەهامەتییان تێپەڕاند و ئیدی هیچ شتێک مێژوو قەرەبوو ناکاتەوە، بەڵام ئەو داوای لێبووردنە، کردەوەیەکە ڕوو بە داهاتوو.

لێرەدایە کە وەها لێدوانێک کۆشکی پووشاڵیی مەزنیخوازی و فاشیزم دادەڕووخێنێ و کەشوهەوای دیکە دێنێتە ئاراوە کە تێیدا ئەوەی گرنگە مرۆڤبوونە نەک خۆبەزلزانیی نەتەوەیەک و خۆبە شایستەتر زانینی تاکوو دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەوانیتردا بسەپێنێ.



سەرچاوە
Serchawe

پووشپەڕی ٢٧٢٣

ڕەنگە تێگەیاندنی کۆیلەیەک کە چارەنوسی ئەو هەر ئەوە نییە، زۆر دژوار بێ! بەڵام ئەوە تەنیا ئازاری بۆ خۆی هەیە و ژیانی ئەو تاکە تووشی نەهامەتی دەکا یان ئەوپەڕەکەی یەک نەسڵ پێوەی دەناڵێن، بەڵام بیری مەزنیخوازی کە دەگاتە فاشیزم، نەک ئەو نەسڵە بەڵکوو چەندین نەسڵی دواتریش تووشی نەهامەتی دەکا و بەردەوام بەرهەم دێتەوە!

ئێستە دوای زیاتر لە سەد ساڵ لە تاوانەکانی ڕەزای میرپەنج، نەک میراتخۆرانی ئەو تاوانانە، بەو تێگەیشتنە نەگەیشتوون کە کۆلۆنیالیزمی حاکم خەسارەتی مرۆیی بۆ هەموو نەتەوەکان لە ئێران هەبووە، بەڵکوو شانازیشی پێوە دەکەن و بەوپەڕی شانازییەوە باس لەوە دەکەن کە هێرشەکانی ڕەزاخان و حەمەڕەزای کوڕی بۆ سەر نەتەوەکانی دیکە لە ئێران، بۆ ئاوەدانی و شارستانییەت و فێرکردنی ژیانی ئەورۆیی بووە! ئەم عەقڵییەتە هێشتا لەنێو کەشتییەکانی سەردەمی کۆیلەداریدا گیری خواردووە و ڕەشەبای ئوقیانووسەکان وەهای گێژ کردووە کە تێنەگەیشتووە کە پێکەوەژیان پێویستی بە هزرینی دیکەیە دەنا چارەنووسی نەتەوەی باڵادەستیش هەر بەردەوامیی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆرییە و ژیانی ئەوانیش لە تاڵییەکی بەردەوامدا دەخولێتەوە!

دژوارتر لە تێگەیاندنی کۆیلەکان، تێگەیاندنی بیری فاشیستی و مەزنیخوازییە کە واز لە خۆبەلزانی بێنێ و دونیای واقیعی ببینێ!

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

١١ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# زاگرۆس، ناسنامەیەکی دیاری ناوچەیی



**ئەرسەلان بورنا**

قەیرانە ژینگەییەکان، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لێکەوتەی کارەساتبارتریان لێ دەکەوێتەوە. قەیرانەکانی وەک ویشکەساڵییە درێژخایەنەکان لە تەنیشت دەرکەوتنی قەیرانی کەمئاویی و بێئاویی، بارانە بەخوڕ و لافاوەکان، گۆڕانی شێوازیی بارینەکان لە بەفرەوە بۆ باران، توانەوە بەستەڵەکاکان بەتایبەت لە ناوچە شاخاوییەکان و دەیان دیاردەی نامۆی دیکە کە ڕۆژانە سەردێڕی هەواڵەکانن؛ هەر هەموویان پەیوەندییان بە پرسی گەرمبوونی زەوی و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما بەهۆی دەست تێوەردانی لەڕادەبەدەری مرۆڤەوە هەیە. دیاردەکانی لەمجۆرە تەنیا سنووردار بە ناوچە وشکارۆکانی وەک ئەفریقا یان ناوچە گەرمەکانی وەک نیمچە دوورگەی عەرەبستان و ئووسترالیا یان بەشێک لە بەژایی ئەمەریکاوە نییە بەڵکوو ناوچە پڕئاوەکانیش مەترسی قەیرانی گەورەیان لەسەرە و لەلایەکی دیکەوە، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەم نێوانەدا کوردستان وەک جوگرافیایەک دەوڵەمەند لەڕووی سەرچاوە سرووشتییەکان لەم گۆڕانکارییە بێبەش نییە و نەبووە. هەرچەند، پرسی ژینگە و گۆڕانکارییەکان لە پاشەڕۆژدا هیچ سنوورێک ناناسێت بەڵام لە ئێستادا ئەم دابەشکارییە بەڕوونی لەنێو دەڵەوت و نەتەوە سەردەستەکان خۆی زاڵ کردووە. وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە خاوەن سیستەمە سیاسییە

نادێمۆکراتیکەکانن، لە ڕیزبەندی ئەو وڵاتانە جێگە دەگرن کە کەمترین بایەخ بەم پرسە و پەیهاتەکانی دەدەن وە لەم نێوانەدا جوگرافیای کوردستان بەهۆی سیاسەتی دوژمنکاریی ڕژێمە داگیرکەرەکانی وەک ڕژێمی کۆماریی ئیسلامی لەدژی نەتەوەی کورد پشکی شێری بەرکەوتووە وە بە شێوازی جیاواز جیاواز هەوڵ بۆ تێکدان و لەناوبردنی ژینگەکەی دەدرێت.

زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، نەک تەنیا لەڕووی مێژووی مرۆڤایەتی بەڵکوو لەڕووی جوگرافیایی و ژینگەییش بۆ نەتەوەکانی ئەم بەشە لە جیهان خاوەن پێگەیەکی بەهێز و کاریگەردانەرن. جڤاتە مرۆڤییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئوراسیای ناوەندی هەتارادەیەکی چاوەڕواننەکراوە بە شێوەیەکی سرووشتی بۆ هەموو پێداویستییەکانی خۆیان وەک کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی - بەگشتی، بژێویی ژیانیان - پشتیان بە زنجیرە چیاکانی وەک زاگرۆس بەستووە. قەوارەی چیاکانی زاگرۆس بەڕوونی ئاستی کاریگەردانەری و هاوکات ئاستی پەیهاتە نەرێنییەکانی هەر چەشنە دەست تێوەردانێک یان گۆڕانکارییەک بۆ هەموو لایەک ڕوون دەکاتەوە کە بەدڵنیایی دڵخۆشکەر نین. ئەم زنجیرە چیایە بەدرێژایی هەزار و شەش سەد کیلۆمیتر و پانتایی دووسەد و چل کیلۆمیتر لە باکووریی کوردستانەوە (ڕۆژهەڵاتی تورکیە) دەست پێ دەکات و بەدرێژایی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەرووی هۆرمۆز (باشووریی ئێران) کۆتایی دێت. کەواتە ئەم جوگرافیایە، ناسنامەیەکی دیاریی ناوچەکەیە کە هەڵگری تایبەتمەندییە ژینگەییەکانی خۆیەتی.

بە پێی لێکدانەوەکان، پانتایی دارستانەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس چواردە ملیۆن دۆنم بووە کە لە دەرنجامی سیاسەتی زەویی سووتاو لەژێر ناوی جۆراوجۆر ئەمڕۆکە ئەم ڕێژەیە بۆ شەش ملیۆن دۆنم کەم بووەتەوە و هاوکات، لەم ژمارەیەش زیاتر لە دوو ملیۆن دۆنم بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان یان لەوەڕگەکان گۆڕدراون. لەڕاستیدا، لەماوەی حەوت دەیەی ڕابردوو زۆرتر لە حەوت ملیۆن دۆنم لە دارستانەکان بەتەواوەتی لەناوچوونە کە ئەم تێکچوونە هۆکارێکی سەرەکیی بۆ بزربوون و دیارنەمانی بەشێکی بەرچاو لە ڕووەک، گیا و گیاندارەکانی لەم ناوچەیە بووە. هەرچەند، سیاسەتی دوژمنکاریی لەدژی نەتەوەکەمان و ژینگەکەی زۆرتر " گەڕانەوەی ئاوەدانی " بەناو کراوە بەڵام لە حەقیقەتدا دەست بە تاڵان، لەناوبردن و قڕکردن و تێکدانی هەمەلایەنەی دراوە. بۆ نموونە، سیاسەتی ڕژێمی کۆماریی ئیسلامی لەژێر ناوی "جیهادی سازەندگی" لە سەردەمی دەوڵەتی هاشمی ڕەفسەنجای یەکێک لە کارەساتبارترین سیاسەتەکانی ڕژێم دژ بە ژینگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوەکەمان لەم بەشەی کوردستان بوو. هەربۆیە، هەر چەشنە گۆڕانکارییەک کە بەهۆی دەست تێوەردانەکانی حکوومەتی ناوەندی تاران ڕوویداوە قەیران و کارەساتی بەدوای خۆیدا هێناوە. دەوڵەمەندی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس گرێدراو بە دارە بەڕووکان، ڕووبارەکان، بەستەڵەکەکان، گیاندارەکان و ڕووەکەکانی ئەوە کە لە ئێستادا بەرە بەرە خەریکە ئەم تایبەتمەندییەی بەتەواوەتی لەدەست دەدات.

دار بەڕوو، یەکێک لە گرینگترین و ستراتیژیکترین جۆرەکانی ئەم ژینگەیە بەهەژمار دێ کە کاریگەرییەکی چارەنووسسازیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر کۆی گشتی ئەم پرۆسەیە لە ئاستی ناوچەیی دەبێ. لەلایەکی دیکەوە وێڕای دارستانەکان، بەشێوەیەکی خێرا و سەرسووڕهێنەر گیا و گیاندارەکانیش، چ ئاژەڵەکان و چ باڵندەکان و ... خەریکی بزر بوونن و لە ناوچەکانی کە سەردەمێک شوێنی ژیانیان بووە بەڵام ئەمڕۆکە لە زۆربەی ناوچەکان هەستیان پێ ناکرێ. ئەمە لە کاتێک دایە کە تاکوو چەند دەیە لەمەوبەر تەنانەت جۆرەکانی بەڕوو هەر لە برانت و حەلەبییەوە بگرە تاکوو لووبنانی لەم پانتاییە خۆنواندنیان دەکرد وێڕای ئەمەی کە جۆرە جیاوازەکانی گێوژ، هەرمێ - کرێسک و ... ژینگەیەکی کەموێنە و پەیوەندییەکی چەندلایەنەیان لەنێوان مرۆڤ و ژینگە لەگەڵ گیا و گیاندارەکان خووڵقاندبوو. کەوایە، ڕاشکاوانە دەتوانین باس لەوە بکەین زنجیرە چیاکانی زاگرۆس وێڕای ڕەنگاوڕەنگییەکی دەگمەن و کەشوهەوایەکی تایبەت، هۆکارێکی سەرەکی لەمەڕ گرێدراویی جڤاتە مرۆڤییەکان لەگەڵ سرووشتی دەوروبەریان بوونە.

گۆڕانکارییەکانی تایبەت بە ژینگە و کەشوهەوا لەدوای "شۆڕشی پیشەسازیی" خێراییەکی زۆرتری بەخۆوە دیتووە. لەڕاستیدا، دەست تێوەردانەکانی مرۆڤ لە ئاکامی بەرهەمهێنان بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیەکی ڕەها هەموو سنوورە ئەخلاقییەکانی تێپەڕاندووە. چاوچنۆکی مرۆڤ بۆ وەدەستخستنی سوودێکی سەرسامهێنەر، بووەتە هۆی ئەمەی کە مرۆڤ لە پێوەرە ڕەسەنەکانی لە ئاست بە ژینگە دوور بکەوێتەوە و بەبێ گوێدان بە بنەما ئەخلاقییەکان تەنیا لەسەر هێڵی کۆکردنەوە سەرمایە و خەرجکردنێکی بێسەروبەرە درێژە بە داهێنانەکانی دەدات. دارستانەکانی زاگرۆس هاوشێوەی دارستانەکانی ئامازۆن یان دارستانەکانی دیکە تووشی کێشەی قووڵ و کارتێکەر بوونەتەوە. دەوڵەتەکانی وەک ئێران، تورکیە - وە لە ڕابردوودا سووریە و عێراق - لە ڕێگای سیاسەتە دوژمنکارییەکانیان کە زۆرتر لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە سیاسی نیزامییەکان بۆ چینێکی دەستەبژێر داڕێژرابوون لە هیچ کردەوەیەکی دوژمنکارانە لەدژی ژینگەی کوردستان سلیان نەکردووە. سووتاندنی دارستانەکان چ بە بیانووی نیزامی وەک بۆمباران و ئاگر تێبەردانی بەردەوام وە چ بە بیانووی ئابووریی یان لێدانی سەدان بەنداوی گەورە و بچووک یان ڕاگوێزانی ڕێڕەوی ڕووبارەکان بۆ پارێزگا ناوەندییەکانی ئێران کە ڕووبەڕووی قەیرانی جۆراوجۆری ژینگەیی هاتوونەوە، بڕینەوەی دارەکان کە سپییەکانی ناوچەکەنە؛ هەر هەموویان دەتوانین بەشێک لەم دوژمنکارییە بەناو بکەین کە بەرۆکی نەتەوەی کورد و ژینگەکەی گرتووە. دارستانەکان، یەکێک لە سەرەکیترین شادەمارەکانی گۆی زەوینە کە نەک تەنیا دەورگێڕانێکی حاشاهەڵنەگریان لە پاراستنی ئاو و خاکدا هەیە بەڵکوو ژیانی تاک بە تاکی مرۆڤەکانیش گرێدراوی لەسەرپێ مانەوەی ئەوانن.

جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە کەمەرەی ویشکی زەویی جێگەی گرتووە. کەوایە، وڵاتەکانی ئەم ناوچەیە بەشێوەیەکی سرووشتی زۆرتر لە بەشەکانی دیکەی جیهان ڕووبەڕووی ڕووداو و کارەساتە پەیوەندیدارەکان بە گۆڕانی کەشوهەوا دەبنەوە. ویشکەساڵییە بەردەوام و درێژخایەنەکان یان بارینە بەخووڕەکان لە تەنیشت دیاردەی خوڵبارین دەتوانین وەک بەشێک لەم



سەرچاوە
Serchawe

پووشپەڕی ٢٧٢٣

سووڕە سەیری بکەین کە خەریکە بەرە بەرە تەشەنە دەگرێ. جێی حاشاکردن نییە دارستانەکان و بەتایبەت دارستانەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دەورگێڕانێکی بەرچاویان لە پاراستنی سووڕی خۆزایی لە ناوچەکەماندا هەیە. دار بەڕووکان لە گشتییەتی خۆیاندا ئەرکێکی ژیانبەخشییان بۆ دابینکردنی ئۆکسیژێن، هەڵمژینی تۆزقاڵە وردەکان و تەنانەت ئاستی بارینەکاندا هەیە. لەم ڕوویەوە، ئاوڕدانەوەیەک لەسەر ئەم ئامارانە یەکجار گرینگ و هاوکات دەتوانێ تۆقێنەر بێ:

**یەکەم**. پانتایی دارستانەکانی زاگرۆس ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی ئەرێنی - وە هەروەها نەرێنی لە ئەگەری تێکدانی لەڕادەبەدەر - لەسەر ژیانی زیاتر لە دوانزە میلیۆن کەس درووست دەکات.

**دووهەم**. لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران زیاتر لە چل لەسەدای ئاوی خواردنەوەی خەڵک کە زیاتر لە شەش میلیارد میتری سێجایە، دابین دەکات.

**سێهەم**. پەنجا لەسەدای کۆی گشتی بەشی ئاژەڵداریی لە پانتایی زاگرۆسە کە ئەمە قورساییەکی زۆری لەسەر دارستانەکان درووست کردووە کە گرینگە بیر لە جێگرەوەکان بۆ ئەم پرسە بکرێتەوە.

**چوارەم**. نزیک بە دووسەد جۆری ڕووەک کە بۆ خواردنن لەم ناوچەیە شین دەبنەوە کە لەماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا بەهۆی فرۆشتنی لەڕادە بەدەر بەرەو لەناوچوون دەڕۆن. سیاسەتی برسی‌کردنی ڕژێم ڕاستەوخۆ هەڕەشەیەکی جیددی لەسەر ژینگەکەمان درووست دەکات کە یەکجار مەترسیدارە. وە

**پێنجەم**. هەر دۆنمێک لە دارستانەکانی زاگرۆس لە نێوان دووسەد بۆ دوو هەزار لیتر ئاو بۆ نێو خاک هەڵدەمژن وە ساڵانە ڕێژەیەکی بەرچاو لە تەپ و تۆز لە خۆیاندا دادەمرکێننەوە. سەرەڕای خاڵە باشەکان کە ڕاستەوخۆ ژیانی هەموو لایەکی بە ئەوانەوە گرێ داوە بەڵام لە شەش میلیۆن دۆنم نزیک بە یەک میلیۆن و چوارسەد هەزار دۆنم ڕووبەڕووی تێکدان و ویشکبوون هاتۆتەوە. هەرچەند، دار بەڕووەکان لە هەمبەر بێ ئاوپی و گەرمای تاقەت پڕووکێنەر بەباشی بەرخۆ دەدەن بەڵام هۆکارە مرۆڤییەکان کاریگەردانەرییەکی نەرێنییان لەسەر ژیانی ئەوان داناوە. ئەم پرسە، سووڕە سرووشتییەکانی بەڕادەیەک بەرچاو تووشی گۆڕانکارییەکی خێرا کردووە. کەواتە، لە ئێستادا نەک تەنیا کردەوە هەڵەکانی مرۆڤ بەڵکوو خودی ژینگەش لە دۆخێکی نەخوازراودا جێگەی گرتووە و ئەمە سووڕی لەناوچوون و پووکانەوەیان خێراتر دەکات. لەم ڕوانگەوە، ئاستی وشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پاراستنی ژینگە دەتوانێ سیاسەتەکانی ڕژێم لەدژی نەتەوەکەمان و خاکەکەمان پووچەڵ بکاتەوە. بەرپرسایەتی ئێمە بەرپرسایەتییەکی ئەخلاقییە و هاوکات وەک دژکردەوەیەکی نەتەوەیی لە دژی سیاسەتە دوژمنکارانەی ڕژێمی کۆماریی ئیسلامی کە سیاسەتی قڕکردن و تواندنەوەیە پێناسەی بۆ دەکرێ.

١٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# تیرۆری د. قاسملوو گەورەترین تاوانی کۆماری ئیسلامی دژ بە نەتەوەی کورد




**ئارمان حوسێنی**

لەوانەیە هەندێ کەس پێیان وا بێت سەردێڕی ئەم وتارە زێدەڕۆیانەیە و بڵێن مەگەر دوکتور قاسملوویش ئەندامێکی کۆمەڵگەی کوردستان و نەتەوەی کورد نەبوو؟ هەر بۆیە، بە پێویستی دەزانم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە بۆچی ئەو سەردێڕەم هەڵبژاردووە.

وەکوو خاڵی دەستپێک پێویستە ئاماژە بەم ڕاستییە بکەم کە دوکتور قاسملووش بێگومان وەکوو ئێمە مرۆڤێک و تێکۆشەرێکی کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوە سیاسییەکەی بوو، بەڵام ئەوەی نووسەری ئەم وتارەی هان داوە کە پێگەی دوکتور قاسملوو لە باقی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان جیا بکاتەوە و تیرۆرکردنی بە گەورەترین تاوانی کۆماری ئیسلامی دژ بە نەتەوەی کورد دابنێت، دەور و کاریگەریی بۆچوونەی بەرێزیان لە داڕشتن، گەڵاڵەکردن و پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی ئامانج و ئارمانەکانی نەتەوەی کوردە.

**پووشپەڕی ٢٧٢٣**

ئامانج و ئارمانی نەتەوەیەک کە بەداخەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زۆر شوێنی تری ئەم جیهانە غەریب و نەناسراو بوون و ئێستاش هەن. ئارمانگەلێک وەکوو ئازادی، بەرابەری و یەکسانی، دێموکراسی، باوەڕمەندبوون بە فرەڕەنگی و فرەچەشنی و هەروەها مافی نەتەوەیی کە بەتەواوی لەتەک بەها و نۆرمە باوەکانی ئەم کۆمەڵگەیانە پێکناکۆک بوون و مەخابن هێشتاش هەر بەم چەشنەن و لێکدژن. بەو واتایە کە نەتەوەی کورد بە هەوڵ و تێکۆشان و ڕێبەرایەتیی کەسایەتییەکی مەزن وەکوو دوکتور قاسملوو ڕێڕەو و ڕێبازێکیان دارشت کە سەرەڕای ئەوەی لەتەک واقیع و ڕاستییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە جیاواز بوون و دژایەتیی زۆریش دەکران و ڕێگری دەکرا بە شێوەی کردەیی پراکتیزە بن، بەڵام ئێستاکەش وەکوو مەشخەڵ و مۆمێکی داگیرساو مزگێنیی سەرهەڵدانی سەردەمی ڕووناکی و ڕووناکبیری، هزرین و بیرکردنەوە و ژیان و ژیانەوە و بە گشتی مزگێنی داهاتوویەکی گەش بەتایبەت بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەدەن.
وێژمانی دوکتور قاسملوو، وێژمانێک بوو کە گەورەترین دوژمنەکەی، واتە خومەینی، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەم چەمکانە یان ئەم وێژمانە (دێموکراسی، ئازادی و ...) هاوردەی ڕۆژاوان و ئەوە بوو کە لە یەکەمین ڕۆژەکانی بە دەسەڵات گەیشتنی بە هەموو شێوەیەک دەستی کردە دژایەتیکردنیان و تەنانەت فەرمانی جیهادیشی دژ بە کورد دەرکرد.

دوکتور لە سەردەمانێکدا سەری هەڵدا کە بەها و نۆرمە کولتووری و سیاسییەکانی ناوچەکە ئەوانە نەبوون کە نەتەوەی کورد خوازیاریان بوو و هەوڵی جێبەجێکردنیانی دەدا، بەڵکوو بەها و نۆرمگەلێکی کۆن و ماوەبەسەرچوو بوون کە زیاتر لە بازنەی گوتاری ئایینی و مەزهەبی و گێڕانەوەیەکی ڕادیکاڵ و بناژۆخوازانە لە شوناس دەسووڕانەوە و بەرهەڵست و دژی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخانێک بوون کە نەتەوەکان وریا و وشیار بکاتەوە. وشیار بەو واتایە کە تاکەکانی کۆمەڵگە بە ئاستێک لە تێگەیشتن بگەن کە بەدەر لەوەی کە ژن بن یان پیاو، تەنیا بەهۆی مرۆڤبوونیان خاوەن کۆمەڵێک مافن کە لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکاندا ددانیان پێدا نراوە و پەسەند کراون.

کەسایەتییەک کە توانا، کاریزما و ئیرادەی بونیاتنانی ئاوها وەرچەرخانێکی هەبوو، ڕێبەری ناوداری نەتەوەی کورد و هەموو ئازادیخوازانی ناوچەکە، واتە دوکتور قاسملوو بوو کە بەهۆی سروشت و ڕۆحی ئازادیخوازانەی و هەروەها بەهۆی خوێندەواری، ئەزموون و باوەڕی قووڵی بە ئازادی و ڕزگاری کە بەردەوامیش لە لێدوانەکانیدا ئاماژەی پێ دەکردن، سەرمایە و ڕێبەرێکی ئازادیخوازی مەزن کە نەک هەر بە درووشم بەڵکوو بە کردە بە قووڵی بڕوای بە بەهاگەلێکی وەکوو مافی نەتەوەیی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئازادی، بەرابەری و یەکسانی مرۆڤەکان و هەروەها ڕێزدانان بۆ بیروبۆچوونی جیاواز و هتد هەبوو کە نەتەوەی کورد ئێستاکەش بۆ دەستەبەرکردنیان خەبات دەکات. دوکتور قاسملوو بۆ سەرخستنی ئەم ڕێبازە لە هیچ خەبات و تێکۆشان و فیداکارییەک دریخی نەکرد و تەنانەت گیانیشی لە پێناوی ئەو ڕێبازە مەزنەدا بەخت کرد.

پووشپەڕی ٢٧٢٣

تێرۆری دوکتور قاسملوو لەم ڕەهەندەوە گەورەترین تاوان بوو کە ئەو بەها جیهانی و گشتگیرانەی نەتەوەی کورد بۆ دابینبوونیان خەبات دەکات و لە دەسپێکیشەوە دیار بوو کە ڕیشەیەکی ئەوتۆیان لەنێو کۆمەڵگەی ئێران و تەنانەت ناوچەکەشدا دانەکوتاوە و ئێستاکەش دوای چەندین دەیە لەم ناوچەیە بەرچاو ناکەون، قەرزداری ئەو زاتەیە. بە واتایەکی تر دوکتور قاسملوو ئەندازیاری ئەو ئارمانگەلە بوو. ڕۆڵ و دەوری بەرێزیان ئەوەندە بەرچاوە کە پێموایە تا ئێستاکەش کەسایەتییەک کە تواناگەلێکی لەو ئاستەدا هەبێ و بەکردەییش خەبات بۆ سەرخستنی ئەو ئارمانگەلە بکات و بە وتەی مامۆستا هەژار "سەر لەپێناو و گیان لەسەر دەستان بێ" بەداخەوە نییە. کەواتە بە تێرۆرکردنی ئەم مرۆڤە مەزن و بیرمەند و خەباتگێڕە ئارمانخوازە، ئەم گوتار و ڕێبازە کە وەکوو منداڵێکی ساوا پێویستی بە چاوەدێری، پاراستن و ڕەخساندنی کەشێک بۆ گەشەی هەبوو تاکوو بتوانێت باڵا بکات و لە نێو دڵی کۆمەڵگەدا ڕیشە داکوتێت، تا ڕادەیەک بە پەراویز خرا، هەرچەندە شۆڕشی ژینا هەمدیسان ئەو گوتارە سەری هەڵداوە و ئەم شۆڕشە سەلماندی کە بیر و هزر و ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو هێشتا لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا زیندوو و بەردەوامن.

بەڵام لەو سەردەمەدا بە تێرۆرکردنی دوکتور قاسملوو گورزێک لەو وێژمانە گشتگیر و مرۆڤ - تەورەی سەردەم درا. کاریگەری ئەو گورزە لەسەر شێوازی خەباتی کردەیی کوردەکان لە ساڵانی دوای تێرۆری دکتور تا ئێستاکەش بەرچاوە. گورزێک کە نووسەری ئەم وتارە بە گەورەترین تاوانی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە نەتەوەی کورد ناوی دێنێت و دوای ٣٤ ساڵ و سەرەڕای هەوڵ و خەباتی هەزاران خەباتکاری ڕێبازی پێشکەوتووی قاسملوو، بەڵام هێشتا هەست بە کەمایەسی نەبوونی جەستەیی بەرێزیان دیارە و خەساری لەدەسچوونیان پڕ نەبووەتەوە.

هەروەک ئاماژەم کرد، دوای تێرۆرکردنی ئەم شکۆیانە، میراتێکی گرانبەها بەجێ ما. میراتێک کە هێدی هێدی لەنێو دڵی کۆمەڵگەی پێشکەوتووی کوردستان ڕەگی داکوتا و ئەورۆکە بووەتە وێژمانی زاڵ بەسەر هەموو کۆمەڵگەکانی ئێران و تەنانەت ناوچەکە و هەروەها دیاردەیەک بە ناوی شۆڕشی ژینا یان ژن، ژیان، ئازادی کە لە ئاستی جیهانیدا بە ڕێز و ستایشەوە یادی دەکەن و ئیرادەیەکی بە خەڵک بەخشیوە کە خەریکە کۆڵەکەکانی سەرەڕۆیی و دواکەوتووی دەڕووخێنێت و لە ئاکامدا ئارمانەکانی نەتەوەی کورد و هەموو ئازادیخوازان کە ڕێبەرە ڕاستەقینەکەی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو، لە ئێراندا بچەسپێنێت.

١٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# ئورووپاییەکان بەتەمان درێژە بە گەمارۆکانی پەیوەندیدار بە هاژەکی بالیستیک دژی ئێران بدەن



ڕۆیتەرز - جان ئایریش، ئارەش محەممەد و پەریسا حافزی

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

چوار سەرچاوە گوتوویانە سیاسەتوانانی ئورووپایی بە ئێرانیان گوتووە کە ئەوان بەتەمان گەمارۆکانی پەیوەندیدار بە هاژەکی بالیستیکی، پەسەندکراو لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە کە قەرارە وەک بەشێک لە ڕێککەوتنی بەرجام لە ئۆکتۆبری ئەوساڵ ماوەکەی تەواو بێ، درێژە پێ بدەن و ئەو هەنگاوە دەتوانێ پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران تووشی قەیران بکات.

سەرچاوەکان بۆ درێژەپێدان بە گەمارۆکان ئاماژەیان بە سێ هۆ کردووە: کەلکوەرگرتنی ڕووسیە لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی لەدژی ئوکراین؛ ئەگەری گواستنەوەی هاژەکی بالیستیکی لە ئێران بۆ ڕووسیە و ئەستاندنەوەی ئیمتیازاتی بەرجام، بە لەبەرچاوگرتنی پێشێلکاریی ئەو ڕێککەوتنە لەلایەن ئێرانەوە، ئەگەرچی ئەو پێشێلکارییانە دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو ڕێککەوتنە جێبەجێ کراون.

هێشتنەوەی گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا، ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانی ڕۆژاوا بۆ پێشگرتن بە گەشەپێدانی چەکی ناوکی و ئامرازی بەرێکردنی ئەوانە، سەرەڕای تێکرمانی ڕێککەوتنی ٢٠١٥، کە سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان دۆناڵد ترامپ لە ٢٠١٨ لێی کشایەوە. نێوەرۆکی ئەو ڕێککەوتنەی ئێران لەگەڵ بریتانیا، چین، فەڕانسە، ئاڵمان، ڕووسیە و وڵاتە یەکگرتووەکان واژۆی کرد، سنووردار کردنی بەرنامەی ناوکیی ئێران بۆ دژوارترکردنی وەدەستهێنانی ڕێژەی پێویست ئۆرانیۆمی پیتێندراو بۆ بومبی ناوکی لە بەرانبەر سووککردنی گەمارۆی ئابووریدا بوو.

بەگوێرەی بەراوردی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە ئاکامی کشانەوەی ترامپ لە بەرجام و ناسەرکەوتوویی سەرکۆمار بایدن لە زیندووکردنەوەکەیدا، ئێران دەتوانێ لە ماوەی ١٢ ڕۆژدا ئۆرانیۆمی پیتێندراوی پێویست بۆ بۆمبێک دروست بکات. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە کاتی واژۆ کرانی بەرجامدا ئەو ماوەیە ساڵێک بوو.

چونکە بەرجام نەماوە، پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ دنیای ڕۆژاوا لە ساڵی ڕابردوودا خراپتر بووە، بە شێوەیەک کە واشینگتۆن و هاوپەیمانەکانی لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگای هێورکردنەوەی گرژییەکاندان و ئەگەر لەو کارەدا سەرکەوتن، بەتەمان ڕێگاچارەی جۆرێک سنووردار کردنی بەرنامەی ناوکی بدۆزنەوە. ئێران حاشا لەوە دەکات بەدوای چەکی ناوکییەوە بێ، کە ڕۆژاوا وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئیسرائیل و هەناردە کردنی نەوتی وڵاتانی عەرەبی کەنداو سەیری دەکەن.

**ئەگەری تۆڵە ئەستاندنەوەی ئێران**

سیاسەتوانێک بە مەرجی نەدرکاندنی ناوەکەی گوتی، "بەئاشکرا بە ئێرانییەکان گوتراوە کە گەمارۆکان وەک خۆیان دەمێننەوە و ئێستا پرسیار ئەوەیە ئێرانییەکان لەوانەیە کام هەنگاوی تۆڵەئەستێنانە بگرنە بەر (ئەگەر هەنگاوێکی ئەوتۆ بگرنە بەر) و چۆن چاوەڕوانی ئەو هەنگاوە بین".

گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا قەرارە ١٨ی مانگی ئۆکتۆبر بەگوێرەی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ناوکی (٢٠١٥) هەڵگیرێن. ئەوان "داوایان" لە ئێران کردبوو لە هەر کارێک بۆ گەشەپێدانی هاژەکی بالیستیک کە بتوانێ هەڵگری چەکی ناوکی بێ خۆ ببوێرن، فۆرمولە کردنێک کە بۆنی قەدەغە کردنی لێوە نایە.

ئەوان بە هەمان شێوە کڕین، فرۆشتن یان گواستنەوی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و بەشەکانیان کە بتوانێ زیاتر لە مەودای ٣٠٠ کیلۆمیتر لە ئێرانەوە یان بەرەو ئێران بفڕێ، پێش ئیزنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە هەموو کەس و لایەنێک قەدەغە کرد. لە ٢٠١٧ بەولاوە، بە پێچەوانەی بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێران تاقمێک تاقیکردنەوەی

هاژەکی بالیستیک و ناردنی مانگی دەستکردی بەڕێوە بردوون و لە مانگی مای، هاژەکێکی تاقی کردەوە کە مەوداکەی دەگاتە ٢٠٠٠ کیلۆمیتر.

زلهێزانی ئورووپایی نیگەرانی پەرەئەستاندنی پەیوەندییەکانی بەرگریی نێوان تاران و مۆسکۆن و کاربەدەستانی ڕۆژاوایی دەڵێن بەڵگەیان بۆ کەلکوەرگرتنی ڕووسیە لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی دژی ئوکراین بەدەستەوەیە و ئەگەری ئەوەش هەیە ئێران هاژەکی بالیستیک هەناردەی ڕووسیە بکات.

هێشتا ڕوون نییە تاقمە سێ قۆڵییەکەی ئورووپا، پێکهاتوو لە بریتانیا، فەڕانسە و ئاڵمان، لە کاتی چاوپێکەوتنی کاربەدەستە پلەبەرزەکەیان لەگەڵ عەلی باقریکەنی لە ١٢ی جوون لە ئەبوزەبی، بە ئێرانیان گوتووە کە بەتەمان گەمارۆکان درێژە پێ بدەن.

کاربەدەستێکی ئێرانی بە مەرجی نهێنیمانەوەی ناوەکەی بە ڕۆیتەرزی گوتووە، سیاسەتوانی ئورووپایی، ئێنریکە مۆرا، کە ڕێکخەری وتووێژەکان لەمەڕ ڕێککەوتنی ٢٠١٥یە، پرسی پاراستنی گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپای لە ٢١ی مانگی جوون لە دۆحە بە باقری کەنی گوتووە، بەڵام ئەو کاربەدەستە ئێرانییە خۆی لە باس لەو پرسە بواردووە.

کاربەدەستێکی دیکەی ئێرانی خۆی لە باس لەبارەی ئەگەری پاراستنی گەمارۆکانی یەکیەتی ئورووپا بواردووە و گوتوویەتی ئێران سەرەڕای گەمارۆکانی ڕۆژاوا، بەرنامەی ناوکی و هاژەکی خۆی گەشە پێداوە. ئەو کاربەدەستە ئێرانییە، کە ئەویش داوای بەنهێنیمانەوەی ناوەکەی کردووە گوتی، درێژە پێدانی گەمارۆکان، لە هەر ئاست و بە هەر شێوەیەک، پێش بە پێشکەوتنە هەنووکەییەکانی ئێران ناگرێ. ئەوە بیرهێنەرەوەی ئەو ڕاستییەیە کە ڕۆژاوا بۆ پشت پێبەستن و متمانە پێکردن نابێ".

## ڕێککەوتنە ناوکییەکە "چیدیکە لە ئارادا نییە"

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا هیچ لێدوانێکی لەمەڕ پاراستنی گەمارۆکان لەلایەن سێ زلهێزی ئورووپایی یان ئاخۆ هیچ بڕیارێکیان بە ئێران ڕاگەیاندووە، نەداوە. بەڵام، وتەبێژێکی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا لەبارەی وتووێژەکانی ١٢ی جوون لە ئەبوزەبی گوتی، "لەو چاوپێکەوتنەدا تاقمێک نیگەرانی لەبارەی هەڵسوکوتی ئێران، لە ناویاندا پەرەپێدانی بەرنامەی ناوکی، هاتبوونە ژێر باس".

وەزیرانی دەرەوەی فەڕانسە و ئاڵمانیش لێدوانی هاوشێوەیان لەبارەی ئەو تووویژە هەبوون. سیاستەوانێکی ئورووپایی گوتی مۆرا دەستی بە داڕشتنی بناغەی یاسایی بۆ پاراستنی گەمارۆکان کردووە کە قەرارە لەلایەن ٢٧ ئەندامی یەکیەتیی

**پووشپەڕی ٢٧٢٣**

ئورووپاوە پەسەند بکرێ، دوو سەرچاوە گوتیان پرسەکە هێشتا لەنێوان ئەندامانی وڵاتانی یەکیەتی ئورووپا نەهاتۆتە ژێر باس. ئەو سیاسەتوانە گوتی، "هەڵگیرانی گەمارۆکان بە گوێرەی ئەو گریمانە بوو کە بڕیاری ٢٢٣١ (مەبەست بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە لە ڕێککەوتنی بەرجامدا هاتووە) ڕێزی لێ بگیرێ. ئەو داوایە جێبەجێ نەکراوە، کەوابوو وتووێژێک لەگەڵ ئێرانییەکان لە ئارادایە کە ئێمە ئەو گەمارۆیانە هەڵناگرین".

وتەبێژی یەکیەتیی ئورووپا، نەبیلە ماسرالی، گوتی بەرجام هێندێک وردەکاریی لە بارەی ئەرکەکانی لایەنە جیاوازەکانی بەناو ڕۆژی گواستنەوە کە هێشتا چەند مانگی ماوە (١٨ی ئۆکتۆبر) شی کردوونە. ئەو لە وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆیتەرزدا گوتی، "ئێمە زانیاریی زیاتر لەمەڕ لایەنەکانی پەیوەندیدار بە یەکیەتیی ئورووپارە، لە کاتی پێویستدا، بڵاو دەکەینەوە." بەگوێرەی ڕێککەوتنی ناوکیی ٢٠١٥، هەرکام لە لایەنەکان دەتوانێ "مێکانیزمی پەلەپیتکە" یان گەڕاندەوەی سەرجەم گەمارۆکان، کارا بکات. زۆربەی گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دوای کشانەوەی ترامپ، سەپێنراونەوە.

بەڵام، سێ سەرچاوە گوتیان کە سێ زلهێزە ئورووپاییەکە زۆرتر لەبەر ئەو هۆیە پێیان خۆش نەبوو ئەو کارە بکەن چونکە ئەوە بنکۆڵکردنی ئەو هەڕەشەیە بوو کە ئەوان ساڵی ڕابردوو لە نامەیەکدا بە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێرانیان ڕاگەیاند، واتە بێتوو ئێران ئۆرانیۆم بۆ ئاستی کەڵک لێ وەرگیران بۆ بۆمبی ناوکی بپیتێنێ، ئەوان "مێکانیزمی پەلەپیتکە" کارا دەکەن.

ئێران ئۆرانیۆمی تا ئاستی ٪٦٠ پیتاندووە و ناوەندی چاودێریی ناوکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسەواری ئورانیۆمی پیتێندراو بە پلەی ٪٨٣،٧ دیتۆتەوە کە کەمێک لە پلەی ٪٩٠ کەمترە کە بۆ چەکی ناوکی پێویستە. ڕێککەوتنی ٢٠١٥ سنووری پیتاندنی ٪٣،٦٧ دیاری کردبوو.

هێنری ڕۆم، لێکۆڵەرەوەیەکی ئەنستیتۆی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە واشینگتۆنە، گوتی بڕیاری یەکیەتی ئورووپا بۆ پاراستنی گەمارۆکان دەتوانێ یەکەم هەنگاوی بەرچاوی سێ وڵاتی زلهێزی ئورووپایی بێ کە بە مانای پێشێلکردنی ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥ یە. ڕۆم گوتی، "ئەوە جێگرەوەی بڕیاراتی نەتەوە یەکگرتووەکان نییە، بەڵام دەتوانێ لانی کەم لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتانی ئورووپاییدا، بەو مانایە بێ کە ئەوان ملکەچی ئەو جۆرە کردارانەی ئێرانییەکان نابن و، ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوونەیە کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێککەوتنێکی چەسپاندووە کە بە هێچ شێوەیەک بوونی نەماوە ".

**١٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٣**

# "کۆسالان" و "بۆڕیەر"، حەماسەیەک بۆ خوڵقاندنی مێژوو



**ئەژین حوسێنی**

لەوەتا لەبیرمە کۆسالان و ناوەکەی لام مەزن، بەرز و پیرۆز بووە. ڕاستە تەمەنم ئەوەندە نەبوو بە چاوی خۆم حەماسە و قارەمانەتییەکانی هێزی پێشمەرگە ببینم، بەڵام گێڕانەوەی بەسەرهات و چیرۆکی قارەمانەتیی پێشمەرگەکان لەلایەن کەسوکار و تەمەندارەکانی بنەماڵە و دەوروبەرمان بۆ نەسڵی ئێمە، هەموو ببوونە هۆکارێک کە "کۆسالان" لای ئێمە بە هێمایەکی بەرز و مەزن بناسرێ.

پووشپەڕی ٩٥ کاتی هاتوچۆی من بۆ سەوڵاوا بۆ کاروباری زانکۆ و دەستپێکی تاقیکارییەکانی کۆتایی ساڵی خوێندن بوو. هەموومان ئاگاداری جموجۆڵی نائاسایی هێزەکانی ڕێژیم بەرەو کۆسالان بووین. هەواڵە دڵتەزێنەکە تەمی خستبووە دڵی هەموو خەڵکەوە: "پۆلێک پێشمەرگە لە کۆسالانن و کەوتوونەتە بۆسەی دژمنەوە و بەداخەوە شەهیدیشمان داوە."

ئۆەفرەمان لێ هەڵگیرابوو. هێزێکی زۆر و کۆکوپۆشتەی ڕێژیم سەوڵاوا و گوندەکانی دەوروبەریان گەمارۆ دابوو. لە ماوەی ئەو شەڕ و تێکهەڵچوونەدا کە چەند ڕۆژێکی خایاند؛ هێزەکانی ڕێژیم لە شاری سەوڵاواوە بە تۆپ و خۆمپارە کۆسالان و مەیدانی شەڕەکەیان تۆپباران و کاتیوشاباران دەکرد و ئەوەش ببووە هۆی ئاگرتێبەربوون و سووتانی کۆسالان.

زیانەکان لە بەرەی دژمنیش کەم نەبوون و جەندەکی دەیان کەس لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە گۆڕەپانی شەڕەکە کەوتبوو، و ژمارەیەکی زۆریشیان برینددار ببوون کە هەر ئەمە ببووە سوکنایی دڵی زامداری خەڵکی ناوچەکە و بێگومان هەموو کوردستانیش کە لەسۆی لەدەستدانی ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان سەریان لەهەش نابوو.

لەو شەڕ و تێهەڵچوونەدا نۆ پێشمەرگە شەهید ببوون و دوو کەسیان توانیبوویان ئاڵقەی گەمارۆکە بشکێنن. ئەوان پەیامی خۆیان بە بایی ژیانیان گەیاندە گەلەکەیان و کۆسالانیان کرد بە هێمای خۆڕاگری. ئەو حەماسەیە وایکردبوو ناوی پێشمەرگە لە کۆڵان و بن دیوار، لە بازاڕ و مووچە و مەزرا، لە قوتابخانە و زانکۆکان و لەهەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا باسی سەر زاری هەمووان بێت و ئۆخژنیان پێ ببەخشێت. ئیتر کۆسالان لەپێش چاویان بە هەیبەتتر لە جاران خۆی دەنواند و، ئەو حەماسە و خۆڕاگرییە و، ئەو ورە و بڕوای بەرز و ئیرادە لەگیراننەهاتووانە بوون بە هێمای ورەبەخشیی پێشمەرگە و بەرچاوڕوونیی خەڵک بۆ بەشداریی لە خەباتدا.

میلەکانی کاتژمێر بۆ دە ڕۆژ وەپێش دەخەین: ئەو دوو پێشمەرگەیەی کەمینەکەیان تێک شکاندبوو و خۆیان لە ئامێزی کۆسالاندا بۆ بەگژداچوونەوەی دوژمن ئامادە کردبوو، "کاوە جەوانمەرد" و "سەرکەوت سەمەدی"یان ناو بوو. ئەوان لە شوێنی شەڕەکە دەرباز ببوون و دوای حەوتوویەک لە بۆڕیەر بەهۆی ڕاپۆرتی خاکفرۆشانەوە شوێنیان هەڵگیرا و کەوتنە بەر هێرشی دڕندانە و نامرۆڤانەی هێزەکانی ڕێژیم و پاش بەربەرەکانێیەکی زۆر شەهید بوون.

شەهید سەرکەوت کە خۆی خەڵکی سەرومالْ بوو، شارەزای ناوچەکە بوو. ئەو خۆی و هاوڕێ برینددارەکەی گەیاندبووە "هۆزەلی" لە بۆڕیەری شەهید ئەسعەد موفەدەسی و جێگەی دەیان حەماسە و قارەمانییەتی پێشمەرگەکانی دەیەی شەست، تا شەکەتی جەستەی تەزیوی خۆیان دەرکەن و تینێک وەبەر گیانی نەسرەوتوویان بگەڕێت. ئەوان دەیانزانی زۆربەی خەڵکی ئاوایی نیشتمانپەروەر، پێشمەرگەدۆست و ڕزگاریخوازن. دەیانزانی "کاڵێسەر" تامەزرۆی بینینی پێشمەرگەیە، وەک دایکی لە هەڵبڕاو، وەک گراوی لە یار دابڕاو. داربەڕووەکانی "هۆزەلی" و "داواری" و "واریتەوەن" کە هەمیشە پەنا و حەسانەوەی پێشمەرگەکان بوون باوەشیان بۆ ئەوینددارانی ئازادی گرتبۆوە و، کانیاوەکانی بۆڕیەر بە حەسرەتی شکاندنی تینوێتیی خۆشەویستترین ڕۆڵەکانی نیشتمان بوون. ...



سەرچاوە
Serchawe

هێزەکـانی ڕێـژیم هەر وەک ئەو دیمەنـانەی لە هێرشی داعشمان بینیـوە، ڕژانە سەر ئـاوایی. ماشینێکی زۆر کە دۆشکا و بی.کەی.سی و تیربـاریان لەسەر دامەزرابوو، و پڕ بـوون لە جاش و پاسدار، بە ئـاواییەوە وەر بـوون. وەک بڵێی هـاتبێتنە کافرستان بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی جیهادی خومەینیی جەلاد، بۆ خوڵقاندنی تاوانێکی دی بە پیشەی هەمیشەییان. ...

هێزی داعیشئاسای پاسدارەکان هیچ زانیارییەکیـان لەسەر ئـاوایی ئێمە نەبوو، و ئەوە جاشەکان بـوون بـۆ دەستخۆشانە و خۆشخزمەتی و حەڵاڵکردنی ئەو سەولەیەی دەیاندەنێ، چاوساغیی ئەوانیان دەکرد. نێو ئـاوایی بە هەمـوو هەرد و هەوار و کـانی و ڕێگاکـانی بە هێزەکـانی ڕێـژیم تەنـدرابوو، و جاشـەکانیش وەک هەمیشـە کەواسـووری بەر لەشـکەر. ئەوان داربەڕووەکـان، کانییەکـان، دەنگەکـان، نیگاکـان هەمـووو هاتوچووەکانیـان خستبووە ژێـر چـاوەدێریی خۆیـان. فەرمانـدەی هێزەکەی دوژمن (ڕەجەبی) کە لە ترسی قەنناسەکەی مامۆستا سەرکەوت -کە دەیان کەلاکی لە هێزەکـانی خستبوو- هێزێکی زۆری لە دەور و پشتی وەک قەڵغـان دانـابوو، و پیلانـی گرتنـی دواسەنگەری شۆڕەسوارەکانی حیزبـی دێموکراتی دادەڕشت. "زیارەتـان"، "ملەکەوە" ڕووبەڕووی "هـۆزەلی" پـڕ بـوون لە گەلە کەمتیـارە برسییەکان و لـوولەی دۆشکایان تێگیرانـدبوون و لەوبەریـش، لە چـوار لاوە "هۆزەلی"یـان گەمـارۆ دابـوو. زۆری نەبـرد ئاگریـان لە هـۆزەلی بەردا و مـووچە و مەزرای گەنمـی خەڵکیان سووتـاند و ئیزنیان بە هیچ خاوەن موچە و باخێک نەدا بچێت بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە.

جـووتە پێشـمەرگەی قارەمـانی ئەم حەماسەخوڵقێنییە کە هەمـوو فیشەکەکانی خۆیـان لەو شەڕەدا بەردرێـژەدا تەقانـدبوو، یەکـی تەنیـا نارنجۆکێکیـان پـێ مـابوو. ئەوان بـۆ ئەوەی بەزینـدوویی نەکەونە دەست گەلـی کەمتیـارە برسییەکان و بە دیل نەگیرێن، نـارنجۆکیان بە خۆیـاندا تەقـاندەوە. بـۆ چەنـد چرکە دنیـا کش و مـات بـوو، و دەنگـی نـارنجۆکەکە بە مل هەمـوو دەنگەکـاندا زاڵ بوو.

دوای تەقەی نارنجۆکەکە کەمتیارە برسییەکان کە لە سەرەتـاوە لە تەرمەکانیشیان دەترسـان، لە هەمـوو لایەکەوە دەستیان کـردە تەقەکـردن لێیـان و، ڕژانە سـەریان. ئەوان بە ڕق و قیـنەوە هەسـتیان بە سـەرکەوتن دەکـرد و لەو بێـدەنگییە مەرگاوییەدا هاوار و قیژەی پاسدارە دڵپڕ لە قینەکان لە چوار لاوە دەنگی ئەداوە.

بە تەقەی نارنجۆکەکە جەرگی هەموو دایکانی بۆڕیەر وەک جەرگی دایە نەهیە سووتا و ئاگرێک کە کەوتە هۆزەلی گڕی لە دەروونـی هەمـوو خەڵکـی ئـاوایی بەردابـوو. سەرتـاپای ئـاوایی خەم دایپۆشی و دڵـی خەڵـک شەقار شەقار ببـوو. سیما و ڕوخساری ئاوایی بۆڕیەر وەک کەسێکی زنجیرکراو، بریندار، مانـدوو و شەکەت وابـوو کە هیچیشی لە دەست نەیەت. خەڵـک بە داخ و کەسەرەوە و بە نیگـایەکی پـڕ لە بەزەیی و بێدەسەڵاتییەوە تەماشای یەکیـان دەکرد و ئەو دیمەنـانە تاڵەتـامی مەرگی خستبووە هەناوی برینداری ئاوایی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەری بۆڕیەرەوە. دەتگوت هەر ماڵێ بە شینی کوڕێکەوە



سەرچاوە
Serchawe

پووشپەڕی ٢٧٢٣

دەتلێنەوە، دەتگوت کۆمەڵکوژ کراوین، وەک ئاوایی قاڕنێ و قەلاتان و. ...

شەقار شەقار بوو،
سنگی "کاڵێسەر"
ئەنجن ئەنجن،
جەستەی داربەڕووە کانی "هۆزەلی"
کانی "مامایش" گریا و
"واریتەوەن" بەرۆکی خۆی داڕنی!
"داواری" دەستی بە خوڵ پێوان کرد
بۆسۆی سووتانی جەرگی دایکم هات
ئەو دەمەی وا
تک تک
خوێنی زامی "شەهید" ڕژایە سەر ڕوخساری خاک..
هەرچەند ئەمزانی قەت نامرن
بەڵام نازانم لە بەرچی چاوەکانم بۆتان دەگریا

پیاوکوژان و هێزی موغولئاسای ڕێژیم سەرمەستی ئەو سەرکەوتنە! تەرمی شەهیدەکانیان لە چاوی خەڵک شاردەوە و بە ئوتومبیل ڕفاندیانن هەتا گۆڕبزریان بکەن. بەڵم خافڵ لەوە بوون لەوە کە کاکۆی جەوانمەرد و فەرماندە سەرکەوت بووونە ئۆستوورەیەک بۆ خەڵک! کاکۆ بۆرپەری کردە سیما و هێمای بەرخودان و لە سێبەری دارە سووتاوەکانی هۆزەلیشدا مامۆستا سەرکەوت ئیتر تەنیا هەر مامۆستا نییە، بەڵکوو هۆزەلی کردە قوتابخانە و هەموو ڕۆژێک قوتابییانی ئەو مەکتەبە لە کانیی بیری دەخۆنەوە و هێز و تینی خەباتی لێ وەردەگرن. ...

لە ساڵیادی شەهیدبوونی شەهیدانی "کۆساڵان"دا هەزاران سڵاو لە ناو و یادی هەرمانیان.

١٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ئەشکەنجە و جەزرەبەدان وەک ئامرازی سەرکوتی سیستماتیک



(بەبۆنەی ٢٦ی ژوئەن - ٥ی پووشپەڕ – ڕۆژی جیهانیی پشتیوانی لە قوربانییانی ئەشکەنجە)

**عومەر باڵەکی**

هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ٢٦ی ژوئەن (٥ی پووشپەڕ) بە پشتیوانیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرانسەری جیهاندا کۆمەڵێک چالاکیی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچن کە تێیدا بەدژی ئازار و جەزرەبەی زیندانیان باس دەکرێ. هەروەها ڕێز لە هەموو ئەو کەسانە دەگیردرێ کە بە هۆی ئەزیت و ئازار لە زیندانەکاندا گیانیان لە دەست داوە، یا توانیوویانە بە کۆڵەمەرگی لە زیندانی دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ گیان دەرباز بکەن.

ڕۆژی ٢٦ی ژوئەن بە دوو هۆکار لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بە ڕۆژی جیهانیی پشتیوانی لە قوربانییانی ئەشکەنجە دیاری کراوە. یەکەم لە ڕێکەوتی ٢٦ی ژوئەن ١٩٤٥دا مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان وەک یەکێک لە گرینگترین بەڵگەنامەکانی نێونەتەوەیی کە ئەندامەکانی پابەند بە جێبەجێکردن و گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ دەکا، پەسند کرا. دوویەم لە ٢٦ی ژوئەنی ١٩٨٧دا کۆنڤانسیۆنی پێوەندیدار بە نەهێشتنی ئەزیەت و ئازار و هەموو جۆرە

سزایەکی بێبەزەییانە و دژە ئینسانی و شکاندنی حورمەتی مرۆڤایەتی، لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسند کرا و کەوتە خانەی جێبەجێکردن.

لە وڵاتانی دێموکراتیکدا بەهۆی ئەوەی یاسا هەتا ڕادەیەکی بەرچاو حاکمە و گشت تاک و کۆی کۆمەڵگە لە بەرانبەر قانووندا یەکسانن، هەموو ئەو یاسایانەی لەلایەن دامەزراوە نێونەتەوەییەکانەوە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ پەسند کراون؛ هەتا ڕادەیەکی بەرچاو جێبەجێ دەکرێن. هەروەها ئەو دامودەزگا و کەسانەی بەئانقەست ئەو قانوونانە ژێرپێ دەخەن و لە کاروباری ڕۆژانەیاندا لەبەرچاوی ناگرن، لە ڕێگای یاساوە پێشیان پێ دەگیرێ و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ. بەڵام لەو وڵاتانەی دەسەڵاتداران و دەزگای حاکم بە دەنگی خەڵک هەڵنەبژێردراون و بە شێوەیەکی دێموکراتیک بە دەسەڵات نەگەیشتوون و، بۆ مانەوەی خۆیان دەست لە هیچ توندوتیژییک ناپارێزن، هیچ پابەندییەکیان بە یاسا نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان کە ئامانجیان پاراستنی مافەکانی مرۆڤە، نییە و لەڕاستیدا خۆیان سەرچاوەی سەرەکیی پەرەپێدانی توندوتیژیی نێو کۆمەڵگەن.

ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو وڵاتانەیە بەپێی هەموو ئامار و سەرچاوەکان، ساڵانە لە ڕێگای دامودەزگا حکوومەتی و دەوڵەتییەوە زۆرترین پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤی تێدا بەڕێوە دەچێ. هەر ئەو پێشێلکارییە سیستماتیکانە وای کردووە لە ماوەی ٤٤ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ئێران پابەندی هیچ یاسا و ڕێسایەکی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی نەبێ. بۆیە هەموو کات لە ڕیزبەندیی پێشەوەی جیهانیی وڵاتانی ئەشکەنجەدەر و پێشێلکاری مافی مرۆڤدا جێی گرتووە. ئەشکەنجەدانی بەندی و دەسبەسەرکراوان لە ئێران لە حاڵێکدایە، کە ئەسڵی ٣٨ یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران باس لە قەدەغەبوونی ئەشکەنجە بۆ وەرگرتنی زانیاری لە تۆمەتبار و یا دانپێدانانی تۆمەتبار بە تاوان دەکا و دەڵێ: "هەر جۆرە ئەشکەنجەیەک بۆ دانپێدانان یا وەرگرتنی زانیاری قەدەغەیە. ناچارکردنی کەسێک بە دانی شاهیدی، دانپێدانان و سوێندان ئیزن پێدراو نییە. سەرپێچیکارەکان لەو ئەسڵە بەپێی یاسا سزا دەدرێن." لە ڕوانگەی یاسادانەرانی ئێرانییەوە بۆ زەمانەتی جێبەجێکردنی ئەسڵی ٣٨ی قانوونی بنەڕەتی، لە ماددەی ٥٧٨ی یاسای سزادانی ئیسلامی ئەزیت و ئازاردانی تۆمەتبار بۆ وەرگرتنی زانیاری یا دانپێدانان بە تاوان و یا ناچارکردن بە دانی شاهیدی و سوێندخواردنی قەدەغە کردووە و سزای بۆ بکەرانی ئەو کردەوەیە داناوە. هەتا ئێرە کە چاو لە ئەسڵ و بڕگەکانی قانوونی بنەڕەتی و قانوونە بەرکارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکەین، دەبینین هەتا ڕادەیەکی باش لەو بڕگە و ماددانەدا مافی دەستبەسەرکراو یا زیندانی ڕەچاو کراوە. بەڵام کە چاو بە کارنامەی ڕۆژانەی دامودەزگای قەزایی و ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا دەخشێنین، داتا و ئامارەکان لە ئەشکەنجە و بێبەشکردنی زیندانی لە مافە ئینسانی و یاساییەکانی ڕوخسارێکی دیکە لە بەڕێوەبەرانی دەزگای قەزایی و ئەمنی پێشان دەدەن کە ڕێک پێچەوانەی ئەو ئەسڵ و

مادده و یاسا پەسندکراوەکانی خودی نیزامە.

ئەوە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر بمانەوێ باشتر بچینە نێو ناخی بابەتەکە و ڕادەی بەرپرسیارێتیی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر کۆمەڵگەی جیهانیدا پیشان بدەین، وا باشە هەڵسەنگاندنێک لەنێوان پێناسەی کۆنڤانسیۆنی قەدەغەکردنی ئەشکەنجە و ئەسڵی ٣٨ی یاسای بنەڕەتی ئێران بکەین و ئەوکات دەردەکەوێ کە خودی ئەسڵی ٣٨ی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی لەسەر باوەڕداربوون بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن یاسادانەری ئێرانییەوە دانەڕێژراوە، بەڵکوو زیاتر بۆ پیشاندانی ڕوخسارێکی سەردەمیانەی نیزام لە قانوونی بنەڕەتیدا جێی بۆ کراوەتەوە.

ماددەی یەکەمی کۆنڤانسیۆنی ڕێگری و نەهێشتنی ئەشکەنجە بەو شێوەیە پێناسەی ئەشکەنجە دەکا: "هەر کارێکی بەئانقەست کە ببێتە هۆی ئەزیت و ئازاری زۆری جەستەیی و ڕەوانی لەدژی کەسێک بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری، یا ناچارکردن بە دانپێدانان بە کارێک لەو کەسە یا کەسی سێیەم، دەچێتە چوارچێوی ئەشکەنجە. هەروەها سزادانی کەسێک لەسەر کارێک کە ئەو یا کەسی سێیەم کردوویەتی، یا ڕەنگە بیکات، بە هەڕەشە و ناچارکردن و لەسەر بنەمای هەر جۆرە، هەڵاواردنێک و ئەوکاتەی ئەو جەزرەبە جەستەیی و ڕەوانییە بە هاندان و یا بە ڕازیبوون و یا نەبوونی هیچ دژایەتێک لەلایەن مەئمووری دەوڵەتی، یا هەر خاوەن پلە و پایەیەک بەڕێوە بچێ، دەبێتە ئەشکەنجە".

لەو مادده قانوونییەی کۆنڤانسیۆندا بە ڕوونی دەستنیشانی هەموو ئەو کارانەی کردووە کە دەچنە خانەی ئەشکەنجە و جەزرەبەدانی زیندانی کە دەتوانین بەو شێوەیە ئەو بابەتانە دەستنیشان بکەین: هەر جۆرە ئەزیەت و ئازاردانی جەستەییی تۆمەتبار بۆ وەرگرتنی وتەی دانپێدانان بە تاوان، ڕاگرتنی زیندانی لە سللولی تاکەکەسی و یا کەلکوەرگرتن لە ژووری تاکەکەسی بۆ زیاتر لە یەک کەس، بێبەشکردنی زیندانی لە خەو و لێکۆڵینەوەی لە زیندانی لە شەودا، بەڕێوەبردنی هێندێک کار و کردەوە کە کاریگەری لەسەر ڕوح و ڕەوانی زیندانی لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێ. جنێودان و بەکارهێنانی دەستەواژەی دوور لە کەسایەتیی ئینسان و یا شکاندنی کەسایەتی زیندانی لە کاتی لێپرسینەوەدا، پێڕانەگەیشتن بە زیندانی لە بواری لەشساغییەوە، ڕاگرتنی زیندانی لە شوێنی پڕ لە هەراوهوریا بۆ ئازاردانی دەروونیی زیندانی، برسی یا تینووکردنی زیندانی، تێکەڵکردنی زیندانی لەگەڵ زیندانییانی جۆراوجۆر بۆ شکاندنی کەسایەتی ئەو، پێشگیری لە چاوپێکەوتنی بنەماڵەی زیندانی لەگەڵ یەکتر واتە زیندانی و بنەماڵەکەی نەتوانن یەکتر ببینن. پێشگیری لە دیتن و چاوپێکەوتنی پارێزەری زیندانی، هێنانی فشاری زۆر بۆ زیندانی لە ڕێگای فشارهێنان بۆ بنەماڵەکەی.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام ئەسڵی ٣٨ی یاسای بنەڕەتیی ئێران لەگەڵ ئەوەدا باس لە قەدەغەبوونی ئەشکەنجە دەکا، کەچی یاسادانەر زۆر داخراو بابەتەکەی هێناوە و ڕوونی نەکردووتەوە کە مەبەستی لە "هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەک" تەنیا ئەو ئەشکەنجە جەستەییانە دەگرێتەوە و یا مەبەستی یاسادانەر ئەشکەنجەی دەروونییش بووە. چونکە ماددەی ٥٧٨ی قانوونی سزادانی ئیسلامی کە پاڵپشتی جێبەجیکردنی ئەسڵی ٣٨ی یاسای بنەڕەتییە، تەنیا باس لە سزای ئەو کەسانە دەکا کە لە زینداندا ئەشکەنجەی جەستەیی دراون و بە لای لایەنی دەروونی و ڕەوانیی بابەتەدا نەڕۆیشتووە. بە بوونی ئەسڵی ٣٨ی یاسای بنەڕەتی و ماددەی ٥٧٨ی قانوونی سزادانی ئیسلامی و نێوەرۆکی ماددەی ١ی کۆنڤانسیۆنی مەنعی ئەشکەنجەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئێران لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەدا ئەندامە و زۆربەی بەڵگەنامەکانی ئەو ڕێکخراوەی واژۆ کردووە، کاروکردەوەی دەزگای قەزایی و ئیدارەی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی لەگەڵ هەموو ئەوانەی سەرەوە لێک جیاوازە. چونکە هەموو ئەو بابەتانەی لە خوێندنەوەی ماددەی یەکەمی کۆنڤانسیۆنی مەنعی ئەشکەنجە و تەنانەت ئەسڵی ٣٨ی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامییشدا هەڵدەینجندرێ، بە تەواوی دەرحەق بە زیندانی دادەنرێ و لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا وەک کەرەسەی وەدەستخستنی زانیاری و دانپێدانانی تۆمەتباران کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. لە هەمان کاتدا برگە و ماددەکانی یاسای سزادانی ئیسلامی پڕە لە ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی کە بەرگی قانوونی ئیسلامییان لەبەر کراوە -وەک لێدانی قامچی، قەساس بە هەموو شێوازێکیەوە، بڕینی پەنجەکانی دەست، ئێعدام بە بەرچاوی خەڵک و...- کە ئەو بەناو سزایانە هەم لایەنی ئەشکەنجەی جەستەیی و هەم لایەنی ئەشکەنجەی ڕوحی بۆ کەسی سزادراو هەیە و هەم کاریگەریی خراپ لەسەر ڕوح و ڕەوانی بنەماڵە و کۆمەڵگەی کەسی سزادراو بۆ ساڵانێکی دورودرێژ لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێ. کارنامەی ٤٤ ساڵەی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شاهیدی بۆ ئەو ڕاستییە دەدەن.

لە مێژووی دەسەڵاتداریەتیی کۆماری ئیسلامی بە هەزاران بەڵگەی جێگای متمانە لە بەردەستدا هەیە کە بوونی ئەشکەنجە و جەزرەبەدانی بە بەرنامە لە زیندانە جۆراوجۆرەکانی ئەو نیزامەدا دەسەلمێنێ. بێجگە لەو هەموو لێداون و بیرەوەرییانەی زیندانییان دوای ڕزگاربوونیان لە زیندان بڵاو بوونەتەوە، دەتوانین بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە چەند نموونەیەک لە ناڕەزایەتی دەربڕینی کاربەدەستانی دەزگای حاکمەی کۆماری ئیسلامی لەسەر بابەتی ئەشکەنجە بە نموونە لێرەدا باس بکەین:

- نامەی ئایەتوڵڵا مونتەزری ئەوکاتەی وەک ئەرک و بەرپرسایەتیی حکوومەتی جێگری خومەینی بوو. ناوبراو لەو نامەیەدا سەربارەت بە بوونی ئەشکەنجە لە زیندانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئاوا دەنووسێ: " ... ئایا دەزانی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە ناوی ئیسلام جینایەتی وا ڕوو دەدا کە لە زیندانەکانی ڕێژیمی پێشوودا هیچ کات نەبیندراوە؟ ئایا دەزانی ڕادەیەکی بەرچاو لە زیندانییەکان لەژێر ئەشکەنجە و جەزرەبەی لێکۆڵەرەکان کوژراون؟ ئایا دەزانی کە لە زیندانی



سەرچاوە
Serchawe

پووشپەڕی ٢٧٢٣

شاری مەشهەددا نیزیک بە ٢٥ کچ بەهۆی ئەو کارانەی لەگەڵیان کراوە، ناچار بوون منداڵەکانیان لەبار ببەن؟ ئایا دەزانی کە لە هیندێک لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە زۆری دەستدرێژی دەکرێتە سەر کچان؟

- لە ١٤ی ڕەشەممەی ١٣٥٩ بەنی سەدر، سەرکۆماری ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی لە وتارێکدا کە لە زانکۆی تاران پێشکەشی کرد، ناڕەزایەتیی خۆی لە بوونی ئەشکەنجە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەربڕی. هەر ئەوکات ئەو قسەیە لەنێوان لایەنگران و دژبەراندا گرژی و ئالۆزیی دروست کرد.

- غوڵامحوسێن کەرباسچی، شارەداری پێشووی تاران دوای ئەوەی لەلایەن دەزگای دادوە دەستبەسەر کرا، لە ڕەوتی دادگاییکردندا، پەردەی لەسەر ئەشکەنجەدانی بەرپرساوی شارەدارەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی تاران لادا کە بۆ تاوانبارکردنی کەرباسچی لەلایەن دەزگای پاراستنی ئیتلاعاتی هێزی ئینتزامیی تارانەوە، کەوتبوونە بەر ئەشکەنجە و جەزرەبەدان.

بێجگە لەو چەند نموونەیە کە باس کرا، هەروەک پێشتر گوترا بە هەزاران نموونەی دیکە دەتوانرێ وەک بەڵگە لەسەر تاوانی ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازاری جەستەیی و ڕەوانی زیندانی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی باس بکرێن. بەڵام ئەو سێ نموونەیە قسەی کەسانێکن کە هەرکام لە سەردەمی خۆیدا لە پێگرتن و درێژبوونەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ڕۆڵ و نەخشی خۆیان هەبووە. بۆیە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی کاربەدەستانی دەزگای قەزایی و ئینتزامی ئەم ڕێژیمە ناتوانن حاشا لەو ڕاستییانە بکەن و خۆ لە ئاستی بەرپرسیارەتیی کۆمەڵگەی جیهانی لەلایەک و بیروڕا و ویستی خەڵک لە نێوخۆی ئێران لەلایەکی دیکەوە کەڕ بکەن. چونکە دەرنگ یا زوو ئەو دەنگە نەبستراوانە، دەبسترێن و چیدی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناتوانن لە نەزمی جیهانی و ویستی زۆرینەی گەلانی ئێران یاغی بن.

١٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# تیرۆر، پێناسەیەکی هەمیشەیی بۆ کۆماری ئیسلامی




**شەماڵ تەرغیبی**

بۆ جارێکی تر دەستی تاوان و تیرۆری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران چەند ڕۆڵەیەکی تێکۆشەری کوردی کردە ئامانج و بە شەهیدکردنی دوو ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ریسواییەکی دیکەی خستە سەر کارنامەی شووم و پڕ لە تیرۆری خۆی. نیوەشەوی ١٥ لەسەر ١٦ی پووشپەڕی ١٤٠٢ی هەتاوی، چەند کەس لە ئەندامانی حیزب کە بە سەردان چووبوونە دەوروبەری "هەڵشۆ"ی سەر بە شاری قەڵادزێ لە باشووری کوردستان، لەلایەن بەکرێگیراوێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بە پیلانێکی لەپێشدا دارێژراوەوە تەقەیان لێ کرا کە بەداخەوە دوو کەسیان بە ناوەکانی عادڵ موهاجیر ناسراو بە "سەرباز" و لوقمان ئاجی، شەهید بوون.

کۆماری ئیسلامی لە ڕابردووشدا زۆر جاران بۆ ڕەواندنەوەی ترسە نەهادینەبووەکانی دەستی بۆ ڕەشەکوژی و تیرۆر بردووە و وەک دەڵێن لەم پرسەدا قاڵ بووە. بە دەستپێکردنی شۆڕشی ژینا کە کوردستان تیایدا ڕۆڵی پێشەنگایەتی گێڕا و حیزبەکانی کوردستان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆڵی بەرچاوی لە پشتیوانیکردن و مودیرییەتی ئەم شۆڕشەدا گێڕا، کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەمیشە دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات دەرخست.

**پووشپەڕی ٢٧٢٣**

دەستڕێژی ڕاستەوخۆ لە شۆڕشگێڕانی کورد لەسەر شەقامەکانی شار و هێرشی مووشەکی و درۆنی بۆ سەر بنکە و بارەگای حیزبەکان بەڵگەی ڕوونی ئەم ئیدیعایانەن. ئێستا کە خەباتێکی شێلگیرانەتر لە ڕابردوو هاتووەتە کایەوە و خەڵک بە ڕێنوێنی حیزبە ڕەسەنەکانی خۆیان لەسەر شەقامن و ئامادەن بۆ ئازادی و دابینکردنی مافەکانیان گیان بدەن، تیرۆر و ڕەشەکوژی و هەوڵدان بۆ ڕووشاندنی ڕوخساری بزووتنەوەی کوردستان لە شێوەی جۆراوجۆری خۆیدا دەستی پێکردۆتەوە؛ کۆماری ئیسلامی بە باشی دەزانێ کە گەورەترین مەترسی بۆ ڕێژیمەکەیان حوزووری بیری ئازادیخوازانە و مافویستانەیە کە لەم نێوانەدا حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پێشەنگن؛ ئەوان دەزانن تەنیا شتێک کە ڕۆژهەڵات زیندوو دەکاتەوە ئەو مانیفێستە فکرییەیە کە کەسانێکی وەک شەهید د.قاسملوو داڕێژەری بوون؛ بۆیە دەتوانین بڵێین کۆماری ئیسلامی بۆ وەڵامی کێشەکانی زووتر لە هەموو شتێک پەنا بۆ تیرۆریزم دەبات. تیرۆریست بوون و تیرۆر بەشێکە لە کارەکتەری ئەم ڕێژیمە؛ لە مێژووی دونیادا بێوێنەیە کە دیپلۆماتی وڵاتێک هاوکات تیرۆریست بێت، بەڵام بۆ کۆماری ئیسلامی ئەمە بەشێکە لە شوناس و پێناسەی ئەم ڕێژیمە و ئەلحەقیش کە بۆ پاراستنی ئەم هۆڤییەت و شوناسەی خۆی لە هیچ کردەوەیەکی قێزەون و نامرۆڤانە درێغی نەکردووە.

تیرۆریستبوون یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاو و زاتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕیژیمەکانی پێش ئەم ڕێژیمەش بووە لەم سەرزەمینەدا. یەکێک لە گرینگترین ئێلێمانەکانی کاراکتێری کۆماری ئیسلامی و تەنانەت حکوومەتەکانی پێش ئەویش لە ئێراندا تیروریزمە. تیرۆری سمایل ئاغای سمکۆ نموونەیەکی بەرچاوی ئەو تیرۆرانەیە کە پێش ئەم ڕێژیمەش ڕووی داوە و دەرخەری ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسیی لە تاران لەسەر تیرۆر، درۆ و تاوان بنیات نراوە. ئەوەی کە هەموو ئەو ڕێژیمە سیاسییانەی کە لە ئێران سەر هەڵ دەدەن دەتوانن ڕێبەرانی کورد بانگهێشت بکەن بۆ سەر مێزی وتووێژ و تیرۆریان بکەن دەرخەری ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک بنەما ئەخلاقییەکانی ئەو کەلتوورە داڕووخاون.

تیرۆری دوو ئەندامی حیزب لە باشووری کوردستان بەدەستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەویش ڕاست لە مانگی پووشپەڕدا کە حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان تیایدا ٣٤ساڵ پێش ئێستا لێوەشاوەترین ڕێبەری خۆی لەدەست دا، مانا و مەفهوومی خۆی هەیە. یەکەم ئەوەیکە ئەم ڕێژیمە کە ٣٤ ساڵ پێش و لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاویدا دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووی لەسەر مێزی وتووێژ تێرۆر کرد، تا ئێستاش لەم کردەوە قێزەونانەی هەروا بەردەوامە و وەک باس کرا بەشێکە لە پێناسە و هۆڤییەتی هەمیشەیی خۆی، دووهەم ئەوەیکە حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە بۆ دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی هەمیشە هەدەف و ئامانجن و دوژمنایەتیی ئەم ڕێژیمە لەگەڵ ڕیبەرایەتیی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی کوردستان، واتە حیزبی دێموکرات وا دیارە لەبڕاننەهاتووە.

**پووشپەڕی ٢٧٢٣**

ڕاستە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەم کارانەی دەتوانێ گیانی چەند تێکۆشەرێکی کورد بستێنێ و شەهیدیان بکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە ڕق و تووڕەیی خەڵکی کوردستان لەم ڕێژیمە – بە هۆی ئەم کردەوە ترسەنۆکانەی بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە - گیانێکی خەباتکارانەی دیکەی بەهێز و لێبڕاو بە خەڵک و تێکڕای تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیی کورد و کوردستان دەبەخشێ و ڕێگای هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان ئاوەدانتر و باوەڕمەندتر لە هەمیشە بەردەوام دەبێت.

**١٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٣**

---

# ئەم شۆڕشە دەبێ بە چی بگا؟



**ئاسۆ مینبەری**

کاتێک ستەم لە کۆمەڵگەیەکدا بەرفراوان دەبێتەوە و لایەنە جیاوازەکانی ژیانی تاکەکان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، یەکەم هەنگاوێک کە لەلایەن کۆمەڵگەوە هەڵدەگیردرێ، دەربڕینی ناڕەزایەتییە، ناڕەزایەتی بە دۆخی هەنووکەیی تاکوو دەسەڵات بێنێتە سەر ئەو قەناعەتەی ئەم چەشنە لە هەڵسوکەوت هەڵەیە و پێویستە کە گۆڕانگارییەکی جیددی ڕوو بدات. لێرەدایە کە بەردەوامیی دەسەڵات لەسەر شێوازی هەڵسوکەوتی خۆی بە شێوەی ڕابردوو، دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی چیدیکە خەڵک و کۆمەڵگە بێدەنگ نەبن و ئەمجارە ناڕەزایەتییەکان دەچنە قۆناغێکی توندوتۆڵترەوە، تا جێگایەک کە دەتوانن لە قاڵبی بزووتنەوەیەکی بەهێزی جەماوەریدا، شۆڕشێک بخوڵقێنن.

لەڕاستیدا گرینگی‌نەدانی دەسەڵاتی حاکم بە داخوازییەکانی کۆمەڵگە و هەوڵنەدان بۆ چارەسەری پرسە سەرەکی و گرینگەکانی کۆمەڵگە، ئەو کۆمەڵگەیە ناچار بەوە دەکات کە هەڵوێست بنوێنێ، کەوایە کاتالیزۆری سەرەکی لە سەرهەڵدانی شۆڕشدا، کردەوەی خودی دەسەڵاتەکەیە.

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ڕەنگە ستەم بە چەشنێکی جیاواز خۆی بنوێنێت، ڕەنگە لە کۆمەڵگەیەکدا ستەم بەرانبەر بە توێژێک یان گرووپێکی ئایینی، ئێتنیکی، فەرهەنگی یان تەنانەت ڕەگەزی لە گرووپ یان توێژێکی دیکە زیاتر بێت هەربۆیە کاردانەوەی ئەو گرووپانەش بەرانبەر بە دەسەڵات و ڕۆڵیان لە شۆڕش و نارەزایەتییەکاندا دەتوانێ جیاوازیی بنەڕەتیشی هەبێ. ئەگەر بەم پێشەکییەوە بێینەوە سەر ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردووی ئێران و کوردستان، کۆمەڵێک جیاوازی دەبینین.

ژینگەی کوردستان ژینگەیەکی جیاوازە، کوردستان خاکێکی داگیرکراوە و هەر بۆیە پرسی نەتەوەیی لەم جوغرافیایەدا گرینگیی تایبەتی هەیە، هەر ئەم گرینگییە وای کردووە کە ڕووناکبیری و تێگەیشتنی خەڵک لە پرسەکان قووڵتر بێت و لە ڕاستیدا رووی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان ببینن و لە هەمان کاتیشدا کاردانەوەیان جیاواز بێت، لەلایەکی تریشەوە وای کردووە کە هەڵوێستی دەسەڵات بەرانبەر بەم جوغرافیایە هەمیشە جیاواز بێت. کەوایە ستەمێک کە دەسەڵات بەرانبەر بە کۆمەڵگە بەگشتی دەینوێنێ، لە کوردستاندا زۆر جیاوازتر و ڕادیکاڵترە هەر بۆیە بەرەنگاربوونەوەی کوردستانیش زۆر جیاوازتر لە باقی جوغرافیاکە دەبێ.

ئەگەر لە شارەکانی ئێراندا، کێشەی سەرەکیی خەڵک ئابووری و حیجابی ئیجبارییە، هەمان کێشە لە کوردستاندا بە هۆی ئەو پێشینەی سیاسییەوە کە هەیە، زۆر ڕادیکاڵترە تا ئاستێک کە دەبێتە هۆی دواکەوتوویی ئابووریی کوردستان یان هۆی کوژرانی کچێک لە پێتەختی ئێراندا! بەم حاڵەوە، شۆڕشی ژینا کە نارەزایەتییەکی بەرین بە دۆخی هەنووکەیی لە ئێران و بەرانبەر بە دەسەڵاتی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، دەبێ چی بە دوای خۆیدا بێنێ؟ یان دەبێ بە چی بگا؟
نکۆڵی لەوە ناکرێ کە لە کۆمەڵگەی ئێراندا، نارەزایەتی لە ساڵانی ڕابردووشدا هەبووە، بەڵام لانیکەم لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا ئەتوانین بڵێین کە نارەزایەتییەکان ڕادیکاڵتر بوون، چونکە خەڵک بەتەواوەتی چییەتیی ڕێژیم و خودی مۆرە سەرەکییەکانی ڕێژیم وەکوو خامنەییەکان کردبووە ئامانج، لەلایەکی تریشەوە گشتگیرتر بوون چونکە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیان هێنایە سەر خەت. بەم پێیە تێدەگەین کە دەسەڵات لەم جوغرافیایەدا، ئەگەر نەڵێین سەداسەد وەکوو یەک، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر بەرانبەر بە هەموو خەڵک ستەمی نواندووە، جا لە کوردستان بەهۆی ڕوانینی سیاسییەوە یان لە بەلووچستان بە هۆی جیاوازیی مەزهەبییەوە، ئەم ستەمە زیاتر و هاوکات سەرکوتکارییەکانیش بەربڵاوتر بووە.

پرسی ژنان و هەڵاواردنەکان، پرسی کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینەکان، پرسی کرێکاران، لاوان، خوێندکاران، مامۆستایان، ئێتنیکە جیاوازەکان و باقی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەم پەراوێز خراوە و هەم بەرەوڕووی

**پووشپەڕی ٢٧٢٣**

سەرکوتکاری بووەتەوە، کەوایە لە شۆڕشی ژینادا، هەموویان پێکەوە، هاتنە سەر شەقام تاکوو لە بەرانبەر ئەم ستەمەدا بوەستنەوە.


شۆڕشی ژینا، هاواری پەنگخواردووی هەموو ئەو گرووپانە بوو کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، بۆیە توانیی گشتگیرتر لە هەموو نارەزایەتییەکان لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا، تەواویەتی ڕێژیم بکاتە ئامانج و ترسی ڕووخان بخاتە دڵی دەسەڵات و سەردەمدارانی ڕێژیمەوە.
ئەوەی کە لە شۆڕشی ژینادا بەرچاو بوو، هاتنە مەیدانی ژنان بوو. کەوایە شۆڕشی ژینا ئەگەر وای دابنێین لەم قۆناغەشدا بە ئاکامی دڵخوازی ئێمە نەگات و شۆڕشەکە بنیشێتەوە، بێگومان هەر دەبێ بەنیسبەت پرسەکانی ژنان گۆڕانکاریی بەرچاو بێتە ئاراوە. ژنان ڕۆڵێکی کارایان لەم شۆڕشەدا هەبووە، بە پێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو کە ژنان لە ماڵەوە دەمانەوە و تەنانەت بەشداری لە شۆڕشی جەماوەری و نارەزایەتیدەربڕین بە ئەرکێکی پیاوانە دەژمێردرا، لەم قۆناغەدا ژنان نیشانیان دا کە تێگەیشتن و ئاوەزمەندیی ئەوان بەنیسبەت پرسەکان لە ئاستێکی باڵادایە و ئەوانیش بە مافی خۆیان دەزانن کە لە سەرخستنی هەر چەشنە شۆڕش و تێکۆشانێکدا هاوهەنگاوی کۆمەڵگە بن.

ئەگەر شۆڕشی ژینا وەکوو ئەزموونێک ببینین، دەردەکەوێ کە ژنان دەتوانن لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ڕۆڵی کارا بگێڕن هەروا کە بەشداریی ژنانی پێشەنگ لە بزووتنەوەی کوردستاندا لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا ئەمەی سەلماندووە، بەڵام بەداخەوە بە هۆکارگەلی جیاواز کە ژێردەستەبوون گرینگترینیانە، ژنان لە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان و مافی سروشتیی خۆیان کە بەشداریی چالاکانە لە پرسەکانی کۆمەڵگەیە دوور کەوتنەوە.

ژنان لەم شۆڕشەدا ڕۆڵێکی ئەرێنیان هەبوو، هەر بۆیە دەبێ دۆخیشیان گۆڕانی ئەرێنیی بەسەردا بێت، ئەم شۆڕشە، ئاکامەکەی هەر شتێک بێت دەبێ پێش هەموو شتێک گۆڕان لە دۆخی ژنان بێنێتە ئاراوە و ژنان بتوانن خاوەنی ئازادییەکانی خۆیان بن و لە ئاستێکی باڵاتریشدا بتوانن لە بونیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا، ڕۆڵ و پێگەی دیار و بەرچاو و کارایان هەبێ. کەوایە شۆڕشی ژینا دەبێ وەکوو خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووریی ژناندا چاوی لێ بکرێ و هەوڵەکان ئەوە بن کە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکان دەرفەتی زیاتر و مەیدانی بەربڵاوتر بە ژنان بدرێ، بەڵام گرینگتر ئەوەیە کە خودی ژنان لەم پێناوەدا بتوانن هەنگاوی گەورەتر هەڵ بگرن و لە پێگەیاندنی خۆیان و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە پێگەی ڕاستەقینەیان بەردەوام بن.

**١٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٣**

# کاریگەریی دوکتور قاسملوو لە گەشەسەندنی حیزبی دێموکراتدا



ئا: کاوە بەهرامی

لە سیوچوارەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور قاسملووی بلیمەت، سەرکردە، زانا و بەتوانای حیزب و گەل، بە دەستی دیپلۆماتە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێتەختی وڵاتی ئۆتریش، ڤیەن، وێڕای نوێکردنەوەی پەیمانی وەفا و درێژەدانی خەبات،

چەند تایبەتمەندییەکی ئەو ڕێبەرە مەزنە وەک وەبیرهێناوە هێمای بۆ دەکەم.

١- سەرەتای گەشەسەندنی حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی سکرتێریی دوکتور قاسملوو و ئامادەکردن و نووسینی بەرنامە و پێڕەوێکی مۆدێرنی سەردەمیانە بۆ ئەم حیزبە.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەیەک خەت دا دەڵی دوکتور قاسملوو ڕینێسانسێکی لە حیزبی دیموکرات کە لە ساڵی ١٩٧٠ لە دەرەوەی وەڵات گەڕایەوە، وەڕێخست.

٢- ڕێکخستنەوە و بووژانەوەی حیزب لەو هەل و مەرجەدا لە بواری تەشکیلاتی لە پێش شۆڕشی گەلانی ئێران دژبە ڕێژیمی پاشایەتی و هەروەها پاش سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە بە گۆڕانکاریی تایبەتیی سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕش.

٣- پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزب وەک یەکێک لە گرینگترین خاڵەکانی ڕێبەریی حیزب پێوەندیدار بە بوارەکانی سیاسیی و دیپلۆماسی.

**بۆخۆی دەڵێ: ئێمە حیزبێکی سەربەخۆین و سەربەخۆی خۆمان لە هەمووشتێکی دیکە خۆشتر دوەێ. ئەوەی بۆ خۆمان بەقازانجی بزانین جێبەجێی دەکەین، هیچ کەس نەزەری خۆی بەسەرمانا نەسەپاندووە.**

٤- ڕێکخستنی تەشکیلاتیی تایبەت لە شار و گوندەکان لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران.

٥- ئۆرگانیزەکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هەوڵدان بۆ پوشتەو پەرداخ کردنی ئەو هێزە.

٦- هەوڵدان بۆ چارەسەری ئاشتییانەی دۆزی ڕەوای کورد و پێوەندیی گرتن لەگەڵ ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنانەت بەرلە هاتنەسەر دەسەڵاتییان. لەگەڵ خومەینی لە پاریس و دواتر لە تاران دانیشتبوو.

٧- باوەڕێکی قووڵی بە دێمۆکراسی هەبوو، ئەو دەیگوت؛ ئێمە دێمۆکراسیمان هەر بەو جۆرەی کە هەیە دەوێ، یانێ دێمۆکراسی ڕاستەقینە. دێمۆکراسی شتێک نییە پەیوەست بە یەک لا بێت بەڵکوو ئی هەمووانە. هەر لەو بارەیەوە دەکرێ بڵێین دوکتور قاسملوو پایەدانەری دێمۆکراسی بوو. دوکتور دەڵێ؛ هەرگیز خەبات بۆ دێمۆکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی چوونکە ئەو هۆی بنەڕەتی پێکهاتنی حیزبی دێمۆکراتە و تا حیزبی دێمۆکرات ماوە، دێمۆکراسی مەبەست و ئامانجە.

٨- ئەخلاق بۆ دوکتور قاسملوو لە سیاسەت دا گرینگیی تایبەت بەخۆی هەبوو، بۆیە دەڵێ: ئێمە بێ ئۆسوولی و جنێوفرۆشی لە سیاسەت دا ڕەت دەکەینەوە، بۆ جێگیرکردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا دەبێ تێبکۆشین، ئێمە یەکەم ڕێکخراو بووین ئەخلاقمان واردی سیاسەت کرد.

٩- دوکتور قاسملوو بایەخی تایبەتی بۆ ڕێزگرتن لە ژن وەک مرۆڤێک و هەروەها هاوبەشی پیاوان دادەنا. پێی وابوو کە پێویستە هاوکات لەگەڵ خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوایەتی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژنان، شان بە شانی ئەو خەباتە، هەرە پێویستبوونە.

هەر پێوەندیدار بە هەڵسووکەوتی ڕێژیم لەگەڵ ژن دەڵێ: بە بڕوای حیزبی ئێمە، ژنان هەرچی زیاتر لە کاری کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووتر و هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسی - نەتەوایتیدا ژن تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووتر و شانسی سەرکەوتنی زیاترە.

١٠- سەرەڕای بوونی جەنگ لە کوردستان بەڵام کاک دوکتور بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت پێش لە هاتنەئارای ئەو پیلانانەش تێکۆشانی هەبوو.

١١- کاک دکتور قاسملوو نوسەرێکی بەتوانا بوو و وەک ئەندام لە ئەنجومەنی جیهانی "قەڵەم" وەرگێرا دوکتور شەرەفکەندی دەڵێ؛ دوکتور قاسملوو زانا بوو، زانا لە بواری سیاسی، زانا لە بواری ئابووریی، زانا لە بواری کۆمەڵناسی، زانا لە بواری مەسائێلی عیلمی، زانا لە بواری ئەدەبیات و هۆنەر و...

١٢- پێوەندیگرتن لەتەک وڵاتانیی بیانی بۆ پاڵپشتی و پێشتگیری لە کێشە و ململانێی ناو ئێران و کوردستان.

١٣- گەلی کورد ساڵانێکی دوور و درێژبوو کە خەباتی بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی دەکرد بەڵام بۆ ناساندنی ئەو خەباتە هەوڵێکی ئەوتۆ نەدابوو. دوکتور قاسملوو وەک کەسایەتییەکی حیزبی و سیاسیی و ئاکادیمی، شوێندانەریی تایبەتی هەبوو لە ناساندنی خەباتی گەلی کورد لەسەر بیروڕای گشتیی جیهانی.

١٤- نووسینی کتێبەکانی "کوردستان و کورد" و "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی" وەکوو دوو سەرچاوەی گرینگ و جێگەی باوەڕی خەڵکی کوردستان. بەرهەمی یەکەم کوردستان و کورد بە چەند زمانی زیندووی جیهانیی وەرگێڕانی بۆ کراوە.

١٥- بەشداریی لە بابەتگەلی گۆڤار و ڕۆژنامە بیانییەکان وەک نووسەرێکی کورد بۆ سەرەنجڕاکێشانی ئەوانە بۆلای نەتەوەی کورد.



سەرچاوە
Serchawe

١٦- بەشداری لە کۆڕ و کۆنگرەکانی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست کە سەردەمانێک بۆ ناساندنی گەلی کورد، ئۆرگانێکی جیهانیی بەهێز بوو.

١٧- دامەزرانی پێوەندیی لەتەک کەسایەتییە بیانییەکان و ناساندنی دوژمنانی کورد بەوان لە بارودۆخە جۆراوجۆرەکاندا.

١٨- کەڵکوەرگرتن لە زانستیی سیاسیی و دیپلۆماسی بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە لەبارەی گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی حیزب.

١٩- بوونی لە مەیدانی کردەوە لەگەڵ کادر و پێشمەرگە وهەروەها هاوڕەنگی و هاوجلوبەرگی و هاوخەباتی لە کوردستان لەکاتی بەربەرەکانێ دژبە ڕێژیم.

٢٠- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس

٢١- مودیرییەتی درووست و بێوێنە بۆ هەماهەنگی ڕێبەریی حیزب و ڕێکخستنی ئۆرگانەکانی ڕێبەری حیزب

٢٢- پێڕاگەیشتن بەسەر بەرەکانی شەڕدا چ لە کاتی هێرشی ڕێژیم و چ لە کاتی شەڕی جبهەیی.

٢٣- چاودێری ڕاستەوخۆ و حزووری لە نیزیکترین بەرەکانی شەڕدا.

٢٤- ئامادەکردنی چەک و کەرەستەی پێویست و هەروەها ئامرازیی پێوەندیگرتنی نێوان هێزەکان کە خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە بەسەر چەکدارانی کۆماری ئیسلامیدا.

٢٥- وردبوونەوە لە سێ قۆناغی شەڕی دژبە کۆماری ئیسلامی و ڕێکخستنی ئەو قوناغانەی شەڕ، واتە شەڕی جبهەیی، شەڕی جبهەیی و پارتیزانی و شەڕی پارتیزانی کە ئەو شەڕە هەتاکوو ئێستەش بەردەوامە.

٢٦- دامەرزاندن و ڕێکخستنی فێرگەی سیاسیی ــ نیزامی بۆ ڕاهێنان و بارهێنان و فێرکردنی لاوان و بەشداری پێکردنیان لە شۆڕشدا.

پووشپەڕی ٢٧٢٣

٢٧- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کە باشترین بیرۆکەکانی دوکتور قاسملوو بوون و ئەو وەسیلەیە توانی کاریگەریی باش بە سەر ورە و وزەی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان و تەنانەت لاوازکردنی هێزی دوژمن دابێت.

٢٨- دامەزراندنی دەزگاکانی چاپەمەنی و کۆمەڵایەتیی بە تایبەت نەخۆشخانە کە لە ڕێگەی خۆیەوە پزیشکانی بێ سنوور و بیانی لە سازمانی A.M.I بەردەوام بە پێشمەرگەی نەخۆش و بریندار، ڕادەگەیشتن.

٢٩- هەوڵدان، داهێنان و نوێگەریی بۆ هێنانی خوێنی تازە بۆ ڕێبەریی و ڕیزەکانی حیزب کە کاریگەریی ئەرێنی زۆرباشی بۆ پەروەردەی کادر و بارهێنانی گەنجان بۆ ڕێبەریی و ڕیزەکانی حیزب هەبوو.

٣٠- جەختکردن لەسەر پیادەکردنی نەزم و دیسیپلینی ئاگایانە بۆ باشتر پێوەندیی گرتن و ڕێکخستنی ڕیزەکانی حیزب.

٣١- بەهێز کردنی بنەمای ماڵیی حیزب و هەوڵدانی بۆ ژیانێکی سادەی پێشمەرگانە و بنەماڵەکانیان.

٣٢- لە کۆتاییدا، لەهەر هەلومەرجێکدا بە پێی توانامان درێژەدەری بەکردەوەی ڕێگەی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی دەبین و هیچ گێژەڵووکەیەک نامان جمینێتەوە.

**بۆ پێشەوە تا سەرکەوتن بەسەر نەزانی و تاریکی دا.**

**بۆ زانیاری لەسەر ڕوانگە و تێڕوانینی دوکتور قاسملوو لە کتێبەکانی "تاڤگەی حەقیقەت" کەڵک وەرگرن کە کۆکەرەوەی ئەو بەرهەمانە، نووسەری ئەم دێڕانەیە.**

١٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# کاریگەریی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی کورد (لایەنە ئەرێنی و نەرینییەکانی پەیماننامەی سیڤەر هەتا لۆزان)




مستەفا مەولوودی

### ئا. لایەنە ئەرێنییەکانی پەیماننامەی سیڤەر

١- دۆکیۆمێنتێکی ڕەسمییە کە باسی پرسی ڕەوای گەلی کورد دەکا.

٢- بۆ یەکەم جار ڕێگە بە نوێنەری کورد دراوە بەشداری کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بکات (لە کۆنگرەی پاریس) کە بۆ پەیماننامەی سیڤەر بۆتە ڕێخۆشکەر لە ساڵی ١٩١٩ زایینیدا.

٣- هەرچەند بە ناتەواوی بەڵام بۆ یەکەمجار بە جۆرێک لە جۆرەکان سنووری کوردستانی دیاری کردووە.



سەرچاوە
Serchawe

٤- بەپێی بەندی ٦٤ ڕێگە بە کورد درا کە پەیوەندی بە کۆمەڵەی گەلانەوە (عصبە الامم ) بگرێ کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ئەو سەردەم بوو.

٥- بوو بە هۆی پێوەندی نەتەوایەتی و نیشتمانیی هەموو پارچەکانی کوردستان.

٦- هێندێک ڕێکاری تێدابوو کە ناوچەی مووسڵیش بخرێتەوە سەر کوردستان.

**ب. لایەنە نەرێنییەکانی پەیماننامەی سێڤەر**

١- پەیماننامەی سێڤەر کوردستانی دابەش کردووە. بەشێک لەنێو سنووری تورکیە بە کۆمەڵێک کێشەی قەبە و گەورە، بەشێک بۆ عێراق داندراوە و بەشێکیش بۆ سووریە. هەر ئەوە وای کردوە بریتانیا، فەڕانسە و ئیتالیا ڕێککەوتنێکی سێ قۆڵی ئیمزا بکەن بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە کوردستاندا.

٢- پەیمانەکە لە بنەڕەتدا لەتکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی بووە بە کوردستانیشەوە.

٣ -پەیماننامەکە کاتی ئەوەی دیاری کردووە کە بەپێی مادەی ٦٢ شەش مانگ بۆ ئامادەکردنی گەڵاڵەی چارەنووسی گەلی کورد لە تورکیەی عوسمانی و ساڵێک بۆ ئەوەی کورد بەپێی مادەی ٦٤ داوای سەربەخۆیی خۆی بداتە کۆمەڵەی گەلان، بەڵام ئەوە ڕێگەی خۆش کردوە بۆ تورکەکان خۆیان ئامادە بکەن بۆ خراپ کەڵکوەرگرتن لەو کاتانەدا.

٤- پەیماننامەکە بڕیاری کۆتایی لە دیاریکردنی مافی چارەنووسی کوردی لە کوردان ئەستاندووە و بە کۆمەڵەی گەلانی سپاردووە.

٥- پەیماننامەکە چارەسەری کێشەی کوردی تا ڕادەیەک بەستۆتەوە بە چارەسەری کێشەی ئەرمەن. بەڵام ئەوەی بۆ ئەرمەنییەکان کردووە، بۆ کوردیان نەکردوە. هەر ئەوەش وای کردووە کەماڵ ئەتاتورک لە کۆنگرەی "سیواس"دا بڵێ حکوومەتەکەی دان بە پەیماننامەی سێڤەر دانانێ.



سەرچاوە
Serchawe

## کۆنگرەی لۆزان

پاش دەرچوونی پەیمانی سێڤەر تورکەکان بە سەرکردایەتیی کەماڵ ئاتاتورک دەستیان کرد بە دژایەتیی پەیماننامەکە. کەمالیستەکان یەک ڕێگەیان دۆزیوەتەوە بۆ بەتاڵکردنەوەی پەیماننامەی سێڤەر و ئەوەی پێوەندی بە کوردستان و کوردەوە هەیە، ئەویش ئەوە بوو کە لە کۆنگرەدا کاتێک هاتوونەتە سەر باسی سەربەخۆیی کوردستان کە دەقێک بووە لە پەیمانی سێڤەر؛ بروسکەیەکی ڕاوەرگرتن نێردراوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی تورکیە و لە کاتی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی تورکی، مستەفا کەماڵ ڕووی کردۆتە بەرواڵەت نوێنەری کوردەکان، ئەوانەی بەرواڵەت بە نوێنەری کورد دادەنران، واتە ئەوانەی کە بە فەرمانی ئەتاتورک جلوبەرگی کوردییان پۆشیبوو هەتا لە ئەنجوومەن وەک نوێنەری کورد ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕن.

حوسێن عەونی کە بە ڕواڵەت نوێنەری کورد بووە لە ئەرزەرووم، بەڕاشکاوی دەڵێ "ئەم وڵاتە وڵاتی تورک و کوردە، کەسیش بۆی نییە لەسەر ئەم بابەتە قسە بکات، تەنها دوو نەتەوە نەبێت، ئەوانیش نەتەوەی کورد و نەتەوەی تورکن". نوێنەرێکی تریش لە کوردەکان بە ناوی حەسەن خەیری پشتگیری لە بیرۆکەی جیانەکردنەوەی کوردی لە تورکیە کردووە. مادەی ٦٢ و ٦٤ لە پەیماننامەی سێڤەر لەباری زەمەنییەوە کاتێکی زێڕین بوو بۆ ئەوەی تورکەکان خۆیان بگرنەوە و ستراتیژیی داهاتووی خۆیان لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچەیە دیاری بکەن. مستەفا کەماڵ ئەتاتورک لەو ماوەیەدا دەستی کردووە بە ڕێکخستنی تورکەکان. لە ٩ی سێپتامبری ١٩١٩ ئەتاتورک کۆنگرەی سیواس دەبەستێ. لە کۆنگرەی سیواسدا ئەتاتورک کۆمەڵێک بڕیار دەر دەکا. یەکەمین بەندی ئەوە دەبێ کە "نیشتمانی تورکیە یەکە و ناکرێ دابەش بکرێ" لەو کۆنگرەدا مستەفا کەماڵ هەوڵی داوە کۆتایی بە دەسەڵاتی حکومەتەکەی ئەستامبول بێنێ و خۆی دەسەڵاتی تورکیە بگرێتە دەست. ئاکامی ئەو کارە ئەوە دەبێ لە ئۆکتوبری ١٩١٩ لە کۆنگرەی ئاماسیادا مستەفا کەماڵ بەسەر نەیارەکانیدا سەرکەوت و حکوومەتی ئەستامبووڵ کۆتایی پێهێندرا.

پاش بەستنی کۆنگرەی سیواس، تورکیە لە ساڵی ١٩٢٠ بەیاننامەیەکی بەسەر باڵوێزەکانی بریتانیا، فەڕانسە، ئەمریکا، ئیتالیا، سربێستان، سوئێد، دانمارک و ئیسپانیادا دابەش کرد و لەو بەیاننامەیەدا ڕایگەیاندووە کە حکوومەتی تورکیە دان نانێت بە پەیماننامەی سێڤەردا.

پاش ئەو بڕیارەی تورکیە، ڕووسیەی سۆڤییەت یەکەم دەوڵەت بوو کە ڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی ئانکارا (ئەتاتورک)

کردووە. نیزیکبوونەوەی سۆڤییەت لە ئانکارا پاڵی بە ئینگلیزەکانەوە نا لە پەیماننامەی سێڤەر پاشگەز ببنەوە. بریتانیا لە ۲۰ی فێبریوێری ۱۹۲۱ لە لەندەن ڕایگەیاند ئامادەیە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پەیماننامەی سیڤەردا بکەن.

وەک پێشتریش باس کرا فەڕانسە داوای چاوپێداخشاندنەوەی بە پەیماننامەکەدا کرد و ئیتالیاش ڕایگەیاند کە ئامادە نییە یەک سەربازیش بۆ جێبەجیکردنی پەیماننامەی سێڤەر بنێرێ. بەو جۆرە بەستێنی پەیمانی لۆزان خۆش بوو. سەرئەنجام لە ۲٤ی ئووتی ساڵی ۱۹۲۳ی زایینیدا پەیماننامەی لۆزان مۆر کرا و بە گوێرەی ئەو پەیمانە تورکیە وازی لە مووسڵ هێناوە و دانی بەوە داناوە کە چارەنووسی مووسڵ لە لایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە دیاری بکرێ؛ لە بەرامبەردا بەشی زۆری کوردستان وەبەر تورکیە کەوت. لەو پەیماننامەدا بە هیچ شێوەیەک باسی کورد و مافی نەتەوایەتیی کورد ناکرێ.

**بە بڕوای زۆر یاساناسی نێودەوڵەتی، پەیماننامەی لۆزان لەبەر چەند هۆیەک نایاساییە:**

۱- ڕێککەوتننامەی ڤییەن بۆ یاسای ڕێکەوتننامەکان (۱۹٦۹) لە مادەی ۲ و ٦۰ دا دەڵێ: لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنی هەر جۆرە پەیمانێکی نێودەوڵەتی لەلایەن یەکێک لە وڵاتانی هاوپەیمان، لایەنەکانی دیکەی پەیمانەکە ئەو مافەیان هەیە، بە تێکرا جێبەجێنەکردنی بابەتێکی تایبەت لە پەیمانەکە یان کۆی پەیمانەکە ڕابگرن و ڕایبگەیەنن.

لە یاسای بنەڕەتیی تورکیە لە مادەی ۳۹دا هاتووە: "کەمایەتییەکان لە هەموو مافێکی مەدەنی و سیاسی بەهرەمەند دەبن". ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەم یاسایە نە لە پێوەندی لەگەڵ کوردەکان - کە ئەوە بابەتێکی ترە و دواتر ئاماژەی پێ دەکەین- بەڵکوو لە پێوەندی لەگەڵ کەمایەتییەکانی نێو تورکیە بە تایبەت ئەرمەنەکانیش ڕەچاو نەکراوە و کاری پێ نەکراوە. جیا لەوە لە سێ دەیەی یەکەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیە، بۆ دروستکردنی تورکیەی تازە، سیاسەتی دروستکردنەوەی تورک (تورکاندن)ی گرتۆتە بەر و لە ۱٥ی ئاوریلی ۱۹۲۳ یاسای "سامانە ڕەهاکانی"ی پەسند کردوە. بەو جۆرە دەستیان بەسەر بەشێکی زۆر لە مڵک و ماڵی ئەرمەنییەکاندا گرت، کە ئەو ڕەفتارەی تورکیە تەواو پێچەوانەی ڕێککەوتننامەی ڤییەن بووە.

۲- بەر لە ساڵی ۱۹۲۱ وڵاتە زلهێزەکان ئامادە بوون دەسکاریی گونجاوی پەیماننامەی سێڤەر بکەن، بە مەرجێک تورکیە ئامادەیی خۆی پێشان بدا و هەڵوێستێکی نەرم بنوێنی بەرامبەر کارگێڕیی خۆجێیی بۆ کورد و وەک پێویست پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی کورد بکات. لەو پێوەندییەدا کەمالیستەکان ڕایانگەیاند کە کورد گەلێکە مافی یەکسانی هەیە لەگەڵ تورکدا. بەڵام هیچ کام لەو بەڵێنیانە جێبەجێ نەکراون و کورد لە هەموو شتێک بێبەش کراوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە



سەرچاوە
Serchawe

مافی نەتەوەکان لە بەشی ١ی لە هەر دوو پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسندکراوی ١٩٦٦ بەڕوونی ئیشارەی پێ کراوە.

٣- لە بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ڤییەن بۆ یاسای ڕێکەوتننامەکان (١٩٦٩) و لە بەندی ٢٩٥ دا هاتووە: "بۆ ئەوەی پەیماننامە مەشروع و ڕێگە پێدراو بێت، دەبێ ئەو کارەی دەوڵەتان لەسەری ڕێکدەکەون کارێکی یاسایی بێت و دژی سەرەتا و بنەماکانی ڕەوشتی مرۆڤایەتی نەبێت". هەر لەبەر ئەوە پەیماننامەی لۆزان یاسایی نییە، چونکە پەیماننامەی لۆزان پێچەوانەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتییە. تەنانەت پێچەوانەی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکانیشە کە لە بەندی ٧٣ دا لە بارەی ئەو هەرێمانەی کە ئۆتۆنۆمییان پێ نەدراوە، دەڵێ: "ئەمانەتێکی پیرۆزە لە سەرشانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە گەشە بە حوکمی زاتی ئەو هەرێمانە بدات."

٤- پەیماننامەی لۆزان پێچەوانەی پەیماننامەی پێش خۆیەتی واتە پەیماننامەی سێڤەر، کە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتیی تەواوە و لە کۆمەڵەی نەتەوەکان تۆمار کراوە، ئەوەش پەیماننامەی ڤییەن وەکوو یاسای ڕێککەوتننامەکان ڕێگەی پێ داوە.

٥- پەیماننامەی ڤییەن دەڵێ ئەو پەیماننامانە دروست و یاسایی نین کە پێچەوانەی ڕەوشتی مرۆڤایەتی و گشتی و بنەماکانی مافی مرۆڤن. پەیماننامەی لۆزان پڕیەتی لەو پێشێلکارییانە.

(تێبینی: من لام وایە لە بارەی کۆنگرەی لۆزانەوە هیچ لێکۆڵینەوەیەک پێویست ناکا، چونکە لە سەرەتاوە پێچەوانەی یاسا بووە.)

٦- ڕێککەوتننامەی ڤییەن دەڵێ "ئەگەر پەیمانێکی تر لە کۆمەڵەی نەتەوەکاندا هەبێ، نابێ هیچ ڕێککەوتننامەیەکی تر ببەسترێ پێچەوانەی ڕێککەوتنی پێشوو بێت". بەگوێرەی بەندی ٢٠ لە پەیمانی کۆمەڵەی نەتەوەکان، وڵاتانی جیهان پەیمانیان داوە پابەندی تەواوی ئەوە دەبن. هەروەها لە بەندی ١٠٣ لە بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەمان پەیمانیان تازە کردۆتەوە. هەروەها بەندی ٥٣ لە ڕێککەوتننامەی ڤییەندا لەو بارەوە دەڵێ: "هەموو پەیمانێک بە پووچەڵ دادەنرێت ئەگەر لە ساتی مۆرکردنیدا پێچەوانەی بەندێکی بنچینەیی یاسای نێودەوڵەتی بێ". لە بەندی ٤١ دا لە ڕێککەوتننامەی ڤییەندا هاتووە کە ڕێگە نادرێ بە گۆڕینی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی ئەگەر هاتوو کاری کردە سەر سوودوەرگرتنی لایەنەکانی تر لەسەر مافی ڕەوای خۆیان بەگوێرەی پەیماننامەکە.

ئەمە بێجگە لەوەی لە بەندی ٦٠ی هەمان ڕێککەوتننامەدا هاتووە و دەڵێ "نابێ ڕێککەوتننامەکە هەڵبوەشێندرێنەوە و بە شێوەیەک گۆڕانکاری تێدا بکرێ کە ببێتە هۆی گۆڕانکاریی حوکمێک کە بە مەبەستی پارێزگاریکردنیلایەنێک لە پەیمانەکەدا هاتووە". ئەوە لە حاڵێکدایە کە پەیماننامەی لۆزان پێچەوانەی هەموو ئەو بەندانەیە.

٧- لە پەیماننامەی ڤییەنڕدا هاتووە کە نەمانی دەوڵەتێک لە پەیماننامەیەکی دوو قۆڵیدا دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکە، بەڵام نەمانی دەوڵەتێک لەنێو کۆمەڵێ دەوڵەتی هاوبەشدا لە پەیماننامەیەکدا کار ناکاتە سەر قەوارەی پەیماننامەکە.

٨- پێویستە بوترێ کە لە تورکیەدا هەموو سامانێکی دەوڵەتی قووستەنتەنییە گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی تازەی تورکیە و بەو پێوانەیە حکومەتی تورکیە خۆی بە میراتگری هەموو مافێکی دەوڵەتی پێشوو دەزانێ. بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، نابێ لە ئیلتزاماتەکانیش خۆ ببوێرێ؛ چونکە بەگوێرەی یاسا، ماف و ئیلتزاماتەکان پێکەوە دەگوازرێنەوە و ناکرێ یەکیان جیبەجێ بکرێ و یەکێکی دیکەیان فەرامۆش بکرێ.

ئەگەر بە وردی سەیری مادده و بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ڤییەن و پەیماننامەی کۆمەڵەی نەتەوەکان و بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین و لەگەڵ پەیماننامەی لۆزان پێکیان بگرین و بەراوردیان بکەین، بە تایبەت لە چۆنیەتیی جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیماننامەی لۆزان لە لایەن دەوڵەتێک بە یاساییش ئەژمار بکرێ، یاسایی نین؛ تەنانەت من بڕوام وایە ئەگەر هەلومەرج گونجاو بێ بە حوکمی یاسای نێودەوڵەتی بەرامبەر بە کۆنگرەی لۆزان و مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان کورد ڕێگەی هەیە داوای مافی سەربەخۆیی خۆی بکات.

لە یەکێک لە بەندەکاندا دەڵێ "هەموو نەتەوەکان مافی خودموختارییان هەیە، بەهۆی ئەو مافەوە ئەوان هەلومەرجی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و گەشەی فەرهەنگیی خۆیان سەربەستانە دیاری دەکەن".

لێرەدا بەڕوونی دیارە کە تورکیە لە تەواوی ئەو مادەیەدا چ پێش پەسندی ئەو پەیمانە و چ دوایش بە بیانووی پەیماننامەی لۆزان، بەئاشکرا پێشێلی کردوە. دیارە لە شیتەڵکردنی پەیماننامەی سێڤەر و بەراوردکردنی لەگەڵ پەیمانی لۆزان، باشتر نایاسایی بوونی پەیمانی لۆزانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. دەبینین کە چەند سادە دوای کەمتر لە ٣ ساڵ لە پەیماننامەی سێڤەر، لە کۆنگرەی لۆزاندا بە چ سیناریۆیەک مافی کورد پێشێل دەکرێ و جیا لە کوردەکان کەسیش دەنگی لێنایە .



سەرچاوە
Serchawe

دیارە لە بەشێک لە پەیماننـامەی لـۆزاندا هـاتووە کە دەبێ مـافی کەمایەتییەکـان پـارێزراو بێ. سەرەڕای بـوونی زمـانێکی ڕەسمی لە تـورکیە بۆ ئەو کەمە نەتەوانەی کە جیـا لە زمـانی تـورکی زمـانی دیکەیـان هەیە. دەرەتـانی ئەوەیـان هەبێ لە دادگاکاندا بە دەم و زارەکی لە زمانی خۆیان کەڵک وەربگرن. لێرەدا یەک شتی شـاراوەی زۆر تـایبەت هەیە. ئەویش ئەوەیە کە بـە پێـی ئـەوە دەقـە وا دەردەکـەوێ کـە "کەمـایەتییە نەتەوەکـانی تـورکیە جیـا لە تـورک" بە تـایبەت کـورد هەموویـان تـاوانبارن، بۆیە پێداگری دەکرێ کە ئەوان دەتوانن لە دادگاکاندا بە زمـان و زاراوەی خۆیـان قسـە بکەن. هەر وەک ئەوەیە پێویستییەکی زۆر تـایبەتی کوردان بێ؛ بۆ دیفاع لە خۆیان لە دادگاکان سوود لە زمانی خۆیان وەربگرن.

## پێوەندیی یاسایی پەیماننامەی سێڤەر و پەیماننامەی لۆزان

### ئەو تێگەیشتنە هەیە کە پەیماننامەی سێڤەر بە پەیماننامەی لۆزان هەڵوەشاوەتەوە (باطل بووە)، بە چەند هۆیەک ئەوە لەگەڵ یاسا یەک ناگرێتەوە:

**یەکەم**: پەیماننـــامەیەک هەڵدەوەشـــێتەوە کە هەڵوەشـــانەوەکەی ڕابگەیەنـــدرێ، لە کاتێکـــدا تـــا ئێســـتاشـــی لەگەڵ بـــێ هەڵوەشانەوەی پەیماننامەی سێڤەر ڕانەگەیەندراوە. ئەو هەڵوەشانەوەش کاتێک یاسایی دەبێت کە هەموو ئەو لایەنـانەی ئیمزایان کردوە ڕابگەیەنن و لە پەیماننـامەی تازەدا تۆمار بکرێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە پەیماننامەی لۆزان، پەیماننـامەی سـێڤەری هەڵوەشـاوە (بـاطـل) ڕانەگەیانـدوە؛ تەنـانەت پەیماننـــامەی لـۆزان هـیچ ئیشـارەیەکی بە پەیماننـــامەی سـێڤەر نەکردووە.

**دووهەم**: بە پێـی یاسـای نێـودەوڵەتی لایەنەکـانی ڕێککەوتـن ئەو مافەیـان هەیە کە گۆڕانکـاری (تعـدیل) لە بەنـدەکانی پەیماننـامەی دوایی لە بەندەکانی پەیماننامەی پێشووتردا بکەن و ئەو گۆڕانکارییە لە پەیماننامەی دوایی‌دا بـۆ لایەنەکـانی خاوەن بڕیـار زیاد دەکرێ کە دەبێ جێبەجێی بکەن. ئەو بابەتە لە بەندەکانی ٤٠ و٣٩ی کۆنڤانسیۆنی پەیماننـامەی ڤییەن‌دا هاتووە. لە پەیماننامەی ڤییەن‌دا لە بارەی پێوەندیی سیاسی لە بەندی ٤١دا بە ڕاشکاوی هاتووە کە ١٨ وڵات (ئیمپراتـۆریی عوسمانی، فەرانسە، ئیتالیا، ژاپۆن، بریتانیا، ئەرمەنستان، بلژیک، یۆنان، مەجارستان، لەهێستان، پورتەقـاڵ، ڕۆمـانی، یوگوسلاوی، چێکۆسلۆڤاکی) پەیماننامەی سێڤەریان ئیمزا کردووە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە پەیماننامەی لۆزان تەنیـا ٨ وڵات ئیمزایـــان کـــردووە. کەواتە مـــادام ١٠ وڵات پەیماننـــامەی لۆزانیـــان ئیمـــزا نەکـــردووە، بەنـــدەکانی پەیماننـــامەی سـێڤەر باوەڕپێکراون (معتبر) و پەیمانەکە هەڵنەوەشاوەتەوە.

**پووشپەڕی ٢٧٢٣**

**سێهەم**: قسە و ڕاوێژ و وتووێژی زۆر لەسەر پەیماننامەی سێڤەر کراوە. هەموو وڵاتەکان پەیماننامەی سێڤەریان پەسند کردوە، ئەوە کە نەهاتۆتە بواری جێبەجێکردن لە ڕوانگەی یاساییەوە بە مانای هەڵوەشانەوەی نییە.

**چوارەم**: پەیماننامەی لۆزان، پەیماننامەی سێڤەری هەڵوەشاوە (باطل) ڕانەگەیاندوە. هەرچەندە کۆنگرەی لۆزان توانای ئەو کارەی نەبووە، لەبەر ئەوە پەیماننامەی لۆزان لە نێوەرۆکدا لەگەڵ پەیماننامەی سێڤەر جیاواز بوون. پەیماننامەی سێڤەر لە ئەنجامی کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە بۆ هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی هاتۆتە ئاراوە، ئەوە لە حاڵێکدایە پەیماننامەی لۆزان ئاکامی شەڕەکانی نێوخۆیی تورکیە لە ساڵێ ١٩١٩ هەتا ساڵی ١٩٢٣ی زایینی بووە. بێجگە لەوەش لایەنەکانی خاوەن بڕیار و واژۆی پەیمانەکان جیاواز بوون. پەیماننامەی سێڤەر ١٨ وڵات واژۆیان کردوە، بەڵام پەیماننامەی لۆزان ٨ وڵات واژۆیان کردوە.

**پێنجەم**: سەرەڕای چەند خاڵی پێشووتر، ئامانجی پەیماننامەی سێڤەر و لۆزان تەواو جیاواز بوو. ئامانجی پەیماننامەی سێڤەر هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی بووە بۆ درووستکردنی چەند دەوڵەتی تازە، بەڵام ئامانجی پەیماننامەی لۆزان دروستکردنی دەوڵەتی تورکیەی تازە بووە.

**١٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٣**

---

# تیۆریی فێمینیزم لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا



د. محەممەد حوسێنزادە

تیۆری کەرەسەیەکە بۆ تێگەیشتن لە جیهان. لە سیاسەت و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا بە مەبەستی تێگەیشتنی باشتر و وردتر لە دیاردە و ڕووداوەکان و هەروەها بۆ شرۆڤە و ڕوونکردنەوەیان بەپێی واقع، پێویستیمان بە تیۆرییە. هەر بۆیە بە دەیان تیۆری لەم بوارەدا داهێنراون و لێکۆڵەران و شرۆڤەکاران کەڵکیان لێ وەردەگرن. قوتابخانەی ڕیاڵیزم و بەتایبەت تیۆریی ڕیالیزمی نوێ یان ڕیالیزمی پێکهاتەیی کە لە ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن کێنێت واڵتزەوە دارێژرا و لەلایەن زۆرینەی ڕیالیستەکانەوە پێشوازیی لێ کرا هەتاکو ئێستاش بەناوبانگترین و زاڵترین تیۆری سیاسەتی نیونەتەوەییە. لەپاڵ ئەم تیۆرییەدا دەیان تیۆریی دیکە هەن کە ناسراوترینیان بریتین لە لیبرالیزم (بە لقە جیاجیاکانییەوە)، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، قوتابخانەی ئینگلیزی، تیۆریی کۆنستراکتیڤیزم، تیۆرییە ڕەخنەییەکان، فێمینیزم و پۆست مودێرن.

تیۆریی فێمینیزم کە من دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم وەک تیۆرییەکی ڕەخنەگرانە پۆلێنبەندی دەکرێت، بەتایبەت

گریمانەکانی تیۆریی فێمینیزم دژ بە گریمانەکانی تیۆریی ڕیالیزمن. بۆیە زەحمەتە باس لە تیۆریی فێمینیستی بکرێت بەڵام باس لە ڕیالیزم نەکرێت کە فێمێنیستەکان بە تیۆرییەکی "پیاوانە" وەسفی دەکەن. هەڵبەت بە دڵنیاییەوە ناتوانم لێرەدا بە وردی باس لە تیۆریی ڕیالیزم بکەم، تەنانەت ئەم کورتە نووسراوە توانای چوونە نێو وردەکاری و ڕەهەند و لایەنە جیاجیاکانی تیۆرییەکی دەوڵەمەندی وەک فێمینیزمی نییە، بۆیە هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی گشتی و وەک سەردێڕ ئاماژە بە سەرەکیترین گریمانەکانی تیۆری فێمینیستی لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا بکەم و لە هەر شوێنێک پێویست بوو ئاماژە بکەم کە ئەو گریمانانە بەرامبەر چ گریمانەیەکی ڕیالیستی دارێژراون. هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێم کە چەندین ڕوانگەی فێمینیستی وەک فێمینیزمی لیبرال، سۆسیال- مارکسیستی، فێمینیزمی دەروونشیکارانە و پۆست مودێڕن هەن کە من ناپرژێمە سەر ئەو جیاوازییانە و وەک گوتم تەنیا هەوڵ دەدەم گریمانە هاوبەشەکانیان باس بکەم. بەم پێشەکییە باسە سەرەکییەکەم دەست پێ دەکەم.

تیۆریی فێمینیزم کە وەک گوتم زیاترین ڕەخنە لە ڕیالیزم دەگرێت، لەم ساڵانەی دواییدا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر زانستی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان داناوە. خاڵی دەستپێکی ئەم تیۆرییە ئەوەیە کە دەڵێت، تا ئێستا تیۆرییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و لەوانە تیۆرییەکانی تایبەت بە سیاسەت و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هەموویان "پیاوانە"ن و پیاوان نووسیویانن و لە چاویلکەی پیاوانەوە دەڕواننە پرسەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و لە ئاراستەی بەرژەوەندیی پیاواندان. ژنان نە لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی سیاسەت و نە لە سیاسەتی نێونەتەوەیی کردەییدا جێگەیەکیان نییە و پەراوێز خراون. ئەوان دەڵێن کە سیاسەتی نێونەتەوەیی لێوانلێوە لە توندوتیژیی پیاوانە. هەر بۆیە هەوڵ دەدەن پرسی جیندەر (Gender) بێننە نێو شرۆڤە و ڕوونکردنەوەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و لەو بڕوایەدان بە هێنانی ژنان بۆ نێو سیاسەت تێگەیشتنێکی باشتر و وردترمان لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەبێت، بۆیە پێویستە ڕۆڵی ژنان لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا بە هێند وەربگیردرێت. هەر لەم چوارچێوەیەدا فێمینیستەکان ڕوانگەی خۆیان سەبارەت بە چەمکە سەرەکییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و لەوانە چەمکی دەوڵەت، حاکمییەت یان سەروەری و سەربەخۆیی، ئانارشی، هاوکاری، بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان، شەڕ و ئاشتی خستووەتە ڕوو. بۆیە باسکردن لەم چەمکانە لە ڕوانگەیەکی فمێنیستییەوە باشترین شێوازە بۆ تێگەیشتن لە تیۆریی فێمینیستی. چونکە نێوەڕۆکی تیۆرەکەیان وەک باقی تیۆرەکانی دیکە لەسەر ئەو چەمکانە دانراوە.

بۆ نموونە هەم ڕیالیزم و هەم لیبرالیزم وەکوو دوو تیۆریی سەرەکیی سیاسەتی نێونەتەوەیی پێیان وایە پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی پێکهاتەیەکی ئانارشیکە .(Anarchic Structural) مانای ئانارشیی نێونەتەوەیی ئەوەیە کە

**بە پێچەوانەی نێوخۆی وڵاتان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەسەڵاتێک لە سەرەوەی دەوڵەتەکان نییە کە ئاسایش و ئەمنییەتی دەوڵەتەکان بپارێزێت. ئەمە چەندین لێکەوتەی هەیە:**

**یەکەم** ئەوەی کە دەوڵەتەکان هەوڵ دەدەن یان لە ڕێگەی هاوسەنگیی نێوخۆیی و خۆیارمەتی (گەڕانەوە بۆ تواناکانی خۆیان) یان لە ڕێگەی هاوسەنگیی دەرەکی لە چوارچێوەی بەشداریکردنی لە هاوپەیمانێتییەکاندا مانەوەی (Survival) خۆیان مسۆگەر بکەن. دووەم، گرنگترین لایەنی هێز لەم پێکهاتەیەدا هێزی ماددییە (هێزی سەربازی و ئابووری). هەروەها دەوڵەتەکان گرنگییەکی زۆر بە سەروەری و سەربەخۆیی دەدەن و ڕێگە نادەن هیچ ڕێکخراوەیەکی جیهانی و باقی دەوڵەتەکان لە کاروباری نێوخۆییاندا دەستتێوەردان بکەن.

ئەوان دەڵێن دەوڵەتەکان ئەکتەری سەربەخۆن کە دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخویی یەکتردا ناکەن و هەر دەوڵەتێک پێش هەموو شتێک هەوڵی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەدات. لەم سیستەمەدا دەوڵەتەکان دەتوانن ئازادانە بڕیار بدەن بچنە نێو هاوپەیمانێتییەکان یان لێیان بکشێنەوە. هەروەها ڕیالیستەکان پێیان وایە سیاسەتی نێوخۆیی و سیاسەتی دەرەکی بە تەواوەتی لێک جیاوازن و لیبرالیستەکانیش تا ڕادەیەک ئەو گریمانە قەبووڵ دەکەن. هەروەها شەڕ وەک تایبەتمەندییەکی هەمیشەیی سیاسەتی نێونەتەوەیی سەیر دەکرێت کە هۆکارە سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیی ئانارشیبوونی پێکهاتەی نێونەتەوەیی. بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیش وەک هێز پێناسە دەکرێن. بۆ نموونە مۆرگێنتا کە وەک داهێنەری تیۆریی زانستیانەی ڕیالیزمی سیاسی ناسراوە، دەڵێت: بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بەپێی هێز و بەتایبەت هێزی سەربازی پێناسە دەکرێن (هێز یانی بەرژەوەندی و بەرژەوەندی یانی هێز).

فێمینیستەکان تەحەدای هەموو ئەو گریمانانە دەکەن. بە تایبەت فێمینیستە لیبرالەکان لەو بڕوایەدان هەردوو گریمانەی سەرەکی، واتە ئانارشیبوونی پێکهاتەی نێونەتەوەیی و حاکمییەت یان سەروەری/ سەربەخۆیی دەوڵەتان زیاتر دەرخەری ڕوانگەی پیاوانەن بۆ سیاسەتی جیهانی. هەروەها پێیان وایە شەڕ تایبەتمەندی سرووشتی و هەمیشەیی پێکهاتەی نێونەتەوەیی نییە و دەکرێ ڕێگری لە سەرهەڵدانی شەڕەکان بکرێت. ئەوان دەڵێن هەندێ هۆکاری نێوخۆیی وەک پەیوەندییە ئابوورییەکان، سیاسەتی نێوخۆیی و ڕەگەزپەرەستی و هتد دەتوانن هۆکاری شەڕ بن. بۆیە بە سڕینەوەی هۆکارەکانی شەڕ، شەڕیش ڕوو نادات. ئەوان پێیان وایە ئەو ڕێکخراوە و ئەنجومەنانەی کە بۆ ڕێگریکردن لە شەڕ و جێگیرکردنی ئاشتی لە ئاستی نیونەتوەییدا چالاکی دەکەن لەکۆتاییدا دەتوانن شەڕ ڕیشەکێش بکەن.

فێمینیستەکان دەڵێن ئەو تیۆرانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هێزی سەربازی گرنگترین جۆری هێزە و دەوڵەتەکان دەبێ

هەوڵ بدەن بەردەوام پەرە بە هێزی سەربازی خۆیان بدەن، تیۆریی پیاوانەن، چونکە کاروباری سەربازی زیاتر پەیوەندی بە پیاوانەوە هەیە. بە بڕوای ئەوان پەلاماردان و توندوتیژیی تایبەتمەندییەکی پیاوانەیە. بەپێچەوانەوە ژنان نەرمونیان و ئاشتیخوازن. ئەوان دەڵێن هێز لە کەرەسە و چەکوچۆڵی سەربازیدا نییە، بەڵکوو هێز لە توانای قایلکردن و قەناعەت پێهێناندایە.

فێمینیستەکان دەڵێن ئاسایشی نیشتمانی نە بە گەڕانەوەی هەر وڵاتێک بۆ تواناکانی خۆی و بە شێوەی هاوسەنگیی نێوخۆیی دابین دەبێت و نە لە ڕێگەی بەشداریکردن لە هاوپەیمانێتییە سەربازییەکاندا، بەڵکوو بە هاوکاریی هەموو دەوڵەتەکان ئاسایش بۆ هەمووان دابین دەبێت. لەم ڕوانگەوە، ئاسایشی نیشتمانی دەبێ وەک ئاسایشی هاوبەش بۆ هەموو دەوڵەتەکان پێناسە بکرێت نەک وەک ئاسایشی یەک دەوڵەت و هەوڵدانی ئەو دەوڵەتە بۆ دابینکردنی بەروژەوەندییەکانی خۆی. ئەوان پێیان وا نییە تەنیا بە نەبوونی هەڕەشەی سەربازی ئاسایشی وڵاتێک دابین ببێت، بەڵکوو دەڵێن ئاسایش یانی سڕینەوە یان کەمکردنەوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و مەترسییەکان وەک چەوساندنەوەی ڕەگەزی و کەمکردنەوەی هەڕەشەکان لەسەر ژینگە و سڕینەوەی هەژاری کە ئەمەیان کاریگەریی زۆر خراپ لەسەر ژنان دادەنێت. هەر لەم سۆنگەوە، بەرژوەندییە نیشتمانییەکانیش بەپێی هێز پێناسە ناکرێن، بەڵکوو ئەو بەرژوەندییانە سرووشتیکی فرەچەشن و چەند ڕەهەندییان هەیە. سەبارەت بە باشترین شێوازەکانی دابینکردنی بەرژوەندییەکانیش، بەپێچەوانەی ڕیالیستەکان کە پێیان وایە دابینکردنی بەرژوەندییەکان پیویستی بە خۆبەهێزکردن هەیە، فێمینیستەکان پێیان وایە لە جیهانی ئێستادا دابینکردنی بەرژوەندییە نیشتمانییەکان پێویستیی بە هاوکاریی بەربڵاوی نێونەتەوەیی هەیە و بە هۆی هاوکاریی دەوڵەتەکان تەنانەت نەک هەر بەرژوەندیی هەموو لایەنەکان دابین دەبێت، بەڵکوو زۆرێک لە کێشە جیهانییەکان و لەوانە مەترسی شەڕی ئەتۆمی و لەنێوچوونی ژینگە چارەسەر دەکرێن.

سەبارەت بە سەروەری و سەربەخۆیی وڵاتانیش فێمێنیستەکان ئیدیعای ئەوە دەکەن ئەو پێناسەیەی لە سەربەخۆیی دەکرێت، پێناسەیەکی پیاوانەیە و دوورە لە ڕاستی. چونکە بە گشتیی پیاوان پێیان باشترە بە شێوەی سەربەخۆ و بە شیوەی تاکەکەسی لەگەڵ پرسەکان مامەڵە بکەن نەک بە شیوەی هاوکاری لەگەڵ یەکتر. بە دەربڕینێکی ڕوونتر، فێمینیستەکان لەو بڕوایەدان کە کاتێک تیۆرییە پێشووەکان سیستەمی نێونەتوەیی بە سیستەمێکی پێکهاتوو لە دەستەیەک ئەکتەری سەربەخۆ (دەوڵەتەکان) پێناسە دەکەن کە نابێ لە کاروباری یەکتردا دەستتێوەردان بکەن و کۆنتڕۆڵی سنوورەکانی خۆیان بکەن، ئەمە خۆی هەڵگری ڕوانگەیەکی پیاوانەیە.

ئەوان دەڵێن بۆ نموونە پرسی جێبەجێکردنی مافی مرۆڤ زۆر گرینگترە لە سەربەخۆیی دەوڵەتان و ناکرێت دەوڵەتەکان بە

بیانووی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی سنوورەکانیاندا پێشێل بکەن، ئەگەر وڵاتێک مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی بەرچاو پێشێل بکات، تەنانەت ڕەوایە کە دەستێوەردان لە کاروباریدا بکرێت و ئەو وڵاتە ناچار بە جێبەجێکردن و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بکرێت.

فێمێنیستەکان دژی جیاکاریی نێوان سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکین و پێیان وایە ئەو جیاوازییەی ڕیالیستەکان لەنێوان سیاسەتی نیونەتوەیی (ئانارشی/هیرارکی) و سیاسەتی نێوخۆیی (پلەوپایەیی) دایدەنێن، وەک ئەو جیاوازییەیە کە پیاوان بۆ جیاکردنەوەی بواری گشتی (پیاوانە) و تایبەتی (ژنانە) لە کۆمەڵگەدا دایدەنێن. بەم کارەش ژنان لە کۆمەڵگە پەراوێز دەخرێن. هەر لەم چوارچێوەیەدا، فێمینیستەکان دەڵێن ئەوەی کە گوایە تەنیا پیاوان دەبێ لە شەڕەکاندا بەشدار بن و دەوڵەتەکان ئیدارە بکەن و ژنان توانای ئەو کارانەیان نییە، ڕوانگەیەکە کە لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیە دانراوە کە بواری گشتیی و سیاسی زیاتر لەگەڵ پێکهاتەی زەینی و جەستەیی پیاوان دێتەوە، ئەمەش وا دەکات ژنان بۆ بواری تایبەتی و بۆ نێو ماڵەکان دوور بخرێنەوە.

هەروەها لە کاتێکدا کە زۆربەی تیۆرییە پێشووەکان و لەسەرەوەی هەموویانەوە تیۆریی ڕیالیزم ئەخلاقی سیاسی لە ئەخلاقی تاکەکەسی جودا دەکاتەوە و بیرمەندانی ڕیالیزم بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەخلاق ڕۆڵێکی ئەوتۆ لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا ناگێڕێت، فێمێنیستەکان بەپێچەوانەوە پێیان وایە ناکرێت بەئاسانی ئەخلاق لە ڕەفتاری سیاسی جیا بکرێتەوە، چونکە زۆربەی ڕەفتارە سیاسییەکان لە ڕووی ئەخلاقییەوە گرینگن. هەروەها دەڵێن ناکرێت چوارچێوەی ئەخلاقیی دەوڵەتێکی تایبەت (بۆ نموونە ئەمریکای لیبراڵ) وەک پرەنسیپێکی گشتیی جیهانی سەیر بکرێت. بەپێچەوانەوە فێمینیستەکان هەوڵی دۆزینەوەی پرەنسیپە ئەخلاقییە هاوبەشەکان لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا دەدەن و پێیان وایە ئەو هەوڵەیان دەتوانێت وێڕای کەمکردنەوەی کێبڕکێ و ململانێ نێونەتەوەییەکان و بەهێزکردنی کۆمەڵگەی نیونەتەوەیی (لە جیاتی سیستەمی نێونەتەوەیی) لە ڕووی تیۆرییشەوە یارمەتیدەری پەرەسەندنی زانستی پەیوەندییە نێونەتوەییەکان بێت.

بەم چەشنە دەبینین کە گرنگترین ڕەخنەی تیۆریی فێمێنیزم لە سیاسەت و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، ڕەخنە لە ڕوانینی پیاوانە و زاڵبوونی ئەو ڕوانینە بەسەر تیۆرەکاندا بووە. فێمینیستەکان وا بیر دەکەنەوە کە پیاوان دەستی باڵایان لە دارشتنی سیاسەتەکان و بریاردان لە سیاسەتی وڵاتاندا هەیە و ژنان زیاتر لە کەناڵە نافەرمییەکان و ناحکومییەکانەوە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان داناوە، بۆیە ئەو پرسیارە دێننە ئاراوە کە بۆچی ژنان لەم بوارەدا پەراوێز خراون؟ و بۆچی زۆربەی چەمکەکان، مۆدیلەکان و لێکدانەوە و شرۆڤەکان پیاوانەن؟ هەر بۆیە خوازیاری ئەو دەرفەتانەن کە تا ئیستا بە پیاوان دراوە، بۆ ئەوەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بەرەو ئاشتی و ئاسایشی



سەرچاوە
Serchawe

زیاتر بڕوات. ئەوان ئیدیعای ئەوە دەکەن کە ئەگەر ژنان دەسەڵات بە دەستەوە بگرن، جیهان بەرەو ئاسایش و هێمنی و کەمتربوونەوەی توندوتیژی دەچێت. چونکە ژنان بە هۆی سروشتی دایکانە و پەروەردە و ڕاهێنان و گەورەکردنی منداڵان و هەروەها لەڕووی مرۆیی و چۆنیەتیی مامەڵەکردنیان لەگەڵ قەیران و پێکدادانەکان زۆر سەرکەوتووتر دەبن لە پیاوان. هەڵبەت ئەم ڕوانگەیەی فێمێنیستەکان ڕەخنەی توندی لێ گیراوە. بۆ نموونە هەندێک پێیان وایە ژنان و پیاوانی دەسەڵاتدار جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبووە و نابێت و ژنان بەو جۆرەی کە بانگەشەی دەکەن ناتوانن گۆڕانێکی ئەوتۆ لە سیاسەتدا بێننە ئاراوە، چوونکە ئەگەر ئەوانیش دەسەڵات بە دەستەوە بگرن بە هۆی ئەوەی کە دەبێت لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و ئامانجە نەتەوەییەکاندا سیاسەت بکەن، هەر وەک پیاوان هەڵسوکەوت دەکەن. لەم بارەوە بەڵگەی بەهێزیشیان بەدەستەوەیە؛ بۆ نموونە ئاماژە بە سیاسەتەکانی مارگارت تاچێر لە شەڕی ١٩٨٢ی فاڵکلەند، یرا گاندی لە شەڕی ١٩٧١ی هیندستان و پاکستان، گلدا مایەر لە شەڕی ١٩٧٣ی ئیسرائیل دژی میسر و سووریە، تانسو چیلر لە شەڕی تورکیە دژی کوردەکان و هەروەها کەسانێک وەک بینەزیر بۆتۆ لە پاکستان و کرازان ئاکینۆ لە فیلیپین لە دەیەی ١٩٨٠ دەکەن کە هەوڵیان دا هێزە سەربازییەکان بخەنە ژێر کونترۆڵی خۆیان. هەروەها ئانگ سان سوچی، سەرۆکی میانمار کە لە کاتی کۆمەڵکوژیی موسڵمانانی ڕوهینگهای دەسەڵاتی وڵاتەکەی بەدەستەوە بوو، نموونەیەکی بەرجەستەیە کە پێچەوانە ئیدیعای فێمینیستەکانە. تەنانەت خودی فێمینیستە پۆست مودێرنەکان ڕەخنە لە فێمینیزمی ڕادیکاڵ دەگرن و دەڵێن نابێ زۆر باس لە جیاوازیی تواناکانی ژنان و پیاوان بکرێت. ئەم دەستە لە فێمینیستەکان پێیان وایە توانای ژنان و پیاوان یەکسانە.

هەڵبەت ئەوانیش لە پەراوێزخستنی ژنان و دوورخستنەوەیان لە بڕیاردان سەبارەت بە پرسە سەرەکییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان نارازین، بەڵام باوەڕیان بەوە نییە کە بە دەسەڵاتگرتنی ژنان خێرا گۆڕانکاریی بەرچاو و بنەڕەتی لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا ڕوو بدات.

بە هەر حاڵ، تیۆریی فێمینیستی تا ئیستا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان داناوە و جێی خۆی گرتووە. لایەنگرانی ئەو تیۆرە پێشبینی ئەوە دەکەن کە لە داهاتوودا بتوانن ڕێژەی ئەو کاریگەرییە زیاتر بکەن و هەم گۆڕانکاری لە زانستی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا پێک بێنن و هەم بە کردە جیهان بەرەو شوێنێکی ئەمن و ئەمانتر نەک هەر بۆ ژنان بەڵکوو بۆ هەمووان ببەن. بەڵام کێشە ئەوەیە کە هێشتا هەیمەنە و زاڵێتیی ڕیالیزمی سیاسی وەک خۆی ماوەتەوە، بۆیە ناچارین چاوەڕوانی داهاتوو بین بزانین چەندە ئەم پێشبینییەیان ڕاستیوازانەیە !

١٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# ئێران لە دەلاقەی خوێندنەوەی د. قاسملووەوە




ڕەزا دانشجوو

## پێشەکی

ناسیۆنالیزم یەکێکە لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی فەرانسە، ڕوانگەیەکی نوێ کە باس لە "سەروەری نەتەوەیی و سەربەخۆیی سیاسی" دەکات.

ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوا دوای شکستی ڕەهای ئایینی مەسیحی لە توانایی کۆکردنەوەی جەماوەر لە سەر بنەمای دین سەری هەڵدا. ڕێنێسانس لە ئورووپا و دەرەنجامی پەراوێزخستنی ئایین بۆشاییەکی گەورەی لە کۆمەڵگەی ئەورووپیدا دروست کرد، لە ڕاستیدا ئایین کە تا ئەوکات وەک فاکتەرێک بۆ لێکنزیکبوونەوەی ئورووپییەکان بەبێ گوێدان بە جیاوازیی زمان و کولتوور باسی لێدەکرا ئیتر بوونی نەما. ئەم بۆشاییە ئایدیۆلۆژییە فەزای گونجاوی بۆ هاتنە ناوەوەی وشەیەکی نوێی بۆ نێو ئەدەبیاتی سیاسیی جیهان لەژێر ناوی ناسیۆنالیزمدا خوڵقاند.

هاتنەسەرکاری ناپلیۆن بۆناپارت پرۆسەی ناسیۆنالیزمی لە ڕۆژئاوا خێراتر کرد، سیاسەت و کردەوەکانی ناپلیۆن لە فەرانسە هەستی ناسیۆنالیستی لە وڵاتانی دیکەدا بۆ نموونە لە ئاڵمان و ئیتالیا وروژاند. سەدەی نۆزدەهەم بە سەردەمی زێڕینی ناسیۆنالیزم ناو دەبرێت. لەم سەدەیەدا ناسیۆنالیزمی ئەمریکی دامەزرا، ویلیام گۆڵدستۆن پەرەی بە ناسیۆنالیزمی ئینگلیزی دا، لە هەمان کاتدا لە ئەمریکای باشوور و نێوەڕاست، بە سەرکردایەتی سیمۆن بۆلیڤار و جۆزێف مارتن، زۆرێک لە کۆلۆنیەکانی پورتەغاڵ و ئیسپانیا سەربەخۆییان بەدەستهێنا. گرنگترین دەستکەوتی شۆڕشی گەورەی فەڕانسە "بەیاننامەی مافی مرۆڤ"ە لە ساڵی ١٩٧١ لە دەستووری ئەم وڵاتەدا کە دژی حوکمڕانی خۆسەپێنە و بەروونی باس لە مافی جەماوەر دەکات بۆ دانی بەرپرسیارەتی وڵات بە هەرکەس. پێش شۆڕشی فەرانسە، دەتوانین بڵێین بە جۆرێک لە هزری "ماکیاڤیل"دا باسی ناسیۆنالیزم کراوە. ئەو دەستەواژەی وڵات لە هەموو شتێکی تر بە باڵاتر دەزانێت و هانی گەلی ئیتالیا دەدات بەرژەوەندی نەتەوەیی لە ڕەچاوکردنی ئەخلاقی و ئایینی بە باشتر بزانن. دەکرێ بڵێین بەردی بناغەی یەکەمی حکوومەتی نیشتمانی لەسەر بنەمای بیرۆکەکانی ماکیاڤێلی دامەزراوە.

بەڵام گرنگترین ئامانجەکانی ناسیۆنالیزم لە ئورووپا، وشیاریی نەتەوەیی و ئاگایی نەتەوە لە شوناسی خۆی بوو و لەهەنگاوی دواتردا سەروەریی نەتەوەیی و بیرۆکەی ئازادی نەتەوەیی لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەرانبەر بە بێگانەکان بوو. بەم شێوەیە میللەت بە سێ سیفەتی سروشتی و پەیوەندیدارەوە لە ئورووپا لەدایک بوو، ئەوانیش (سەروەری، سەربەخۆیی و دەسەڵات)ە. سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و ئایین لە ئورووپا، پێویستە ئەوە بگوترێ کە: لە بنەڕەتدا، نەتەوە و حکوومەتە نەتەوەییە سەربەخۆکان لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی کەنیسە، کە بەرجەستەی یەکیەتیی سیاسیی ئورووپا بوو، هاتنە ئاراوە، و پەیوەندی ئایینی جێگەی خۆی بە نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەرەستی دا. بە گوتەی "ئادەمیت"، "نیشتمانپەروەری هەمان هێزی جوڵاوی مێژوویی دۆزیوەتەوە کە ئایین تا دوێنێ هەیبوو."

## لە ناسیۆنالیزم ئێرانی هەتا شۆڤێنیزمی فارسی

ناسیۆنالیزم لە ئێراندا یادگاری نەوەی یەکەمی ڕووناکبیرانی ئێرانە. شکستە یەک لە دوای یەکەکانی قاجار لە ڕووسەکان و دەستێوەردانی بەردەوامی ڕۆژئاواییەکان لە کاروباری ئێران، لە ڕاستیدا ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگەیەکی نەریتی و دواکەوتوو لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتە پێشکەوتووەکان و کۆلۆنیالیستە بەریتانی و ڕووسییەکان، گرنگترین پاڵنەری ڕووناکبیرانی ئێرانە لە ڕێگای هەوڵدان بۆ گەیشتن بە شارستانیەتێکی نوێ و دۆزینەوەی هۆکارەکانی دواکەوتوویی ئێران بوون. لە ڕوانگەی زۆرێک لەو ڕووناکبیرانە وەک میرزا ئاغاخان کرمانی، ئاخوندزادە، میرزا مێلکۆمخان، گرینگترین هۆکاری

ئەم دواکەوتوویيە زاڵبوونی بیروبۆچوونی عەرەب و ئیسلام بووە و تاکە ڕێگای دەربازبوون لەم دۆخە گەڕانەوەیە بۆ کولتوور و ئایینی کۆن. ئەم تێڕوانینە ڕووکەشییە و دانپێدانەنان بە جیاوازییەکانی نەریتی- زمانیی کۆمەڵگای ئێران بووە هۆی ڕووداوە نەخوازراوەکانی دواتر.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە تا سەدەی نۆزدەهەم لە ئێراندا شتێک بە ناوی ناسیۆنالیزم لە مانای نوێ (سەروەری نەتەوەیی)دا نەبووە. ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە وردە وردە لە لایەن خوێندکارانی ئێرانی لە ئورووپا کە ئاشنای بنەماکانی ئازادی و حکوومەتی نەتەوەیی لە ئینگلیس و بیری پەیڕەوانی شۆڕشی فەرانسە بوون، بۆ ئێران گواسترایەوە. جگە لەمانە، ڕۆژنامە و گۆڤاری بیانی، کە لەلایەن ئینگلیزی "ئیدوارد بێرگێس"ەوە وەرگێڕدراون و گەیشتوونەتە بۆچوونی ناسرەدین شا، کە تیایدا هەواڵەکان سەبارەت بە "مازینی" و بزووتنەوەی ئازادیی ئیتالیا خراونەتە ناوەوە.

مەشرووتە خاڵی وەرچەرخانە لە پێناسەکردنەوەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی ئایینی-نەتەوەیی، شتێکی تەواو جیاواز لەوەی کە زۆرێک لە ڕووناکبیرانی ئێران بەدوایدا دەگەڕان. ئەو مەشرووتەی کە بە پشتیوانیی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی ئێران وەک ڕووناکبیران، بازرگانان، پیاوانی ئایینی و خەڵکان جیاوازی کۆمەڵگە پێک هات، ئامانجی سەرەکیی ڕوخاندنی سیستەمی ستەمی ڕەها و دامەزراندنی حکوومەتێکی نەتەوەیی بوو. لە ڕاستیدا ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر لە مەشرووتەدا دیارە، بەرەنگاربوونەوەی نفووزی دەرەکییە لە کاروباری نێوخۆی ئێراندا. بەداخەوە بەهۆی نەتوانینی پێناسەکردنی ڕاستییەکانی کۆمەڵگە، ئاکامی مەشرووتە دیکتاتۆریی ڕەزاخانی بوو. ئاکامە شۆڕشی مەشرووتە و داخوازیی مۆدێرنیزم و یاساگەرایی، لەبری ئەوەی پێشکەوتن بێت، هۆی تێکچوون و دواکەوتوویی بوو.

لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا، بە هاوکاریی ژمارەیەک لە ڕووناکبیرانی ڕۆژئاواپەرەست بە دروشمی گەڕانەوە بۆ سەردەمی کۆن، قۆناغێکی نوێی ناسیۆنالیزم دروست بوو. مۆدێرنیزمی دەستووریی ڕەزاخانی، کە بە ئامانجی ئاسیمیلەکردنی کولتووری و لەنێوبردنی جیاوازییە کولتووری-زمانییەکان لە ژێر بیرۆکەی یەک نەتەوە - یەک زمان، بوو بە هۆی سڕینەوەی بەشێکی زۆر لە ڕاستیەکانی کۆمەڵگە و، سەرەتای لەنێوبردنی هەمەجۆریی زمانەوانی و کولتووری ئێرانی. دیکتاتۆریی پەهلەوی لەنێو قسەی ڕووناکبیرانی ناسیۆنالیستی وەک سادق هیدایەت، سەید حەسەن تەقیزادە، یان شاعیرانی وەک میرزادەی عەشقی و فەرۆخی یەزدی سەری هەڵدا. هەرچەند دواتر ئەم ڕووناکبیرانە خۆیان بوونە گەورەترین نەیاری دیکتاتۆریی پەهلەوی. لە ڕاستیدا دەکرێ بزووتنەوەی فکری لەم قۆناغەدا بە سەر دوو گرووپدا دابەش بکرێت، زۆرینە ئەوانەی بە دوای ناسیۆنالیزمێکی گشتگیر بوون و کەمینە ئەوانەی لەژێر ناوی ناسیۆنالیزمی نیشتمانپەروەردا بوون بە هاوڕێی دیکتاتۆریی پەهلەوی. ناسیۆنالیزمێکی کوێر کە بە هۆی نەناسینی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانەوە هەرگیز



سەرچاوە
Serchawe

نەیتوانی بچێتە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانەوە و هەمیشە سەرەڕای تاقمێک دروشمی پووچ و بێبنەما لە پەراوێزدا مایەوە. ناسیۆنالیزمێک کە بڕیار بوو فاکتەرێکی بەهێز دژی کاریگەریی کۆلۆنیالیستەکان بێت، بە سڕینەوەی فرەچەشنیی زمانەوانی و کولتووری لە ئێراندا بوو بە فاکتەری سەرەکیی کاریگەریی زۆرتری زلهێزە جیهانیەکان. ئەم ناسیۆنالیزمە جگە لە تاقمێک دروشمێکی بێبنەما کە کوێرانە لاسایی ڕۆژئاوا دەکردەوە و پلانێکی خام و ناپێگەیشتوو جێبەجێ دەکرد، هیچ شتێکی تری بۆ گوتن نەبوو. لابردن و لەنێوبردنی دامەزراوە دیموکراسییەکان و سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی ڕەهای دیکتاتۆر تاکە دەستکەوتی ئەم بزووتنەوەیە بوو.

دەکرێ سەردەمی ڕەزاخان وەک کۆتاییهاتنی فرەچەشنی فەرهەنگی و زمانی ئێران و لە ڕاستیدا داکشانی سەرزەویەک کە بۆ چەندین سەدە شوێنی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بوو، سەیر بکرێت. وەک گوترا، لاساییکردنی کوێرانە و هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەت - نەتەوەی نوێ بە هەر شێوەیەک و لە ڕاستیدا بە لەنێوبردن و سڕینەوەی هەموو ئەو نۆرمانەی کە بۆ چەندین سەدە وەک بناغەی پێکەوەژیان قبووڵ کرابوون، بووە هۆی دژایەتییەکی پێکهاتەیی لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم خاکەدا. هەڵبژاردنی ناوی ئێرانیش بۆ ئەم خاکە زیاتر بۆ نەهێشتنی جیاوازییە کولتوورییەکان بووە نەک بۆ نزیکیی نەتەوەکانی ئێرانی. دروستکردنی زۆرەملێ کۆمەڵگەیەکی یەکڕەنگ و یەکزمان و !... لە درێژەدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە ئاماژە بە بەشێک لە وتارەکەی سەعید نەفیسی، ئەو کەسەی ناوی ئێرانی بۆ ئەم خاکە هەڵبژاردووە دەکەین کە لە ڕۆژنامەی "ئیتلاعات" و چەند ڕۆژێک دوای ئەم ڕووداوە بڵاو بۆتەوە. سەعید نەفیسی دەنووسێت:

"لای زانایان و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتناسان بۆتە باو کە لە وشەی ئێران بۆ هەموو زانست و شارستانییە کۆن و نوێیەکانی وڵاتان و ڕەگەزەکان کەڵک وەرگرن و... ئەم وشەیە هەموو شارستانیەتەکانی ئێرانی ئەمڕۆ، ئەفغانستان، بەلوچستان، تورکستان (تاجیکستان و ئۆزبەکستان و تورکمانستانی ئەمڕۆ) و قەفقاز و کوردستان و ئەرمەنستان و گورجستان و باکووری ڕۆژئاوای هیندوستان دەگرێتەوە و وەک ناوێکی گشتییە بۆ هەموو وڵاتانی ئێرانی و ناوێکی تایبەتە بۆ وڵاتێک دێت کە سنوورەکانی لە دەرئەنجامی لەشکرکێشییەکانە لەلایەن وڵاتانی بیانی لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ناوەڕاستدا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا دیاری کرا".

لە نووسینەکەی سەعید نەفیسی بەڕوونی دەردەکەوێت کە وشەی ئێران تایبەتە بە خاکێکی بەرفراوان و لە ڕاستیدا ناوچەیەکی شارستانییە بە جیاوازیی زمانەوانی و کولتووری . نەفیسی باس لە وڵاتانی ئێرانی دەکات نەک وڵاتی ئێران کە خۆی و ئەربابەکەی لەژێر دروشمی ناسیۆنالیزمی نیشتمانپەروەر لەنێویان برد.



سەرچاوە
Serchawe

## حکومەتی خۆجێیی و ئێرانی فیدراڵ

ئەمر دوکتور قاسملوو بە زانینی ئەو ڕاستییە و بۆ وەبیرهێنانەوەیە ئەم ڕاستییە مێژووییە زۆرجار باس لە ڕێزگرتن لە "جیاوازیی کولتووری-زمانی" دەکات. دوکتور قاسملوو باسی ئێران دەکات، بەڵام ئێرانەکەی تەواو جیاوازە لە ئێرانی پاوانخوازە فاشیستەکان. باسی ئۆتۆنۆمی دەکات، بەڵام خۆی بە بەشێک لە شارستانییەتی ئێرانی دەزانێت، شتێک کە مێشکی بچووکی تاقمێک شۆڤێنیست ناتوانێت لێی تێبگات. ئەوەی دوکتور قاسملوو باسی دەکات ئەوەیە کە سەعید نەفیسی بەئاشکرا لە نووسینەکەیدا دانی بەوەدا ناوە، کۆمەڵێک حکومەتی خۆجێیی سەربەخۆ بەڵام یەکگرتوو لە چوارچێوەی یەک ئیمپراتۆریەتێکدا.

شەهید قاسملوو، تەنها چەند کاتژمێرێک پێش شەهیدبوونی، لەگەڵ بکوژانی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی باس لە ئەگەری پەیوەستبوون و هاوپەیمانی کوردانی عێراق و تورکیە لە چوارچێوەی یەک هاوپەیمانیی ڕاستەقینەدا دەکات. لە تێڕوانینی دوکتور قاسملوودا، ئەم شارستانییەتە کۆنە دەتوانێت لە سەر بناغەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نەتەوە جیاوازەکانی دووبارە دابمەزرێت. لە ڕاستیدا ئەمە هەمان وڵاتانی ئێرانین کە ساڵانێکە لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتێک کە لەسەر بنەمای فرەچەشنی زمانی-کولتووری دامەزراون، شانبەشانی یەکتر ژیاون. ئێرانی دوکتور قاسملوو بەقەد زانست و زانیارییەکانی گەورە و هەمەچەشنە.

لای ئەمر دوکتور قاسملوو باس و گفتوگۆ هەمیشە کراوەیە، لە سەر ئەو باوەڕە سوورە کە زیندووکردنەوەی ئەم شارستانییەتە کۆنە بەتەنها بە کورد ناکرێت، هەرکات باسی خەبات و تێکۆشان دەکات، داوای پەیوەستبوون لە هەموو ئەو کەسانە دەکات کە باوەڕیان بە دێموکراسی هەیە. هێڵی سووری نە کەسێکی دیاریکراو، بەڵکو ئەم بیرۆکە پاوانخوازەیە کە نایهەوێت جیاوازییەکان ببینێت.

ئێرانی فاشیستەکان بە واتای چەند پارێزگایەکی نێوەڕاستی فارسی زمان لە فەلاتی ئێران دێت، ئێران لە چاوی دوکتور قاسملوو بە واتای ناوچەیەک فراوان لە هیندستانەوە تا میزۆپۆتامیایە، هەمەچەشن، بەرفراوان. بە دڵنیاییەوە وەها سەرزەوێک بە بیرکردنەوەی دۆگماتیک و تۆتالیتاری بەڕێوە ناچێت.

تاکە ڕێگاچارە گەڕانەوەیە بۆ حەقیقەتی شارستانییەتی ئێرانییە، ئەم خاکە هەمیشە بە پشتیوانی و ڕێزگرتن لە

پووشپەڕی ٢٧٢٣

حکومەتە خۆجێییەکان و بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی بەڕێوە بردراوە. فیدراڵیزم وەشانی ئەمڕۆی ئەم فۆرمەی حوکمڕانییە و تاکە چارەسەرە بۆ پاراستنی دەسەڵات و شکۆمەندی ئەم خاکە و هاوکات ڕێزگرتن لە هەموو جیاوازییە زمانی کولتوورییەکانە.

١٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# د. عەبدولڕەحمان قاسملووو، میراتێکی نەناسراو



**حەسەن قارەمانی**

د. عەبدولڕەحمان قاسملوو سەرکردەیەکی دیاری کورد و داکۆکیکارێکی دڵسۆزی مافەکانی نەتەوەی کورد لە ئێران بوو. ناوبراو لە شاری ورمێ سەر بە پارێزگای ورمێ لەدایک ببوو، و لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و ناسیۆنالیستی کورددا لە پەروەردە ببوو.

د. عەبدولڕەحمان قاسملوو خوێندنی سەرەتایی لە ورمێ دەست پێ کردووە دواتر لە تارانی پایتەخت درێژەی بە خوێندن داوە. هەر لە تەمەنی ١٥ساڵیدا بوو بە ئەندامی لاوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. پابەندبوونی سیاسی و قەناعەتەکانی بە خێرایی گەشەی کرد و بڕیاری دا لە دەرەوەی وڵات درێژە بە خوێندن بدات بۆ ئەوەی زانیاری و لێهاتوویی خۆی لە سیاسەت و کاروباری نیشتمانیدا قووڵتر بکاتەوە.

قاسملوو بۆ خوێندن لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس ڕووی لە فەڕانسە کرد هەر لەوێ بوو کە هاوسەری داهاتووی خۆی بە

ناوی هێلین کرولیچ ناسی کە ژنێکی خەڵکی چیکۆسلۆڤاکی بوو. ئەوان پێکەوە دوو کچیان بوو بە ناوەکانی مینا و هیوا. د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ماوەی مانەوەی لە پاریس، زانستی خۆی قووڵتر کردۆتەوە و شارەزای هەشت زمانی جیاواز بووە، لەوانە کوردی، فارسی، عەرەبی، فەرەنسی، ئینگلیزی، چیک، ڕووسی و ئازەربایجانی. هەروەها هەندێک زانیاری لەسەر زمانی ئەڵمانی و سلۆڤاکی و پۆڵەندییش هەبوو.

دوای تەواوکردنی خوێندن، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو بڕیاری دا بگەڕێتەوە کوردستان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارا بەشداریی بزووتنەوەی سیاسی کورد بکات. لەو پێناوەدا خەباتی بۆ گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی و مافەکانی کورد کرد. ساڵی ١٣٥٢ لە کۆنگرەی سێیەمی حیزبدا بە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا و لێرە بەدواوە خۆی خستە نێو قۆناغیکی هەستیاری پڕ لە بەرپرسایەتی.

لە ساڵی ١٣٥٧ حیزبەکەی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو پاڵپشتی لە شۆڕشی ئێران کرد کە بووە هۆی ڕووخانی دوایین پاشا محەممەد ڕەزا شا پەهلەوی. بڕیار بوو شۆڕش بە مانای گۆڕانکاری لە دیمەنی سیاسی وڵاتدا بێت و دەرفەت بۆ ئۆتۆنۆمی و مافەکانی کورد بکاتەوە. بەڵام ئەم گەشبینییە زۆری نەخایاند. ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕێبەری شۆڕشی ئێران لەبری وەڵامدانەوە بە داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، شەڕی بەسەر گەلی کورد لە ئێراندا سەپاند.

ئەم خاڵانە خوارەوە ڕەنگدانەوەی گرنگی و پابەندبوونی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو بە مافەکانی کورد لە سەردەمی ڕێبەرایەتیدا. د. عەبدولڕەحمان لەنێو بزاڤی کورد و حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون ئێستاش وەک بنەما پێوەر ئەژمار دەکرێن کە بە میراتی فکری هزری د - قاسملوو ناسراون.

- د.عەبدولڕەحمان قاسملووله پێناو بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی و ماف بۆ گەلی کورد لە ئێران خەباتی کرد.

- عەبدولڕەحمان قاسملوو وتاربێژێکی لێهاتوو و داکۆکیکارێکی دیاری فەرهەنگ و ناسنامەی کوردی بوو.

- د.قاسملوو ڕۆشنبیر و نووسەرێکی ناودار بوو، و چەندین کتێبی لەسەر مێژوو و خەباتی کورد نووسیوە.

- بە سەرکردایەتی ئەو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێگەی خۆی بەهێزتر کرد و بوو بە بزووتنەوەیەکی سیاسی بەرچاو بۆ مافەکانی کورد.



سەرچاوە
Serchawe

- د.عەبدولڕەحمان قاسملووداکۆکیکار بوو لە ئامرازی ئاشتیانە و بۆ گەیشتن بە مافەکانی کورد لەگەڵ حکوومەتی ئێران خەریکی وتووێژ بوو.

- د.عەبدولڕەحمان قاسملوو دانوستانکارێکی لێهاتوو بوو و لە چەندین چوارچێوەی نێودەوڵەتیدا نوێنەرایەتیی کوردی کرد.

- قاسملوو داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی ژنان بوو و لە چوارچێوەی بزووتنەوەی کوردیدا کار بۆ بەرەوپێشبردنی یەکسانیی ڕەگەزی دەکرد.

- قاسملوو پشتیوانی و پابەندبوونی پێکهاتە کوردییەکانی چ لە ئێران و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کۆ کردەوە.

- سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوەی دژایەتی و هەڕەشەکانی حکوومەتی ئێران، بەڵام بەردەوام بوو لە خەبات بۆ مافەکانی کورد.

- قاسملوو لە گرنگی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردی تێگەیشت و کاری بۆ کۆکردنەوەی گرووپە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی کورد کرد.

- بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە پرسی کورد و بەدەستهێنانی پشتیوانی کۆمەڵگەی جیهانی گەشتێکی نێودەوڵەتی کردووە.

- د.عەبدولڕەحمان قاسملوونەک تەنیا لەنێو کۆمەڵگەی کورددا، بەڵکوو بۆ کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دیکەی ئێران، داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافی کەمینەکان بوو.

ئەو ڕێکخەرێکی لێهاتوو بوو و ژێرخانی سیاسی پتەوی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بۆ بزووتنەوە کوردییەکان لە ئێراندا بنیات نا.

- د.عەبدولڕەحمان قاسملوو لەپێناو بەرەوپێشبردنی یەکڕیزی و هاوکاریی نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی نێو بزووتنەوەی کورد کاری کردووە.

- د.عەبدولڕەحمان قاسملوو پابەند بوو بە بەرەوپێشبردنی پەروەردە و گەشەپێدانی فەرهەنگی بۆ گەلی کورد، هەروەها

پووشپەڕی ٢٧٢٣

کاری بۆ بەهێزکردنی سیستەمی پەروەردە و پاراستنی کولتوور و زمانی کوردی کرد.

- د.عەبدولڕەحمان قاسملوو چالاکانە داوای پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی کورد کرد و پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تری مافی مرۆڤ و ئەکتەرە سیاسییەکانی جیهان دروست کرد.

- د.عەبدولڕەحمان قاسملووبیرمەندێکی ستراتیجی بوو و ستراتیجی جۆراوجۆری سیاسی و تاکتیکی بۆ گەیشتن بە مافەکانی کورد لە چوارچێوەی سیاسی و یاسایی ئێراندا داڕشت.

- د. عەبدولڕەحمان قاسملووله گرنگیی وەرگرتن و گوێگرتن لە دەنگ و بۆچوونی جیاواز لەنێو بزووتنەوەی کوردی تێگەیشت و کار بۆ پێشخستنی دیموکراسی و بڕیاردانی ناوخۆی کرد.

- د.عەبدولڕەحمان قاسملووجێگای ئیلهام و هێمای ئومێد و خۆڕاگری بوو لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا و سەرکردایەتییەکەی ئیلهامبەخش بوو بۆ زۆرێک لە چالاکانی گەنجی کورد بۆ پابەندبوون بە مافەکانی کورد.

- د.عەبدولڕەحمان قاسملووبە سەرکردەیەکی پراگماتیک دادەنرا کە لە گرنگی خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی سیاسی تێگەیشتبوو بۆ ئەوەی لە خەبات بۆ مافەکانی کورد سەرکەوتوو بێت.

- هەرچەندە د.عەبدولڕەحمان قاسملووی نەماوە، بەڵام میرات و کاریگەریی ئایدیۆلۆژیی د.عەبدولڕەحمان قاسملوولەناو بزووتنەوەی کورددا بەهێز ماوەتەوە و هەوڵەکانی بۆ مافەکانی کورد بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەگێڕدرێت.

بەداخەوە قاسملوو ساڵی ١٣٦٨ لە کاتی دانوستانەکانی ئاشتی لەگەڵ حکومەتی ئێران لە ڤییەن تیرۆر کرا، چارەنووسێکی دڵتەزێنی بەخۆیەوە بینی ئەوەی لەپاش خۆی بەجێی هێشت میراتێکی لەبن نەهاتوو هەتاهەتاییە بۆ ڕێگا و ڕێبازەکەی.

١٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"




**سمایل شەرەفی**

درووشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" یەکێک لەو دەگمەن درووشمانەیە کە زیاتر لە سێ دەیەیە بە دارو دیوار و شەقامەکانی کوردستانە خۆ دەنوێنێ. ئەم درووشمە لەسەر هەزاران دیواری کۆڵانەکانی شار و ئاواییەکانی کوردستانەوە نووسراوە و بە هەزاران کەس لە جەماوەری خەڵکی کوردستان لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا بە دەنگی بەرز وتوویانەتەوە و دەیڵێننەوە.

لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا لە کوردستان ئەم درووشمە دوای درووشمی "ژن، ژیان ئازادی"، بەرزترین هاواری خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان بوو کە هەردوێنێ شەو لە شاری مهاباد بۆ جارێکی دیکە و لە سەروبەندی ٢٢ی پوشپەڕی ئەمساڵ، ٣٤هەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری دوکتور قاسملووی ڕێبەری بە دەستی دیپلۆمات - تێرۆریستەکانی تاران دا بۆ جارێکی دیکە "قاسملو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" دڵی ڕێژیمی تێرۆریستپەروەری خستەوە لەرزە.

دوێنێ شەو لە کاتی ئەسپەردەکردنی تەرمی بێگیانی دوایین شەهیدی نیشتمان، شەهید پەیمان گەڵوانی کە دوای



سەرچاوە
Serchawe

دەستبەسەرکردنی لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لێ ئەستێندرا، خەڵکی هەمیشە خاوەن هەڵوێستی شاری مهاباد، لە نـارەزایەتییەکی جەماوەریدا، وێـڕای ڕیسواکردنی ڕێژیمی دژەکوردی کۆماری ئیسلامی، بۆ جارێکی دیکە دروشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگـات درێـژەی هەیە"یـان کـردەوە بە دروشمی سـەرەکیی نارەزایەتییەکانیان.

ئەوەیکە ئەم دروشمە چۆن و بە چ هۆکارگەلێک توانیویەتی دوای نزیک بە ٣٥ ساڵ لە تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو هەروا ببێتە تـایتڵی نـارەزایەتییە جەماوەرییەکـان لە کوردسـتان، ڕوون و ئاشکرایە. کەسـایەتیی بەرزی شـەهید دوکتـور قاسملوو و ڕۆڵی هەرە کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی کوردستان و گوتاری بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات لە لایەک و، لە لایەکی دیکەوە جێگە و پێگەی بەرز و چەسپاوی حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەی کوردستان بە هۆی سیاسەتە درووست و نەتەوەییەکانیەوە، دوو هۆکاری دیکەی بەردەوامبوون و بەزیندوویی مانەوەی دروشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێـژەی هەیە"یە.هەڵـبەت تیـرۆری نـاجوامێرانەی ئەم ڕێـبەرە بلیمەت و لێوەشـاوەیەی بـزووتنەوەی کـورد و سکرتێری حیزبی دێموکرات لە سەر مێزی وتووێژ، شوێنەواری خۆی لەسەر هەڵوێست و ڕەفتـاری کـۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەجێهێشتووە.

ئەو نەسڵەی کە ئەمساڵ و ڕۆژانە لە شەقامەکانی کوردستان دروشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" دەڵێتەوە و لە سـەر دیـواری گونـد و شـارەکانی کوردسـتانی دەنووسـنەوە و وێنەکـانی شـەهید قاسملوو بە مـاڵاندا بـڵاو دەکەنەوە و بە تابلۆکـانەوەی دەچەسپێنن، نە دوکتور قاسملوویان بە چاوی خۆیـان دیـوە و نە هـیچ بیرەوەرییەکیـان لە لەگەڵ ئەم ڕێبەرە شەهیدە هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی بە خوێندنەوەی بیروئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو تەژی لە هەست و شعوری نەتەوەیی و خەباتکارانە دەبن، بە کردەوەش دەبینن کە ئەو حیزبەی کە دوکتور قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد هەروا لە مەیـدان دایە و درێژە بە ڕێبازی پڕ لە فیداکاری، خزمەت بە خاک و خەڵکی کوردستان و خەبـات بـۆ دەستەبەرکردنی مـاف و ئازادییەکـانی گەلدا دەدات.

تێکەڵبـوونی دروشمی "قاسـملوو، قاسـملوو، ڕێگـات درێـژەی هەیە" بە ئیـرادەی مـافخوازانەی جەمـاوەری سەرشـەقامەکانی کوردستان، سەلماندنی ئیدیعای "زیندووبوونی قاسملوو لە ڕێبازیدا"یە. ڕێبـازێک کە ٣٤ سـاڵە داهێـنەر و خـوڵقێنەرەکەی بە جەستە لە نێو نەتەوە و حیزبەکەیدا نەماوە. ئەمە ئەگەر لە لایەک نیشانەی ڕاست و درووستیی بیرکردنەوە و خوێنـدنەوە و هەڵوێست و سیاسەتەکانی دوکتور قاسملووی شەهیدە، لە لایەکی دیکەوە نیشانەی هێز و پێگە و خوشەویستیی حیزبێکە کە دوای ٣٤ سـاڵ لە نەمـانی ڕێـبەرە بیرمەنـدەکەی، توانیـویەتی دوای کۆسـتی گرانـی ئەو و جێگـرە لێوەشـاوەکەی(د. سـادق

پووشپەڕی ٢٧٢٣

شەرەفکەندی) بە بڕینی قۆناغگەلێک پڕ لە هەوراز و نشێوی سەخت و دژوار، ئەو ڕێبازە - نەتەنیا بە زیندوویی ڕابگرێت - بەڵکوو دەوڵەمەند و بەڕۆژی بکاتەوە.

بەردەوامیی و بەرزکردنەوەی درووشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" ئەگەر لە لایەک بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مایەی دڵخۆشی و شانازیپێوەکردن بە پێگە و نفووزی مێژوویی و جەماوەریەتی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، لە لایەکی دیکەشەوە ئەرکپێئەسپاردن و متمانەپێکردنیەتی لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە کە وەک تا ئێستا پێی وەفادار ماوەتەوە، لە درێژەدان بە "ڕێبازی قاسملوو" و گرتنە پێشی نەخشە ڕێگای گونجاو لەگەڵ سەردەم و پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان، بەردەوام بێت.

٢٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# شۆڕشی ژینا، هەنگاوێک بەرەو پێش و چەند هەنگاو بەرەو دوا



نەهیە خۆشکەلام

هەموو شتێک لە ئارامستانی ئایچی دەستی پێ کرد، لەو کاتەوە کە لە سەر کێلی مەزاری ژینا نوسرا (ژینا گیان تۆ نامری ناوی تۆ دەبێتە ڕەمز). لەو کاتەوە کە ژنەکان سەرپۆشەکانیان لە سەر لابرد و بە دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕی. لە سەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵات شۆڕشێک خوڵقا و بەرپا کرا کە زۆر کەسی تووشی سەرسوڕمان کردبوو، گوتارێک دەبینرا کە بۆ زۆربەمان لەو ئاستە بەرفراوانەدا چاوەڕوانکراو نەبوو. ئەگەر چاوێک بە وتەی دانە بە دانەی ئەو دایک و باوک و ئەندامانی خێزان و تەنانەت خودی ئەوانەش کە گیانیان بەختکردووە بخشێنین، دەبینین کە لە ناو یەک بە یەکی وشەکانیان باس لە دیسکورس و گوتار و پەیامێکی نوێ دەکەن کە پڕ بە پێستی دروشمی سەرەکی ئەو شۆڕشە واتە ( ژن، ژیان، ئازادی) بوو، دروشمێک کە نەک تەنها ژنانی ناو ئێران بەڵکو ژنانی تەواوی جیهانی کردە بەردەنگی خۆی و بوو بە مانشێتی زۆرینەی هەرە زۆری میدیاکانی جیهان، شۆڕشێکی ئینترسکشواڵیتی کە بەیانی قوڵایی ئازارو دەردی هەموو گەلانی ناو جوگرافیای ئێرانی دەکرد و باس و بابەتی هەموو چین و توێژە پەراوێزخراوەکانی لە خۆ دەگرت. شۆڕشێک کە نیشانی ئەدا لە ماوەی ئەم ٤٤ ساڵەی ڕابردوودا ڕێکخراوە مەدەنییەکان و NGO کان لە نەبوونی هێزە

سیاسییەکان لە ناو ڕۆژهەڵات بە کاوەخۆ کاری بنەڕەتی و قوڵی نەتەوەییان کردووە و توانیبوویان لە ڕیشەوە گۆڕانکاری دروست بکەن.

شۆڕشی ژینا ڕوخسارێکیتری لە ژنی کورد و لە خەباتی میللەتی کورد بە دونیا پیشاندا، ژنانێک کە چیتر بەس ژنی چەک بە دەست نین و بە شێوازێکیتر هاوکات لە گەڵ تێکۆشانیان بۆ دەستەبەرکردنی ماڤی نەتەوەیی بۆ مافی ڕەگەزی خۆشیان وەک ژن تێدەکۆشن و بە هۆشیاری هەڵسوکەوت دەکەن، شۆڕشێک کە  وێناسازی کۆماری ئیسلامی بۆ پیشاندانی میللەتی کورد وەک خەڵکانێکی ناشارستانی و مرۆڤکوژ و ژنکوژ و ...تێکدا کە ساڵانێکی زۆرە دەسەڵاتەکانی ناو ئێران زۆر بە چڕوپڕی بۆ جێخستنی ئەو چەمکانە لە سەر میللەتی کورد لە هەموو ئامرازێک کەڵکیان وەرگرتووە!

شۆڕشی ژینا بە دوو سەردێڕ واتە دوو ناوی ژینا و ناوی مەهسا، دوو تەوەرو مانای جیاواز لەخۆ دەگرێ، کاتێ کە باس لە شۆڕشی ژینا دەکرێ واتە شۆڕشێکی ئینترسکشناڵتی، شۆڕشی شوناسخوازی گەلانی بندەست و ژنان و شۆڕشی پەراوێز خراوەکان، بەڵام کاتێ دەچێتە ناو بازنەی ناوی مەهسا، ڕوخسارەکەی دەگۆڕدرێ و زۆرتر تیشک دەخاتە سەر پێداویستییەکانی ژنانی ناوەند و ناوەندگەرا و داخوازیەکان دەبێتە داخوازیگەلێک کە لە چوارچێوەی یاسای شارۆمەندیشدا تەنانەت هەر لە ژێر سایەی ئەو دەسەڵاتەی کۆماری ئیسلامی بە ڕیفۆرم دەتواندرێ دەستەبەر بێت.

ئەو داخوازیانەی کە ژنانی ناوەند هەیانە و بۆ ئەوان لە ئاستی یەک و دوودایە بۆ ژنانی نەتەوە بندەستەکان وەکو کاڵایەکی لۆکس وایە؛ بۆ نموونە کچێک لە ناوەند ئاواتی ئەوەیە بچێت بۆ ئیستادیۆمی ئازادی و چاو لە کێبڕکێی فوتباڵ بکات، بەڵام کچێکی بەلووچ ئەوەندە گیرۆدە و گرفتاری پێداویستیە سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانەیەتی کە لە خەوی شەوانەشدا ناتوانێ ئاواتگەلێکی وەهای هەبێت.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێک کە لە ژێر نێوی پێوەرەکانی جیهانی بۆشایی جێندەری شاخص جهانی شکاف جنسیتی(١)لە ساڵی ٢٠٢٢ لە ناو ١٤٦ وڵات بەڕێوە چووە، ئێران ڕوتبەی ١٥٦  واتە ١٠ دەرجەش مینوسی بە دەستهێناوە.

**بۆ ئەم توێژینەوە کار لە سەر چوار ڕەهەندی سەرەکی وەک:**

- دەرفەتی ئابووری

- دەرفەتی پەروەردەیی
- دۆخی سڵامەتی و تەندروستی
- پەروەردی سیاسی و بەشداری ژنان لە ناوەندە سیاسیەکان و دووریان لە سەر بڕیارە سیاسیەکانی ناو وڵات، کراوە.

دیارە ئەم توێژینەوە لە ناو ژنانی ناوەندنشین بەڕێوە چووە، بیهێننە بەرچاوی خۆتان گەر ئەو توێژینەوە لە سەر ژنانی بەلووچ یان کورد یان نەتەوەکانیتر بکرێت، ئەو کات چ دەرئەنجامێکی دەبێ؟!

بەو پێیــیە کە ئەو ژنە لە چوارچێــوەی ئێرانــدا لە چ میللەتــێکە و لە کــوێی ئێرانــدا دەژی ئەو بۆشــایی جێنــدەری و نایەکسانییە دەتوانێ چەند قات زۆرتر بێت.

بۆ ئەوەی کە زیـاتر تیشک بخرێتە سەر ئەو هەڵاواردن و نایەکسانییە و ئاسەوارەکانی، بەس یەک نموونەی چکۆلە بـاس دەکەم: بـۆ وێـنە لەم چەنـد سـاڵەی ڕابـردوو دیـاردەی ڕێـژەی خۆکـوژی کە یەکێـک لەو پێوەرانەیە کە دۆخـی تەندروسـتی کۆمەڵگەیەکی پێ هەڵئەسنگێنرێ واتە هەڵسەنگاندنی وەزعی ئەو کۆمەڵگایە لە هەموو گۆشە نیگـایەکی سیاسی، ئـابووری، تەندروستی، ڕامیاری و پەروەردە. بە گوێرەی ئاماری ڕیزبەندی ئەتڵەسی خۆکوژی کە لە لایەن خـودی ناوەنـدە ئێرانییەکـان دراوەتە دەر، زۆرترین ڕێژەی خۆکوژی لە ئێران لە سێ پارێزگـای ئیلام، کرماشـان و لوڕسـتان تۆمـار کـراوەو کوردستان لە سنووری ئەو ڕیزبەندیەدایە تـا بگاتە ئەو سێ پارێزگایە!

ئەگەر ئـێمە ئـاوڕێـک لە شـەقام و دروشـمەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـدەین ڕوون و ئـاشـکرا جیاوازییەکـانی ویسـت و خواستەکانی میللەتـی کوردو هەڵبەت تـا ڕادەیەکیش میللەتـی بەلـووچ لە گەڵ نەتەوەی باڵادەست دەبینین. لە ئەسڵدا ئەو چاوەڕوانیــە هەڵەیە گەر بمــانهەوی ویسـت و خواسـتی میللەتێـک وەک فــارس کە خــۆی بە لانــی کەمەوە لەم سـەد سـاڵەدا دەسـەڵاتی بەدەست بـووەو بەشێک لەو سیستەمە سـەرکوتکەرە بـووە کە هەوێـن و وزەی دەسـەڵاتی ئەو لە سـەر لەنـاوبردنی سەروەری و زمان و ڕامیاری و ئابووری و هتد.. ئێمە بنیاتنراوە، وەک ئێمە بێت.

ئێمە لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لە گەڵ دوو هـەژمـوونی ڕووبە ڕوویـن یەکیـان دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسلامییە، دیـارە کە گشت دەسـەڵاتێک بــەرواری بەســەرچوونی هەیە و درەنــگ یـــان زوو ئەو دەســەڵاتە دەڕوخـــێ، کێشـــەی ئەســڵی ئــێمە لە گەڵ چەقبەســتوویی هەژمــوونی پـــان ئێرانیــزم و منتــاڵیتەی ســەنتراڵیزمە کە سیســتماتێک هەمــوو هەوڵــی بــۆ لە نــاوبردن و تواندنەوەی گەلانیتری ئێران بە گشتی و بە تـایبەت گەلی کورد داوەو یەک گوتـاری نەگۆڕی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

بە ڕێکەوت نیە کە ئیرانییەکان لە توێژینەوەیەک کە ڕاپۆرتەکەی ماوەیەک لەمەوبەر لە لایەن Euronews بڵاو بوویەوە(٢) نازناوی ڕاسیسترین خەڵکیان لە ناو ئەو خەڵکانەی کە توێژینەوەکەیان لەسەر کراوە بە دەستهێناوە، ناسیۆنالیزمی ئێرانی نزیک بە سەد ساڵە بە هەموو تواناییەوە لە سەر زەین و هزری تاکی میللەتی باڵادەست کار دەکات، تاکی ئێرانی ناوەندگەرا بە شیعرەکانی کتێبی شاهنامەی فردوسی گۆشکراوە و لە هەموو ئامرازێکی شەڕی نەرم و سەخت کەڵکیان وەرگرتووە بۆ ئاسیمیلە کردن و لە ناوبردنی ئیرادەی گەلانیتری ناو جوگرافیای ئێران، بە تایبەت گەلی کورد.

شەڕکردن لە گەڵ ئەم هەژموونیخوازیە گەلێک دژوارترە لە شەڕ کردن لە گەڵ کۆماری ئیسلامی، ئەوە هزری باڵادەستیە لە ناو هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا ڕیشەی داکوتاوە، هەژموونیەک کە دژایەتی هەر جۆرە ڕەنگا و ڕەنگیەک دەکات و پلانداڕێژراو و سیستماتیک گۆڕانکاری لە بەستێنی ئەدەبی و کولتور و زمان و ژێئۆپۆلتیک و هەروەها بە دروستکردنی ناهاوسەنگی دیمۆگرافی کار بۆگۆڕینی دیمۆگرافی کوردستان دەکات و.. لە هەموو کەرەستەیەک بۆ یەکسانسازی و تواندنەوەی گەلانیتر کەڵک وەردەگرێ، جا لەو شەڕە نابەرابەرەدا گەلانیتر بێ هەبوونی سەروەری سیاسی ناتوانن هیچ دەسکەوتێک بە دەستبهێنن و هەر دەسەڵاتێکیش لە وڵاتی ئێران بێتە سەر کار بەو عەقڵیەتە ناوەندگەراییە کە ڕۆژ بە ڕۆژ برەوی پێئەدرێت لە کۆتایی بۆ ئێمە فەرق زۆر ناکات و لەوانەشە خراپتر بێت. وێدەچێ بەربەست دروستکردن بۆ شۆڕشی ژینا کە بە دەیان شێوازی جیاواز پراکتیزە کرا هەر بەو هۆکارە بێت، لە بەر ئەوە کە ئەو شۆڕشە زمان حاڵی داخوازییەکانی گەلانیترە و لە کانگای ویست و خواستەکانی گەلانی بندەست و بە تایبەت گەلی کورد هەڵقوڵابوو، هەر ئەوە بوو بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان کە ناوەندگەراکان بە شێواز و میکانیزمی جۆراوجۆر ڕێگە لە گەشەکردنی شۆڕشی ژینا بگرن تا نەگات بە ئەنجام، شۆڕشێک کە باسی فرەڕەنگی و فرەنەتەوەیی بوون دەکات، باسێک کە بۆ ئێرانی ناوەندگەرا هێڵی سوورە و بە لانیکەم بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات تەواوی هەوڵی خۆیاندا تا لە کاریگەرییەکانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی کەم بکەن و بە هێنانە ئارای باسگەلێک وەک تمامیت ارضی و تجزیەطلبی و دروستکردنی دوژمنانی دەرەکی و پەنابردن بەو میکانیزمانەی کە کۆماری ئیسلامیش ساڵانێکە بۆمانەوە کەڵکی لێوەر دەگرێ، فریای کۆماری ئیسلامی کەوتن، تاوەکوو شۆڕشی ژینا لە شۆڕشتێک کە لە قوڵایی ئازارەکاندا دروست ببوو بە لاڕێدا بەرن و بیکەن بە شۆڕشێکی سیلبریتی میحور، لە بەرانبەریشدا دروشمی( مرد، میهن، آبادی) هاتە گۆڕێ کە ئاماژەیە بە سیستەمێکی پاشایەتی کە خودی ئەو سیستەمە هۆکاری دروستبوونی گشت ئەم کێشانە بووە و بە تەواوی هەوڵی تێکدان و گۆڕانی ڕوخساری شۆڕشەکە درا.

سەمبولی شۆڕشی مەهسا دەبێتە ئاوازی شروین حاجیپور کە تیایدا تەنانەت باسی سەگەکان و پشیلەکانی گەڕەکیش دەکات، بەڵام باسێک لە میللەتەکان و ئازارەکانیان، باسێک لە کۆڵبەر و سوختبەر و... کە هێمای چەوسانەوە و فرە ڕەهەندی ئەو

ستەمەیە، تیایدا بوونی نییە، سرودێک کە ڕەنگدانەوەی کێشە بنەڕەتییەکانی گەلانیتری ناو ئێرانی تیا بەدی ناکرێ!

سەرەڕای هەموو هەوڵ و پەلەقاژەیەک کە بۆ لە بارابردنی شۆڕشی ژینا کرا بەڵام تاکو ئێستاش شۆڕشی ژینا لە نەوعی خۆیدا بێوێنەترین و ژنانەترین شۆڕشی سەردەمە کە چەشنی شۆڕشی فەڕانسە کە بە دروشمی ئازادی، بەرابەری و بەرادەری بوو بە دایکی چەند شۆڕشیتر، شۆڕشی ژیناش ئاسەوارەکانی خۆی جێهێشتووەو لە درێژخایەن دەبێتە مایەی گۆڕانکاری قووڵی بنەڕەتی و تەنانەت بەرەنگاری ئیسلامی سیاسی توندڕەویش لە ناوچەکە دەبێتەوە، ئەوە کە ڕوون و ئاشکرایە شۆڕشی ژینا بوو بە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی هۆشیارییەکی گشتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەلات و ئەوەی کە ئێمە هەڵگری شوناسێکی جیاوازین، ئەمەی تۆختر و پڕ ڕەنگتر کرد و توانی لە ناوەوە ببێتە هۆی دروستبوونی هێزێکی کردەوەیی مەیدانی و کۆمەڵایەتی کارا کە یەکانگیر و یەک هەڵوێست بێ لە سەرووی بەرژەوەندی تایبەتی تاک یان حیزبی بۆ جولاندنی شەقام، ئەو شتەی کە لە ڕۆژهەڵات ڕوو ئەدا باس لە دروستبوونی وزەیەک دەکات کە لە ناو سەرکوت و گوشارەکانی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی هێدی هێدی دروست بووەو پەلی هاویشتووەو دەرونی کراوە. خەڵکی ڕۆژهەلات لەو ماوەدا جوانترین تابلۆکانیان خوڵقاند، ڕوخسارێکی نوێ کە دەبوایە خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ بکرایە کە بە داخەوە لە لایەن هێزە سیاسییەکانی کوردستان و هەروەها چالاکانی سیاسی و مەدەنی کوردیش لە دیاسپۆرا بە گوێرەی پێویست، ئەو جۆرەی کە لە قەدەر لە خۆبوردوویی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە ناوەوە بێت بە هەند وەر نەگیرا و زۆر ساکار دەرفەتێکی مێژوویی کە بە خوێن و فرمێسک دەسکەوتبوو لە بار برا.

نەبوونی ژنان لە ناو وەفد و دانیشتنەکانی حیزبە سیاسییەکاندا دەری دەخست کە هێزە سیاسیەکان تاکو ئێستاش نەیانتوانیووە پێوەندییەکی ئۆرگانیک لە گەڵ ئەو شتەی کە لە شەقامی ڕۆژهەڵات خەریکە ڕوو ئەدا بگرن و هێشتا لەو چوارچێوە تەسکە فیکرییە پیاوسالاریە نەیانتوانیووە دەرباز بن، لە کاتێکدا کە کەسێک وەک باوکی گیانبەختکردوو محەممەد حەسەنزادە لە شاری بۆکان لەسەر گلکۆی محەممەدی کوڕی گەشتۆتە ئەو قەناعەتە کە دەڵێ:

"ئەوڕۆ گەر پیاوێک بیهەوێ زۆر پیاو بێ، دەبێ زۆر ژن بێ

جا هەر لەوەوە بیگرن تا زۆر شتیترکە پیشانی ئەدا هێزە سیاسییەکان نەیانتوانی پەیامی سەر شەقامی ڕۆژهەڵات وەک خۆی وەخوێنن.

لەوەها هەلومەرجێکدا لە بۆشایی و کەمکاری هەموو لایەنەکان، شۆڕشی ژینا کرا بە شۆڕشی مەهسا و داخوازییەکانی ژنانی

ناوەند بەرجەستە کرایەوە. لەو ناوەدا بەرەی ڕاست و پاوانخوازی ئێرانی دەرفەتەکەی بە قازانج بەرژەوەندی خۆی قۆستەوەو کردی بە پلیکانە و پیایدا سەرکەوت و دڕندەتر لە هەمیشە هاتە مەیدان و بە هەموو هێزێک هەوڵی دەست بە سەرداگرتنی ئەو شۆڕشەی دا. جگە لە شۆڕشی ژینا هیچ شۆڕشیکیتر نەیدەتوانی ئاوا بە ڕوونی ڕوخسارو گوتاری راستە ئێرانییەکان و ئاراستەکەیان ئاشکرا بکات.

فاشیزم بە دەنگێکی بڵند هاتە مەیدان و کوڕی شای پێشوو کرا بە پەیامبەری ئاشتی بە خەڵکی وت ئێوە بیر مەکەنەوە، من بکەن بە وەکیل و بەڵێنی چارەسەرکردنی قەیرانەکانیدا. زۆر هەلپەرەستانە لە سەر پشتی پێداویستیەکانی خەڵکێکی ماندووی وەزاڵەهاتوو دیواری هەڵچنی و بە پشتبەستن بەو کولتووری ئێرانیە خورافیە کە خەڵک هەمیشە بە شوێن فریاد ڕەسێکدا لە ئاسمان دەگەڕێن بە دەیان سیناریۆ و شانۆی جۆراوجۆر، خۆی بە سەر شۆڕشی ژینادا قەبڵاند و بە داخەوە بەشێک لە حیزبەکانی ئێمەش تێکەوتن.  جێگەی تێڕامانە وای لێهاتبوو لە باتی ئەوەی کە هێزە دیمۆکرات و ئازادیخوازەکان شەرت دابنێن و داوا لە بەرەی ڕاستی ئێرانی بکەن کە ئەوانن کە دەبێ سابتی بکەن کە پابەند دەبن بە ئەرزشەکانی ئەو شۆڕشە، بەرەی ڕاست واتە پاشاخوازەکان بوون کە دەهاتن و مەرجیان بۆ وتووێژ دائەنا. بە داخەوە لە مەنشووری مەهسا، نزمکردنەوەی ئاستی خواست و داواکانی میللەتانی ناو ئێران گەیشتە لوتکە.

**"ڤۆن هایک" لە یەکێک لە وتارەکانیدا بە ناوی "چۆن خراپترین مرۆڤەکان دەبن بە دەسەڵاتدار"، باس لە پرۆسەی بەڕێوەچوونی ئەو ڕەوتە لە سێ قۆناغدا دەکات:**

**یەکەم**: کۆبوونەوەی کەسانێکی ئاست نزم لە دەوری یەک لە گرووپێکدا کە خاوەنی هیچ پرنسیپێکی ئەخلاقی نین و لە دەوری چەند خاڵێکی سنوورداری نەگۆڕ کۆ دەبنەوە

**دووهەم**: هاوکات جەماعەتێک ڕێکدەخەن بۆ پاساوهێنانەوە بۆ کردەوە سەرکوتگەرانەکەیان

**سێهەم**: بە دروستکردنی دوژمنی دەرەکی و باسکردنی نەیار خۆیان زۆرتر نمایش دەکەن

"ڤۆن هایک، لە بەشێکیتر لە نووسینەکەیدا ئاماژە بەوە ئەکات کە شەرت نییە ڕاسیسزم و فاشیزم کە دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن هەمیشە زۆرینە بن، بەڵکو دەکرێ گرووپێکی بچکۆلە بن کە دەرفەتەکان دەقۆزنەوە و سوار شەپۆلی ڕووداوکان دەبن. پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەم شتانەی کە ئیستا خەریکن ڕوو ئەدەن هەمان تێز نیە کە ڤون هایک لە کاتی دروستبوونی دیکتاتۆرەکان وەک هیتلر و موسلینی و..ئاماژەی پێداوە؟ ئایا دۆخی ئێستای ئێران لەو حاڵەتەدا نیە؟«!



سەرچاوە
Serchawe

بەهێزبوون واتای ئەوە نییە کە ئەوان بە ژمارە زۆرن بەڵکو هەر ئەو گروپە کەمە لە بەر ئەوەی کە بنەمایەکی نەگۆڕیان بۆ خۆیان دیاریکردوە کە جێگەی مشتومڕ نییە، هێزی خۆ ڕێکخستنیان بە دەیان قات لە هێزەکانیتری زۆرترە. فاشیزم دەنگێکی بەهێزو بەرزی هەیە و لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانێ تەواوی مەیدانەکە داگیر بکات. فاشیزم وەک کارگ هەڵناتۆقێ، ئەوان بوونیان هەیە و لە کەش و هەوای گونجاو دەگەڕێن و بە خێرایش دەتوانن یەکتر بدۆزنەوە.

لەم ناوەدا نابێ بە هیچ جۆرێک ڕێگە بدەین کە گەلی کورد ببێت بە سوتەمەنی بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆژەکانی ناوەندگەرایانی ئێرانی. لە هەستیارترین کاتەکاندا کە دەبوایە ئێمەی کورد ئەو هێزەمان بۆ ڕێکخستنی ناو ماڵی خۆمان و ڕێکەوتن لە گەڵ نەتەوەکانیتری ناو ئێران سەرف بکردایە، بە ملکەچی هەوڵ بۆ ڕازیکردنی ئۆپۆزیسیۆن و گوتاری پاوانخوازی ڕاستترین گرووپی ئێرانی واتە شاخوازەکان درا کە تا ئێستاش وەزنێکی واقعی ئەوتۆیان نیە و ئەو شتە کاریگەرترین زیانی لە شۆڕشی ژینا و بە گەلی ڕۆژهەڵات گەیاند کە نە تەنها لە سەر حسێبی میللەتی کورد بەڵکو لە سەرشانی خەباتی گەلانیتری ناو ئێرانیش ئیعتبار بۆ کوڕی شای پێشوو دروستکرا.

لە هەستیارترین کاتەکاندا کە هاوارو خواستی بە لانی کەمەوە شەقامی ڕۆژهەڵات و شەقامی بەلووچستان کە تاکو ئێستاش ئەوانن درێژەپێدەری ئەو شۆڕشەن نەبیسترا و هەموو هێلکەکان خرایە بەرەی فاشیزمی ئێرانی کە لەم ماوەدا تەنانەت خودی ئێرانیەکانیش کە عەقڵێکی سەلیمان هەیە خەریکن لە گوتارو کردەوەکانیان دووره پەرێزی دەکەن.

دیارە کە بەوەش نەوەستاین و لە هەستیارترین کاتدا کارەساتی شەڕی نێوان دوو هێزی پێشمەرگە ئەوەندەیتر پشتی گەلی شکاند و دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینای گەڕاندووە بۆ خاڵی دەسپێک، شەڕی خۆ لە گەڵ خۆ و پەیوەستبوونی دوو ڕۆڵەی کوردیتر بە کاروانی گیانبەختکردووانی شەڕی ناوخۆ کە هاتبوون بۆ جەنگی دوژمن، جارێکیتر زامێکی قوڵی ساڕێژ نەکراوی کورد کوژی بە دەستی کوردی کولاندەوە، کە بە درێژایی مێژوو زیاتر لە هەر هێزێکی دەرەکی کارەساتی خوڵقاندووەو زیانی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی میللەتی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان گەیاندووە.

شەڕێکی دزیو و قێزەون کە ئاسەوارەکانی بۆ هەتا هەتایە لە دەروونی تاک و کۆمەڵگەی کورد پاک نابێتەوە، ئەزموونێکی تاڵ کە مێژووی بە بالآی خەباتی گەلی کوردە کە هەموو کات بەرژەوەندی تاکەکەسی و حیزبی هۆکاری خوڵقاندنی ئەو کارەساتانە بووە و هیچ پاساوێک هەڵناگرێ و بە هیچ جۆرێک قابلی قەبوڵ و بەخشین نیە! شەڕێک کە نائومێدی و ترسی لە نێوان تاک بە تاکی کورد چاند و چەکەرەی شک و گومانی دروستکرد کە ئایا دەکرێ متمانە بکەین؟ و ئاماژەیەکی پرسیاری گەورەی خستە بە دەم خەباتی ڕەوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو شتەی کە بە فرمێسک و خوێن لەم ماوەدا لە سەر



سەرچاوە
Serchawe

شەقامەکانی ڕۆژهەڵات بە دەست هاتبوو بە کەفوکوڵێک زۆر نابەرپرسانە پشتگوێ خراو و بە فیڕۆ درا. ئیتر ئەوە خاڵی کۆتایی بوو کە پیشانی دا ئێمە وەک میللەتی کورد هیچ دەرسێکمان لەو ڕابردووە تاڵە وەرنەگرتووە. لە واقیعدا هیچ هێزو هیچ ڕووداوێکیتر تا ئەو ڕادەیە نەیدەتوانی تۆوی ترس و نائومێدی بچێنێ و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەنج بەخەسار بکات! پێوستە هەمووان داوای لێبوردن بکەن. پێویستە بکەرانی ئەو کارەساتە دادگایی بکرێن ولێپرسینەوەیان لێ بکرێت. پێوستە دەستبردن بۆ چەک دژ بە یەکتر ببێتە هێڵی سوورو وەک خیانەت لە نیشتمان بچێتە ناو دەقی گوتار و شیعر و نووسین و گۆرانییەکان.

با بگەڕێینەوە بۆ دەسپێکی شۆڕشی ژینا و شەقامی ڕۆژهەڵات وەکو خۆی بخوێنینەوە، ئەو کاتەی لە سەر گڵکۆی ژینا خەڵک وتیان: داگیرکەری ئێرانی، تۆ قاتڵی ژینامانی. ئەو کات کە باوکی کۆماردەڵێ: ئەو کورەم ٢٥ی گەلاوێژ لە دایکبوو بۆیە ناوم لێنا کۆمار، خۆشبەختم کە لە پێناو خاک و ئازدای گیانی بەختکردووە. ئەو کات کە نەسرینی مەریوان دەڵێ: ئازادی لە قەفەس فڕی. باوکی فەرەیدوونی سەقزدەڵێ: دەبێ ئەم کۆنە بڕوخێ. ئەو کات کە دایە فاتمە دایکێک لە جنسی داربەڕووەکانی نیشتمان بە باڵای تەرەغەدا دەنواڕێ و دەڵێ: من ناگریم من وەک تەرەغە وام، ڕۆڵەکەم پێشکەشی نیشتمان کرد. باوکی کاروان قادر شوکری دەڵێ: ئەو کاروانە جوانەم کە لە دایک بوو بە نێوی کاروانی شەهیدان نێوم لێناو ئەوە ئێستاش پێشکەشی کاروانی شەهیدانم کرد.

با بگەڕێینەوە بۆ لای دایکی میلاد مەعرووفی لە سەر خاکی میلاد کە بەڵێن ئەدا و دەڵێ: کچی ئەم نیشتمانە نەبم گەر تۆڵەت نەسێنم. بۆلای دالیای کچی سمکۆی مەهاباد کە ئەڵێت: قەت نابەخشم ئەوانەی باوکمیان کوشت و با خۆمان بسپێرینە قسەکانی باوانی فریشتە کە دەڵێ: دایە گیان تۆڵەت دەسێنین. یان کوڕی تاهیر عەزیزی پیرانشار کە ئەڵێ: کاک تاهیر قارەمانە، شەهیدی کوردستانە.

با پەیامی سەر شەقامی ڕۆژهەڵات وەک خۆێ وەخوێندرێ!

1.https://www.radiozamaneh.com/723410/

2.https://parsi.euronews.com/2023/05/02/world-values-survey-love-neighbour-public-trust-

٢٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# فستیڤاڵی گێلاسی شنۆ لە پڕۆژەیەکی کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەوە بۆ پرسێکی ئەمنییەتی



شاڕوخ حەسەنزادە

یەکەم فستیڤاڵی گێلاس لە شاری شنۆ ساڵی ١٣٩٥ بە پشتیوانی و هاوکاریی ڕێکام (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی) و بەشێک لە نیشتمانپەروەرانیی ئەو شارە، هەروەها چەند ئەندامی دڵسۆزیی شوڕای شاری ئەوکات لە باغی میرزا ڕەحیم مەحموودزادە بەڕێوە چوو.

ئامانج لەم فستیڤاڵە ناساندنی ئەو شارە وەک شارێکی پڕباغ و میوە بەتایبەت گێلاسە ناسراوەکەی بوو کە لە پەنا ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی جوغرافیایی ئەو شارە کە بەجۆرێک داخراوە و لە پەنا سێ سنوور قەتیس ماویەتەوە و ئابوورییەکەی تەنیا باغداری و وەرزێرییە زیاتر بناسرێ، لە ماتەوزەی مەزنی سروشتی جوان و ئاو و سەقای پاک و بێگەردی لە پەنا شوێنەوارە مێژوویی و کوێستانە بژوێن و ناسراوەکانی لە بواری گەشتیاری و ئابووریی تووریسم زیاتر بایەخی پێ بدرێ هەتا لەو قەتیسمانەوەیە و ئابووریی تاکبەرهەمییە بێتە دەر. جیا لەمەش کۆمەڵگەی مەدەنیی شنۆ

بەهۆی بوونی چەندین ڕێکخراوی ئەدەبی، زمانیی، هونەری، شاخەوانی، ژینگەیی سنفیی زیندوو هەوڵی ئەوەی دەدا لە بوارگەلیی جۆراوجۆر ڕەوشەنگەریی بڵاو بکاتەوە تەنانەت وەک پردێکی پێوەندی لە نێوان ئاخێوەرانی کورمانجی سەروو و کورمانجی خواروو دەور بگێڕیت.

بە وەرمێنکەوتنی ئەو فستیڤاڵە و دەنگدانەوەی، هەروەها کاروچالاکیی بەرچاوی کۆمەڵگەی مەدەنی و خێر و قازانجی هەستپێکراوی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی نەتەوەیی، لایەنە ئەمنیەتییەکان هەستیان بە گرنگیی ئەو کارە کرد. ئەو چالاکییە ساڵ بە ساڵ گەشەی زیاتری سەند هەتا ئەوەیکە ئەو چالاکییە وەک مەترسییەک بۆ سەر ڕێژیم لەو شارە زاندرا! ساڵی ١٤٠١ دوای ئەوەیکە فستیتڤاڵەکە لەلایەن حکومەتەوە (ناوەندە ئەمنییەتییەکان) دەستی بەسەردا گیرا و سەرجەم کۆمەڵگەی مەدەنی و خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری لێ دەرهاوێژا، کەوتە بەر بایکۆت کە وەک ڕۆژێکی مێژوویی سەیر دەکرێ، واتە ئەو پەیامە بە ناوەند درا کە، ئەگە خەڵک و کۆمەڵگەی مەدەنیی شار بەڕێوەبەری بەرنامەکانیی خۆیان نەبن، ئەوە هەر ئێوە بەتەنیا دەمێننەوە و کەس پێشوازی و پشتیوانیتان لێ ناکا. ئەو پەیامە ئەوەندە مەزن و یەکپارچە بوو سپای پاسداران و ئیتلاعات و... تووشی شۆک کرد.

فستیڤاڵەکەی ئەمساڵیش (١٤٠٢) وێڕای ئەو خاڵانەی سەرەوە کە بە درووستی لە هەمبەر لایەنی چەقبەستوویی ئابووری شار و ڕەوشی کۆمەڵگەی شنۆی وێنا کردووە، لەکاتێکدا بووە؛ ئێران بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی لە شۆڕشی ژینا بەردەوامە و لەو ماوەیەدا زیاتر لە ١٣٠ هاونیشتمانیی کورد بە تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکان، ئەشکەنجە و لێدان شەهید بوونە و هەزاران کەسیش بریندار و دەسبەسەر کراون کە پشکی شاریی شنۆ لەو ڕاپەڕینە وەک هەمیشە شێر بووە. هەربۆیە ئەمجارە جیاوازتر لە ساڵانی پێشوو، بەو زانیارییانەی ئێمە لە نێو فەرمانداری و ئۆرگانەکانیی دیکەی ئەمنیەتیدا هەمانبوو، بەپێچەوانە حکوومەت خوازیاری ئەوە بوو هەرچۆنێک بێ دەبێ ئەو فستیواڵە بە شکۆوە بەڕێوە بچێ هەتا دەنگ بداتەوە. (لە شێوازەکانی خەباتی مەدەنی دا شتێک هەیە دەڵێ؛ هەر شتێک حکومەتە دیکتاتۆرەکان پێیان خۆش بوو تۆ مەیکە، بە پێچەوانەش هەر شتێک حکومەتە دیکتاتۆرەکان پێیان ناخۆشە دەبێ بیکەی). بۆ ئەو مەبەستە هەردووک دەنگ و ڕەنگی مەهاباد و ورمێ، وێڕای چەندین کاناڵی نێوخۆیی(سۆشیاڵ مدیا) لەوێ بوون و ڕاستەوخۆ بەرنامەکەیان دەگوازتەوە. لە یەکێک لە دانیشتنەکانی فەرمانداری بەر لە دەستپێکی فستیواڵەکە کە بە بەشداریی بەرپرسانی پێوەندیدار و سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەڕێوە چوو، دوای ئەوەیکە جارێکی دیکە مافی بەڕێوەبەری لەو دڵسۆزانە ستێندرا، وەک هەڕەشەش پێیان گوترا بوو "وا باشە ئێوەش بەشدار بن، ئەگەینا ئێمە خۆمان هەر بەڕێوەی دەبەین"، هەروەها ڕۆژێک بەر لە دەستپێکی بەرنامەکە بۆ ئەوەیکە هیچ کێشەیەکی ئەمنییەتیی بۆ نەیەتە پێش هێزێکی زۆر لە دەوروپشتی باغەکانی گێلاس مۆڵ درابوون و بازگەکانی هاتوچۆش توندوتۆڵتر کرابوون. یان کاتێک لە ڕۆژی یەکەمدا چەند لیباس شەخسیی

عەجەم و چەند چەکدارێک دەگەنە نێو بەرنامەکە، لەلایەن یەکێک لە شوڕاکانی شارەوە پێیان دەگوترێ" قەراری ئێمە چ بوو، ئێوە لێرە چ دەکەن، تکایە بڕۆن با خەڵکمان لێ هان نەدرێ!". هەموو ئەو لەمپەڕ و کۆسپ و کێشانە بوونە هۆی ئەوەیکە هەڵوێستی بەشی هەرە زۆری "ڕێکام"ی بەدوای دا هات و لەلایەن بەشێ هەرە زۆریی کۆمەڵگەی مەدەنی و خەڵکی نیشتمانپەروەری شار ئەمساڵیش بایکۆت کرا کە هۆکارەکەی تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە "چوونکە حکومەت پێی خۆش بوو و دەیهەویست لە ئاوی لێڵ ماسی بگریت، بۆیە ئەوانیش نەیانکرد."

**دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ، ڕۆژێک بەر لە دەستپێکی ئەو فستیواڵە کۆمەڵگەی مەدەنیی شنۆ ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە کە لە بەشێکی دا ئاماژە بەوە دەکا:**

"نزیک یەکساڵ لە چەخماخەی شۆڕشی نوێ و ڕاپەڕینی ژینا تێدەپەڕێت. شۆڕشێک کە پانتاییێکەی سنوورەکانیشی بەزاند و بوو بە ئاڵتێرناتیوێکی کاریگەر لە سەرتانسەری دنیا. لەو یەکساڵەدا دیمەنگەلێکی لەبیرنەکراو هێلانەی لە مێشکی هەموان کرد و بۆ چرکەساتێکیش ڕشتنی بە ناحەقی خوێنی چوار ڕۆڵەی بەئەمەگی نیشتمان دۆست لە شنۆ و باقی شەهیدانمان لە وڵات لەیادنەچوو، هەڵوێستی مێرانەی خەڵک و ئازادکردنی شنۆمان دیت، مانگرتنی گشتی و بەربەرەکانی شەرەف و سەرشۆڕی گەییشتە لوتکە."

هەروەها لە بەشێکی دیکەی ئەو داخۆیانیی‌نامەیەدا هاتووە: "سیستەم لە هیچ شتێک خۆی نەبوارد و ئەوەی بۆی کرا کردی. لە دوایین بەرنامەیدا خەریکە لەسەر خوانی کۆمەڵگەی مەدەنی و خەڵکی شنۆ فیستیڤاڵی گێلاس بەڕێوەببات. ئەم فیستیڤاڵە زۆرتر شانۆی حکوومی و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی نێوخۆیی ئێرانە هەتاکوو باسێک بە ناوی فیسیڤاڵی گێلاس. کۆمەڵگەی مەدەنی دەمێکە هەموو سووڕەکانی ئەو سیستەمەی لەقاو دەدات و هێلکەی زۆری لە ددانی داوە. ئێمە باش دەزانین لەهەر فیستیڤاڵێکدا چەند ئامانج هەیە و کاری بۆ دەکرێت بەڵام لەم فیستیڤاڵەدا ئامانج ڕاکێشانی خەڵکی ساویلکەیە بەهەموو ئامرازەکانی ڕاکێشانی بەردەنگ وەکوو سۆشیاڵ مێدیا، بەنێر و تراکێت و هتد" ...

ئەوان بە نیسبەت پرسی ئابووری شاریش باس لەوە دەکەن کە: "لەهەر فیستیڤاڵەکدا ڕەهەندی ئابووری و کولتووری و پیشەیی زەق دەکرێت کەچی لەم قومارۆچکەیە جگە لە بە فیروودانی سەرمایەی گشتی و ڕاخستنی سفرەی دزی و ڕیا بۆ کاربەدەستانی حکوومی هیچی تر نییە. مەخابن ئەو میراتەش بە تاڵان بردرا و برینی ئەو تاڵانەش هاتە سەر برینی دزی سەرچاوە سروشتێکان و دزی مێژوو و دزی ژیان و دزی وڵاتمان."

لە کۆتاییشدا وەک لە بەیاننامەکەدا هاتووە: بۆ بەرپەرچ و شەرمەزارکردنی ئەو شانۆیە ئێمە وەک کۆمەڵگوی مەدەنی کە پێکهاتووە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا وەکوو ڕێخراوە مەدەنی و سێنفێکان، بازاریان ، مامۆستایان ئایینی و قوتابخانە، چینی کارگەر، سەنعەتکاران و .... بایکۆتی ئەو شانۆیە دەکەین. شۆڕشی ژینا ئەرکداری کردین کە لە ڕاستێکان لانەدەین و بە ڕەمزی ژینا قۆڵی بەرخۆدان هەڵماڵین. ئێستاش خەبات خەریکە خۆی سازمان دەداتەوە و وەک ژیلەمۆ لە زۆرداران دەراسێت و گڕ دەگرێتەوە.

### فیستیڤاڵی ئێمە ڕۆژێکە کە دیلانی ئازادی بگێڕین."

بەو شێوە دەردەکەوێ کە، ئامانج لەم جۆرە فستیواڵ و کۆنسێرت و بەرنامانە لەکاتێکدا خەڵک بڕیاری شۆڕشی داوە، خزمەت بە خەڵکی شار و دڵخۆشیی گەل نییە بەڵکوو کەڵکاژۆ وەرگرتنی نابەجێ لە خەڵکیی ساویلکە و ئاسەمیلە کراوە کە بە لۆچێک ئاو وە مەلە دەکەون و مەخابن هێشتا فێڵ و گزی و پیلانەکانی دوژمن دەتوانێ کاریگەریان لەسەردابنێ و لایان ئاشکرا نەکراوە(کاتێک ئێمە مەبەستمان بوو حکومەت پشتیوانی بکا بۆ قازانجی شار ئەوان نەیانکرد و دژایەتیان دەکرد، ئێساتش کە ئەوان مەبەستیانە ئێمەش بەشداری ناکەین).

### بەو چەند پرسیارە کۆتایی بە باسەکەم دێنم:

لەکاتی فستیواڵ و دوای ئەو بەرنامەیە چ قازانجێک بۆ شاری شنۆ دەستەبەر بوو؟ لە کاتێکدا فستیواڵی ئەمساڵ کاتێک بەڕێوە چووە کە هەر گێلاس بەدارانەوە نەمابوو، ئایا جگە لە خۆبادانی تاقمێک کە بە پووڵ و پارە هەڵخەڵەتان و بەرپرسانی نیزامی و ئەمنییەتی حکومەتی، کام لە چین و شەبەنگی خەڵک قازانجی لێ کرد؟ ئەوە لە حاڵێکدایە کە، تەنانەت بەشی هەرە زۆری تێچووی قورسیی ئەو بەرنامەیەش وەک هەمیشە بە فریودان و بەڵێنی بەدرۆ کەوتە سەر شانی خەڵک بەجۆرێک، هەر لە مەیداندارەکانی مەیدانی میوە و تەڕەبار چل میلۆن تمەن کۆ کرایەوە و پێیان گوتراوە ئەوە قەرزە لەسەرمان و وێتان دەدەینەوە، بەڵام هێشتا یەک تمەنیش نەدراوەتەوە! ئایا هیچ کام لە ڕێکخراوەکانی ئەدەبی، ژینگەیی، زمانیی، شاخەوانی، وەرزشی، سێنفیی شاری شنۆ بەشدارییان کردبوو؟ هێنانی میوان لە شارەکانی دەوروپشت بە بەشداریی سەرجەم ئیدارەکانی شار و تەنانەت خەدەماتی شارەداری و بەشێک لە دووکانداران هەوڵیان "سیالەشکر" کۆ بکەنەوە و بەرنامەکە زەق بکەنەوە هەڵبەت نکۆڵی لەوەش ناکرێ هەبوون خەڵکانێکی باش لەو شانۆیە دەبیندران کە ڕەنگبێ بەشێکیان ئامانجی تایبەتی خۆیان هەبووە!

پووشپەڕی ٢٧٢٣


سازکردنی هەرجۆرە فستیڤاڵ، کاڕنەڤاڵ، شانۆ، بەرنامە، کۆنسێرت و ... لە کەشێکی ئازاد و دێموکرات بە مەبەستی دڵخۆش کردنی خەڵک، قازانجی ئابووری، تووریسم، گەشەی بیری نەتەوایەتی، ڕەوشەنگەری و خزمەتی ڕاستەقینە گەلێک باش و بەجێیە، بەڵام ئایا ڕێژیم لەم بەرنامەیەدا کام یەک لەو مەبەستانەی هەبوو جگە لە فریودان و خۆڵ دەچاوی ڕای گشتی کردن کە وا بنوێنیت شاری شنۆ کە، چوار ڕۆڵەی بەوەجی لە خۆپێشاندەکانی ژن، ژیان، ئازادی پێشکەشی بارەگای ئازادیی کوردستان کرد و دەیان بریندار و گیراو و شاربەدەری لێکەوتەوە و ببووە دەروازەی ڕاپەڕین؛ ئارامە و خەڵک وێڕای ژیانی ئاسایی خۆی هیچ باسێک لە شۆرش و ڕاپەڕینی ژینا نەماوە.

٢٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆڵی خەڵک لە بزووتنەوەدا لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە



**شەماڵ تەرغیبی**

گومان لەوەدا نییە کە سەرهەڵدان، دەسپێک و بەردەوامبوونی هەر بزووتنەوە، شۆڕش، جوڵە و بزاوتێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی بە نەخش و دەوری خەڵک دێتە ئاراوە و هەر بەو پێیەش خەڵک دەتوانن ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە سەرخستن و بە ئامانج گەیاندنی بگێڕن.

بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کوردیش هاوشێوەی هەموو بزووتنەوەکانی دنیا، کە ساڵانێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و مافە ڕەواکانی خۆی کە لە ڕاستیدا داواکاریی کۆمەڵانی هەموو خەڵکە لەم قاعیدەیە بێبەری نەبووە و نییە؛ گەلی کورد بەردەوام هاوڕێ و پشتیوانی ڕۆڵە شۆڕشگێڕ و خەباتکارەکانی خۆی لەم ڕێگا پڕ هەوراز و نشێوەدا بووە و لەم نێوانەدا لە هیچ قوربانیدان و فیداکارییەکیش درێغی نەکردووە کە زێدەبێژی نییە گەر بڵێین قورسترین نرخەکان بۆ ئازادی هەر ئەم گەلە داویەتی و دەتوانین وەک نموونەی بەرهەست ئاماژە بە بیرمەند و نوخبەیەکی وەک شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، پێغەمبەری ئاشتی و مامۆستای دێموکراسی، بکەین کە لە نێو گەلە ستەملێکراوەکەیدا هەڵکەوت و

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلەکەی، گیانی خۆی بێ هیچ چاوەڕوانییەک فیدا کرد.

ئەم ڕێبەرە بلیمەتە، بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە شۆڕش و بەردەوامبوونی، پەیوەستە بە پشتیوانی هەمەلایەنەی خەڵک و دەیگووت: "شۆڕش، بۆ خەڵک و بۆ بەدەستهێنانی مافە بنەڕەتییەکانی ئەوان بە بێ بوونی بەرچاوی خەڵک بە شێوەی جۆراوجۆر لەم شۆڕشەدا بە سەرکەوتن ناگات". دوکتور قاسملوو لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە دەبێ شێوازی ڕاست لە پێوەندی لەگەڵ وەزع و هەلومەرجی کوردستان و ناوچە، زانیاری تەواو بە خەڵک بدرێت تا بتوانن لێکدانەوەی باشیان لە هەلومەرجەکە ببێت و بە شێوەیەکی جیددی لە شۆڕشی ڕۆڵەکانی خۆیان پشتیوانی هەمەلایەنە بکەن.

ئەوەی بە ڕوونی لە ئاکار و وتەکانی د.قاسملوو وەک یەکێک لە پرەنسیپە بنەڕەتی و جەوهەرییەکان بۆ درووستبوونی پێوەندی و نەپچڕانی لەگەڵ خەڵک دەیزانی، پێویستیی ڕوونکردنەوەی سیاسەت و بەرنامەکانی حیزب بۆ خەڵک بوو کە ئەمە خۆی گرینگی بەرچاوی خەڵک و هەبوونی ئەوان لە شۆڕشدا لە ڕوانگەی ئەم گەورە پیاوەی پانتایی خەبات ئاشکرا دەکات.

ڕێبەرمان، د.قاسملوو، خەڵک و پێشمەرگەی وەک ئاو و ماسی پێناسە کردووە و دەیگوت: "هەر بەو جۆرەی کە ژیانی ماسی بە بوونی ئاوەوە پەیوەستە، پێویستیی سەرکەوتن و سەرفرازی پێشمەرگەکانیش لە گۆڕەپانی شۆڕش و سیاسەتدا، بوون و پشتیوانی هەمەلایەنەی خەڵکە و ئەم دوو فاکتەرە پێکەوە تەواوکەری یەکترن". بەشێک لە هاوسەنگەرانی شەهید قاسملوو لە کاتی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ڕێبەری بلیمەتی گەلی کورد، هەموو کات بۆ ئاگاداربوون لە کێشە و کەموکوڕییەکانی خەڵک کە لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو بوون، ڕاپۆرتی کۆمیتە شارستانەکانی بە وردی دەخوێندەوە و لێکدانەوەی لەسەر دەکردن و دەیگوت کە دەبێ زانیارییەکی تەواومان لەسەر ژیانی خەڵک ببێ تا بتوانین کێشەکانی ئەوان بناسین و بۆ چارەسەرکردنیان هەنگاوی باش هەڵێنین.

لەو ناوچانە کە بە دەستی پێشمەرگە ئازاد دەکران، بۆ بەشداری خەڵک لە کاروباری خۆیاندا شورای شار یا دێ دەستی بەکار دەکرد. بە شێوەیەک کە ئیسلاحاتی ئەرزی و دابەشکردنی زەوی، زۆرەملێکردنی فێربوونی زمانی کوردی لە خوێندنگەکان و دروستکردنی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی لە یەکەم کردەوە بنەڕەتییەکانی حیزب لەم ناوچانە بوو.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی کە ئاماژەمان پێکردن، دەتوانین بڵێین کە ڕۆڵی خەڵک لە سەرهەڵدان، دەستپێک و بەردەوامی هەر شۆڕشێک بێ ئەملاوئەولایە و ئەمەش وەک ئەسڵێکی بنەڕەتی لە هزر و ئەندێشەکانی د.قاسملوو و باقی



سەرچاوە
Serchawe

پووشپەڕی ٢٧٢٣

ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کورد ڕەنگی داوەتەوە. لەژێر کاریگەری ئەم جۆرە بیرکردنەوەشە کە ئەمڕۆ دەبینین لە دیسکۆرسی خەباتی خۆرهەڵاتدا، شار نەخشی کلیدی دەگێڕێ و وەک دەوترێ شار دەبێتە چەقی خەباتی ڕۆژهەڵات کە ڕوونە ئامانج لێی خەڵک و بەشدارییان لە مانگرتن، نارەزایەتی دەربڕین و ئێعترازی بەرینی جەماوەرییە کە دیارترین ڕەنگدانەوەی لە ڕەوتی شۆڕشێ ژینادا بیندرا کە دیتمان چلۆن خەڵک بە هاتنە سەر شەقام و دەربڕینی نراەزایەتی چلۆن توانیان بە دەستی بەتاڵ بەڵام بە چەکی ئیمان و ئیرادە ماهییەت و چییەتی ڕاستەقینەی ڕێژیم بخەنە ڕوو و گیانێکی نوێ بە خوێنی خۆیان وەبەر بزووتنەوە ببەخشن.

بەکورتی دەتوانین لە کۆتاییدا ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە خەڵک یەکێک لە سەرەکیترین پایەکانی هەر شۆڕشێکن کە بە بێ بوونی ئەوان هیچ شۆڕشێک بە ئاکام ناگات و لە ئەگەری گەیشتن بە هێندێک لە ئامانجەکانی شۆڕش، لە درێژەدا بەلاڕێدا دەڕوات و لە ڕێگەی ڕاستی خۆی لادەدات؛ کەواتە بەشداری کردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی خەڵک بەگوێرەی ئیمکانیان لە نێو خەبات و شۆڕش ئەرکێکی ئەخلاقی و ئینسانییە بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاربوون لە چنگی داگیرکەران.

٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# لەبیرکردنت کارێکی ئەستەمە



**مەولوود سوارە**

١٣ی جولای ٣٤ ساڵ بەسەر تێرۆری دکتۆر قاسملوو، سکرتێری حیزبی دێمۆکرات و ناسراوترین ڕێبەری کوردەکانی رۆژ هەڵات تێدەپەڕێ. قاسملوو پاش بەشداری لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیست کە لە سوئید بەڕێوە چوو، بۆ وتوویژ و چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردەکانی ئێران و، درێژەی وتوویژەکان دەگەڵ بەرواڵەت نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران چوو بۆ ڤییەن.

قاسملوو لەسەر ئەساسی ئەو فکرییەتە کە هەر لە بنەڕەتڕا کورد خوازیاری شەڕ و کوشت و کوشتار نییە و، لەلایەکی دیکەش ڕاست لەو کاتانەدا کە ئێران پاش هەشت ساڵ شەڕی وێرانکارانە دەکەڵ عێراق تازە کۆتاییان بە ئاگری شەر هێنابوو و، ئێران پێویستی بە برێک ئارامی و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی وێرانی خۆی هەبوو، ئەو بە مەبەستی یارمەتی بە دۆخی خەراپی ئەوکاتی ئێران و بۆ نیشاندانی نیازپاکیی زیاتری کوردەکان هەوڵی سازان و کۆتایی شەری کوردستانیشی دەدا. هەر بەو مەبەستەش بێ لەبەرچاوگرتنی باری ئەمنییەتیی دانیشتنەکان دەگەڵ بەرواڵەت دیپلۆماتەکانی ئێران چووە

پشت مێزی وتووێژ. ئەو بە نییەتی باش و کۆتایی شەڕەکانی دەرەکی و نێوخۆیی و چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی کوردەکان و، هەوڵ بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی وێرانی پاش شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و ئێراق کەوتە وتوێژەوە. لایەنی بەرانبەریش واتا دەسەڵاتدارانی ئێران لە جیاتی قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە، وەک سیاسەت و ئیدە و رەوشتی نەگۆڕیان، کە کوشتن و تێرۆر و لەناوبردنە، پیانیان بۆ لەنێوبردنی قاسملوو و هاوڕێیاکانی دارشتبوو.

تێرۆری ڤییەن، نە یەکەم کوشتار و تێرۆری دەسەڵاتدارانی ئێران بوو و، نە بەم تێرۆرەش کۆتاییان بە سیاسەتی لەناوبردنی نەیاران و جیابیرانیان هێناوە. لە ماوەی هاتنە سەرکاری مەلاکان لە ئێران ،هەتا ئیستا زیاتر لە شەست هەزار کەس لە کوردەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان کوژراون. زیاتر لە ٤٠٠ کەس لە چالاکانی مافە ئینسانییەکانی کورد لە باشوری کوردستان، بێ لەبەرچاوی گرتنی سەروەریی وڵاتی جیران لە لەلایەن تیرۆریستەکانی ئیرانەوە لەبەین چوون. بە دەیان کەس ڕفێندراون و بێ سەروشوێن کراون. زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی و ئاسیایی و تەنانەت ئاسیای دوریش، بۆتە مەیدانی تەڕاتێنی پیاوکوژانی دەسەڵاتدارانی ئێران. کوشتن و تێرۆر و لەنێوبردنی نەیاران و جیابیرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ هیچ کەس و لایەنێک تازە و نەبیستراو نییە.

لەلایەکی دیکەش خەباتی کوردەکان کە بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراون و، ئەوە بۆ زیاتر لە سەدەیەک دەچێ کە خەباتی ڕزگاریخوازانەی بێپسانەوەیان هەیە، ئەگەر لە ڕابردوشدا هەوڵ دەدرا تەنانەت دەنگدانەوەی خەباتەکەشیان کپ کرێ، ئیستا بۆ هیچ لایەک شاراوە و نادیار نییە. بێگومان ئەوانەی د. قاسملوویان ناسیوە دەزانن کە بیر و ئەندیشەی ئەو پیاوە دەیتوانی بۆ بنەبڕکردنی زۆر لە قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەکار بێ. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەی چۆن بوو کە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی وڵاتی ئوتریش بە بەرچاوی هەموو جیهان و بە ئاشکرا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی دوو وڵات، کە بێگومان ئەوەندە گەورە نەبوون کە هەموو بایخە مرۆوایەتیەکانیان بۆ ژێر پێ بخرێ، ناردرانەوە تاران؟ ئایا نەدەبوو وڵاتانی ئوروپایی کە ناوەندی دەسەڵاتی دێمۆکراتیکی جیهانن، و بۆ خۆیان دەڵێن لەسەر مافی مرۆڤ بە جوابن، لە ئاست ئەم کردەوە نائینسانییەدا دەنگی نارەزایەتیتان هەبا؟ بڵێی کوردەکان بەم زوانە ئەم غەدرەی دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش فەرامۆش بکەن؟

هەموو لایەک باش دەزانن کە کۆماری ئیسلامی ئێران بۆتە بنکە و ماکەی تێرور و کوشت و کوشتار نەتەنیا لە وڵاتەکەی خۆی، بەڵکوو چاوی تەماحی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ بنیادنانی دەسەڵاتێکی ڕەشی مەزهەبی و ئیدئۆلۆژیک، هەموو ناوچەکەی گرتۆتەوە و گەمە سیاسیەکانی ئێران ئیستا لە ناوچەدا بەتەواوی ئازادانە بە بەرچاوی هەموو گەورە هێزەکانیشدا خۆ دەنوێنێ و چاوی لە پشک و هێژمۆنیی زیاترە. ئەوان لەهەر جێگایەک بن، کوشتن و ژێر پێنانی بایەخە



سەرچاوە
Serchawe

پووشپەڕی ۲۷۲۳

ئینسانییەکان بەدیاری دێنن، و کوردیش ئیستا لەو چوار وڵاتەی جیراندا بە گشتی بوونەتە قەڵخان و لە بەرانبەر تێرۆر و تێرۆریزم و دەسەڵاتە دواکەوتۆکاندا لە سەنگەری پێشەوەی خەبات و قوربانیدانن. بۆیە نارەوایە ئەگەر ئەم فیداکاریانە بێ وڵام بن و خەبات و قوربانیدانی ئێمە کە بەرژەوەندی هەموو ناوچەکە و دانیشتوانی و پێکهێنانی شوێن و بازاڕێکی ئەمین بۆ هەموو لایەکە لەبەرچاوان ون بێ و نەبیندرێ.

هەموو لایەک باش شارەزان کە کورد ئیستا گەورەترین میللەتی بێ وڵاتی جیهانە و بە توندترین شیوەی مومکین سەرکوت دەکرێ. حەق وایە و لە بەرژەوەندی هەموو لایەکیشدایە کە کورد بایەخی زیاتری پێ بدرێ و پشتی خەباتە ڕەواکەی بگیرێ. بۆ ئەوەش پێویستە پتر پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکرێت.


هەمووان دەبینین کە دوکتور قاسملوو و ڕێباز و سیاسەتەکانی حیزبەکەی وای کردوە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەر وا خۆشەویست و جێگای متمانە خەلکەکەی بێت. شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی ئەوەی بەتەواوی سەلماند و دەری خستەوە کە حیزبی دێموکرات هەروەک جاران پێشڕەو و هێزی شوێندانەری گۆڕەپانەکەیە و قوتابیانی ڕێبازی قاسملوو ئەو بەڵێنیەیان بە شەهیدانیان داوە کە هەتا سەر وەفادار و شێلگیرانەتر لە جاران ئەم ڕێگایە ببرن.

۲۱ی پووشپەڕی ۲۷۲۳



سەرچاوە
Serchawe

# قاسملوو؛ ئەو ناوەی بوو بە ڕەمز



**شەونم هەمزەیی**

کاتێک باس لە حیزبی دێموکرات دەکرێ، دەزانین ئەو حیزبە هەروا لەخۆوە دانەمەزراوە. بەڵکوو لەسەر عەرزی واقع دامەزراوە و ژێرپێی شل نەبووە. حیزبی دێموکرات حیزبێکی نەتەوەیی بووە و بۆ بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات دامەزرراوە و دیاریکردنی مافی چارەنووس سەرەکیترین ویستی بووە، هەر ئەمەش زۆرترین کاریگەریی لەسەر هزری نەتەوەیی بووە، بەجۆرێک کە حیزبی دێموکرات، تاکی کوردی وەک ئینسانێکی سیاسیی خاوەن ماف پێناسە کردووە.

لە ماوەی زیاتر لە چڵ ساڵ خەباتی بەردەوام و شێلگیرانەی حیزبی دێموکراتدا، حیزبێکی خاوەن ناسنامە و بە جێگەوپێگە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی خۆیدا، بێگومان کەسانی زۆر ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردن و سەرکەوتنی ئەو حیزبە تا گەیشتن بەو قۆناغە هەبووە، بەڵام هەمیشە ڕۆڵی سێ ڕێبەری گەورەی وەک؛ پێشەوا قازی و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی زیاتر دیار بووە و هەموو ڕێبەرانی حیزب، یەک لە دوای یەک کاریگەریی خۆیان هەبووە و بە هەوڵ و تێکۆشانیان شوێن پەنجەیان بەسەر بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتەوە دیارە. بەڵام بۆچی لەنێو هەموویاندا قاسملوو بوو بە ڕەمز و هێمای درێژەدانی خەباتی نەوە لە دوای نەوە؟

پووشپەڕی ٢٧٢٣

دوکتور قاسملوو یەک لەو ڕێبەرە دیارانەی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد بوو کە توانی بە کارەکانی زۆرترین کاریگەریی هەبێ و وانەکانی ببنە هەوێنی درێژەی خەبات و بەردەوامی، بەجۆرێک ئەوە لە دوای ئەوە ناوی قاسملوو لەسەر زار و زمانی خەڵک دەگوترێتەوە. قاسملوو توانی بەرنامە و ئەساسنامەیەکی تۆکمە بۆ حیزبی دێموکرات دابنێ. لە ڕووی دیپلۆماسییەوە بەتایبەت ڕوو لە دەرەوەی کوردستان و ئێران ڕۆڵێکی یەکجار دیار و بەرچاوی هەبوو، زۆر لە ڕێکخراوە چەپەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ سەرنجیان بەرەو کوردستان ڕاکێشرابوو، بەتایبەت دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، دۆزی کوردی گەیاندە ئاستێک کە سەرنجی زۆربەی میدیاکانی دەرەوەی بۆ کوردستان سەبارەت بە سەرکوتکردنی خەڵک لە لایەن ڕێژیمەوە و داوکارییەکانی خەڵک بۆ مافەکانیان ڕاکێشا. سەرەڕای ئەوانە توانی سەرنجی زۆرێک لە پزیشکانی بێسنوور ڕابکێشێ و بۆ یارمەتیدانی خەڵک بیانهێنێتە کوردستان بە جۆرێک کە دەکرێ بڵێین خەباتی کورد و حیزبی دێموکراتی گەیاندە قۆناغێکی تر! بەتایبەت دوای هەڵگیرسانی شەڕی سارد و ناکۆکیی نێوان هەردوو بلۆکی ڕووسیە و ئامریکا، دۆخەکە بۆ حیزبی دێموکرات زۆر سەخت بوو هەوڵی دەدا سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و سەر بە هیچ یەکێک لەو بلۆکانە نەبێ. لەو کاتەدا بوو کە ڕێکخراوی ئەنتەرناسیونالێیست سۆسیالیست کە ڕێکخراوێکی جیهانی بوو و چەندین لایەنی جیاوازی تێدا بوو، لەوێدا جێگەی حیزبی دێموکراتی کردەوە و هەوڵی دا ویستەکان بەجیهانی بکرێ. دەتوانین بڵێین لە پێوەندیی دیپلۆماسیدا بەتواناترین کەس بووە و بەردەوام لە هاوپەیمانییەتیی نێوخۆیی و دەرەکی گەڕاوە و هەمیشە بۆ چارەسەری پرسی کورد لەگەڵ ئێران و ئۆپۆزسیۆن لە وتووێژدا بووە. قاسملوو تەنانەت شەهیدبوونیشی کاریگەریی زۆر دیاری لەسەر بزووتنەوەی کورد هەبوو و بە جۆرێک ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵگای جیهانی هەبوو و پرسی کوردی بە جیهان ناساند.

هەر بۆیە دوای ٣٤ ساڵ لە تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو، ناوی قاسملوو بووەتە ڕەمز و وشەی سەر زار و زمانی خەڵک و دروشمی ئازادیخوازان و جەماوەری ڕاپەڕیوی خەڵکی کوردستان، ئەمەش ڕوون و ئاشکرایە کە بۆ کەسایەتیی بەرزی شەهید دوکتور قاسملوو و کاریگەریی لەسەر بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دێموکرات لە لایەک و، لە لایەکی دیکەوە جێگە و پێگەی حیزبی دێموکرات لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان دەگەڕێتەوە کە شوێنەواری خۆی لەسەر هەڵوێست و ڕەفتاری خەڵکی کوردستان جێ هێشتووە.


مانەوەی ناوی قاسملوو دوای ٣٤ ساڵ لە شەهیدبوونی و بوون بە ڕەمزی درێژەدانی خەبات کە ئەوە لە دوای ئەوە دروشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" دەڵێنەوە، سەلمێنەری زیندووبوونی قاسملوو و دیاربوونی شوێنپەنجەی بەسەر بزووتنەوەی کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جێگەوپێگەی بەرزی لەنێو خەڵکی کوردستان و دنیای دەرەوە و ڕاست و دروستی بیرکردنەوە و خوێندنەوە و سیاسەتەکانی دوکتور قاسملوو و پێگەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکدایە.

٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe

# کاک سەلام عەزیزی، قوتابییەکی بەئەمەگی مەکتەبی قاسملوو



**ناسر سالحی ئەسڵ**

٢٤ ساڵ لەوە پێش و ڕاست لە ساڵڤەگەڕی ١٠ ساڵەی تێرۆرکرانی ڕێبەری ناوداری کورد و سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، مۆتەکەی مەرگ یەکێک لە باشترین، هەڵکەوتووترین و شازترین قوتابییەکانی قوتابخانەی هزری قاسملووی لێ ئەستاندین.

شەوی ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری بەغدا، کاک سەید سەلام عەزیزی، کادری ڕێبەری و ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، بە هۆی نەخۆشییەکی چارەنەهاتوو، ماڵاوایی هەمیشەیی لە ڕێبوارانی ڕێگا و ڕێبازی مەکتەبی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی کرد.

سەید سەلام عەزیزی، ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی، لە گوندی "عەزیزکەند"، لە ناوچەی بۆکان لەدایک بووە. تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە گوندی "دۆنگوز"ی بۆکان دەرسی خوێندووە. دوایی بۆ ماوی ٣ ساڵ لەلای مامۆستایانی ئایینی درێژەی بە خوێندن داوە. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ڕووی کردۆتە مەدرەسەی "علوم دینی" لە شاری مەهاباد و هاوکات لەگەڵ

خوێندنی دەرسی ئایینی، هەر لەو شارە دیپلۆمی وەرگرتووە. پاش دامەزران لە ئیدارەی پەروەردە، وەک مامۆستا لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری ورمێ، خەریکی وانەوتنەوە و پێگەیاندنی قوتابییانی کورد و تورک لەو شارە بووە. ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی لە ڕشتەی حقووقی زانستگای تاران وەرگیراوە. پاش تەواوبوونی زانستگا لە دادگوستەریی ورمێ بووە بە قازی و پاش ماوەیەک، بووە بە سەرۆکی دادگوستەریی شاری بۆکان. لایەنگر و پشتیوانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، بە دژی ڕێژیمی شاهەنشاهی بوو. هەروەها خەڵکی شاری بۆکانی هان دەدا کە لە پێناو ئازادی و ڕزگاریی یەکجاری، بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی دژ بە دەسەڵاتی حەمەڕەزا شا بکەن. کاک سەلام عەزیزی، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، تا ساڵی ١٣٥٩، وەک ئەندامی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری بۆکان و لە دادگوستەریی ئەو شارە ئەرک و بەرپرسایەتیی خۆی بەڕێوە بردووە، بەڵام لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا لەسەر داوای ڕێبەری ناوداری گەلەکەمان، شەهید دوکتور قاسملووی نەمر، لە تۆی نامەیەکدا بە ڕەسمی، هاتە نێو ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و تەواوەخت درێژەی بە کار و چالاکیی سیاسی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دا. کاک سەید سەلام عەزیزی، کادرێکی ڕووناکبیر و تێکۆشەرێکی ماندوونەناسی حیزبەکەمان بوو. لە ماوەی خەبات و تێکۆشانیدا، زۆر ئەرکی گرینگی گرتە ئەستۆ و بە لێوەشاوەیی و لێهاتوویی خۆی، هەموو پلەکانی بەرپرسایەتیی حیزبیی یەک لە دوای یەک، وەک ئەندامی هەیئەتی ئیجرائیی کۆمیتە شارستانی بۆکان، ئەندامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی، بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی دەفتەری سیاسی بە سەرکەوتنەوە بڕی. شەهید سەلام عەزیزی، مرۆڤێکی بە توانا و بە باوەڕ و بە ئەخلاق و لە مەیدانی خەباتی بەکردەوەدا، مرۆڤێکی ڕاستگۆ و دروستکار بوو. لایەنگریی لە حەق و دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا دەکرد. لە کار و کردەوە و هەڵوێستگرتنندا، مودیرێکی بە توانا و مرۆڤێکی پڕکار بوو و ماندوویی نەدەناسی و هەموو کات و وەختێ خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە حیزبییەکان تەرخان کردبوو.

شۆڕشگێڕێکی بە تەواو مانا، سیمای دێموکراتیکی واقیعی لە ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کوڕی ڕۆژی تەنگانە و یاری وەفادار و واقیعی لە ڕێبازی دوکتور قاسملووی ڕێبەردا بوو.

ئولگووی کرداریی ڕێبەریی کاک سەلام، مامۆستای دێموکراسی، دوکتور قاسملوو بوو. پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر بناغەی بەرژەوەندی و مەیل و ئارەزووی خەڵک دادەڕشت و ڕێزی لە ویست و داخوازییەکانی خەڵک و ئەندامانی حیزبی دێموکرات دەگرت. کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی خۆش دەویست و باوەڕی قووڵی بە دێموکراسی و مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد هەبوو. هەمیشە و لە هەر دەرفەت و کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا، دیفاعی لە ویستە ڕەواکانی نەتەوەی کورد دەکرد. ئەو ڕێبەرە شازەی حیزبەکەمان، لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا دیپلۆمات و سیمایەکی ناسراوی حیزبەکەمان بوو. هەروەها شەهید سەلام عەزیزی، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە نەتەوەی کورد بۆی هەیە لە هەر هەلومەرجێکدا شێوەی خەباتی خۆی

پووشپەڕی ٢٧٢٣

دیاری بکا. لەسەر ناسینی دروستی هەلومەرج و دەرفەتەکان و هەڵسەنگاندنیان و لە پەنا ئەوەش دەستنیشانکردنی شێوەی خەباتی گونجاو لەگەڵ ئەو هەلومەرجانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پێداگریی دەکرد کە لە چ هەلومەرجێکدا چ شێوە خەباتێک شوێندانەرتر و بەرهەمی زیاتری بۆ نەتەوەی کورد بەگشتی لێ دەکەوێتەوە. ئەخلاق و ڕەفتاری شۆڕشگێڕیانەی کاک سەلام لە کار و بەرپرسایەتیدا سەرمەشقی هاوڕێکانی بوو، لە کاتە هەستیارەکاندا پشتوپەنای سیاسەتەکانی حیزب و بەتایبەت پشتیوانی ڕاست و دروستی سیاسەتەکانی شەهید دوکتور قاسملووی نەمر و کاک دوکتور سەعیدی ڕێبەر بوو. کەسێکی بە هەڵوێست و ڕوخسارێکی سیمای دێموکرات بوو. لە بەرانبەر کەسانی هەلپەرەست، خاوەن هەڵوێست بوو، کاک سەلام ڕوخسارێکی ناسراوی حیزب و بزووتنەوەی میللی_دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. لێهاتوویی، زیرەکی و خاکەڕا بوون، لەخۆبوردوویی، ڕۆک بێژی و سەداقەت و ڕاستگۆیی و باوەڕ بەخۆبوون، خاڵی بەرچاوی تایبەتمەندییەکانی کاک سەلام عەزیزی بوون. ئەو تایبەتمەندییانە و پشتبەستن بە ئیرادەی خۆی لە ڕێبەرایەتیی حیزب و بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا وەک ڕێبەرێکی لێهاتوو و شایستە جێی پەنجەی لە سیاسەتگوزاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دیار بووە. لە ٢٤ ساڵەی کۆچی ناوەختی کاک سەلام عەزیزیدا، یاد و ناوی ئەو شەهیدە هەمیشە بە نەمری و زیندوویی دەمێنێتەوە و خەبات و تێکۆشانی لە پێناو ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوای ئەو نەمرەش، ڕێنوێن و ئیلهامدەری تێکۆشانمان دەبێت.

٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

---



سەرچاوە Serchawe

# بەرابەری بناخەی ئازادییە





**کەریم پەرویزی**

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ئەو ڕۆژەیە کە تێیدا دەستی ڕەشی تیرۆریزمی ویلایەتی فەقیهی، تا ڤییەنی پێتەختی ئۆتریش درێژ بوویەوە و لەوێدا، لە وڵاتی بەناوبانگ بۆ فەرهەنگ و کەلتوور و مۆسیقادا، لەسەر میزی بەناو وتوویژ دەسڕێژیان لە دوکتور قاسملووی نەمر و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر کرد و وایانزانی بۆ هەمیشە لە دەستی دوکتور قاسملوو ڕزگاریان بووە و نەتەوەیەکیان لەو ڕێبەرە مەزنە بێبەش کردووە، دەسەڵاتی ئۆتریشیش تیرۆریستانی بە ڕێزەوە بەرەو تاران ئێسکۆرت کرد.

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، پەڵەی ڕەشە بە ناوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە و زیندووترین بەڵگەی تیرۆرسیتبووونی ڕێژیمێکە کە نەک هەموو نەتەوەکانی ئێرانی بە بارمتە گرتووە، بەڵکوو لە ڕێگای تیرۆریزم و بارمتەگرتنەوە گوشار دێنێ بۆ سەر وڵاتانی دیکەش تاکوو مانەوەی ئەم ڕێژیمە نگریسە قبووڵ بکەن، هەروەها ٢٢ی پووشپەڕ پرسیارێکی گەورەی کوردستانە بەرەورووی دەوڵەتی ئوتریش کە دەبێ ڕۆژێک وەڵام بداتەوە.

**پووشپەڕی ٢٧٢٣**

لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨دا، ناوەندی بڕیاردەری تیرۆریستی لە تاران پێی وابوو کە بە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو، ئیدی وێڕای نەمانی جەستەی قاسملوو، بیر و هزر و ڕێگاکەشی ون دەبێ و ڕێژیم دەتوانێ بە خەیاڵی ئاسوودە درێژە بە ستەمکارییەکانی بدا و ئیدی بەربەستێکی بۆ نامێنێ. بەڵام هەرچێ ڕێژیم لە تیرۆریزمدا سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی بە شێوەی ترسنۆکانەی تیرۆریستییەوە زەبر لە باڵای نەتەوە و خەباتی کوردستان بوەشێنێ، بەڵام لە کوێرکردنەوەی ڕێگای خەباتدا ناسەرکەوتوو بووە وقۆناخ بە قۆناخ خەباتی نەتەوەکان لە ئێران و بەتایبەت نەتەوەی کورد، بەربڵاوتر و گەشەسەندووتر بووە.

هۆکاری سەرەکیی باڵاکردنی خەبات لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ بناخەدار بوونی و هەڵقوڵاویی لەنێو ویستی نەتەوەی کورددا وهەروەها بەردەوامیی هزری ڕێبەری مەزنی ئەم خەباتە واتە دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە بۆ زانایی و بیرمەندی و بلیمەتیی، کە بە خوێنی خۆی ڕێگا و ڕێبازەکەی درەوشاوەتر کرد.

لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵدا وێڕای یادکردنەوە لە ڕێبەری شەهید و هەروەها شەهید عەبدوڵڵا قادری ئازەر و هەموو شەهیدانی کوردستان، ئاوڕێکی کورت لە یەکیک لە کۆڵەکەکانی هزری دوکتور قاسملووی مەزن دەدەینەوە کە وانەی گرنگ و هەتاهەتایین بۆ ڕێبواران و ئۆگرانی قوتابخانەکەی.

دوکتور قاسملووی نەمر لە وانەکانی ئابووریی سیاسیدا کە لە زانکۆی دێموکرات بۆ دەورەی بەرزی کادری بەڕێوە چوو، وێڕای باس لە سیستمی جیاوازی ئابووری و هەروەها شیکردنەوەی ئابووریی سیاسی، دەڵێ کە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات بۆ دواڕۆژی وڵاتەکەمان کوردستان، سیستمێکمان دەوێ کە دادپەروەریی تێدا هەبێ و ئەو دادپەروەرییە لە سیستمی سۆسیالیستیدا وەدی دێ، بەڵام سۆسیالیزمێکمان دەوێ کە خەڵک بتوانێ قسەی خۆی بکا، ئەندامی حیزبەکەمان بتوانێ قسەی خۆی بکا. ڕەنگە بپرسن مەگەر لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا خەڵک مافی قسەکردنی نییە؟ دوکتور قاسملوو لە وەڵامدا دەڵێ کە نەخێر مافی قسەکردنیان نییە و ڕەنگە ئێوە نەتانديبێ، بەڵام من کە دیومە دەزانم کە ئەو مافەیان نییە و خۆ ناکرێ لەگەڵتان ڕاست نەبم.

چ لەو دەورەیەی کادری بەرز و چ لە کتێبە بەناوبانگەکەی واتە کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک، و چ لە چەندین نووسراوە و وتاری دیکەدا، دوکتور قاسملوو تا ناوی سۆسیالیزم دێ، بەدوایدا باس لە دێموکراسی و ئازادی و مافی ڕادەربڕینی خەڵک دەکا و دەڵێ کە ئێمەی دێموکرات وێڕای سۆسیالیزم، دێموکراسیشمان دەوێ.

پێداگریی دوکتور قاسملوو لەسەر دێموکراسی لە زۆربەی نووسین و لێدوانەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە و تەنانەت لە دروشمی ستراتژیکی حیزبیشدا کە ئەو کات دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بوو، پێداگری لەسەر دێموکراسی دەکاتەوە و کاتێک شیکاری لەسەر ئەو دروشمە دەکا، دووبارە بایەخی دێموکراسی و ئازادی باس دەکاتەوە.

ئازادی لای دوکتور قاسملوو، تەنیا دروشم نەبووە و پێداگریی لە هەموو بابەتەکاندا لەسەر ئازادی لە حاڵەتی دروشم و ڕێکار دەچێتە دەر و دەرخەری بڕوای ئەو ڕێبەرە بلیمەتەیە کە کاتێک باس لە ئازادی دەکا دەڵێ، ئازادی کەرامەت دەدا بە مرۆڤ و نایەڵێ ببێتە مۆرە.

بەڵام ئەو ئازادییە لای دوکتور قاسملوو چ مانایەکی هەیە و لەسەر چ بناخەیەک ڕاوەستاوە؟

لە مێژووی هزرینی مرۆڤەکاندا باسێکی قووڵ و مشتومڕێکی بەردەوام لە نێوان لایەنگرانی دوو چەمکی گرنگدا هەبووە:
"ئازادی و بەرابەری"

لایەنگرانی ئازادی پێیان وابووە کە ئازادی ڕەسەنترە و بەرابەری شتێکی هاوپێچە یان لە هەندێ بیری توند و ڕاسترەوتردا پێیان وابووە کە بەرابەری تەنیا تراویلکەیە کە دەبێتە پاساو بۆ پێشێلکردنی ئازادی.

لایەنگرانی بەرابەریش پێیان وابووە کە بەرابەری ڕەسەنە و ئازادی وەهمێکە کە بورژواکان بۆ داپۆشینی بێدادی و ستەمکارییەکانیان باسی دەکەن.

لە نووسین و لێدوانەکانی دوکتور قاسملوودا کە دەگەڕێی و وەردی دەدەیەوە، بەرابەری وەکوو جەوهەرێک وایە کە دەبێ لە هەموو ڕەهەند و قوژبنێکی کۆمەڵگادا ڕەنگی دابێتەوە.

دوکتور قاسملوو لە بەرابەریی نێوان مرۆڤەکانەوە دەست پێ دەکا و دەگاتە بەرابەریی نێوان کۆمەڵگاکان.

لەو نێوەدا بەرابەریی چینەکان و تەنانەت بەرابەریی ڕەگەزە جیاوازەکانیش فەرامۆش ناکا و پێی وایە کە کۆمەڵگا بۆ ئەوەی گەشە بکا و سەقامگرتوو بێ و ستەمکاریی تێدا نەمێنێ، دەبێ بەرابەریی تێدا جێگرتوو و ڕەگ داکوتاو بێ.



سەرچاوە
Serchawe

لە سیمای دێموکراتدا کاتێک دەڵێ کە دێموکرات دژی هەر جۆر چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسانە؛ بڕوای وایە کە هەموو مرۆڤەکان لە جەوهەری خۆیاندا هاوتان و دەبێ مافی ئینسانیی وەک یەکیان پێ بدرێ و هەرجۆرە هەڵاواردن و ستەمێک کە مرۆڤێک سەرتر لە مرۆڤی دیکە لەبەرچاو دەگرێ وەلا بنرێ.

لە کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک و لە شیکردنەوەی کورتەباس و دواتر لە وانەکانی ئابووریی سیاسیشدا دەڵێ کە ناکرێ مرۆڤەکان بەرابەر نەبن و هەڵاواردن لە نێوانیاندا هەبێ و گرووپێک بە سەر گرووپی دیکەدا بەرتەریی بدرێ و ئیدیعاش بکەی کە ئازادییان هەیە. ئازادییان کاتێک دەتوانێ جێبەجێ بکەن کە بەرابەریی مافی ئینسانییان ڕەچاو کرابێ.

لە بەرابەریی نێوان مرۆڤەکاندا تەنیا دەرفەت و دەرەتانە ئابوورییەکان لەبەرچاو ناگرێ بەڵکوو تەنانەت کەلتووری جیاواز و ئایینی جیاواز و زاراوەی جیاوازیشیان لەبەرچاو دەگرێ و دژی هەرجۆرە بێڕێزییەکە بە جیاوازییەکانی مرۆڤەکان. لە بەشێکی گرنگی بەرابەریی مرۆڤەکاندا دەگاتە بەرابەریی ڕەگەزی یان جێنسی و بە واتایەکی تر بەرابەریی ژن و پیاو.

لە وانەکانی ئابووریی سیاسیدا دەڵێ:

..."نیوەی دانیشتوانی وڵاتێک ژنن و هەرچی ئەوان زیاتر بەشداری بکەن لە موبارزەدا، لە ئیجتیماعدا، دیارە ئەوەندەش بۆ ئێمە، بۆ وڵاتەکە پێشکەوتووترە. ئێستا لە باری فەرهەنگی و سیاسییەوە هەرچی ژن زیاتر بەشدار بێت لە ئیدارەکردنی وڵاتەکەداو هەرچی حەق بڵێین نزیک بێتەوە بەتەواوی بە پیاو، ئەوەندە ئەو وڵاتە پێشکەتووترە... .

کەوابوو لە هەموو بارێکی دیکەوە بەرابەریی تەواویان هەبێت و ئەوە زۆر موهیمە".

لە درێژەدا باسی ئەوە دەکا کە لەنێو حیزبی دێموکراتدا ئەوە وەکوو بەرنامە پەسند کراوە و شانازیی پێوە دەکەین بەڵام ئەوەی لەبیر ناچێ کە ڕەخنەش دەگرێ و دەڵێ کە ڕێگایەکی دوورترمان لەبەردەمە چونکە هەرچەند وەکوو بەرنامە پەسندمان کردووە و ڕەنگە زۆرجار باسی دەکەین کە ژنان بەشدار بن لە حیزبایەتی و سیاسەتدا بەڵام کە دەگاتە سەر ژن و دایک و خوشکی خۆمان دووبارە هەمان نەریتی کۆن لەنێو میشکماندا زیندوو دەبێتەوە و دژی دەبین!

لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوودا، بەرابەریی ژن و پیاو، دەبێ جگە لەو شتانەی کە سروشتی جیاوازی ژن و پیاوان، لە هەموو


سەرچاوە Serchawe

شتی دیکەدا بەرقەرار بێ و دەڵی کە ئەوە هەم بۆ ئێمەی دێموکرات گرنگە، یانی لە باری هزری و باوەڕەوە بڕوامان وایە کە ژن و پیاو بەرابەرن؛ هەم لە باری پێشکەوتنی کۆمەڵگاشەوە، هەرچی ژن و پیاو لە بەرابەریی تەواو نزیکتر بن، کۆمەڵگا پێشکەوتووترە.

دوکتور قاسملوو لە بەرابەریی مرۆڤەکانەوە ئاکام وەردەگرێ و دەگاتە بەرابەریی گرووپە جیاوازەکان و پێی وایە کە هیچ چین و توێژێک نابێ بێڕێزیی پێ بکرێ و نابێ ستەم و چەوسانەوە دژی هیچ چین و توێژێک لە کۆمەڵگادا هەبێ.

بەرابەری لای دوکتور قاسملوو لە گرووپ و چین تێدەپەڕێ و دەگاتە نەتەوەکانیش. لای دوکتور قاسملوو وێڕای مافی سروشتیی هەر نەتەوەیەک بۆ ئیدارەکردنی خۆی، پێی وایە کە هەموو نەتەوەکان بەرابەرن و نابێ هیچ نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەی دیکەدا زاڵ بێ. شۆڤێنزیم لە هەموو ڕەنگ و بۆن و جلێکدا ڕەد دەکاتەوە.

لە نووسراوەیەکدا کە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی نووسراوەو وەڵامی کەسێک بەناو "ماکان" دەداتەوە باس لە بەرابەریی نەتەوەکان دەکا و پێداگری لەسەر بەرابەر و هاوتابوونی نەتەوەکان دەکاتەوە.

ماکان کەسێک بووە کە گوایە بیری چەپ و مارکسیستیی هەبووە و لە ڕوانگەیەکی مارکسیستیەوە مافی کورد دەباتە ژێر پرسیار و بوونی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ئێران وەکوو ئەفسانە ناو دەبا. دوکتور قاسملوو وەڵامی ماکان دەداتەوە و لەوێدا بەوردی باس لە نەتەوەبوون و مافە سروشتییەکانی نەتەوەی کورد تەنانەت بە مافی جیابوونەوەشەوە دەکا.

### لە بڕگەیەکی وەڵامی دوکتور قاسملوو بۆ ماکان هاتووە:

"ڕێژیمی کۆنەپەرستی شا و دەسەڵاتی ئیمپریالیزم تەنیا بە خەباتی هاوبەشی هەموو گەلانی ئێران دەتوانێ سەرەونخوون بکرێ. خەباتی هاوبەش پێویستی بە دانپێدانانی بوون و وەک یەکیی مافی هەموو گەلانی ئێران هەیە. ... ئەوە تەنیا ڕێگای ڕاکێشانی دڵنیایی نەتەوەکانی زۆرلێکراوی ئێرانە و تەنیا هۆی پێکهێنانی یەکیەتیی داخوازانە و پێوەندیی بەهێزی ئەوانە لە ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیکدا".

لێرەدا و لە باسێک لەسەر دروشمی ستراتژیکی حیزب و لە چەند نووسراوی دیکەشدا، دوکتور قاسملوو وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر فاکتۆرەکانی نەتەوەبوونی کورد و مافی سروشتیی کورد بۆ ئیدارەکردن و بڕیاردان لەسەر خۆی، لە ڕوانگەی



سەرچاوە
Serchawe

پووشپەڕی ٢٧٢٣

بەرابەریی نیوان نەتەوەکانیشەوە باس لە مافی هاوتای کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و بەتایبەت نەتەوەی فارس دەکا و دەڵێ کە نە خۆمان لە فارس بە سەرتر دەزانین و نە سەروەریی ئەوانمان قبووڵە. ئێمە تەنیا و تەنیا هاوتابوون و بەرابەریی نێوان نەتەوەکانمان قبووڵە. لە دەروازەی بەرابەریی نێوان نەتەوەکانیشەوە دەڵێ کە هەر نەتەوەیەک دەبێ ئازادانە و بۆخۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدا و گەر دەیانەوێ پێکەوە بمێنن دەبێ ئەو یەکیەتی و پێکەوەمانەوە داخوازانە و بە ویست و ئیرادەی ئازادی خۆیان بێ نەک بە ستەمکاری و زۆرەملێ.

بەکورتی بەرابەری لای دوکتور قاسملوو جەوهەری مرۆڤبوون و پێکەوەژیانی کۆمەڵگا و گەشەکردنە و ئەو بەرابەرییە بناخەیەکە کە ئازادیی تێدا گەشە و باڵا دەکا. پێی وایە گەر لە شوێنێک ئازادی گەشەی نەکرد بە دڵنیاییەوە بەرابەرییەکەش بوونی نییە و ناکرێ بەرابەریی جەوهەری هەبێ و ئازادی خۆی دەرنەخستبێ.

ڕێباز و ڕێگای قاسملوو بۆیە ئێستەش کۆشکی ستەمکاران دەلەرزێنێ چوونکە وەهم و تراویلکەکانیان لێ بەتاڵ دەکاتەوە و مەشخەڵانی ڕاسانەوە و کۆڵەکەکانی هزری شۆڕشی ژیانە!

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٢٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# بۆچی قاسملوو ناسنامەی خەڵکی کوردستانە؟




**محەممەد ئەفەندی (ڕێبوار)**

د. قاسملوو لە فەسڵی یەکی کتێبی کوردستان و کورددا لە سەرەتاوە بە وشەی "کوردستان" دەست پێدەکات، ئەو سەرەتا باس لە زێدی میلەتێک دەکات کە خاوەنی وڵات نین و بە سەر چوار وڵاتدا دابەش کراون!

لەوانەیە بگوترێ ئەو کتێبەی د.قاسملوو پێوەندیی بە مێژووی کوردەوە نییە و کەمتر لەسەر ڕەچەڵەکی کورد کاری کردووە و زیاتری کتێبەکە سیاسی و ئابوورییە!

بەڵام د. قاسملوو دەزانێت وشەی "کوردستان" کەمتر لە جیهان بیستراوە و نامۆیە! هەربۆیەش هەوڵ دەدات ئەو وشەیە تەواو جێگیر بێت و خەڵک سەرەتا بە وشەی کوردستان ئاشنا بکات و دواتر بە کورد

لەوانەیە هەرکەسێک لەباتی د.قاسملوو بایە سەرەتا لە کوردەوە دەستی پێکردبایە، بەڵام د.قاسملوو بە پێچەوانەوە



سەرچاوە
Serchawe

دەزانێت زۆرن ئەو میللەتانەی بێ دەوڵەتن، بەڵام کەمن ئەو میللەتانەی داوای مافی چارەی خۆنووسین بە حەقی خۆیان دەزانن، هەر بۆیە هەوڵ دەدات چوارچێوەیەک سەرەتا بۆ تاکی کورد کە ناوی کوردستانە لە ناو زەینی تاکێکی" ناکورددا" جێگیر بکات.

د. قاسملوو لە فەسڵی سێزدەی کتێبی کوردستان و کورددا کە باس لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان دەکات دەڵێت: کورد وەک هەر نەتەوەیەک مافی خۆیەتی چارەنووسی خۆی دیاری بکات و دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت.

د.قاسملوو ئەو تایبەتمەندییەش دەخاتە ڕوو، ئەویش ئەوەیە کە مەسەلەکە بۆ گەلی کورد تەنها لەسەر بەدیهێنانی سەربەخۆیی نییە! بەڵکو پێش هەموو شتێک پێوەندیی بە گەڕانەوەی یەکێتی نەتەوەییەوە هەیە لە نیوان کوردانی بەشەکانی تری کوردستان.

د.قاسملوو دەڵێت لەوانەیە یەکێتی کورد شتێکی خەیاڵی بێتە بەرچاو و ئەو یەکێتییە ئیمکانی نەبێت، بەو حاڵەش پێویستە کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت و دان بە مافی چارەی خۆنووسینی ئەودا بنرێت.

ئەوەی جێی باسە مەسەلەی" خودموختاری"یە کە زۆر جار هاتۆتە بەر باس و کە د.قاسملوو لە سەر خودموختاری دەڵێت: بژاردەی خودموختاریی دڵخوازانە و برایانەیە لە "ئێستادا" بۆ یەکێتیی میلەتەکانە و بۆ" ئێستا "گونجاوە (کورد و عەرەب)
د. قاسملوو لە دانیشتنی لەگەڵ تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ڕاشکاوانە دەڵێت:

ئێمە داوای خودموختاری دەکەیین، بۆی هەیە نەسڵی دوای ئێمە داوای سەربەخۆیی بکات.

ئەوە دەریدەخات ئەوەی د.قاسملوو لە کتێبی کوردستان و کورددا ئاماژەی پێ کردووە بەتایبەتی مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد باوەڕی پێیەتی و ئەو خودموختارییە تاکتیکییە و ئەوەشی ڕاشکاوانە بە گوێی دوژمنانی گەلی کورد گەیاندووە.

جگە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس کە باوەری قووڵی پێیەتی هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئابووری لە کوردستان دەدات و سۆسیالیزمی دێموکراتیک بۆ ئەو مەسئەلە پێشنیار دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

**پووشپەڕی ٢٧٢٣**

**د. قاسملوو بە هێنانە باسی سۆسیالیزمی دیموکراتیک سەرەتا ئەو سۆسیالیزمەی سڕیەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەرخواری لاوان درابوو، ئەو سۆسیالیزمەی کە زۆر حیزب و لایەن خۆیان بە درێژەدەری دەزانی.**

**هەروەها لە شیکردنەوەی کورتەباسدا ئەدبیاتی سۆسیالیستی لە ئێران دەگەڕێنێتەوە سەر حیزبی توودە کە پڕە لە بیر و باوەری ناڕاست و چەوت، کەواتە قاسملوو بە کردەوە خۆی لە حیزبی توودە دادەماڵێ و بیر و باوەری ئەو حیزبەش بە ناڕاست و چەوت دەزانێ.**

**د. قاسملوو لە خەیاڵدا نەدەژیا، ئەوەی لە پراکتیکدا نەکرابایە پشتگوێی دەخست، ئەو کوردستانێکی خەیاڵی نەدەویست بەڵکوو کوردستانێکی واقعی دەویست.هەربۆیە خەباتی نەتەوایەتیی لە پێشەوەی خەباتی چینایەتیدا تەعریف دەکرد، ئەو باوەڕی وابوو کە ئێستا ستەمی نەتەوایەتی پێش ستەمەکانی دیکەیە.**

**د. قاسملوو خۆی لە بە شوێنکەوتن یان وەک خۆی دەڵێت "ئۆلگووسازی" دوور دەکاتەوە و لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو وڵاتانەی سۆسیالیزمیان جێگیر کردووە ئێمە ناتوانیین بە ئولگویان وەرگرین و دەبێ هەرچی چاکەیە لێیان وەرگرین و لە خراپەکان دوور کەوینەوە.**

**ئەگەر ئاوڕێک لە ژیانی پڕ بەرهەمی قاسملووی نەمر بدەینەوە، دەبینین کە چۆن توانیبووی لە سەردەمی خۆیدا ڕێبەرێکی جێی متمانە بۆ گەلەکەی بێت و کاریگەریی نە تەنیا لەسەر خەڵکی کوردستان بەڵکوو لەسەر ڕوانینی کەسایەتییە دیارەکانی جیهانیش بەنیسبەت پرسی کورد هەبێت. ئەندێشەی قاسملوو، پاش زیاتر کە ٣ دەیە لە شەهیدبوونی ئێستاش لە ژیانی تاکی کورددا ڕەنگ دەداتەوە کە نموونەی بەرچاوی، شۆڕشی ژینا و بەردەوامبوونی خەڵک لەسەر ئەو ڕێبازەیە کە قاسملوو بە بیر و ئەندێشەی خۆی کردی بە ڕێباز. کەوایە قاسملووناسنامەی خەڵکی کوردستانەو بە بێ باسکردن لە قاسملوو و بیری ئەو ڕێبەرە، ناکرێ باس لە کوردستان و پرسی کورد بکرێت.**

**٢٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٣**

# ڕەوتناسیی خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن



**شێخ جەماڵ موکریانی**

حاشاهەڵنەگرە کە فاکتەری یەکگرتوویی لەنێوان حیزب و گروپە دژبەرەکان لە پێویستییەکانی هەموو هێزە ڕووخێنەرەکانی هەر وڵاتێک لە دژی دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتەیە. ئەم یەکگرتووییە دژبەرانی دەسەڵات بۆ هەر سیناریۆیەک لە داهاتووی شۆڕشدا ئامادە دەکات و دەستەبەری ماف و داواکارییەکانی ئێستای جەماوەری سەر شەقام و قۆناغی دوای ئازادییشە. لەو لاشەوە مێژووی شۆڕشەکان پێمان دەڵێت هەر یەکگرتوویەک دەبێت لەسەر ئەساسی خاڵە هاوبەشەکان بێت. یەکگرتوویی بەردەوامی دژبەرانی حکوومەتی دەسەڵاتدار دەبێتە پێشمەرجی دارمانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری کە دایمە بە شوێن ڕەوایی وەرگرتن و سەرکوتی جەماوەر بە هەر بیانوویەکە. کە واتە نەبوونی یەکڕیزی و گوتاریی نزیک لە یەک ئاکامێکی جگە لە شکستی ئۆپۆزیسیۆن و بەهێزتربوونی دەسەڵات نابێت. دیارە هەوڵ بۆ یەکگرتوویی لەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی شتێکی نوێ نییە و پتر لە چوار دەیەیە ئۆپۆزیسیۆن هەوڵی بێئاکامی بۆ دەدات. یەکگرتوویی بەکردەوەی هێزە دژبەرەکان بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی ڕوون یارمەتیمان دەدات و جەماوەر و ڕێبەری دڵگەرم دەکات بە پاشەڕۆژێکی گەش و تاکە ڕێکار بۆ سەرکەوتنە. گەیشتن بە ئامانجەکان هاوکێشەیەکی دوو جەمسەریە: ئۆپۆزیسیۆنی جێگای متمانە و خەڵکی



سەرچاوە
Serchawe

گیانفیدای سەر شەقام کە دوو جەمسەری شۆڕشن و دەبێت هەر دوولا داخوازی و ویستی نزیک بە یەکیان هەبێت.

دیارە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ هاوهەڵوێستیی ئۆپۆزیسیۆن و شەقام پێویستە و بەپێی تایبەتمەندیە جۆراوجۆرەکانی هەر ناوچەیەک دەبێ دەرکەوتنی جیاوازی هەبێت. دەبێ هاوکات لەبیرمان بێت کە دەسەڵات بۆ دژایەتیی ئۆپۆزیسیۆن سەدان فێڵ و تەڵەکە و ئیمکاناتی لەبەردەستدایە و لە هیچ کارێک خۆ ناپارێزێت؛ ئەو ڕێژیمە پتر لە چل ساڵە بە مودیریەتی ئۆپۆزیسیۆن و سیاسەتی ناکۆکی‌نانەوە لە نێوانیاندا تەمەنی خۆی درێژ کردووەتەوە.

بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە ئێران لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتێکی توتالیتێرە. ئێرانی چەن میللەتی، چەن فەرهەنگی و فرە بیر و باوەڕ، هەر چەندە ململانێی سەرەکی لەنێوان تاقمێک کە هەموو سامان و میدیای فەرمی و ئابووری وڵاتی لەژێر دەستدایە و خەڵکێک کە بەدەستی بەتاڵ لە بەرانبەریدا قارەمانانە ڕاوەستاوە. هەڵبەت خەڵک ناوێکی گشتیە و ئەم خەڵکە خۆی بە سەر سێ ڕەوتی سەرەکیدا دابەش بووە:

### ١- ناسیۆنالیستی ئێرانی کە بەسەر دوو بەشدا پۆلێن دەکرێن:

**بەشی یەکەم کولتوور و زمانی خۆیان خۆش دەوێت** و لە چوارچێوەی کۆمەڵێ نۆستالۆژی و مێژووی درووستکراوی سەد ساڵی ڕابردوودا گیریان خواردووە، بەڵام لامەرکەزی (نا-ناوەندەگەریتی) و تەنانەت فیدرالیزم و لە نێوچوونی سپای پاسدارانیشیان قبووڵە. سیستەمی و ڕێکخراوەیین، بەڵام پاشایەتیی پارلەمانییان قبووڵە و دەکرێ ل گەڵیان قسە بکرێت و هەر بەمانە بەشی دووهەم کونترۆڵ بکرێت.

**بەشی دووهەم لایەنگرانی پەهلەوین**، شۆڕشی گەلانی ئێران بە فیتنەی ٥٧ ناو دەبن و هیچ باوەڕێکیان بە مافی گەلان نییە. لە خەڵک بێ‌منەتن و پتر خولیای کودەتا و پشتیوانیی زلهێزەکانن. ژێر مەجموعەی ئەم ڕەوتە بە توندی کۆمەڵگەی ئێران بەرەو فاشیزم لە سەر بنەمای ناسیۆنالیزمی هێرشبەری ئێرانی دەبەن و ئەگەر پێشیان پێ نەگیرێ بەزوویی دەبێتە قەیرانێک کە لە ئاکامدا وڵات پەلکێشی شەڕی نێوخۆیی دەکات. کەسایەتیی بەرچاوی ئەم ڕەوتە ڕەزا پەهلەوی و کۆمەڵێ کەسی گوماناویی دەوروبەریەتی کە زۆرینەیان تازە لە نێوخۆی وڵاتەوە چوونەتە دەرەوە و ئەو کەسانە لێرە -لە نێوخۆی وڵاتیش - هیچ کات جێگای متمانەی خەڵک نەبوون و نین. پێگەی ئەم ڕەوتە شێوە فاشیستییە بەداخەوە لە ناکارامەبوونی ئۆپۆزیسیون و دەسەڵات هەردووکیان لە حاڵەتی هەڵکشاندایە.

٢- زۆرینەی خەڵک کە تەنیا داواکاری مەعیشەتی و ئابورییان هەیە و گەیشتن بە عەداڵەتێکی کۆمەڵایەتی و لە ئازادیدا ژیانکردن گەورەترین ئاواتیانە. ئەم بەشە دابەش دەکرێت بەسەر هەموو ڕەوتەکاندا و دەکرێ کۆماریخواز، پاشایەتیخواز یان فدرالیستیش بن.

٣- بزوتنەوەی میللی - مەزهەبی کە بەشێکی زۆر لە ڕێفۆرمخوازەکان تاکوو بەشی ڕوخێنەر لە خۆ دەگرێت. نزیکایەتی سەیریان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی ئێرانی هەیە و لەگەڵ هەموو چەمکە دێموکراتیکەکان هاوڕان بێجگە لە مافی نەتەوە بندەستەکان،. زۆرینەیان ڕوخێنەر نین، بەڵکوو ڕەخنەگری وەزعی مەوجوودن و لەگەڵ حکوومەتی سەرەڕۆ و تاکەکەسیی خامنەیی کێشەیان هەیە، نەک نیزامی کۆماری ئێسلامی و پتر داوای بەش لە سیستەم دەکەن و لە جیهانبینی کەلاندا نزیکایەتی سەیریان لەگەڵ ڕێژیم هەیە و لە باستانگەراییش وەک تاکتیکێکی پۆپۆلیستی کەڵک وەردەگرن.

٤- نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران کە زۆرینەی حەشیمەتی ئێران پێک دێنن. ئەم نەتەوانە جگە لە کورد ڕێکخراوەی بەهێزیان نییە بۆیە ئۆپۆزیسیۆنی پێکهاتوو لە نوخبەی سیاسیی نەتەوەکان هەرا ئێستا نەیتوانیوە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. ڕاستە ئەوان توانیویانە لەسەر ئەساسی فێدرالیزم بە دەوری یەکەوە کۆ ببنەوە، بەلام ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەریان لە هاوکێشە سیاسییەکاندا نییە. ئەوان میدیای بەهێزیان نییە و ناتوانن دەنگ و ویستی خۆیان بە جەماوەر و بەردەنگ بگەیەنن. پێگەت کوردستانیش هەرچەندە لە چاو نەتەوە بندەستەکانی تر زۆر باشە، بەلام لە ئاستی پێویستدا نەیتوانیوە نێومالی کوردی ڕۆژهەلات ڕێکبخات و هەئێستاش بۆ ئەوەی ببێتە ئەڵتەرناتیڤی زاڵ کە نەتەوەکانیتر بە دەوریەوە کۆ بنەوە مەودایەکی مانادارمان هەیە. هەروەها زۆرجار بێمتمانەیی و ناشەفافی بەکردەوە جێگای یەکتر قبووڵ کردن دەگرێت، بەتایبەت لە هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی مەیدانیی نێوخۆدا!

٥- ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی دەرەوەی وڵات کە بەشێکیان لە ئەساسدا شکست و هەرەسهێنانی قبووڵ کردبوو، و خەریکی ژیانی خۆیان بوون بە شۆڕشی ژینا زیندوو بوونەوە. ئەم تاقمە چ وەک کەسایەتی و چ ڕێکخراوە زۆرتر لە سامانەی پاشایەتیدا دەبیندرێن. نموونەیان لەنێو میللی مەزهەبیەکانیشدا کەم نییە و دژایەتیان لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر بەدەوری خۆیانەوە بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتە.

بەشێکیتر لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات وەک موجاهدینی خەڵقی ئێران تێچووی زۆریان بۆ خەبات دژی ڕێژیم داوە، دەجەنگێت و لە مەیداندایە و کۆمەڵێ شتیش قبووڵ دەکات. بەلام ئیدیعای ڕێبەریی ڕەهای هەیە و، هەر ئەم ئیدیعا و درووسکردنی سەرۆککۆماری پێشوەخت و ڕواڵەت و ئاسەوارەکانیان لە ساحەی گشتیدا گەورەترین کۆسپە لە سەر متمانەی

زۆرینە بەوان.

بەشێکی دیکەش لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات پێکهاتووە کە جوان دیارە باڵی کۆماری ئیسلامین و لە بەرانبەر هەر یەکگرتوویەکدا دەوەستن. ئەوان بەیانی هەتا ئێوارە کاریان شەڕەجنێوە و، لە واقیعدا ئۆپۆزیسیۆنی ئۆپۆزیسیۆنن! بە ڕوخساری جۆراوجۆرەوە دەبینرێن، بەڵام کاریان دوورکردنەوەی زیاتری خەڵک و حیزبەکان لە یەکترە.

ئەگەرچی بەشێ لە جیاوازیی ڕا و بۆچوونەکان نیشانەی زیندووبوونی کۆمەڵگەی سیاسییە، بەڵام ئەم ململانێ و بۆچوونانە کاتێ دەتوانێ بە قازانجی شۆڕش و خەڵکی خۆمان بشکێتەوە کە لە سەر کۆمەڵێ چوارچێوە ڕێککەوین کرابێت. هەروەها بۆ سازدانی ئالتەرناتیڤێک بێت لە نێوخۆ و دەرەوە وەک جێگرەوەی دۆخی ئارایی و سامانبەخشین و ڕێکخستنی نێوخۆی وڵات.
لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێراندا لەسەر ئەو باوەڕەم کە نایەکگرتوویی و پەرشوبڵاویی هێزە کوردییەکان لە سەنگ و قورسایی کورد و پێشەنگایەتیی کوردیان کە کردووەتەوە.

## هۆکارەکانی نایەکگرتووی و لە یەکترازانی بنەماڵەی کوردی و هەروەها ئەوەی کە پێی دەگوترێت ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری ئەمانەن:

- نەبوونی شورا، موئەسیسە یان لایەنێکی بەهێز لە دەرەوە وڵات کە توانای کۆکردنەوەی هێزە دژبەرەکانی هەبێت وە لە هەمان حاڵدا ئیدیعای ڕێبەری و مەبەستی ڕێبەر دروستکردنی تاکەکەسیی نەبێت.

- نەبوونی شەفافییەتی سیاسی لەسەر بنەمای ئەخلاقی سیاسی و نەبوونی کۆدەنگی بەهۆی چەقبەستوویی لە بنەما فیکری و ئێدئۆلۆژیکییەکان. زۆرم پێ سەیرە زۆرترینی ئەوانەی دیاسپۆرا لە کاتێکدا بەرنامە و پرۆگرامی لایەنێکی سیاسیی نەخوێندۆتەوە، لەدژی دەوەستێ و بەئاسانی دەکەوێتە قەزاوەتکردنی.

- بێ بەرنامەیی و سیستەمی کارنەکردن و نەناسینی باشی یەکتر کە زۆر جار دەبینین بە دانیشتنێکی دۆستانە دژبەر دەبن بە هاوکار!

- نەناسینی بارودۆخی نێوخۆ و ئەو بابەتانەی ئیستا لە نێوخۆ بۆ خەڵک چەمک و داواکاریی سەرەکیین. دەبینین کە بە بیانووی بارودۆخی ئەمنییەتی حیزبەکان هەڵسوکەوتی نەشیاو لەگەڵ کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی نێوخۆ دەکرێت، تاکوو



سەرچاوە Serchawe

پووشپەڕی ٢٧٢٣

ئاستی بێڕێزی، نەگۆڕینەوەی ڕا و بیر و بۆچوون و هەڵوێستەکان و بەشدارنەکردنی نێوخۆ لە بڕیارەکان و دوایەش داوای پشتیوانی لێکردن!

- نەدۆزینەوەی پشتیوانێکی ماڵی بۆ شۆڕش و نەبوونی دیپلۆماسییەکی بەهێز لە ئاستی جیهانی، ناوچە و ناوخۆ. دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە ڕێبەرانی داهاتووی شۆڕش لە ئاستی سەرانسەریدا لە نێوخۆی وڵات، لە زیندان و ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنی و بەشێ لە حیزبەکانی نێوخۆن.

- ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی تێکرا پشتیوانییان لە شۆڕشی ژینا کرد، بەڵام هیچ لایەنێ نەیتوانی بە خەڵکی بسەلمێنێ کە شیاوی ڕێبەریی شۆڕشەکەی ژینایە. لە ڕاستیدا هیچ لایەنێ توانای دروستکردنی شەپۆلی نییە، بەڵکوو ئەوەی دەبینرێت سواربوونی ئەو شەپۆلانەیە کە لە نێوخۆ دروست دەبن. بۆیە بۆ ڕووخانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پێویستە هەموو لایەنەکان کە خاڵی هاوبەشیان هەیە یەک بگرن و لەگەڵ لایەنەکانی تریش بکەونە تەعامول و هاوکاریی مەیدانی.


- ئێستا دەسەڵات گەیشتووەتە قۆناخی لاوازی و پیری، لە سیستەمێکی ئێقتدارگەرادا بەپێچەوانەی باوەڕی باو گەورەترین هۆکاری ڕووخان، تاکوو دەقەی نەوەد خۆپیشاندانی سەرشەقام نییە، بەڵکوو کێشە قووڵەکانی نێو دەسەڵاتە کە دەبێتە دەرمانی جەستەیی کە ئێستا لەم قۆناخەداین و دژبەرانی وەزعی موجوود دەبێت فەرشی سووریان بۆ ڕاخەن. براوەی سەرەکیی ئەم قۆناخە ئەو لایەنانەن کە زۆرترینی داڕووخاوەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن.

## کۆتا وتە:

لە داهاتوودا نەوەکانی تر لەسەر هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم سەردەمە قەزاوەت دەکەن. قەزاوەتی مێژوو لەسەر دەسکەوتە، قەزاوەتێکی بێبەزەییانە، بێ هیچ هاودڵی و ڕۆحی لێبوردەیی، ئەمە ڕەسم و نەریتی مێژووە!

٢٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# هێندێک زام سارێژبوونەوەیان محاڵە!



**ڕەزا محەممەدئەمینی**

**٢٢ی پووشپەڕ لە دیرۆکی حیزب و گەلەکەماندا وەبیرهێنەرەوەی ڕووداوی ناخهەژێنی شەهیدبوونی ڕیبەریی مەزنی کوردان، دوکتور قاسملوویە. ڕێبەرێک کە بەدەگمەن کەسانێک لە مێژووی دوور و نیزیکی گەلەکەماندا دەتوانین بڵێین هاوتا و هاوشانی بوون.**

**کورد بەدرێژایی مێژووی بوونی بە نەتەوە، بۆ ئازادیی و سەربەستی خۆی شەهید و گیانبەختکردووی زۆری داوە و لەو نێوەدا دەیان ڕێبەر و سەرکردەی گەورەمان، وەک خانی لەپزێڕین، بەگزادەخان، بەدرخان بەگ، شیخ سەعیدی پیران، سمکۆی شکاک، سەیدڕەزای دێرسیم، پێشەوا قازی محەممەد و زۆر ڕێبەر و سەرکردەی دیکە و بەچاو دەبیندرێن. بەڵام بە پێی کات و هەلومەرجەکان، جێگە و پێگە و کاریگەریی ئەو ڕێبەرانە، لە بزووتنەوەی کورددا جیاوازیی هەبووە. ئەوەی لە هەموویاندا هاوشێوە بووە یەکەم پێداگریی لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد بووە و دووهەم شێوەی شەهیدبوونیان کە هەموویان بە غەدر و دەهۆ، بە پیلانی دوژمنان و فێڵوتەڵەکە تێداچوون.**

دوکتور قاسملوو لەو ڕێبەرانە بوو کە سەرەڕای ئەزموونی لەڕادەبەدەر لە خەبات، شەمی سیاسیی و ناسینی دوژمنانی، بەداخەوە لەداوی پیلانی جینایەتکاران و تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئاخوندی کەوت و لە ڤیەن، پێتەختی وڵاتێکی ئورووپایی کە دەبوا پارێزەری دێموکراسی و مافی مرۆڤ بێ شەهید کرا. باوە دەڵێن کورد ئەوەی لە مەیدانی شەڕ و نەبەردیدا وەدەستی دێنێ، لەسەر مێزی وتوویژ لەگەڵ نەیارانی دایدەنێتەوە. شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو لەسەر مێزی وتوویژ لەگەڵ بەناو دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێک سەلمێنەری ئەو ڕاستییە تاڵەیە، بەوجیاوازییە کە لەوکارەساتەدا قاسملووی ڕێبەر شەهید کرا و کورد لە دوولایەنەوە زەرەرمەند بوو.لەوەدا کە دوکتور قاسملوو باوەڕی باوەڕی بە ئاشتی و چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران بەشێوەی ئاشتیانە هەبوو، هیچ گومانێک نییە و تەنانەت دوژمنانی کوردیش باش دەزانن، قاسملوو بە گیانلەدەستدانی خۆی بە هەموو دونیای سەلماند ئاشتیخوازە، بەڵام ڕێبەری ئێمە وەک ڕێبەرانی پێشووی کورد، لە ڕوانگەی ئاشتیخوازانەی خۆیەوە ڕوانییە دوژمنانی کورد و بەداخەوە دیسان غەدرمان لێ کرا و بۆ جارێکی دیکە مێژووی خیانەت و جەنایەت درحەق بە کورد دووپات بۆوە.

قاسملووی کوردان بەوپەڕی نیازپاکییەوە، پێی وابوو ئێستا کە خومەینی و ڕێژیمەکەی جامەژەهرەکەیان خواردوتەوە و بەناچاری ملکەچی بڕیاری شەڕڕاگرتن لەگەڵ عێراق بوون، ئەگەری ئەوەش هەیە ڕێژیم واز لەشەڕ دژ بە هاوولاتیانی خۆی بێنێ و دەرگایەک بۆ ئاشتی و لێکتێگەیشتن بکرێتەوە، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەو تێگەیشتنە هەڵەبوو و باجی هەڵەکەش دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد دایەوە.

بێگومان لە ماوەی ٣٤ ساڵی ڕابردوودا کە بە سەر شەهیدبوونی قاسملووی کوردان تێدەپەڕێ بە سەدان و هەزاران وتار لەسەر کەسایەتی ئەو ڕێبەرەمان نووسراوە و لە داهاتووشدا زۆر لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر لایەنە هزریی و سیاسیی و مرۆڤدۆستانە و کەسایەتی کەموێنەی دوکتور قاسملوو دەکرێ.

دوکتور قاسملوو لە بنەماڵەیەکی کوردی دەسرۆیشتوو لەدایک بوو. لە سەردەمی کۆماری کوردستان بوو بە ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دێموکرات و پاشان وەک زۆربەی لاوانی تینووی ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و نەمانی دیکتاتۆڕی و زۆرداریی ڕووی لەخەباتی سیاسی کرد و لە دەلاقەی بیریی چەپ و مارکسیستییەوە خەباتی خۆی درێژە پێدا. هەروەک دەزانین دوکتور قاسملوو بەهۆی چالاکی سیاسی و ڕاوەدوونانی دەزگای سەرکوتی بنەماڵەی پەهلەوی ناچار دەبێ وڵات بەجێبێڵێ و ڕوو لە هەندەران بکات. هەر لەوسەردەمەدا و لە گەرمەی کێشەی جیهانی دووجەمسەریدا قاسملووی کوردان گۆڕانی هزریی بەتایبەت لە دوو بواردا بەسەردادێ و کورد گوتەنی "قاڵ دەبێتەوە". یەکەم ڕوانینی لە چەپ و سوسیالیزم و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لەڕوانینی چەپە کلاسیکەکانی ئەودەم دەگۆڕێ و دەگاتە ئەو باوەڕە کە سوسیالیزم و دادپەروەری

کۆمەلایەتی بەشێوەی ڕاستەقینە دەبێ ئاوێتەی دێموکراسیی سوسیالیستی و پلۆڕالیزمی سیاسیی حیزبی و تاکەکەسیی بێ؛ وەک چۆن لە نامیلکەی "کورتەباسێک لەسەر سوسیالیزم"دا وێڕای ئاماژە بە دەسکەوتنەکانی سوسیالیزمی مەوجوود، ڕەخنە لە سەرەڕۆیی حیزبی و ڕێبەری تاکەکەسی دەگرێ و دەڵێ هەرچەشنە دیکتاتۆرییەک و هەر ئیدئۆلۆژییەکی دەسەلاتدار، بەرەو دیکتاتۆری وتۆتالیتاریزم دەڕوا. دووهەم بەو ئاکامە دەگا هەتا نەتەوە بەهەموو چین و توێژەکانییەوە لە ستەمی نەتەوایەتی ڕزگارییان نەبێ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و خەباتی چینایەتی بەئاکام ناگات. هەربۆیەش وەک ڕووناکبیرێک و خەباتکارێکی کورد کە پاشخان و باگڕاوەندی چەپی هەیە، روو لە خباتی نەتەوەیی دەکات.

لەو مەیدانەدا قاسملووی کوردان یەکەم کتێبی زانستی و دێکۆمێنتاری کوردی لەسەر نەتەوەی کورد، پێکهاتەی جوغرافیایی و مێژوویی و کولتووری بە ناوی "کوردستان و کورد" کە تێزی بڕوانامەی دوکتوڕاکەی بوو دەنووسێ و دەبێتە یەکەم سەرچاوەی باوەڕپێکراوی زانستی لە پێوەندی لەگەڵ کورددا. ئەو کتێبە بەنرخە هەرزۆر زوو دەبێتە بەڵگە و سەرچاوەی باوەڕپێکراو بۆ لێکۆڵەران و نووسەرانی نێوخۆیی و دەرەوە. جگەلەوەش دوکتور قاسملوو لەمەیدانی خەباتی بەکردەوەدا چالاک دەبێتەوە و وێڕای دوورکەوتنەوە لە بۆچوونەکانی پێشووی خۆی کە ئاوێتەی ڕوانگەی حیزبی توودەی ئێران و قوتسییەت بەخشین بە یەکێتی سۆڤیەت و "سوسیالیزمی مەوجوود"ی ئەوکات بوون، گیانێکی تازە وەبەر حیزبی دێموکرات خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەنێتەوە. ئەو حیزب بەتایبەت پاش ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ کە تووشی پەرشوبلاویی و نسکۆ ببو لەسەر بنەمای حیزبێکی ئەمرۆیی، پێشکەوتوو و مۆدێڕن دەبووژێنێتەوە و بە ڕێکخستن و سازماندان لەسەر ئەساسی "سانترالیزمی دێموکراتیک" گیانێکی تازە وەبەر حیزب و خەباتگێڕانی دەنێتەوە کە لەوپەڕی پرشووبلاوەیی و لاوازیدا بوون. ئەو حیزبەی کە قاسملووی کوردان وەسەریەکی خستەوە و توانی متمانەی کۆمەلانی خەلکی کوردستان مسەوگەر بکات و بۆ ماف و ئازادیی نەتەوەیەتی بەگژ ڕێژیمی تا سەر ئێسقان ستەمکاری کۆماری ئیسلامیدا بێتەوە.

ناکری باسی کەسایەتی دوکتور قاسملوو تەنیا لەڕوانگەی سیاسییەو بکەین و بوارەکانی دیکە کە تێدا کەموێنە و بگرە بێوێنە بوون باس نەکەین. قاسملوو کەسێکی لێهاتوو، زمانزان، کۆمەلایەتی، زانا لە زۆربەی بوارەکان و ئینسکلۆپێدیایەکی زیندووبوو و وەک بۆخۆی لە وەسفی پێشەوا قازی محەممەد دا دەڵێ" گوڵێک بوو لە بیابانێک" بەڕاستی بۆخۆشی ئەستێرەیەک بوو لەئاسمانی شەوەزەنگی کوردەواریدا. هیچ حیزب و لایەنێکی کوردستانی نییە ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە ناساندنی کێشەی نەتەوەی کورد بە جیهان و گەورە سیاسییەکان و ڕێبەرانی وڵاتان نەزانێ یان حاشای لێبکات. هەموو کەس دەزانن ئەوە پێوەندییەکانی دوکتور قاسملوو لەگەل ڕێبەرانی ولاتانی ئورووپایی، بەتایبەت فرانسوا میتران و دانیل میتران بوو کە هێلی سووریان بۆ ڕێژێمی سەددام حوسێن دانا و باشووری کوردستانیان لە هێرشیی فڕۆکەکانی عێراق

پووشپەڕی ٢٧٢٣

پاراست.

دوکتور قاسملوو تەنیا سکرتێری حیزبێکی سیاسی، یەکێک لە ڕێبەرانی لێوەشاوەی نەتەوەکەمان و کەسایەتییەکی سیاسی کاریگەر لە خەباتی گەلی کورددا نەبوو، ئەو کەسێکی "فرا ملی" و مەزنتر لە جوغرافیای کوردستان و ئێران بوو، کەسێک کە ڕوانگە و بۆچوونەکانی هەردەم زیندوون، قاسملوو کەسایەتییەکی دیاری جیهانی سیاسەت و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بوو. تەنیا سەرمایەی نەتەوەیەکی چەوساوە و بێبەش لە ماف و ئازادییەکانی نەبوو، بەرهەمی قڵبۆوە لەخەبات بۆ دێموکراسیی و سەرمایەی ئێران بە هەموو نەتەوەکانییەوە بوو. هەربۆیەش خەسارەتی شەهیدبوونی بۆ حیزب و نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و ئێران قەرەبوو ناکرێتەوە.

٢٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆڵی دێموکراسی لە چارەسەری پرسی نەتەوەیی کورددا




**حەسەن قارەمانی**

پرسی نەتەوەیی کورد یەکێک لە ئاڵۆزترین و درێژخایەنترین ململانێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. دەیان ساڵە گەلی کورد خەبات دەکات بۆ ئەوەی دەنگی ببیسترێت و بۆ ناساندنی شوناسی کولتووری و سیاسی ناوازەی خۆی. لەم چوارچێوەیەدا پرسیارێک هاتۆتە ئاراوە کە ئایا دێموکراسی دەتوانێت وەڵامێک بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم ململانێیە و گەیشتن بە پێکەوەژیانی ئاشتیانە؟

پرەنسیپەکانی دێموکراسی وەک ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، ئازادی ڕادەربڕین و یەکسانی، دەتوانن چوارچێوەیەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی نەتەوەیی کورد بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و گشتگیر پێشکەش بکەن. بە پێدانی دەرفەت بە هەموو هاووڵاتیان، بەبێ گوێدانە پێشینەی نەتەوەیی، بۆ بەشداریکردن لە بڕیاردانی سیاسی و داڕشتنی کۆمەڵگە دێموکراسی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دروستکردنی متمانە و کەمکردنەوەی گرژییەکان.

پووشپەڕی ٢٧٢٣

پرەنسیپەکانی دیموکراسی سەکۆیەک بۆ گشتگیری و بەشداری سیاسی دەڕەخسێنن کە ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی پێداویستی و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد گرینگە. دیموکراسی بە ڕێگەدان بە بەشداری نوێنەری کورد لە دامودەزگا سیاسییەکان و ئۆرگانە بڕیاردەرەکاندا، دەتوانێت دڵنیابێت لەوەی دەنگی ئەوان دەبیسترێت و مافەکانیان پارێزراو دەبێت. لایەنێکی تری گرنگ ئەوەیە کە پرۆسەکانی دیموکراسی فەزا بۆ دانوستان و گفتوگۆی سیاسی ئاشتیانە دەڕەخسێنن. دیموکراسی بە دروستکردنی سەکۆیەک بۆ بەشداریکردنی سەرکردە و نوێنەرانی کورد لە بڕیار و دانوستانە سیاسییەکان، لە جیاتی توندوتیژی و ڕووبەڕووبوونەوە، دەتوانێت کەناڵێک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە ڕێگەی ئاشتیانە و دانوستانەوە پێشکەش بکات.

بۆ ئەوەی دیموکراسی بتوانێت پرسی نەتەوەیی کورد چارەسەر بکات، بەڵام ئیرادەی سیاسی بەهێز و ڕاستگۆ لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە. پابەندبوون پێویستە بۆ پاراستن و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، دروستکردنی متمانە و پێشخستنی گشتگیری و یەکسانی. هەروەها پێویستی بە تێپەڕاندنی دژایەتییە مێژووییەکان و کارکردنی چالاکانە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتی و ئاشتەوایی هەیە.

هەروەها گرنگە لەبیرمان بێت کە ڕۆڵی دیموکراسی لە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورددا چارەسەرێکی سادە و خێرا نییە. پێویستی بە کات و سەبر و هەوڵی بەردەوامی هەموو لایەنەکان هەیە بۆ بنیاتنانی ئاشتی و دادپەروەری بەردەوام. هەروەها داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات کە لە ڕێگەی پێشخستنی گفتوگۆ و نێوەندگیرییەوە پشتیوانی و هاوکاری پرۆسەکە بکات.
دیموکراسی چوارچێوەیەک پێشکەش دەکات کە مرۆڤی کورد بەبێ ترس لە ئاسمیلاسیۆن و جیاکاری، بتوانێت کولتوور و زمان و نەریتە ناوازەی خۆی بپارێزێت و دەربخات. دیموکراسی بە دانپێدانان و پاڵپشتیکردنی کولتوور و زمانی کوردی، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دروستکردنی متمانە و هەستکردن بە ناسنامە بۆ گەلی کورد.

بۆ ئەوەی دیموکراسی بتوانێت پرسی نەتەوەیی کورد چارەسەر بکات، گرنگە چارەسەری نادادپەروەریی ئابووریی کۆمەڵایەتی و پەراوێزخستنیش بکرێت. لە ڕێگەی دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوە و دەرفەتەکانەوە، دیموکراسی دەتوانێت بەشداری بکات لە کەمکردنەوەی گرژییەکان و دروستکردنی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی گشتگیرتر. ئەمەش بە واتای دەستەبەرکردنی دەستڕاگەیشتن بە خوێندن و هەلی کار و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتیان بەبێ گوێدانە پێشینەی نەتەوەیی.

لایەنێکی دیکەی توانای دێموکراسی توانای پێشخستنی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەڕێگەی دیالۆگ و ئاشتەوایییەوەیە. دێموکراسی بە هاندان و پاڵپشتیکردنی دانوستانەکانی ئاشتی و نێوەندگیری و لێکتێگەیشتن، دەتوانێت هێزێکی بزوێنەری گرنگ بێت بۆ دروستکردنی پرد و چارەسەرکردنی ململانێکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە.
لە هەمان کاتدا گرنگە دان بەوەدا بنێن کە ڕۆڵی دێموکراسی لە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورددا چارەسەرێکی خێرا و ئاسان نییە. پێویستی بە پابەندبوون و سازانێکی درێژخایەن دەبێت لەلایەن هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە. هەروەها پێویستی بە پاڵپشتی و هاوکاری نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئاسانکاری گفتوگۆ و پێشخستنی دانوستانەکانی ئاشتی.

## ئەنجام

دێموکراسی توانای ئەوەی هەیە لە ڕێگەی پێشخستنی گشتگیری سیاسی، پاراستنی ڕۆشنبیری، چارەسەرکردنی نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان و پێشخستنی پێکەوەژیانی ئاشتیانە ڕۆڵێکی گرینگ لە یەکلاکردنەوەی پرسی نەتەوەیی کورددا بگێڕێت. دێموکراسی بە بنیاتنانی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی گشتگیر کە ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستانی تێدا بگیرێت، دەتوانێ ڕێگەیەک بێت بۆ پێشەوە بۆ ئاشتی و سەقامگیری و چارەنووسی گەلی کوردستان. پێویستی بە ئیرادە و پابەندبوون و پشتیوانی نێودەوڵەتی دەبێت بۆ تێپەڕاندنی ئاستەنگەکان و گەیشتن بە چارەسەرێکی دادپەروەرانە و بەردەوام.
دێموکراسی دەتوانێت ڕێگایەک بێت بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد. دێموکراسی بە ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانی گەلی کورد، بەرەوپێشبردنی دیالۆگی سیاسی و دروستکردنی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی گشتگیر، دەتوانێت سەکۆیەک بۆ پێکەوەژیان و ئاشتەوایی ئاشتیانە پێشکەش بکات. بەڵام پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە پێویستی بە ئیرادەی سیاسی و پابەندبوون و پشتیوانی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە. بە هەوڵێکی هاوبەش بەرەو حوکمڕانی دێموکراسی و ئاشتی، پرسی نەتەوەیی کورد ئەگەری هەیە لە داهاتوویەکدا چارەسەری خۆی بدۆزێتەوە کە هەموو هاووڵاتیانی ناوچەکە بتوانن بە هاوئاهەنگی و یەکسانی بژین.

لە کۆتاییدا ئەوەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا کردوویەتی خەباتێکی ڕەوا بۆ دەستەبەری ئەو دێموکراسییە بووە و سووچ و تاوانی ئەو دۆخە هەموو لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕێژیمە سیاسییەکانی دیکەی زاڵ بەسەر کوردستانە کە نادێموکراتیکن و کۆسپی سەرەکیی بەردەم چارەسەری پرسی کورد و دێموکراسی لەو وڵاتانەن.

٢٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# شەرمی کۆمەڵایەتی، هێزی کۆمەڵگا



**کەریم پەرویزی**

یەکێک لەم ڕۆژانە لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا، کچێکی بێ لەچک لە شوێنێکی تاران وێنەیەکی لە خۆی گرتبوو و بڵاوی کردبووەوە. لەسەر وێنەکەش نووسیبووی کە بۆ ئازادیی پۆشین، شەهیدمان داوە و لە ڕێگاکەمان ناگەڕێینە دواوە.

چەند ڕۆژ دواتر، کچێکی لەچک بەسەر و سەر بە ڕێژیم، وێنەی تویتەکەی ئەو کچەی دانابوو و لەسەری نووسیبوو ئەمەتان لەبیرە، ئێستە گۆنی بەسەریدا کرا و بە گاڵتەوە نووسیبووی کە ئێستە حاڵی بوو کە دەسەڵات لە کوێیە!

لە دوای ئەم تویتەی ئەم کچەی سەر بە ڕێژیم، هەندێ لە کەسانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان گەڕابوون و زانیارییان لەسەری وەدەست هێنا و لە تویتێر بڵاویان کردەوە کە ئەمە ناوی فڵانە و گوایە پارێزەرە لە تاران، بەڵام دیارە کە پارێزگاری لە تاوانەکانی ڕێژیم دەکا و زانیاری لەسەر بنەماڵە و کەسوکاریشی بڵاو کرایەوە.

ئەمە نموونەیەکی بچووکی داستانی ئەم ڕۆژانەی نێو وڵاتی ئێران و ئەوەیە کە لەسەر شەقام و گەڕەک، لەنێو نەتەوەکانی ئێران ڕوو دەدەن.

هەرچەند ڕەنگە جیاوازیی هەڵسوکەتی مۆرەکانی ڕێژیم و ئەو شتەی کە لەسەری هەستیارن لەنێو نەتەوەیەک بۆ نەتەوەی دیکە جیاواز بێ. بۆ وێنە لە تاران پرسەکە زۆرتر دەکەنە پرسی لەچک و داپۆشینی ژنان و لە کوردستان پرسەکە نەتەوەییە و کوردبوون تاوانە!

لە تاران ڕەنگە بە تەزەکور و بەڵێننامە پرکردنەوە، سەرکوتەکەیان بەڕێوە ببەن بەڵام لە کوردستان و بەلووچستان، بە کوشتار و تەقەی ڕاستەوخۆ وەڵامی هاواری خەڵک دەدەنەوە.

بەڵام ئەوەی لە هەموویاندا هاوبەشە، بریتییە لە سیاسەتی ڕێژیم بۆ پەرتەوازەکردنی کۆمەڵگا و ئەوەی ڕێکاری باشە بەرامبەر بەو سیاسەتەی ڕێژیم بریتییە لە پەرچەکرداری کۆمەڵایەتی بەرامبەر پیلانەکانی ڕێژیم!

لەم نموونەیەی کە لە تاران و لەسەر لەچک و پۆشینی ژنان باسمان کرد، ڕێژیم وێڕای دەسبەسەرکردن و سەرکوتی ئەو کچە و ژنانی دیکە کە پۆشینی بە دڵی ڕێژیم لەبەر ناکەن، هەوڵ دەدا کە درز بخاتە نێو کۆمەڵگا و مۆرەیەکی خۆی کە ڕەنگە زۆر کەس نەیناسن دەنێرێ تاکوو لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەڵوێست بگرێ و بەخۆشحاڵییەوە باس لەوە بکا کە ئەو ژنە بەقەول بێحیجابانە دەسبەسەر دەکرێن. بەم شێوە هەم ڕێژیم بڵێ کە داواکردنی پۆشینی حیجاب، داواکاریی خەڵکە و خەڵک ئەم بێحیجابییەی ژنان قبوڵ ناکەن. لەلایەکی دیکەوە مۆرەیەکی خۆی وەکوو نموونەی خەڵک نیشان بدا و لەو ڕێگەوە پەرتەوازەیی لەنێو ڕیزی خەڵک دروست بکا و بەرهەڵستی بەرامبەر بە ڕێژیم بگوازێتەوە بۆ نێو کۆمەڵگا و بیکا بە مشتومڕی نێوان خەڵک و لێکیان داببڕێ و بێ ئێعتماد بن بەرامبەر بەیەک.

هەمان کار و بە شێوەی دڕندانەتر، لە کوردستان پێڕەوی دەکا. لە کاتێکدا کە بەردەوام لاوان و ژنان و خەلکی تێکۆشەری کورد دەسبەسەر دەکا یان لەژێر ئەشکەنجە شەهیدیان دەکا، یان لە تێکۆشەرانی کورد تیرۆر دەکا، لە هەمانکاتدا مۆرەکانی خۆی دەنێرێتە نێو خەڵک تاکوو دڕدۆنگی دروست بکەن! یەکیان وای بڵاو دەکاتەوە کە ئەوە هەموو قوژبنێکی کۆمەڵگا پڕە لە کەسانی سەر بە ڕێژیم و نابێ ئێعتماد بە هیچکەس بکەن! ئەوە ڕیزی تێکۆشەران هەموو پڕاوپڕە لە نفووزییەکانی ڕێژیم و ئێعتماد بە کەس مەکەن! بە سەدان وتە و دەنگۆی دیکە بڵاو دەکاتەوە و هەوڵ دەدا کە ئەو تاوانەی ڕێژیم کردوویە فەرامۆش بکرێ و خەڵک خەریکی مشتومڕی لاوەکی بن!

بەرامبەر بە وەها سیاسەت و پیلانێکی ڕێژیم ڕێگای زۆر هەیە کە بەرپەرچ بدرێتەوە و پیلانەکانی بەتاڵ بکرێتەوە. یەکێک لە کاریگەرترین کاردانەوە بەرامبەر بە پیلانەکانی ڕێژیم و هەوڵەکانی بۆ تێکدانی ڕیزی کۆمەڵگا بریتییە لە پەنابردنە بەر چەکی شەرمی کۆمەڵایەتی.

یەکێک لە خاڵە بەهێز و کاریگەرەکانی هەر کۆمەڵگایەک بۆ دژایەتیی دەسەڵاتە ملهوڕ و سەرەڕۆکان، هاوپێوەندیی کۆمەڵایەتی و ئێعتمادی کۆمەڵایەتییە کە دڵنیایی بە کۆمەڵگا دەدا کە دەتوانن درێژە بە خەبات بدەن و ستەمکار وەلا بنێن. بۆیە ڕێژیمە ستەمکار و سەرەڕۆکان هەوڵ دەدەن کە ئێعتمادی کۆمەڵایەتی لەنێو ببەن تاکوو خەڵک یەکدی نەدۆزنەوە.

لەبەرامبەر وەها پیلانێکدا پەنابردنە بەر تاکتیکی شەرمی کۆمەڵایەتی کاریگەریی باشی لەسەر کۆمەڵگا هەیە و دەبێتە هۆی وەگەڕخستنی هێزی کۆمەڵایەتی.

لەم نموونەیەی ژنان و حیجاب لە تاران کە باسمان کرد، دۆزینەوەی زانیاری لەسەر ئەو مۆرەیەی ڕێژیم کە بەخۆشحاڵیەوە باسی لە دەسبەسەرکردنی ژنان کردبوو، دەبێتە هۆی ئەوە کە لەنێو کۆڵان و گەڕەکەی خۆیان هەست بە شەرمەزاری بکا کاتێک لەگەڵ خەڵکی ئاشنای دەوروبەری شوێنی ژیانی خۆی بەرەوڕوو دەبێتەوە.

نیگەرانیی کۆمەڵایەتی و هەست بە شەرمەزاری کردن ڕەنگە لە سەرەتادا نیشان نەدرێ، بەڵام مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و کاتێک بزانێ کە ژینگەی ڕۆژانەی پڕ بووە لەو چاو و نیگایانەی کە بە سووک چاوی لێ دەکەن و وەکوو شتێکی زیادیی نێو کۆمەڵگای دەبینن، ئارامیی ژیانی نامێنێ و تووشی شەرمێک دەبێ کە ژیانی ئاسایی پێ ناکرێ.

ئەو شەرمە کۆمەڵایەتییە، دەتوانێ ژیانی ئاساییی مۆرەکانی ڕێژیم نائاسایی بکا و هەموو کۆمەڵگا لێک نزیک بکاتەوە. لەباتی ئەوەی بێئێعتماد بن بەرامبەر بە یەک، لە هەستێکی نەفرەت بەرامبەر بە بەکرێگیراوانی ڕێژیمدا هاوبەش دەبن و هەست بە هاوپێوەندیی کۆمەڵایەتی دەکەن.

شەڕێکی بەردەوام و دژوار لە کۆمەڵگا لە ئارادایە. لەلایەکەوە ڕێژیم بە هەموو پیلانێک هەوڵ دەدا وێڕای سەرکوت و ستەم لەسەر خەڵک، لێکیان داببڕێ و پەرتەوازەیان بکا، لەولاشەوە پێویستە کۆمەڵگا لێک نزیک ببێتەوە و هەستی بێزارییەکەی بەرامبەر بە مۆرەکانی ڕێژیم فراوانتر بێ و هەزینەی بەکرێگیراوی بباتە سەر بۆیان!

پووشپەڕی ٢٧٢٣

یەکێک لە نموونە مێژووییەکانی شەرمی کۆمەڵایەتی، لە شاری سنە لە شۆڕشی ژینادا ڕووی دا. ئەو کاتەی کە سەرۆککۆماری تاوانباری ڕێژیم سەردانی شاری سنەی کرد و پیلانەکەیان ئەوە بوو کە وێڕای ئاسایی نیشاندنی دۆخی شار، بەسەردانکردنی هەندێ کەس دوو دەستەیی و پەرتەوازەیی لەنێو خەڵک دروست بکەن و لە دووکانێکیشدا کەسێک شوکولاتێکی بە سەرۆککۆمار دا! بەڵام هێزی کۆمەڵگا وای لێ کرد کە لە شەرمی کۆمەڵایەتیدا ئەو دووکاندارە داوای لێبوردنی لە خەڵک کرد و تەنانەت هاواری سەرۆککۆمارە ترسنۆک و ستەمکارەکەش هەستا و گلەیی کرد کە شوکولاتەکەیان لێ کرد بە ژەهری تاڵ! ئەمە ئەو گۆڕەپانە بنەڕەتییەیە کە ڕێژیم هەوڵ دەدا کە بە بێئێعتمادی دروست کردن و دەنگۆ بڵاو کردنەوە، لێکترازان لە کۆمەڵگادا دروست بکا و بۆ هەتا هەتایە بەسەریدا زاڵ بێ، لە بەرامبەریشدا پێویستە کە هێزە کۆمەڵایەتییەکان وەگەڕ بخرێن و کۆمەڵگا زیاتر و زیاتر خۆی بدۆزێتەوە و خەڵک لێک نزیک ببنەوە و مۆرە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم تێیدا هەست بە شەرمەزاری بکەن و نەتوانن ژیانی ئاساییان لەنێو کۆمەڵگا بەڕێوە ببەن.

شەقام و کۆڵانی کۆمەڵگا، مەیدانی سەرەکیی بەربەرەکانێیە و پێویستە کە کۆمەڵگا هێزکانی خۆی بناسێ و بە باشی کەڵکی لێ وەر بگرێ.

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٢٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# پرسی یەکیەتیی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی



عەلی مێهرپەروەر

لەوەتەی مرۆڤ پێی ناوەتە گۆڕەپانی ژیان پەی بە هێز و توانایی یەکگرتوویی بردووە، بۆیە مرۆڤە سەرەتاییەکان بەکۆمەڵ دەژیان و ڕاویان دەکرد. شک و گومان لەوەدا نییە کە، هێز لە یەکگرتوویی‌دایە و هیچکات لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێچەوانەکەی نەسەلمێندراوە. مرۆڤەکان کە لە ئیستادا بەسەر قوڕنە و وڵات و نەتەوە جیاوازەکاندا دابەش بوونە، هەر وڵات و نەتەوەیەکیش بۆ پاراستنی خۆی لە دەست دوژمن و نەیارانی پێویستی لە پلەی یەکەمدا بە یەکگرتوویی نێوخۆیی و دواتر هاوپەیمان و دۆست هەیە. دوژمنەکانیش بەدرێژایی مێژوو هەوڵیان داوە یەکگرتوویی نەیاری بەرانبەر خۆیان تێک بشکێنن و درز بخەنە نێویان هەرچی لەو پێوەندیەدا سەرکەوتوو بوون، بەو ڕادەیەش سەرکەوتنی خۆیان مسۆگەرتر کردووە.

لێرەدا مەبەستمانە پرسی یەکیەتیی بەکردەوەی ئوپۆزسیۆنی ئیرانی تاوتوێ بکەین. لە وڵاتی ئێرانیش ئەو یاسایە لەجێی خۆیەتی و هێز لە یەکیەتی‌دایە. بەڵام بەداخەوە دەبینین لەم کاتە هەستیارەدا جگە لە پەرشوبڵاویی نێو ڕیزەکانی دژبەرانی ڕێژیم شتێکی دیکە بەدی ناکرێ. ڕاستە بە شێوەی زارەکی هەموو کەس و گرووپ و حیزبێک باس لە یەکیەتی و

یەکڕیزی دەکا، بەڵام بۆ چی یەکگرتن وەک مرۆڤ و سێبەری خۆی لێ هاتووە و هەر دەڕۆن و پێی ناگەن؟ بۆ ئەوەی هەندێک وردتر لەو بابەتە بڕوانین و بەشوێن هۆکارەکاندا بگەڕێین، پێویستە بزانین ئۆپۆزسیۆنی ئێستای ڕێژیم کامانەن و هەرکام چ تایبەتمەندییەکیان هەیە،

## دەکری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەگشتی لە چەند گرووپدا پۆلین بکرێن:

### حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

ئەو ڕێکخراوانە خاوەن مێژوو و پێشینەی خەباتکارین و ڕیشەیان لەنێو خەڵکەکەیاندا داکوتاوە، هەروەها هەتا ڕادەیەکی گونجاو لەگەل بارودۆخی ئێستای وڵات و ئەمنیەتیی بوونی ناوچەکە پێگەی تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی و ئەندام و لایەنگریان بەشێوەی نهێنی لە نێوخۆی کوردستاندا هەیە. ئەوە جگە لە جەماوەرێکی زۆر و بەرچاو لە ئەندام و لایەنگری ئاشکرایە کە لە دەرەوەی وڵات (ئێران) دەژین و زۆربەشیان ئامادەی فیداکاری و خەبات و تێکۆشان لەپێناو ئامانجی نەتەوەیی لە کاناڵی حیزبەکانیانەوەن. لە پرۆسەی ڕاپەرینیی ژینا کاریگەریان لەژێر ڕێنوێنی و بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبە کوردستانیەکان دەرکەوت و گەلانی ئێران لەو پوتانسیلە بەهێزەی کوردەکان تێگەیشتن هەرچەند ناوەندی هاوکاری بەو شێوەیە کە چاوەڕوانی لێ دەکرا توکمە و بەرین نەبوو بەو حاڵەش چەترێک بوو کە چەند حیزبی ڕیشەداری کوردی لەخۆ دەگرت. دەکرێ و پێویستە بەرەیەکی یەکگرتووی کوردی لە دەور "میثاق" و پەیمانێکی نەتەوەیی پێک بێ یان لانیکەم ئێستا ناوەندی هاوکاری بەهێزتر بکری.

### حیزب و ڕێکخراوەکانی گەلانی دیکەی ئێران:

وەک تورکەکان، عەرەبەکان و بلووچەکان خاوەن ڕێکخراوی سیاسین و تا ڕادەیەکیش هەم هەستی نەتەوەییان تێدا بەهێزە هەمیش چالاکن. دیارە تورکەکان بە هۆکارێک و بلووچەکان بە هۆکارێکی دیکە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، تورکەکان لەلایەک شیعە مەزهەبن و ئەو هەڵاواردنە کە دەرهەق بە سونیيەکان دەکرێ بۆ ئەوان لە ئارادا نییە و هەست بە ستەمی ئایینی ناکەن، لەلایەکی دیکەوە تورکەکان لە سیستەمی ئابووری ئێراندا بە ڕادەیەکی بەرچاو دەستیان هەیە و لێی سوودمەند دەبن و لە چاکی و خراپی و بەرزی و نزمی ئابووری وڵاتدا بەشدارن، بۆیە وەک شۆڕشی ژینا دەری خست تورکەکان بەو توانایە کە بوویان نەهاتنە مەیدان. بلووچەکان لەبەر ئەوەی هەستی مەزهەبی لە نێویاندا بەهێزە، ئێستا مەولەوییەکان بەتایبەت کەسایەتیی مەولەوی "عەبدولحەمید" جێگەی حیزبەکانی گرتووەتەوە و بەهۆی وتارە

ئایینیەکانیی ناوبراو لە نوێژە هەینیەکاندا ئێستاشی لەگەڵ بێت خۆپێشاندانەکانی زاهیدان و جارجار شارەکانی دیکەی بلووچستان گرتینی شۆڕشی ژینایان پێوە دیارە و نە ئاگری شۆڕش لە زاهیدان کوژاوەتەوە ونە ڕێژیمیش توانیویە دەنگی مەولەوی "عەبدولحەمید" کپ کاتەوە. بە بوونی ئەو جیاوازییانەش کە ئاماژەیان پێ کرا هەم پوتانسیلی هاوکاری و هاوپەیمانی لە نێوان ئەوگەلانەدا بەهێزە و هەم خاڵی هاوبەشیان زۆرە و چەشنێکیش لە هاوپەیمانی لەنێوان چەند ڕێکخراوێکی سەر بەو نەتەوانە بە ناوی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرال هەیە هەرچەند خۆی لەخۆیدا باشە بەڵام دەبێ کاراتر و بەهێزتر بکرێ.

## حیزبە چەپەکان:

جگە لە حیزبە چەپە کوردییەکان کە بە ڕێژەیەکی کەم و زۆر لەنێو خەڵکی کورددا پێگە و کاریگەریی ڕێژەییان هەیە، باقیەکانیان دەتوانین بڵێین، زیاتر خۆیان لە کەسایەتیەکاندا دەبیننەوە. دیارە کەسایەتییەکان خاوەن پێشینەی خەباتکاریان هەیە بەڵام بە دوورکەوتنەوە لە وڵات و پچڕانی پێوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ نێوخۆی وڵات کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە و تەنانەت مانگرتنە کرێکارییەکانیش ناکرێ بەحیسابی ئەوان بنووسرێ چونکە دەرکەوتووە کە ڕێبەری ئەو مانگرتنانە بە هۆی سەندیکاکان و ڕێبەرانی نێوخۆی کرێکارەکانەوەیە. ئوپۆزیسیۆنی چەپی ئێرانی کە نیشتەجێی ئورووپا و شوێنەکانی دیکەن، لەنێو تۆڕی ئایدولۆژیدا گیریان خواردووە تەنانەت لەگەڵ یەکتریش هاوکارییەکی ئەوتۆیان نییە و ئەوە جێی داخە. بۆیە داخوازی و بیرکردنەوەیان گەورەتر لە قەبارەی هێز و توانایانە کە ئەوە بۆخۆی کۆسپێکە لە ڕێگای پێکهاتن و ئیئتیلاف لەگەل تەیفەکانی دیکەی ئوپۆزسیۆن.

## کۆماریخوازەکان:

ئەوانیش بە زۆری کەسایەتییەکانی پەریوەی دەرەوەی وڵات نوێنەرایەتییان دەکەن هەرچەند جاروبار چەشنێک لێکنزیکبوونەوەیان لەژێر ناوگەلێکی جۆراوجۆر لێ دەبینری بەڵام چونکە پێگەیان لە نێوخۆی وڵات پتەو و قورس نییە کاریگەرییەکیان لە ڕاپەرینەکاندا لێ نەبینراوە. دیارە کەسایەتییەکان مرۆڤگەلێکی نیشتمانپەروەر و خاوەن پێشینەی خەباتی سیاسین بەڵام ئەوە بۆ بارودۆخی ئیستای وڵات بەس نییە. لەگەڵ ئەوەی هەموو گەلانی ئیران و خەڵکانێکی یەکجار زۆر لە نیوخۆی وڵات لە ڕاستیدا کۆماریخوازن، بەڵام حیزب و ڕێکخراوێکی ئەوتۆ کە بتوانی لەو پوتانسیلە بەهێزە کەڵک وەربگری و بزووتنەوەیەکی کاریگەر لە نێوخۆی وڵات وەڕێ بخات، بەداخەوە بوونی نییە هەر بۆیەش پێکهێنانی هاوپەیمانی لەنێوان ئەوان و پارتەکانی دیکە گەلێک دژوارە.

## موجاهیدینی خەڵق:

ڕێکخراوێکی تۆکمە و بە نەزم و دیسیپلین و خاوەن پێشینەی خەباتکاری و میراتگری دەیان هەزار شەهیدن و لە ڕووی داراییەوە ئێستاشی لەگەڵ بێ دەوڵەمەندترین ڕێکخراوی نێو ئۆپۆزسیۆنن. بەڵام لە هەمانکاتدا ڕێکخراوێکی داخراو و تەنراو بە ئایدۆلۆژی کە جگە لە خۆیان و لق و پۆپەکانیان هاوپەیمانێکی ئەوتۆیان لەنێو دژبەرانی ڕێژیمدا نییە. موجاهیدین خۆیان بە بەدیلی ڕێژیمی داهاتووی ئێران دەزانن و لەو ڕوانگەشەوە ئامادە نین بچنە نێو هاوپەیمانییەک لە ڕێکخراوەکانی دیکە مەگەر ئەوکاتەی حیزب یان ڕێکخراوێک باڵادەستیی ئەوانی قەبووڵ بێ، تەنانەت ئەوان ساڵەهایە سەرکۆماری هەڵبژێردراوی خۆیشیان ناساندووە. موجاهیدین زیاتر هەوڵ دەدەن بە تێچوو و هەزینەیەکی زۆر لابیگەری لەنێو پارلمانتاران و کاربەدەستانی وڵاتانی ئورووپا و ئامریکا بکەن، دیارە ئەوە بۆ خۆی خراپ نییە، بەڵام دەردی ئۆپۆزسیۆن چارە ناکا و پشتبەستن بە وڵاتانی دەرەوە وەک ئەزموون سەلماندوویەتی سوودێکی ئەوتۆی نییە چونکە ئەو وڵاتانە بە شوێن دۆستدا ناگەڕێن، بەشوێن هاوبەرژەوەندیدا دەگەڕێن. ئێستا دەبینین ئەو وڵاتانە کە زۆر بەباشی ڕەفتارەکانی ڕێژیم و تیرۆریستی بوونی و ڕەفتاری دژی مافەکانی مرۆڤی دەناسن، بەوحاڵەش پەیوەندی دیپلۆماتی و بازرگانی و سیاسیی خۆیان لەگەڵی بەردەوامە. تەنها بابەتێک بۆ ئەوان جێی نیگەرانیە سازکردنی چەکی ناوکیە کە بە مەترسی بۆسەر خۆیان و هاوپەیمانەکانیان دەزانن، ئەویش ڕێژیم توانیویەتی بە فێل و تەڵەکە و کڵاوسەرنانیان ئیمتیازیان لێ وەربگرێ و خۆ لە گورزی گورچووبڕیان بپارێزێ. سەبارەت بە موجاهیدن بەهۆی بوونی تەلەفزیۆنێکی هەتا ڕادەیەک بەهێز و ئیمکاناتی زۆرتر لە ڕێکخراوەکانی دیکە لە پرۆسەی شۆڕشی ژینادا؛ ئاسەوارێکیان لێ دەبینرا بەڵام بە ڕادەیەک نەبوو کە تەنانەت بتوانن مانگرتن لە شارێکیشدا ڕێک بخەن.

## سەڵتەنەت خوازەکان:

نە یەک ڕێکخراو و نە یەک هاوپەیمان بەڵکوو گرووپ و تەیفی جیاوازن، بەڵام لەیەک بابەتدا هاوبەشن، ئەویش ئەوەیە کە شۆڕشی ساڵی ٥٧ بە هەڵە دەزانن و بەشدارەکانیشی بە هەڵەکار. خۆیان بە میراتگریی ڕێژیمی پادشایی دادەنێن و دەیانهەوێ زیندووی بکەنەوە و لەو پێوەندیەدا هەموویان خۆ بە پشتیوانیی ڕەزا پەهلەوی کە وەک میراتگری ڕاستەقینەی سیستەمی پادشایی لە ئێراندایە پێناسە دەکەن، دەزانن. بەڵام دەرکەوت ناوبراو نە سیاسەتمەدارێکی شیاوە، نە پێشینەی خەباتێکی بەرچاوی سیاسی هەیە و تەنها شتێک کە ناوبراو دەتوانێ پشتی پێ ببەستێ جێنشین و کوڕەگەورەی شای پێشوو بووە. شۆڕشی ژینا کرۆک و نێوەڕۆکی کەسایەتییە سیاسیەکانی ئەو تەیفەی دەرخست، یەک لەوان قەبارەی لێهاتووی سیاسی


سەرچاوە
Serchawe

ڕەزا پەهلەوی بوو کە تەنانەت بەشێک لە سەڵتەنەتخوازەکانیش بەو لاوازییە سیاسیەی ناوبراویان زانیوە. بەڵام کەسی دیکەیان نییە، بۆیە ناچارن وە دوای بکەون. سەڵتەنەتخوازەکان کۆمارییەکان و حیزبە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران بە نەیاری خۆیان دەزانن. هەرچەند بە ڕواڵەت باس لە دێموکراسی دەکەن، بەڵام شۆڕشی ژینا پەردەی لە سەر ڕوخساریان هەڵگرت و ماهییەت و ئێدەڕۆکیان بۆ هەموان ڕوون بووە کە جگە لە خۆیان کەسیان قەبووڵ نییە. تەنانەت کە باس لە مەشرووتەش دەکەن بەکردەوەی تا ئێستایان دەریان خستووە کە لەم بوارەشدا ڕاست ناکەن و لە ڕاستیدا حکوومەتی چەشنی ڕەزاشاییان ئەوێ. دژی هەرچەشنە مافێک بۆگەلانی پێکهێنەری ئێرانن و پێیان وایە ئێران یەک نەتەوە و یەک ئاڵا و یەک ئایینە. هەموو نەتەوەکان بەتایبەت کوردەکان بە جیاییخواز دادەنێن و بەدوژمنی یەکپارچەیی وڵاتیان لێکدەدەنەوە. هەر بۆیە هێشتا هیچ نەبووە دژی ئەو نەتەوانە شمشێریان لە ڕوو بەستووە. لەبیریان چوەتەوە کە تاکوو ئێستا ئەو پارچانە کە لەئێران دابڕاون، یان دایان بڕیوە، سەبەبکاری سەرەکی ڕێژیمەکانی ئێستا و پێشووتری ئیرانن نەک گەلانیی ئێران. لەگەل کۆماریخوازەکان بەگشتیی و موجاهیدین و چەپەکان دژایەتی تاسەر ئێسقانیان هەیە. هەر بۆیە نەک ئامادە نین لەگەڵیان هاوپەیمان بن بەڵکوو بە"غاصب"ی سەڵتەنەتیان دەزانن. هێز و توانا و لایەنگریان لەنێو کۆنەساواکییەکان و بنەماڵەی ئەو شاپەرستانەن کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بارگەوبنەیان بۆ دەرەوەی وڵات پێچایەوە. ئەگەر بڵێین لە نێوخۆی وڵات هیچ لایەنگرێکیان نییە ڕاستمان نەوتووە، ئەویش بەهۆی بارودۆخی باشی ئابووری و چەندین تەلەفزیون و کاناڵی ڕاگەیاندن، کەم تا زۆر لایەنگریان پەیدا کردووە ئەویش زیاتر ئەو کەسانە دەگریتەوە کە تەمەنێکیان بەسەر بردووە و پاشماوەی لایەنگرانی پاشایەتی پێش شۆڕشن و لەچاو ناڕازیانی نێوخۆی وڵات لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ژمارەیەکی یەکجار کەمن. ئەگەر سەڵتەنەتخوازەکان بەڕاستی دێموکرات بوان و بڕوایان بە دێموکراسی بوایە مافی خۆیان بوو وەک حیزب یان بزووتنەوەیەک چالاکیی خۆیان هەبوایە و بێگومان لە وەها حاڵەتێکدا مەقبوولیەتیشیان زیاتر دەبوو .

بە چاوخشاندن بە پێکهاتەی ئۆپۆزیسیون بەتایبەت ئوپۆزیسیونی تاراوگە کە هەرچەند بەداخەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر ڕووداوەکانی نێوخۆی وڵات نییە، بەڵام خۆپێشاندانەکان لە دەرەوەی وڵات لە پرۆسەی شۆڕشی ژینادا بەرچاو بوو و دەکرێ وەک فاکتەرێکی ئیجابی بۆ ڕاکێشانی بیروڕای جیهانیی دەرەوە و دەوڵەتان بۆلای ستەمکارییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چاو لێ بکەین و بایەخی بزانین. لەلایەکی دیکەشەوە بەداخەوە بەشێک لە ئوپۆزیسیون لە دەرەوەی وڵات بەتایبەت سەڵتەنەتخوازەکان بوونە هۆی دووبەرەکی و ئەو یەکریزییەی کە لە سەرەتای دەسپێکی شۆڕشی ژینادا بەدی دەکرا، تێک دا و پاوانخوازی و خۆ بە بەدیلزان و شەڕی پێش وادەی ڕووخانی ڕێژیم بووە هۆی کاڵبوونەوە و دامرکانی ئاگری شۆڕش لە نێوخۆی وڵات. ئەوەی کە دەکرێ چاوەڕوانی ئێئتیلافێکی لێ بکرێ ئوپۆزیسیونی نێوخۆیی و حیزبەکانی گەلانی بندەستی ئێرانن. سەندیکاکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و خوێندکاران و بزووتنەوەی ژنان، مامۆستایان، هونەرمەندان و



سەرچاوە
Serchawe

پووشپەڕی ٢٧٢٣

سەدان مرۆڤی بەتوانا و خاوەنبیر کە ئێستا لە زیندانەکانی ڕێژیمدا بە تاوانی نەکردوو حوکم دراون توانای یەکگرتنێکی بەهێزیان هەیە. نموونەی ئیئتیلافێکی لەو چەشنە مەنشووری "مطالبات حداقلی تشکلهای مستقل صنفی و مدنی ایران"ە کە زۆر دێموکراتیک و گشتگیرە و پێویستە پشتیوانی و بەهێزتریش بکرێ. خاوەنی سەرەکیی شۆڕشی ژینا خەڵکی وەزاڵەهاتووی نێوخۆی وڵاتن هەر بۆیە ئەوان بوون کە نیشانیان دا بێ جیاوازی لە هەموو شار و ناوچەکان شانبەشانی یەکتر تەخت و بەختی ستەمکارەکانیان وەلەرزە خست.

وەک وتەی کۆتایی مەرجی سەرەکیی هەر یەکگرتنێک ئەوەیە لە پلاتفۆرمی ئەو یەکگرتنەدا بەڕوونی سیستەمی حکوومەتی دوای ڕووخان دیار بێ و دەستنیشان کرابێ نەک ئەوەی دوورەدیمەنی شۆڕش بەس ڕووخان بێ و نیزامی داهاتوو دوای ڕووخان دیاری بکرێ وەک ئەوەی بەشێک لە ئۆپۆزسیۆن تەبلیغی بۆ دەکەن و دەڵێن ئەولەوییەت دەبێ ڕووخانی ڕێژیم بێ بەپێچەوانە نابێ ئەو هەڵەیە کە لە شۆڕشیی٥٧ دا کرا دووپاتە ببێتەوە.

٣١ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = جووڵای ٢٠٢٤ی زایینی

---





سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێیان بۆ نووسین و ئامادەکردنی دیمانە و وتارەکان.

دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

**ڕەحمان نەقشی**

